# گزینگ ۳۷

گۆڤاریکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە، زستانی ۲۰۰۳


- کورد و داهاتووی عێراق
- .ئێمە بوونمان لە بەغدا پێویستە،
- شێرکۆ بێکەس لە گلوبالیزم و کاریگەرییەکانی دەدوێ
- کولتوور یان کولتووریکردن
- ئایا قەتڵی نامووسی بەشێک لە کولتووری کوردە؟
- قەتڵی نامووسی: سیاسەت و ڕوانگەی ناسیۆنالیستی و (پۆست)ـ مۆدێرنیستی
- ڕاپەڕینی وەرزێران لە ناوچەی موکریان
- مەنیج حەیران کێ یە؟
- یادداشتی دیدارێک لە مهاباد (بەڵگەنامەی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا)
- فرێدریش ئینگڵس و ڕزگاریی ژنان ـ باسێکی ئاڵۆز
- کەرکووکی جاران و ئێستا
- مۆسیقای خۆجێیی خۆراسان
- شێعر، کورتە چیرۆک، ڕەخنەی ئەدەبی، ناساندنی کتێب، هەواڵی فەرهەنگی و چاپەمەنی...

## یادی پەنجاوحەوتەمین ساڵی دامەزرانی کۆماری کوردستان(١٩٤٦) پیرۆز بێ.

---

### هەژار موکریانی:

"وەک مەعلوومە لە سەرەتای ئیسلامەوە هەمیشە گەلی کورد ژێردەستەی بێگانە بووە و هەرگیز ڕۆژێک وەک لازمە ئازادی کورد و کوردستان خۆی نەنواندووە. جا ئەگەر لە چنگ ئەمەوی و عەباسییانیش دەرهێنراوە، چۆتە ژێر باری تورک و ئێرانەوە. وڵاتێکی سەخت و شاخاوی و گەلێکی زۆر لە شەڕ ئازا، زەوی و زاری بە بەروبووم، کراوەتە مەیدانی شەڕی تورک و ئێران و هەرکامەیان ویستوویانە کورد بە کوژ بدەن و بیکەنە بەلاگەردانی خۆیان.

... دەگەڵ تێکچوونی دەسەڵاتی دەوڵەت لە موکوریان، قازی بۆ پارازتنی شار لە تاڵان وبڕۆی عەشایری دەوروبەر، خەڵکی سابڵاغی ساز دابوو کە تفەنگ بکڕن و شەوانە کێشکی شار بگرن. زۆرجاریش ڕۆژانە کۆی دەکردنەوە و ئامۆژگاری دەکردن، دەسەڵاتی سابڵاغی تەواو لە دەستابوو. پێمان خۆش بوو قازی ببێتە هاوکارمان، بەڵام ئەو ئێمەی بە هیچ نەدەزانی و بە لایەوە کەمایەسی بوو دەگەڵ چەند ڕەش و ڕووتێکی بێ ناو و نیشان زرمە زلیتانێ بکا. ئێمەش هەستمان دەکرد کە عەشایر و خەڵکی دیکەی سەرناس چەتوونە هەتا نەزانن سەرۆکمان پیاوێکی زل و شیاوی حورمەت گرتنە بێنەگەڵمان و هیچ کەسی پایەبەرز بە حوسێن ڕازی نەدەبوو. بەڵام قازی چۆن چار بکەین؟ ڕامان دەسپاردە ئەندامان و لاگرانمان کە لە کۆبوونەوە بۆ وتاری قازی بتەکنەوە. تا وای لێهات کە قازی خۆی هەستی بەوە کردبوو حیزب بە هێزە و گاڵتەی پێ ناکرێ. ئەوسا داوامان لێکرد کە بێتە حیزبەوە. قبوڵی کرد و زۆر زوو بڕیار درا قازی سەرۆکی کۆمەڵە بێ. ئیتر زۆر لە ئاغا و پیاوماقووڵان کە پچووکی قازی یان پێ شەرم نەبوو، هاتنە یاریمان و هاتنە ناو حیزبەوە.

... قازی و هەوالانی کە لە دووهەم سەفەری باکۆ گەڕانەوە، ڕایان گەیاند: ڕووس لە ناوی «ژ.ک» ڕازی نین. چونکە حیزبێکە بۆ ئازادی هەموو کوردستان تێ دەکۆشێ و ئینگلیس و تورکان تووڕە دەکا؛ دەبێ ناوی خۆمان بنێین «حیزبی دێمۆکراتی کوردستان» و داوای خودموختاری لە ئێران بکەین. زۆرمان ئەو خەبەرە لەبەر گران هات، بەڵام چار چییە، قبوڵ کرا. من ئێستاش نەمتوانی ناوی «ژ.ک» لە خۆم دوورکەمەوە و کارتی حیزبایەتی دێمۆکراتم هەر وەرنەگرت، بەڵام لە چالاکی ناو حیزب کورتم نەهێنا.

... لە نەخۆشخانەی سابلاغ کەتبووم. کە هاتمەدەر گوتیان کراویە بەرپرسی تەبلیغات. سەرپەرشتی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ڕادیۆ چکۆڵەکەمان دەکرد.

... لەو کارەمدا نامەیەکم لە تەورێزەوە بۆ هات، کە دەبێ لە هەموو ئازەربایجان دا ئاوا تەبلیغات بکرێ. لە داخان لە سەر پاکەتەکەم نووسیەوە: «ترکی نازانم» و بۆم ناردنەوە. دوای چەند ڕۆژێک پێشەوا لۆمەی کردم، فەرمووی: «بەو کارە منداڵانەیەت کێشەیەکت بۆ ساز کردووین». گوتم: «من خۆم بە کوردستانی دەزانم و لام وا نییە کلکی ئازەربایجانین». پێشەوا گوتی وام نەزانیبوو، ئەویش گازندە نامەیەکی نووسی. ئەوان عوزریان لێ خواستینەوە کە سەهوویان کردووە."

• • •

هەژار، چێشتی مجێور، پاریس ١٩٩٧ (سەرنج: بە ڕێنووسی گزینگ نووسراوەتەوە).

# گزینگ ـ ژماره ٣٧

زستانی٢٠٠٣

## نێوەرۆک


کورد و داهاتووی عێراق :........................ س. چ هێرش ٤

«ئێمە بووغمان لە بەغدا پێویستە»: د. بەرهەم سالح ....... و: ق. رەیانی ٦

شێرکۆ بێکەس لە گلوبالیزم و کاریگەرییەکانی دەدوێ: ....... م. قەرەداغی ٩

کولتوور یان کولتووریکردن: ..................... سیاوەش گۆدەرزی ١٣

ئایا قەتڵی نامووسی بەشێک لە کولتووری کوردە؟: ........ ئازاد مەریوانی ١٥

قەتڵی نامووسی: سیاسەت و ڕوانگەی ناسیۆنالیستی و (پۆست)ــ ١٩

مۆدێرنیستی: ..................... د. ئەمیری حەسەنپوور –

ڕاپەڕینی وەرزێران لە ناوچەی موکریان: .............. عومەر عەسری ٣٤

مەنیج حەیران کێ یە؟: ........................ ئەنوەر سوڵتانی ٣٨

ستێپێندیۆمێک بۆ (ئازادکردنی مێژوو): ............... شنە هیدایەتی ٣٩

یادداشتی دیدارێک لە مهاباد(بەڵگەنامەی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا: ٤٠

ئار. دەبلیو، نورکوارت ..................... و: حەسەنی قازی –

چەپکێ شیعری بە دڵ نووسراو: ................ حەمەسەعید حەسەن ٤٦

تۆ دێیتەوە (شیعر): ......................... هیوا گوڵ محەمەدی ٤٨

هۆرەی لەبیرچووگی ڕووبار (شیعر): .......... ئەسعەد ڕەشیدی (زاگرۆس) ٤٩

یەکێ بۆی دەمرێ، یەکێ لێی دەمرێ (کورتە چیرۆک): ............ لارزۆ ٥٠

لە گێژاودا (کورتە چیرۆک): ..................... کوردان کەریم ٥٢

فرێدریش ئینگڵس و ڕزگاریی ژنان ـ باسێکی ئاڵۆز: ....... ئیڤۆن هیردمان ٥٦

...................................................... و: مەرزە –

کەرکووکی جاران و ئێستا: د. نووری تاڵەبانی ..... و: سالح محەمەد ئەمین ٦٤

ستێپێندیۆمی مەهاباد قەرەداغی پیرۆز بێ: ..................... مەرزە ٧٠

مۆسیقای خۆجێیی خۆراسان: سیما بینا ................... و: ئەرژەنگ ٧١



چاپی سوید، ژانقییەی ٢٠٠٣

ISSN 1104 - 3473



**بەڕێوەبەر و بەرپرس:**

سولەیمانی چیرە (هێرش)

**ناوونیشان:**

**GZING / S. Chireh**

Valstavägen 62 2tr

195 50 Märsta- Sweden

**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50

**Mobile**: 070742 4326

**ژمارەی پۆستگیرۆ:**

**Postgiro**: 443 5022-1


**• گزینگ، گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە. هەموو بیروبۆچوونێک لە ڕێبازی بەرەوژووربردنی ئاستی نەتەوەیی ـ فەرهەنگی کورد بڵاودەکاتەوە.**

**• گزینگ، بە ئاگاداریی نووسەر، بۆی هەیە بە گوێرەی پێویست بە نووسراوەکاندا بێتەوە، بێ ئەوەی ناوەرۆکیان بگۆڕێ.**

**• هەر نووسەرێک بەرپرسی نووسینی خۆیەتی، بەڵام لە ئاست نووسراوەی بێ ئیمزادا گزینگ بەرپرسیارە.**

**• گزینگ، بۆ یەکدەست کردنی ڕێنووسێکی گشتی هەوڵدەدا.**

**• ئەو نووسراوانەی بە گزینگ دەگەن، بۆ خاوەنیان نانێردرێنەوە.**

قسەی ئەو ژمارەیە:

# کورد و داهاتووی عێراق

س. چ هێرش

هەروەک دەزانین، بوحرانی عێراق لەو چەند ڕۆژانەی دواییدا گەیشتووەتە ئەوپەڕی ئاستەنگی و ئاڵۆزی خۆی و، لەوانەیە شەڕێکی زۆر سەخت و خوێناوی لێ بکەوێتەوە و گەلێک ئاکامی چاوەڕواننەکراویشی بە دواوەبێ. ئەوەش کە نەتیجە و ئاکامی پشکنین و لێکۆڵینەوەی لێژنەی پشکنەرانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان سەبارەت بە چەکە کۆمەڵکوژییەکانی عێراق و ڕادەی هاوکاری دەوڵەتی عیراق ـ کە بڕیارە سبەی (دووشەمۆ ١/٢٧) پێشکێشی ئەو ڕێکخراوەیە بکرێ ـ چۆن دەبێ و به چ بارێکدا دادەشێکێتەوە، تەئسیرێکی ئەوتۆ لە سەر ڕەوتی دەستپێکردنی شەڕ دانانێ.

پێشەکی پێویستە بگوترێ کە من وەک کوردێک وێڕای دەربڕینی هەڵوێستی دژی شەڕ، ئێستاش لە سەر ئەو باوەڕەم کە ئەگەر ئەمریکا و زلهێزەکانی جیهان بیانەوێ و مەیلیان لەسەر بێ، نەتەنیا وەک ئاوخواردنەوە دەتوانن ڕێژیمی بەعسی عێراق بەبێ شەڕ و خوێنڕێژی بۆ هەمیشە چاڵ بکەن، بەڵکە خودی سەددام حوسێن و داروودەستەکەشی بکێشنە دادگای نێونەتەوەییەوە، بەڵام بەداخەوە ڕەوتی هەڵائیسانی شەڕ کەوتووەتە سەر بارێک کە هیچ ڕێگەچارەیەکی دیپلۆماسی نەهێشتووەتەوە و، ئەوە بڕیارێکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی دامودەزگای بووش دراوە. ڕاستە کە لەو ماوەیەدا زۆرجار، ڕاوێژی زار و هەڵوێستی ڕۆژانەی سیاسی بەڕێوەبەران و لێپرسراوانی کۆشکی سپی و پێنتاگۆن گۆڕاوە، بەڵام سەرجەمی بیروبۆچوونەکان لە ڕوانگەی سیاسەتمەدارانی ئەمریکاییەوە دیاریدەری ئەوەن کە ڕێژیمی بەعسی عێراق دەبێ بە هۆی هەڵمەتی نیزامی بگۆڕدرێ، تەنانەت ئەگەر لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەککگرتووەکانیش پشتیوانی لێ نەکرێ.

لە سەروتاری ژمارە ٣٥ی گزینگدا ــ کە دروست شەش مانگ لەوە پێش نووسراوە ــ بە گەلێک هۆ و سۆنگە و فاکتۆری جۆراوجۆر دە بەستێنی ئەو پرۆسەیەدا ــ بە چاک و خراپ ــ ئیشارەکرابوو، کە شتێکی ئەوتۆ لە ئەسڵی باسەکە و ناوەرۆکی هێڵە گشتییەکە، واتە گۆڕینی ڕێژیمی عێراق ناگۆڕێ. بەڵام ئەوەی کە گرینگە و دەبێ زۆر بە وردی سەرنج بدرێ ڕادەی بەرژەوەندی ستراتێژی و چۆنیەتی دابەشکردنی پشکی نەوت و قازانجی ئابووری یە، کە هەر لە ئێستاوە لە نێوان دەوڵەتە زلهێزەکان ناکۆکی و ناتەبایی لێ کەوتووتەوە و، دیارە ئەویش بە نۆرەی خۆی لە سەر هەڵوێستی سیاسی دەوڵەتە ناوچەیی و دراوسێیەکانی عێراق تەئسیر دادەنێ.

دەوڵەتی ئەمریکا، هەر لە دوای سالانی ١٩٩٠ەوە کە لە ڕوانگەی خۆیەوە یەکلایەنە ویستوویە ڕێبەرایەتی جیهانی یەکجەمسەری وەئەستۆ بگرێ ــ ئەگەرچی بووش بۆشی نەچووەتەسەر ــ لە بواری پێوەندی ئابووری دەگەڵ دوو وڵاتی پڕ لە کانگەی نەوتی عێراق و ئێران، خۆی بە مەغبوون زانیوە، بۆیە بە هەر نرخ و قیمەتێک بێ، دەیەوێ ئەو هەلە لەکیسچوویەی قەرەبوو بکاتەوە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە وڵاتانی فەڕانسە و ئاڵمان و ڕووسیا گەورەترین پێوەندیی ئابووری و بازاڕییان دەگەڵ عێراق و ئێراندا هەبووە و هەیە. لە خۆڕا نییە کە هێندێک لە کاربەدەستانی پلە یەکی ئەمریکا(لە ڕۆژنامەکانی ناوەوەی خۆیاندا)، پەنجەیان بۆ ئەو مەسەلە ڕاکێشاوە کە ئەگەر توانیان بەبێ هاودەنگی و پشتیوانیی وان ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو پێک بێنن، چاوەڕوان نەبن پشکێکی ئەوتۆیان لە نەوتی عێراق پێ ببڕێ!

هەرچەند، لە نێوان بۆچوون و هەڵوێستی سیاسی ڕۆژانە لەلایەک و مەبەست و ئامانجی پشتی پەردە لەلایەکی دیکەوە جیاوازییەکی زۆر هەیە، بەڵام ئاشکرایە هەر ئەو قسە و قسەڵۆکانەی کە ئەو ڕۆژانە لەلایەن کاربەدەستانی سەرەوەی ئەمریکا دژ بە فەڕانسە و ئاڵمان کران، ڕوونکەرەوەی ئەوەن کە کێشە و هەرای ئەوان زیاتر لە سەر داهاتووی عێراق و نەوت و بازاڕی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. ئەوەیکە هەڵوێستی دژ بە شەڕی ئاڵمان و فەڕانسە و هەروەها ڕێکخراوی یەکێتی ئورووپا، لە ئاست هەڵمەتی یەکلایەنەی نیزامیی ئەمریکا و ئینگلیس، بۆ سەر عێراق هەروا دەمێنێتەوە، پێوەندی بە زۆر فاکتۆرەوە هەیە کە پێشبینیکردنەکەی گران دەوەستێ. هەڵبەت، هەروەک لە پێشووشدا، بە تایبەت سەبارەت بە ئەفغانستان دیترا، گەلێک لەو وڵاتانەی کە بە قسە دژی عەمەلیاتی نیزامی بوون، ئاخرسەر هاتنە ڕەدایە و بە کردەوە بەشدارییان کرد. دیارە مەسەلەی عێراق لە زۆربارانەوە لەگەڵ مەسەلەی ئەفغانستان ــ ئەگەرچی لەوێش زۆر گیرە و کێشەی چارەسەرنەکراو ماوەتەوە ــ فەرقی هەیە و ناکرێ بە یەک پێوانە هەڵیان سەنگێنین.

لەوانەیە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی (ئینگلیس، ئوسترالیا، کانادا و...) بۆ بیروڕای گشتیی دژبەرانی شەڕ (چ لە ناوەوە و دەرەوەی خۆیان) و بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەککگرتووەکان ــ تەنانەت ئەگەر بڕیاری شەڕ لەلایەن فەڕانسەوە ڤێتۆش بکرێ ــ زۆر گوێ شل نەکەن؛ بەڵام ناکرێ لە بارودۆخی ئاڵۆز و شێوەی ئیدارەکردنی داهاتووی عێراق نیگەران نەبن. هەر بۆیەشە، دڵەڕاوکێ و ساوەساوی سیاسی سەرانی ئەمریکا و بەتایبەت بووش لەو پێوەندییەدا جێگەی سەرسووڕمان نین.

بەهەرحاڵ، لە پێوەندی دەگەڵ بوحرانی عێراق و ڕەوتی هەڵائیسانی شەڕ دەکرێ گەلێک پرسیاری جۆراوجۆر بێتەئاراوە کە گرینگترینیان ئەوانەن:

١) پێش دەستپێکردنی شەڕێکی تەواو عەیار، ئایا ئیمکانی ئەوە هەیە کە خودی سەرانی ئەرتەش و بەڕێوەبەرانی سەرووی حیزبی بەعس بتوانن بە کودەتایەکی نیزامی یا جۆرە پێکهاتنێک، سەددام حوسێن لە دەسەڵاتدارێتی بخەن و مەترسی هەڵائیسانی شەڕ کەم کەنەوە؟ دیارە، ئەوە ئیمکانێکی تابڵێی لاوازە و پێکهاتەی حیزبی

بەعس و ئەو پالاوتنە خوێناوییانەی کە لەلایەن خودی سەددام حوسێنەوە لەو ماوە دووروودرێژەی دەسەلاتدارێتیدا ئەنجام دراوە، وەها بووە، کە کەسێک یا گرووپێکی ئەوتۆی نەهێشتووەتەوە کە بتوانێ کارێکی وەها قورس و خەتەرناک، راپەڕێنێ. دیارە ئەمریکا لە تەواوی ئەو ماوەیەدا، سووکە هیوایەکی ئاوای هەبووە و ئێستاش هەیەتی، بەلام لەو جێیەی را کە هەر لە سەرەتاوە، تەواوی شوێنە کلیلییەکانی دەسەلاتدارێتی دە ژێر چنگی خودی سەددام حوسێندا بوون، ئەمریکا نەیتوانیوە نفوزێکی ئەوتۆیان تێدا بکا. لەبەر ئەوە ئەو ئیمکانە زۆر لەگەل واقیعیەت یەک ناگرێتەوە. ئەو چەند ژەنەراڵ و کەسایەتییە نیزامییانەی پێشووش کە ئێستە وەک ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی چالاکی دەنوێنن، نە لە ناو ئەرتەشی عێراقدا نفوزێکی وایان هەیە، نە لە ناو خەلکی ئاساییدا.

٢) ئایا سەددام حوسێن بە پێخۆشبوونی خۆی هەروەک سەرۆک بووش پێی راگەیاندووە، واز لە دەسەلاتدارێتی عێراق دێنێ؟ قەبولکردنی شتێکی وا، بۆ دیکتاتۆرێکی وەک سەددام کە تەواو بە جەماعەت و تایفەی تکریتی پشت ئەستوورە، کەمێک دوور لە راستی یە. بێ لەوەش سەددام هێشتا هیوای ئەوەی ماوە کە بە ئەنجامدانی هێندێک مانۆری سیاسی بەتایبەت کەلوەرگرتن لە ناکۆکییە بەرژەوەندییە نێونەتەوەییەکانی زلهێزەکان و لەهەمووی گرینگتر پشتیوانی ولاتانی عەرەبی و ئیسلامی، مەترسیی وەلانانی خۆی کەم بکاتەوە. بەداخەوە، ئاکاری سەرەڕۆیانە و جیهانخوازانەی ئەمریکا و سیاسەتی پشتیوانی لە ئیسرائیل، وای کردووە کە سەددامی خوێنڕێژ و دیکتاتۆر نە تەنیا لە نێو بەشێک لە بیرورای گشتیی جیهانی عەرەبدا، بەلکە لە نێو ولاتانی ئیسلامیی ناعەرەبیشدا، ببێتە سیمبۆلی خێرخوازی و بەرەنگاری!! هەر ئەو سەددامەی کە بە رۆژی روون و لە بەرچاوی تەواوی خەلکی جیهان، پێنج هەزار کوردی بێدیفاع و بێدەرەتانی (هەلەبجە)ی بە گازی شیمیایی قڕ کرد.

٣) ئایا مەترسیی مەسەلەی ئێتنیکی و نەتەوەیی و مەزهەبی نایەتەئاراوە کە عێراق لە دوارۆژدا پارچەپارچە بکرێ؟ لە راستیدا ئەوە پێوەندییەکی راستەوخۆی بە بارودۆخ و ئاکامی شەڕەوە هەیە. ئەگەر شەڕەکە کورتخایەن بێ و ئەو شێوە سیستیمە فیدراڵی و دێمۆکراسییەی کە چاوەڕواندەکرێ دابمەزرێ و، هێزە هاوپەیمانەکانیش چاودێری بارودۆخەکە بکەن، ئەوا مەترسییەکی ئاوا زۆر لە ئارادا نابێ. بەلام ئەگەر شەڕەکە درێژخایەن بێ و بواری ئەوە برەخسێ کە دەولەتە دراوسێیەکان هەرکام بە پێی بەرژەوەندی خۆیان خەریکی پیلان و دەستێوەردان بن، بێگومان ئەو مەترسییە زۆرتر و زیاتر دەبێ. جێگەی سەرنجە کە لە ولاتێکی وەک عێراق کە ماوەییەکی دووروودرێژە سیاسەتی کوشت و کوشتار و ژینۆسایدی نەتەوەیی و رەگەزی و مەزهەبی تێدا پێڕەو کراوە، دەرفەت و بوارێکی زۆر مەترسیدار دێنێتەگۆڕێ. دیارە بێجگە لە نەتەوەی کورد کە ویست و ماف و ئامانجی رەوای مێژوویی خۆی هەیە، کەلێک لایەنی ئێتنیکی ـ سیاسیی و مەزهەبی ـ فەرهەنگیی دیکە (وەک شیعە لە باشوور، ئاسۆری و کلدان و تورکمان لە ناوچەی کوردنشین، عەرەبی سوننی بەرهەلستکار بە ناسیۆنالیست و سەلتەنەت تەلەبەوە لە ناوەڕاست) دەژین کە هەرکام ویست و داخوازیی دیاریکراوی خۆیان هەیە. بێجگە لە مەسەلەی شیعەکان وەک بیانوویەکی دوارۆژی سیاسی بۆ دەولەتی ئێران و هەروا مەسەلەی تورکمانەکان بۆ دەولەتی تورکیا، نابێ ئەوەش فرامۆش بکرێ کە ولاتی عێراق لە دوای لەناوچوونی تالبانی ئەفغانستان بووەتە کانگەی کەلێک تاقمی تیرۆریستی و گرووپی سەرەڕۆ و توندڕەوی ئیسلامی کە لە لایەن دەولەتە ناوچەییەکان هیدایەت و سەرپەرستی دەکرێن.

٤) ئایا وەزعی کوردەکان چ ئالوگۆڕێکی بەسەردا دێ، بەتایبەت شاری پڕ لە کانگای نەوتی کەرکووک کە دەتوانێ ببێتە بەستێنی کەلێک گیرە و کێشەی مەترسیدار هەم لە باری جوغرافیایی ـ نەتەوەییەوە هەم لە باری سیاسی ـ ئابوورییەوە؟

هەروەک دەزانین کەلێک لەو کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسی و دیپلۆماسییانەی کە لەو دواییانەدا لە نێوان ولاتانی دراوسێی عێراق پێکهاتوون و پێکدێن زۆربەیان پێوەندییان بە دوارۆژی مەسەلەی کورد و بەتایبەت شاری کەرکووک و نەفتەکەیەوە هەیە.

لەو پێوەندییەدا نیگەرانی و پشووسواریی ولاتانی ئێران و تورکیا و سووریا کە کوردیان تێدا دەژین بەتایبەتی و، ولاتانی عەرەبی بەگشتی، شیاوی سەرنجدانن. ئەوانە لە چەند کۆنفراسێکی دووقۆلی و چەند قۆلی وێڕای دەربڕینی نارەزایەتی لە شەڕ( کە ئەگەر دلسۆزی تێدابێ چ قەیدی نییە)، لێکدا لێکدا پاراستنی تەواویەتی خاکی عێراق کاوێژدەکەنەوە، نەکا کوردەکان، لە باشووری کوردستان، هەلی دامەزراندنی دەولەتێکی سەربەخۆی خۆیان بۆ برەخسێ. هەروەک لە سەرەوە گوترا ئەگەر شەڕەکە شێوەی درێژخایەن بە خۆیەوە بگرێ و نەتوانرا داخواز و ئامانجەکان لە سیستیمێکی پلۆرالیستی و فیدراڵیدا بێنەدی، ئەوا باشترین رێگەچارەی سیاسی راگەیاندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردە و هیچ تاوانیش نییە. هەلبەت ئەو ئەرکە بەر لە هەموو شت پێوەندیی راستەوخۆی بە بارودۆخی یەکگرتوویی خودی کوردەکانەوە هەیە و لەو نێوەشدا نابێ رێباز و بیرو بۆچوونی سیاسی دەولەتە گەورەکان بەتایبەت ئەمریکا لەبەر چاونەگیرێ. بۆ داواکردنەوەی کەرکووک و پشکی داهاتی نەوتیش ئەوا شک نییە دەبێ رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان راستەوخۆ چاودێری بارودۆخەکە بکا. لانیکەم ئەو ١٣٪ەی کە ئێستا لە بودجەی «فرۆشی نەوت بۆ خۆراک» بە دەولەتی هەرێمی کوردستان دەدرێ، ئەگەر زیاتر نەبێ کەمتر نەکرێتەوە.

٢٦ی ژانڤییەی ٢٠٠٣

ئاخرین قسەی بەرهەم ساڵح

# «ئێمە بوونمان لە بەغدا پێویستە»

وەرگێڕانەوە: قاسم رەیانی



سێهەمین گرووپی ئیتنیکیی کورد لە باکووری عێراق کە ماوەی دە ساڵێکە بە دوور لە قانوونەکانی سەدام حوسێن سەربەخۆن، هۆیەکەشی هێزەکانی هەوایی ئەمریکا و بریتانیا لە ناوچەی دژە فڕین. بەڵام لە حاڵێکدا ئەمریکا خۆی تەیاردەکا رژیمی عێراق ناچار بە گۆڕین بکا، گرووپەکانی کورد دڵەڕاوکەیانە کە لە رەوتەکانی سیاسیدا وەلابنرێن. کوردەکان بە پتر لە ۷۰،۰۰۰ پێشمەرگە لە مەیداندا مەزنترین هێزی بەرهەڵستکاری عێراقن. بەڵام بە هۆی ترسی تورکیای دراوسێ کە کوردستانێکی بە هێز- یان سەربەخۆ- لە عێراق، ببێتە هۆی بیری جیاوازیخوازی لە نێو کوردەکانی خۆیدا، واشینگتۆن لەوەیکە کوردەکان لە نێو پلانی شەڕی خۆی باوێژێ یان حیسابێکیان لە ئاشتی پاش شەڕ بۆ بکا بە ئیحتیاتەوە جوڵاوەتەوە.

بەرهەم ساڵح، سەرۆک وەزیری یەکێتی نیشتیمانی، یەکێک لەو دوو گرووپە سیاسییانەی کە کوردستانی عێراقی لە ژێر کۆنترۆڵ دایە، لەگەڵ Owen Mattews (لەلایەن نیوزویک) لە ئاست بارودۆخی دژواری کوردەکان دەدوێ. ئەوەش گوڵبژێرێک:

**● ئایا سەربەخۆییت بۆ کوردستان دەوێ؟**

- ئێمەی کورد ئەوەمان هەڵبژاردەووە کە ئایەندەمان بە عێراق ببەسترێتەوە. ئێمە ئامادەین پێش قەراوڵی عێراقێکی دیمۆکراتیک و فیدراڵ بین. ئێمە دەمانەوێ قسەی راستی خۆمان لە بابەت داهاتووی وڵات بکەین. ئێمە رێگا نادەین خەڵکی دیکە بڕیاری داهاتووی ئەو وڵاتە بدەن کە مێژوویەکی هاوبەشمان هەیە.

**● ئایا عێراق وەک وڵاتێک دەمێنێتەوە؟**

- عێراق هەر لە ئێستاوە لە نێوان هێڵە جیاوازەکانی کورد، عەرەبی سوننی و شیعە دابەش کراوە و، بە هۆی سیاسەتی دابەشینی نەژادی رژیمی سەددام، چەندجەمسەری پتر پەرەی گرتووە. ئەگەر ئەوان دەیانەوێ [کوردەکان] عێراقی بن، دەبێ وەک هاوڵاتییەکی تەواو عێراقی ئێمە بسەلمێنن. عێراق ناتوانێ یەکگرتوو بێ مادام گشت ئەندامە پێکهێنەرەکانی هەست بە بەشداربوونی تێدا بکەن. ئێمە زۆر شتمان — وەک سەرکەوتنمان لە ئاست دروستکردنی کۆمەڵگای شارستانی و دەوڵەتی خودموختار — هەیە پێشکێشی بکەین. [کوردستانی عێراق] کەلێنێکی رووناکی ئازادی لە دڵی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە. ماوەی هەشتا ساڵە ئێمە هەڵپەسێردراوین و بەوحاڵەش ئەوان لە ئێمەیان دەوێ خۆمان بە عێراقی دابنێین، من پێم وایە ئەوە هێندێک قورسە. ئێستا وەرەقەکان وەرسووڕاونەتەوە — قوربانیی دائیمی عێراق، کوردەکان، لەوانەیە ببنە رزگارکەری عێراق.

**● ئایا ئەتۆ لەوە نیگەرانی کە ئەمریکا پشتیوانی پیاوێکی بەهێزی عەرەب بێ کە جێگای سەدام بگرێتەوە؟**

- ئەوەی ئێمە لە دەوڵەتی ئەمریکامان بیستووە ئەوەیە، ئەوان پشتیوانی بۆچوونێکی دیمۆکراتیک لە عێراق دەکەن. من بۆخۆم لە جێگری سەرۆک کۆمارم بیست کە بڵێ ئەمریکا نایەوێ ئەرتەشی خۆی باوێتە مەترسییەوە لە پێناوی گۆڕینی دیکتاتۆرێک لە گەڵ دیکتاتۆرێکی تر. دیکتاتۆریی لێکهەڵوەشاوی عێراق ساخ ناکرێتەوە ... عێراق نموونەی شکستێکی تاڵ بووە. بۆ ئەوەی رێفۆرم بێتەئاراوە ئێمە پێویستمان بە گۆڕانی بنچینەیی هەیە. دیکتاتۆرێکی دیکە دەیەوێ تەنیا درێژە بە گەلاڵەی فشاری ناوەوە و هێرشی دەرەوە بدا. هەتا ئێمە رژێمێکی دیمۆکراتیک و پلۆراڵیمان نەبێ عێراق لە شەڕ لەگەڵ خۆ و هاوسێیەکانیدا دەبێ.

**● وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پشتگرتنی کوردەکان دژی سەددام لە رابردوودا سەرکەوتوو نەبووە. ئایا ئەو جارە بڕوا بە زەمانەتی ئەمریکا دەکەی؟**

- ئەوەیکە کورد بەدگومانە ئاسایی یە، ئێمە زۆر جاران تەنیا

هێشتراوینەوە، زۆر نیگەرانی ئەوەین کە دیسان ئەوە بقەومێتەوە. ئێمە خاوەن گەلێک ئەزموونی تاڵین. ئێمە لە سەر لێوی مێژوو دەژین، بۆ مانەوەی خۆمان خەباتمان کردووە. ئێمە وڵاتێکی وێرانمان بە میرات بۆ بە جێ ماوە [پاش شکستی راپەرینەکەی ساڵی١٩٩١] و بروانە بەو کەرەسە کەمانە چمان وەدەست هێناوە ... ئەوە چیرۆکی سەرکەوتنە و دەتوانین شانازی پێوە بکەین. ئێمە بە نابەدڵی هەرچی وەدەستمان هێناوە لێرەدا لە مەترسی داوێین.

**● کۆنگرەی ئەمریکا سەرمایەی بۆ ئەرتەشێکی لاوەکی تەرخان کردووە، بە گوێرەی راپۆرتەکان هەر لە ئێستاوە دەستەی ئامادە بۆ خاکی کوردستان رەوانە کراوە. ئەوە چۆن لەگەڵ هێزەکانی ئێوە جوردێتەوە؟**

ـ ئێمە لەگەڵ ئەمریکا ئەوەمان هێناوەتە بەر باس. شتی گومان هێنەر دەقەومێ ـ ئەوە دەبێ لە پێناوی ئازادیدا بێ. خۆ خەڵکی دوکاندار و بازاڕی ئەو کارەیان لە دەست نایە. ئەمریکا ناچارە لەگەڵ هێزە ئازادیخوازەکانی کورد هاوکاری بکا.

**● تورکیا دڵەکوتەیەتی کە هێزەکانی ئێوە دەست بە سەر شاری پڕ لە کانگای نەوتی کەرکووک دابگرن و ئەوێ وەک پێتەختی کوردستان رابگەیەنن، وایە؟**

ـ کەرکووک سەمبولێکی عێراقی شکست خواردووە وەک دەوڵەت. ئەوە هەروەها نموونەی رەنج کێشانی خەڵکی کوردسانی عێراقە. بۆ ئەوەی عێراق ببێتە وڵاتێکی ئاشتیخواز دەبێ ئەو ناعەدالەتییانەی لە کەرکووک دا [کاتێک خەڵکی ناعارەب کە لەلایەن سەددام بە زۆری دەرکراون]هاتۆتە ئاراوە، بنەبڕ بکرێ. هەموو خەڵکی کەرکووک ـ کورد، تورکمان و ئاسۆرییەکان دەبێ رێگایان بدرێ بگەڕێنەوە ئەوێندەرێ. پاکسازی ئێتنیکی نابێ رێگای پێبدرێ. کەرکووک دەبێ شارێکی کوردستان بێ، بەڵام بە خەڵکێکی جۆراوجۆرەوە.

**● وا دیارە کە کوردەکان ئێستا پتر لە رابردوو تەقەلا دەکەن.**

ـ ئێمە ئێستا دەبینین کە بڕیاری ئایەندەی عێراق دراوە، ئەوسا ئێمەش دەبێ بارودۆخی خۆمان دیاری بکەین. هەتا ئەو کاتەی ئێمە بەشێک لەو وڵاتەین ناچارین دەورێکی ناوەندیمان لە ئاست سیاسەتی ئەمدا هەبێ. ئێمە هەتا رژێمێکی دێمۆکراتیک لە بەغدا دانەمەزرابێ ناتوانین دڵنیا بین. ئێمە تاقەتی هەشتا ساڵ ستەمی دیکەمان نییە. ئەو هەلومەرجەی ئێمە لەوە زیاتر خۆڕاناگرێ. ئەوە بن بەستێکە، هەرچەند ئێمە لێرە لە هەموو بوارێکدا سەرکەوتنێکی بەرچاومان وەدەست هێناوە. بۆ ئەوەی ئەو هەلە رابگیرێ، دەبێ رژێمێکی دێمۆکراتیک هەبێ. ئێمە بوونمان لە بەغدا پێویستە ـ ئەوە تەنیا رێگایەکە لە پێشمانە. ئێمە دەتوانین کۆمەڵگەیەکی شارستانی لە سەر بناخەی رەوتێکی دێمۆکراتیک لە نێو دڵی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئیسلامی دابمەزرێنین کە خەڵک شەمەزار نەبێ ئەگەر بڵێ: "بەڵێ، ئێمە دۆستی ئەمریکاین." کاتی ئێمەش هاتووە.

Newsweek, 16 December 2002.






**لە بڵاوکراوەکانی ،کتێبفرۆشی هەرزان،**

ئەدرێسی داواکردن:

Kitab-i Arzan
Helsingforsg 15, 164 78, Kista-sweden
Tel/Fax: +46(0)8 752 77 09




رەفیق سابیر: **کولتوور و ناسیۆنالیزم** (٢٠٦ لاپەڕە)

چاپی یەکەم، سوێد ٢٠٠٣، نیگاری بەرگ: هونەرمەند رێبوار سەعید

ئەدرێسی داواکردن:

Rabun, Box 25161, 750 25 Uppsala-sweden

# شێرکۆ بێکەس

# لە گلۆبالیزم و کاریگەرییەکانی دەدوێ

**ئامادەکردنی: مەهاباد قەرەداغی**

گلۆبالیزە لە پێناسەی کۆمەڵناسی هاوچەرخی ئینگلستان، ئەنتۆنی گیدینس، "یەکتربڕینی کات و شوێنە. گەردوونگەرایی دەبێ وەک دیاردەیەکی دیالێکتیکی تێی بڕوانرێ، دیالێکتیکی نێوان ناوچەیی و گەردوونی".[1] بەتاڵکردنەوەی چەمکەکانی کات و شوێن لە مانا نەریتییەکانیان، یەکێکە لە سیما هەر گرینگەکانی مۆدێرنە کە پرۆسەکانی گەردوونگەرایی بە ئەنجامیان گەیاندووە.

بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە پێناسە و ئاکامە باش و خراپەکانی ئەم پرۆسەیە هەن. هەندێک وەک پرۆسەیەک دەیبینن بۆ کەمکردنەوەی مەودای نێوان کولتوورەکان و هەشن بە پێچەوانەوە پێیان وایە مەودای نێوان کولتوورەکان بەرینتر دەکاتەوە. فۆکۆ یاما لەم پرۆسەیەدا "هۆمۆگینیزەکردنی کولتوورەکان" دەبینێ. هەن پێیان وایە" گلۆبالیزەکردن بەردەوامی شۆڕشی ئازادیخوازانەیە."[2] بەو مانایەی کە دەوڵەت دەسەڵاتی خۆی لەدەست دەدات بۆ کۆنترۆڵکردنی هاووڵاتی. بەرامبەر بەمەش هاووڵاتی دەسەڵات پەیدادەکاتەوە و ڕادەی بڕیاردانی لەسەر ژیانی خۆی زیاد دەکات. ئازادی مرۆڤ لە هەڵبژاردنی شوێنی ژیان و جۆری ژیان، شوێنی کار و چۆنێتی کار فراوانتر دەبێتەوە. بەڵام ئایا ئەم تواناکارییە بۆ هەموو مرۆڤی لەم گەردوونەژیاوەدا چونیەکە و بۆ هەمووان وەک یەک فەراهەمە؟

دەستپێکی گلۆبالیزم دەکرێ بگەڕێتەوە بۆ دەستپێکی کۆڵۆنیالیزم، "کۆڵۆنیزەکردنی ئەو وڵاتانەی کە ئێستا بەشێکی زۆر لەو بەشی زەمینە پێک دەهێنن کە پێی دەگوترێ باشوور، یان جیهانی سێیەم، ئەفریقا، ئاسیا و ئەمریکای لاتین"، سەرەتای ئەو پرۆسەیە بوو کە ئەمڕۆ ناوی گلۆبالیزمە.[3]

گلۆبالیزم تواناکاری و خەتەریشی لەگەڵ خۆیدا پێیە، تواناکارییەک لەبەرچاون و بەرجەستەتر دەتوانین بیانبینین ، بە تایبەتی بەجیهانیکردنی پەیوەندییەکان و تواناکارییەکانی، بەڵام خەتەرەکانی شاراوەن و دەرکێکی ئەوتۆیان پێناکرێ.

ئەوەی بۆ ئێمە باس بێت، گلۆبالیزم بۆ کورد وەک نەتەوە چ سوود و زیانێکی هەبووە کێشەی کورد کە خۆی یەکێکە لەو کێشانەی کە لە دەستپێکی کۆڵۆنیالیزمەوە دەستی پێکرد و خۆی بەرهەمی ئەم گلۆبالیزمەیە کە جاران ناوی کۆڵۆنیالیزم بوو، چۆن کاریگەرێتی ئەم پرۆسانە کاری تێدەکەن. کولتووری ئێمە، زمانی ئێمە، مرۆڤی ئێمە چۆن کاریگەر دەبن بەم پرۆسانەی کە ئێستا لە ئارادان. بۆ ئەم مەبەستانە، بە چەند پرسیارێک بیری شێرکۆ بێکەس دەوروژێنین، تا لە چاوی ئەوەوە گلۆبالیزم ببینین، لە تێڕوانینی ئەم شاعیرە پڕ بەرهەمە بزێوەی کە جیهانگەڕیشە و بە هەگبەی پڕ لە شیعرەوە وڵاتان دەگەڕێ و چالاکی شیعریی ئەو بەرچاوی یە. لە ناوەڕاستی مانگی ئاوگوستی ئەمساڵدا(۲۰۰۲)، دوای زنجیرەیەک چالاکی و بەشداری لە کۆڕ و فیستیڤاڵە ئەدەبییەکاندا، لە سوریا ، لوبنان، هۆڵەندا، ئەڵمانیا و بریتانیا، گەڕایەوە بۆ ستۆکهۆڵم و بەم پرسیارانە لە بارەی گلۆبالیزمەوە، گفتوگۆیەکی بەم شێوەیە خوڵقا.

مەهاباد قەرەداغی


● بە ناوی گلۆبالیزمەوە پرۆسەیەک بۆ گرێدانی دنیا بەیەکەوە لە ئارادایە. لە زۆر گۆشەنیگاوە دەکرێ تەماشا بکرێ و پێناسە بکرێ وەک تا ئێستا کراوە. لە تێڕوانینی جیاوازەوە، پێناسەکانیش جیاواز دەنوێنن، ئەگەرچی ڕێککەوتنێکی گشتیش هەبێ لەسەر ئەو پێناسە باوەی کە پرۆسەکە دنیای کردووە بە گوندێکی بچووک. شێرکۆ بێکەس چۆن لەم پرۆسەیە دەڕوانێ؟ چۆن لە کاریگەرییەکانی تێدەگات؟

■ بە بڕوای من پرۆسەی گەردوونگەرایی لە جەوهەردا پرۆسەی پەیوەندی بێسنوورە، ئەو پەیوەندییانەی کە زانست و تەکنەلۆجیای سەردەم بە پلەی یەکەم ڕۆڵی بەکردارکردنی خەون و خەیاڵەکانی کولتوورە جیاجیاکانیان لە یەکتر نزیک کردەوە، بەجۆرێک کە کات و شوێن جۆرێک - کورت و بچووک - بوونەتەوە کە ئیتر شاردنەوەی نهێنییەکی بچووکی ئەم سەرزەمینە لە مەحاڵ بچێت!

ئەم پرۆسەیە بە هەموو هێزێکی خێرای خۆیەوە لە جووڵە و تەشەنەکردندایە، ئەم وزەیەش لە دوای بە یەک قوتب بوونی جیهانەوە، گەرمتر و تیژتر لە گەشەکردن و ڕێکردنی بێ دەربەستانەی خۆیدایەتی، پێنەچێت ئەم گەردوونگەراییە ئەو چارەنووسە بێت کە بەربەستکردنی - لە بەر هەر هۆیەک بێت - ڕەنجێکی بێهودە و خەیاڵگەرایی بێت!.. گەورەترین هۆکاری بەجیهانیبوونی ئەم پرۆسەیەش لەو هێزە مادیی و ئابوورییەدایە کە لە پشت ئەم بەجیهانیبوونەوە ئەجووڵێ و لە کاردایە. هەڵبەتە کاردانەوەی ئەم پرۆسەیەش لە نێو کولتوورە هەمەڕەنگەکاندا چونیەک نییە، ئەگەرچی کاردانەوەکە سەراپاگیریش بێ، پرۆسەکە سنوورە نەتەوەییەکان ئەبەزێنێ، پێناسەی نەتەوەیی تێکەڵ بە پێناسەی نانەتەوەیی و جیهانی ئەکات. بۆیە ملدانی ئەو پێناسانە کە جۆرێک لە سڕینەوەی خۆیان لەم گەردوونگەراییەدا ئەبینن ملدانێکی ئاسان و هەروا بێ بەرەنگاربوونەوە نابێت. ئەوەی ڕاستی بێ، ئەم گەردوونگەراییە هەروەکوو ئامـاژەم بۆ کرد، گەردوونگەرایی ئەو هێزە ئابوورییە

مەزنانەیە کە جیهانیان خستۆتە ناو ماشێنەکانی خۆیانەوە. هەر لە بەر ئەوەش، بە لای منەوە (ولاتە یەکگرتووەکــــانی ئەمــــریکا) سەرەکیترین قوتبی ئەم جیهانگەراییەیە. واتە بە جۆرێکی ترئەمە : ئەمریکاگەراییە و پرۆسەیەکە کە سەرمایەدارییە زەبەلاحەکەی ئەو بە پلەی یەکەم هەڵی ئەسوڕێنێ و ئەیخاتەگەڕ. وزەکە لەوێوە دێت و لە بنەڕەتیشدا ئەمریکا هەرگیز خاوەنی یەک کولتووری نەتەوەیی نەبووە بۆ ئەوەی بەرەنگاری لە یەک جۆر پێناسەی وجودی خۆی بکات، بۆ نموونە وەک چۆن لای ژاپۆنییەکان یان فەرەنسییەکان ئەو پێناسانە روونتر و ئاشکراتر ئەبینین. رەنگە هەر ئەم بۆچوونە وامان لێ بکات بڵــێین: "مــەترسی" ئەم گــەردوونگەراییــە لە ســڕینەوەی سنوورە نەتەوەییەکاندا لە کارتێکردنی زۆری ئەو پرۆسەیە بۆ کاڵکردنەوەی شانازییە نەتەوەیی و ئیقلیمییەکان ئەوەندەی جێی "مەترسییە" لای کولتوورە گەورەکان ئەوەندە جێی شپرزەیی و ترس نییە لای نەتەوە بچکۆلەکان و ئەو کولتــوورانەی بە درێژایی مێــژووی چەوسانەوە پێشێلکراوی کولتووری نەتەوە گەورەکان و بالادەستەکان بوون. ئەوەتا لەم تەوژمــە خێــرا و گــەورانەی گــەردوونگەراییــەدا یان بە جــۆرێکی تر لەم هەژمــوونەی ئەمــریکادا ولاتێکی وەک فــەرەنســا هاواری لێ هەستاوە! .. من تا ئێرە قسەکانم گشتی بوون ، بەلام بۆ ئەوەی وردتر لەم گەردوونگەراییە وردبینەوە پێویستە پرسیار بکەین: ئایا ئەم گــەردوونگەراییە پرۆســەیەکــە بە هەمــوو لایەنێکیــەوە هەر خێربەخش و چاکە بەخشە بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی ئەم سەردەمە؟! یان ئەمــیش وەک زۆر پرۆســەی تر و دیاردەی تر هــەڵگری هەردوو چەمکی باشە و ناباشەیە! دیارە بەلای منەوە هەردوکییەتی!. ڕاستە وەکوو ئەڵێن ئەم پرۆسەیە دنیای ئەمڕۆی کردۆتە گوندێکی بچووک، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەم گوندە بچووکەدا هێشتا ئافاتەکانی هــەژاری و نــەخـــۆشی و نــەخـــوێندەواری بۆ بەشی هــەرەزۆری دانیشتــووانی ئەم ئەستێرەیە بوونەتە مایەی نابەختییارییەکی بەرجەستە و لەبەرچاوی نکۆڵیلێنەکراو. پرۆسەی گــەردونگەرایی و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیــا و زانست بێ بەختیــارکردنی مــرۆڤ پرۆســەیەکی نیــوەناچڵ و ناتەواوە. هەر لەبەر ئەوەشــە ئەبیــنین کاریگەری ئەم پرۆسەیە بۆ نموونە لە ولاتە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا و لەڕووی گــۆڕانکارییــە تەکنەلۆجــیــیــەکــانەوە کــەمــترین ڕێژەی ســوودلێــوەرگــرتنیــان لەناودایە! .. لە لایەکی تریشــەوە بەشێکی لەبەرچاوی دەســەلاتی گەردوونگەرایی خــۆی، کۆمپانیــا گەورەکان، لەســـەر حــیـســـابی ولاتە هەژارەکـــانە، ڕەنگە ئەو پرۆتێــست و خۆپیشاندانانەی کە ناوجەرگەی ئەمریکا خۆیشی گرتەوە بەڵگەیەکی دیار بێ بۆ ئەم قسەیە.

به بڕوای من گــەردوونگەرایی چەند ڕوویــەکی دیار و نادیاری هەیە، پرۆسەکەش بە تەنهــا هەر پرۆســەیەکی تەکنەلۆجی ئابووری نییە بەڵکوو پرۆسەی هەژموون(هەیمەنەیەکی) سیاسی و دەسەلاتی پاوانکردنی دنیایە، یان دەست بەسەرداگرتن و کۆنترۆڵکردنی بازاڕە گەورەکانی دنیای بازرگانی جیهانیشە. لە سەردەمی دوو قوتبییەکەی دنیادا، لە مێــژووی شــەڕی ساردا، ئەم هــەژموونگەرییە بە جۆرێک



شیرکۆ بێکەس

دابەش بووبوو کە ئەم پرۆسەی بەجیهانیبوونە بەم جۆرەی ئەمڕۆ نەیئەتوانی پەل بهاوێ و بەم خێراییەش ئەو گۆڕانکارییانە ئەنجام بدات کە لە ئێستا ئەیبینین.

● گومانی تێدا نییە کە پرۆسەی گەردوونگەرایی کار لە ورد و درشتی دیاردە و مرۆڤ و کولتوورەکان دەکات. بە ڕای بەڕێزتان ئەم پرۆسەیە بە گشتی و پرۆسەی گەردوونیزەکردنی پەیوەندییەکان (کۆمۆنیکاسیۆن) بە تایبەتی کاریگەری چۆنی لەسەر کێشەی کورد، زمانی کوردی و کولتوور و ناسنامەی کورد هەبووە؟

■ من پێم وایە کاریگەریی ئەم پرۆسەیە بۆ سەر ولات و نەتەوە جیاجیاکانی دنیا یەک ئاقاری کارتێکردن ناگرێتەخۆ، بۆ نموونە لە ولاتێکدا کە ڕێژەی نەخوێندەواری زۆرینەی دانیشتووانی پێک بهێنێ ئەم پرۆسەیە لە کارتێکردندا و بۆ سوودلێوەرگرتن لە لایەنە باشەکانی خاوتر و درەنگتر ئەتوانێت بگات و گەشەیان تێدا بکات، چونکە لە بنەڕەتدا وەک زەوییەکی نەخۆش نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە بەرهەمی بەبرشتمان پێ ببەخشێ.

بەڵێ ڕاستە ئەم پرۆسەیە کاری کردۆتە سەر ورد و درشتی دیاردە و مرۆڤ و کولتوورەکان، بەلام ئەمەوێ بڵێم کارتێکردنەکان موتلەق نین و لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر جیاوازی ئەم پێشوازیکردنە لە گۆڕاندایە. ئەگەر لەسەر ئەم هەژموونگەرییە یەک قوتبییەی ئەمڕۆ ڕێککەوتوو بین، ئەوا بە پێچەوانەی سەردەمی شەڕی ساردەوە کێشەی کورد ئەو پەردە تاریکەی لەسەر هەڵدرایەوە کە بە درێژایی چەندین سەدە داپۆشیبوو. ئەم لاچوونی پەردە تاریکە و بە تەواوی دەرکەوتنی بالای ئەم کێشەیە لە هەموو دنیادا، پەیوەندییەکی گەورەی بە بەرژەوەندی ماشێنە ئابوورییەکانی ئەو گەردوونگەراییەوە هەیە کە ئەمڕۆ تەواوی جیهانی گرتۆتەوە. کێشەی کورد بە بیانووی

دەست نەخستنە ناو کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتانەوە کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، گەورەترین هۆکاری بزربوونی ئەو کێشەیە بوو لە مێژووی ڕابردوودا.

گەردوونگەرایی سیاسی و ئابووری و کولتووری جا لەبەر هۆکارەکانی بازاڕی گەورەتر و دۆزینەوەی ناوچەی دەسەڵاتی سیاسی نوێ و، یان سەرچاوەی ئابووری بۆ پاشەڕۆژێکی دوورتر جووڵا بێت، ئەوا شوێنی قفڵکراوی نەهێشت و سنووری نێودەوڵەتیشی بەزاند، ئەوان لە هەرشوێنێ بەرژەوەندی ئەم دەسەڵاتەیان بەدی بکەن، ڕووی تێئەکەن و ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوورییانەی خۆیان ئەیانەوێت جێبەجێی ئەکەن. ئەم وەرچەرخانە گەورەیە لەسەردەمی دەسەڵاتی یەک قوتبیدا، بۆ ئێمە و بۆ کێشەی کورد قازانجی هەبوو. بەجیهانیبوونی دیاردەکان کێشەی بەجیهانیبوونی کوردیشی لەگەڵ خۆیدا هێنا! ڕەنگە لەسەر ئەم خاڵە پێویستمان بە گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەی زیاتر هەبێت، بەڵام دەرەنجامەکان لەسەر زەوی خۆی و لە کوردستاندا گەواهی بۆ ئەم ڕاستییە ئەدەن. ئەمە نەک تەنها بۆ کێشەی کورد، بەڵکوو بۆ گەلێ کێشەی هاوچەشن لە دنیادا هەمان دەرەنجامیان بووە، هەر لە کێشەکانی یوگسلافیای جارانەوە بگرە تا تیمووری ڕۆژهەڵات و باشووری سودان و زۆر شوێنی تریش!. دیارە من لێرەدا باس لەوە ناکەم کە ئەم گۆڕانکارییانەی نێو دنیای گەردوونگەرایی چەند بەهێزیش بن هێشتا بە پلەی یەکەم یەکێتی ناوخۆی هێزەکانی نێو ئەو کێشەیە و مەسەلانە یەکلاکەرەوە ئەبن.

● پێتوایە کە جیهانگیری پەیوەندییەکان(ڕاگەیاندن) ، کاریگەری هەبووە لەسەر کێشە، زمان، کولتوور و ناسنامەی کورد؟ بەچ شێوەیەک جیهانگیری کاری کردۆتە سەر دەسەڵاتی سیاسی و یاسایی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان؟ کورد خۆی چۆن سوود لە بارودۆخی کاریگەری جیهانگیری بە ئامانجی کارتێکردن/ گەشەسەندنی ناسنامەی خۆی، وەردەگرێت؟

ـ تەکنەلۆجیای تازە کە دەرەنجامێکی تەکنیکی ئەم گەردوونگەراییەیە ئەگەر بە ڕێژەیەکی کەمیش بێت وەک تەوژمێکی دیار گەیشتووەتە وڵاتانی ئێمەیش و سوودیان لێ ئەبینرێ و بەکار ئەهێنرێن. ئەمە لە کاتێکدا کە بەر لە چەند ساڵێ ئەو دیاردانە "سەتەلایت، فاکس، کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت" بوونیان نەبوو. ئەم سەردەمی جیهانگەرییە خێراتر و بەرفراوانتر دەنگی ئێمەی گەیاندە هەموو سووچێکی دنیا. ئێمە پێشتر وەک تەیرێکی باڵکراو و بەڵام ئەمڕۆ باڵکراوە و فڕینمان وەک سنووری نەبێ وایە. پەیوەندییە سیاسی و کولتووری و ئەدەبییەکانمان بە دەیان پردی تازەیان بۆ دروستکردووین کە لەوەوبەر هەموو کوێرەڕێگا بوون. هەڵبژاردەیەکی باش لە ڕووناکبیرانی کورد توانیویانە لە ڕێگەی پەیوەندییە ئەنتەرنێتییەکانی خۆیانەوە چ بە وەرگرتن و چ بە بەخشین بە دەیان تۆڕی زانیاری لەگەڵ هەموو جیهاندا پێک بهێنن. جیهانگەرایی جیهانبینییەکی نوێی لەگەڵ خۆیدا هێنا کە ئەویش لە سەردەمی کولتووری ڕەنگینی هەموو نەتەوەکان. پێئەچێ لە ئێستەوە بۆ پاشەڕۆژێکی نزیک باوکسالاری یەک کولتوور لە ئارادا نەمێنێ و سەردەم ببێ بە سەردەمی کولتووری تێکەڵ. ئەو کولتوورەی کە دەرەنجامی هەڵمژینی هەموو کولتوورەکانی تریش بێ.

ئەمڕۆ ناسنامەی کورد لە هەموو کاتێکی تر زیاتر دەرکەوتووە، یان بە واتایەکی ترئازادترە لەوەی کە خۆشمان چاوەڕوانمان ئەکرد. تەکنەلۆجیای ئەم سەردەمە ئەو بەربەستە قەدەغانەی بڕی و هەڵوەشاندەوە کە پێشتر لە نێو دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کورددا مایەی کپکردنی دەنگ و دەم و دەست بەستنی ئێمە بوون. ئەویش نە بە ڕەزامەنی و نە بە خۆشی ئەوان نەبوو، بەڵکوو ئەو دەسەڵاتە زانستی و تەکنەلۆجیانە هێنایان کە ئیتر دەسەڵاتی دەوڵەت لە بەردەمیاندا بە ناچاری چۆک دابدات. ئیتر چۆن دەست بەسەر هەوا و تیشک و ڕەنگدا بگرن!.. لەم پەیوەندییە بێسنوورانەدا بێدەنگکردن و جێنەبوونەوەی ئێمە بۆ دیالۆگ و بیروڕاگۆڕینەوە کۆتایی هات و ڕۆژگارێکی تر هاتە کایەوە کە ئێمەش بتوانین تیا بجووڵێین و بەشدارییەک لەم ڕەنگینکردنەدا ببینین. بە کورتی بە لای منەوە، ئەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی ژێردەستە و هەژار لەم پرۆسەیەدا ئەیدۆڕێنێ، زۆر زۆر کەمترە لەوەی کە بە پێچەوانەوە قازانجی زۆرتری لێ وەرئەگرێ.

● تەلەفیزیۆنە ئاسمانییەکان ڕۆڵیان بینیوە، یان چ ڕۆڵێک ببینن لەم بارودۆخە جیهانییەدا بۆ ناساندنی کێشەی کورد، بۆ گەشەدان بە زمان و کولتووری کوردی و بۆ بەرجەستەکردنی ناسنامەیەکی هاوبەشی نەتەوەیی بۆ کورد؟

ـ ئەوەی ڕاستی بێ ئەگەر بەر لە بیست ساڵێ بتوتایە: لە دواڕۆژێکی نزیکدا کورد ئەبێتە خاوەنی سێ کەناڵی تەلەفیزیۆنی ئاسمانی، ڕەنگ بوو بتکەن بە کێودا و قسەکانت بە وڕێنە لەقەڵەم بدەن!

بوونی سێ کەناڵی ئاسمانی خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێکە لە دەستکەوتە هەرە گرینگەکانی ئەو جیهانگەرییەی کە پێشتر باسمان کرد. بەڵام کێشەکە لەوەدایە یان لەو پرسیارەدایە: کەناڵی تەلەفیزیۆنی چۆن؟! من قەڵەم و کاغەزی خۆمم هەیە ، ئەمە زۆر چاک، بەڵام چی ئەنووسم؟!

بۆ ئەوەی زوڵمیش لە خۆمان نەکەین ئێمەیەک کە بە درێژایی سەدان ساڵ هیچ ئازادییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەبەرچاومان بە خۆمانەوە نەدیوە. یان بە واتایەکی تر خاوەنی قەوارەی سیاسی و بەرنامەی کولتووری و هونەری و ڕوناکبیری خۆمان نەبووین، تا ئەم سات و وەختەیش بەشی هەرە زۆری گەلەکەمان نەخوێندەوارن. نابێ چاوەڕوانی ئەوەیش بکەین وا بە خێرایی بەرنامەکانمان چڕ و پڕ و کامڵ و بێخەوش بن و کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکان لەو ئاستەدا بن کە لە خەیاڵماندا وێنەمان بۆ کێشاون.

جگە لە لایەنە هونەری و تەکنیکییەکانی تەلەفیزیۆن کە پەیوەندییەکی بەهێزیان هەیە بە چۆنێتی پێکهاتنی تەلەفیزیۆنێکی

ئەم سەردەمەوە، لە هەمان کاتدا ئەوەی لە پشت بەهێزی و لاوازی تەلەفیزیۆنەوەیە کادیرە ڕووناکبیر و ئەو ستافە شارەزا و پسپۆڕانەن کە هەر یەکە و لە خانەی کارکردنی خۆیدا خاوەن ئەزموون و لێهاتوویی خۆیەتی و بە پێچەوانەشەوە کاری ڕەمەکی و ستافی بێسەرویەر و نەشارەزا و نەبوونی بەرنامەیەکی زانستییانە وەک دەرەنجام تەلەفیزیۆنێکی لاواز و بێ ڕەونەق و وەڕسکەرمان بۆ دروست دەکات.

بە کورتی ئەمەوێ بڵێم: کەناڵی بەهێزی تەلەفیزیۆن، کەناڵێکی چڕ و پڕی بەبەرنامە، واتە ڕووناکبیرییەکی بەهێز و عەقڵێکی بەرنامەدار. ئەمە هەر وەک چۆن بەرهەمێکی گەورە و کاریگەر لە عەقڵێکی سادە و ساکارەوە دروست نابێ، هەروەهایش تەلەفیزیۆنێکی بەهێز لە ڕووناکبیرییەکی لاوازەوە نایەتە خوڵقان!

من ئەتوانم بڵێم بەشی هەرە زۆری ئەو کادیرانەی لە تەلەفیزیۆنەکانی ئێمەدا کار ئەکەن، پسپۆڕ نین. تەنانەت بەشی هەرەزۆریان خاوەن بڕوانامەیەکی زانستی نین لەو بوارانەدا. هیچ دەورەیەکی فێربوون و ڕاهێنانیان نەدیوە، خۆیان خۆیان فێرکردووە، ڕەنگە ئەم بۆچوونەیش زیاتر پەیوەندی بە لایەنە هونەرییەکانەوە هەبێ. ئێمە تا ئێستا ژیانی سیاسی و کولتووریمان بەرنامەدار نین. بە میزاج کار ئەکەین و ڕۆژانە چۆنمان بە باش زانی بەو پێیە و بە پەلە بەرنامەڕێژی ئەو ڕۆژە ئەکەین و بۆ سبەینێ و داهاتوویش بیربەتاڵین و ئەیدەینە دەست "خواکەریمە". "دیارە لە کۆمەڵێکی مەدەنی ڕاستەقینەدا کە دامەزراوی سەربەخۆ ئەم کارانە ئەگرنە ئەستۆ، لە کۆمەڵێکی لەو چەشنەدا کە عەقڵی ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندن گەیشتۆتە ئاستێکی بەرز، بێگومان کەناڵێکی تەلەفیزیۆنیش لە ئاستێکی بەرزی فیکری و هونەریدا ئەبێت.". من بۆ خۆم پێم وایە تا(عەقڵی نەقدی) ئێمە چەق بەستوویێت، تا هەموو ڕەنگە جیاوازەکان، بیرکردنەوە جیاوازەکان، ناکۆکییە جیاوازەکان، وەک خۆیان چۆنن ئاوا نەدوێنین، ژیانی فیکریشمان هەروا چەقبەستوو دەبێت!

"بەڵام ئەم لاوازییە لە بەرنامە و پێکهاتەی ئەو تەلەفیزیۆنانەدا لە چییەوە هاتوون؟!"

بەلای منەوە لەو عەقڵانەوە کە لە پشت بەڕێوەبردنیانەوەن. تەلەفیزیۆنەکانی ئێمە وەک تەلەفیزیۆنی حیزب و ئایدیۆلۆژییەکی سنووردار هاتوونەتە کایەوە، هەر لەبەر ئەوەیشە کە ئازادی و فیکری ئازادیش، ڕەخنەو ڕووبەڕووبوونەوەی بە جورئەتیان تێدا سنووردار ئەبێت! لە هەموو دنیایشدا، ئەو کاتەی ڕۆژنامەیەک، تەلەفیزیۆنێک، گفتوگۆیەک، لە ژێر بنمیچی ئایدیۆلۆژییەکدا، یەک بیرکردنەوە و یەک ڕەنگ بێت، خەتی سووری قەدەغەکردنی ڕاوبۆچوونیان تێدا زۆرتر ئەبێت. ئێستا بەشێک لەو ئازادی بیروڕا دەربڕینەی لە ڕێگەی هەندێ بەرنامەی باشەوە کەوتونەتە ناو کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکانی ئێمەوە بە کاریگەری سەردەمەکە خۆی و کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکانی دنیا دروست بوون و دیارە بۆ ئێمەش ئەمە هەنگاوێکە بەرەوپێش. هەموو کەناڵێکی میدیا و ڕاگەیاندن ئەو وەختەی لە ڕەخنەی ڕووبەڕووبوونەوە خۆی بدزێتەوە یان پەردەپۆشی هەڵە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیرییەکان بکەن، جا بە هەر بیانوویەک بێت، ئەو وەختە ئێمە ئەکەوینە بەردەم خۆنەدۆزینەوە یان خۆتەفرەدان. ئێمە کە دان بە هەڵەکانی خۆماندا نەنێین، نابێ چاوەڕوانی ئەوەیش بین بە چاکی گوێ لە دەنگدانەوەی کارە باشەکانمان بگیرێ!. ئێمە پێویستمان بە کرانەوەی زیاترە لەسەر ڕای جۆراوجۆر، ئێمە هەموومان بە دەم ئەمە ئەڵێین، بەڵام بە کردەوە و لە واقیعدا نەمانکردۆتە پرنسیپ و پرۆسەیەک دیار و لەبەرچاو بێت. تەلەفیزیۆنەکانی ئێمە لە مرۆڤی ترساو ئەچن، لە مرۆڤێک چوویێتەوە یەک و نەتوانێ لە ترسی هەڕەشەکان خۆی بکاتەوە! تۆ بڕوانە بێژەرەکانی ئێمە دەقیان بە یەک جۆر تۆنی دەنگ و دانیشتنەوە گرتووە هەروەکوو بەسترابنەوە! چونکە لە بنەڕەتدا ئێمە خۆمان دەست و دەم بەستراوی کۆمەڵێکی داخراوی پڕ لە حەرام و پڕ لە سەرکوتکردن بووین!.

هەندێ بەرنامەی کەمی لێ دەرچێت کە سەرەتایەکن بۆ خۆکۆکردنەوە و دیالۆگی ئازادانە. ئیتر بەشی هەرە زۆری بەرنامەکان (بۆ وەخت کوشتن) ئەمە لە کاتێکدا کە ئێمە لە هەمووکەس زیاتر پێویستیمان بە وەخت خوڵقاندن هەیە!

ئەمە جگە لەوەی کە لە ڕێگەی هەندێ بەرنامەوە، پێبزانین یان نەزانین، ڕووناکبیرییەکی سەقەت، پەروەردەکردنێکی نادروستی نازانستی بڵاوئەکەینەوە، بە تایبەت مەبەستم لەو بەرنامانەیە کە بێ پەروا بیری خێڵەکێتی و عەشایری و تیرەو هۆزبازی بایەخ پێ ئەدەن. ئێمە لە ئێستەدا پێویستمان بەو بەرنامانەیە کە بە جورئەتەوە لە کێشەکانی ناوخۆمان بدوێت، بە تایبەتی کێشەی دووکەرتبوونی سیاسی و ئەو دیوارانەی لە نێوان خۆماندا دروستمان کردوون. بەرفراوانکردنی فەزای کوردستانی و جیهانی. مەسەلەی ئازادی ژن. ئێمە ناتوانین خۆمان بە باشی بە کەسانی تر بناسێنین ئەگەر بە زمانی ئەوان نەدوێین.

یەکێک لە خاسیەتە باشەکانی ئەم کەناڵانە ئەوەیە کورد لە هەموو شوێنێکی وڵاتەکەیدا، ئێستا ئاگایان لە یەکترە، ئەمە یەکێکە لەو ڕۆڵە پۆزەتیڤانەی کە ئەم کەناڵانە هەیانە. بەڵام یەکێک لەو خاڵە نێگەتیفانەی دیار و لەبەرچاوە ئەوەیە: کە مەسەلەی کورد وەک (چەند مەسەلەیەک)ی گرێدراو بە سنووری ئەو دەوڵەتانەوە کە ئێمەی تێدا ئەژین باس ئەکەن. واتە نەبوونی ستراتیژییەکی یەکگرتووی کوردستانی.

تەلەفیزیۆن بۆ ئەوەیە راتبکێشێ و بەدیارییەوە بیت، هەر لەبەر ئەوەیشە پێویستە بەرنامەکان بەرنامەی چڕ و پڕ و سەرنجڕاکێش و بەهێز بن، ئەگینا بینەرانی خۆی لەدەست ئەدا و ناچار نیت بەدیاریانەوە بیت!.. ئێمە لەم قۆناغەدا بۆ ئەوەی کەناڵە ئاسمانییەکانمان و بەرنامەکانیان باشترکەین پێویستە هەر کەناڵێک ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری خۆی هەبێت، تا لە نزیکەوە بەرنامەڕێژی بکەن و ئەم ئەنجومەنانەش کاریان ئەوە بێت چی باشترە بیکەین؟! وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە.

گەلێ جار ناسنامە هاوبەشەکەی کورد لە گێژەنی سیاسەتێکی

وەختــی و ملمــلانێـیــەکی لاوەکــیــدا ون ئەکــەین. ئەو دروشــمی دیموکراسییەی هەمووان خۆمانی پێوە بائەدەین، ئەو کاتەی سنووری ڕەخنەکەی بگاتە سەر خودی خۆمان ئیتر لەوێدا بیری دیموکراتییانە ئەبێتە هەڵم و ناتوانین یەکتری قەبوڵ بکەین و عەقڵی تۆڵە و تووڕە هەموو ئیدیعاکانمان نەفی ئەکات! قسە زۆرە و من لێرەدا کۆتایی بە وەڵامی ئەم پرسیارەتان ئەهێنم!

● با بێینە سەر خۆت، بەڕێزتان وەک شاعیرێکی گەورە چ کاریگەرییەکی پرۆسەکانی گەردوونگەرایییتان بەسەرەوەیە؟ داخۆ کاری لە جیهانبینی و مرۆڤبینیتان کردووە؟ تا چەند سوودتان لە تواناکارییەکان و لایەنە پۆزەتیفەکانی بینییوە و تا چەند خۆتان لە خەتەر و لایەنە نێگەتیڤەکانی پاراستووە؟

▬ لە دوانزە ساڵی رابردووەوە، واتە لە نووسینی قەسیدەی درێژی(دەربەندی پەپوولە)وە ئەم جیهانبینی و جیهانگەرایییە کاریگەری خۆی لەسەر بیرکردنەوەم داناوە. زووتر داخراو بووم و ئەمڕۆ کراوەترم!. ئەمە خۆی لە خۆیدا گەلێ مانای هەمەجۆر لە خۆ ئەگرێ. من وا هەست ئەکەم ئاسۆکانی بیرکردنەوەم، ڕوانینم بۆ دنیا، بۆ مەسەلەی جۆراوجۆری بە کێشەی ناو مرۆڤایەتی بە گشتی، مەسەلەی ئازادی ژن، گۆڕانی گەورەیان بەسەرهاتووە. پێشتر وەک شووشەیەکی تەماوی وابووم و هەر لەبەر ئەوەیش مەوداکانی بینینم بۆ دنیا کورتتر بوون. من یەکەم هۆی ئەم گۆڕانە بۆ ئەوە ئەگێڕمەوە کە دنیای جۆراوجۆر و لەیەکنەچووم بینی و باشتر لە نزیکەوە لێیان وردبوومەوە. ئەمە لە کاتێکدا بەداخەوە ئەڵێم ئەگەر زمانێکی زیندووی وەک ئینگلیزیم بە باشی بزانیایە پێم وایە ئەم سوود وەرگرتنەم لە دنیای کولتووری ئەمڕۆ زۆر دەوڵەمەند تر ئەبوو. بە کورتی ئەزموونە نوێیەکانی جیهانگەرایی بۆ منیش ئەزموونێکی نوێیان دروستکرد، کە ئەویش ئەزموونی هەمەڕەنگی یە لە ڕوانین و بیرکردنەوەدا.

تۆ ئەگەر سەرنجی دوا قەسیدەی درێژم - ڕەنگدان - ، دوای ئەویش "خۆم ئەو وەختەی باڵندەم!" بدەیت، ئەزانیت ئەو کاریگەرییە تا چەند لە قەسیدەکانمدا ڕەنگیان داوەتەوە! ئەزانیت کە زووتر باڵندەیەکی هەڵکورماو و، بەڵام ئەمڕۆ فڕیوم و لە ئاسمانێکی بێسنووردا ئەسووڕێمەوە. من لەم جیهانەدا، جەوهەری مرۆڤایەتی و خۆشەویستی ئەکەمە پێوانە. لایەنە جوان و پاکەکانی جێی تێڕامان و شیعری منن، چونکە هەروەکوو ئاماژەم بۆ کرد من لە گەردوونگەرایییشدا بە تایبەتی ئەو وەختەی بەرژەوەندییە بازرگانییەکان ئەبنە کۆمەڵە جیهانبینییەکی چاوچنۆک و هەموو شتێ لە چاوی بورصە و کۆمپانیاکانەوە تەماشا ئەکەن.. من ئەو کاتە لەواندا گەردوونگەرایییەکی دژ بە شیعر و خۆشەویستی ئەبینم! گرینگ چۆنێتی بەکارهێنانە.. کوتومت وەک وزەی ئەتۆم ئەتوانیت بیکەیتە سۆنگەی هەرە گرینگی ئاشتی و خۆشەویستی و ئەشتوانیت دنیای پێ کاول کەی!..

شاعیر لە هەموو سەردەمێکدا گۆرانی بۆ ئازادی و خۆشەویستی و ئاشتی ئەچڕێت. من گەردوونگەرایییم بۆ بەختیاری مرۆڤ ئەوێت. لە سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیشەوە، هەر لە پەیامە ئاسمانییەکانەوە تا ئەگاتە سەر فەلسەفە و ڕێبازە جۆربەجۆرەکانی بیرکردنەوە و ڕووناکبیری و ئایدیۆلۆژییەکان و .. هەر هەمووی لە جەوهەردا باس لە ئازادی و بەختیاری مرۆڤ ئەکەن. من ئەم سەرزەمینەم مەبەستە جا گرینگ ئەوەیە کام فەلسەفە و بیرکردنەوە و تیۆری و پەیام مرۆڤەکانی بەختیار و ئاسوودە ئەکات!

هەموو شتەکان لە عەقڵی مرۆڤەوە سەرچاوە ئەگرن. "کام عەقڵ و چۆن؟!" تەکنەلۆژیای تازە کە یەکێکە لە تەوەرە هەرە گرینگەکانی تازەگەری و گەردوونگەرایی و پێشکەوتنی مرۆڤ، عەقڵی کۆن و خورافەگەری و سەلەفی ئەتوانێت بۆ شەڕ و تاریکی خۆی بەکاریان بهێنێ. لەبەر ئەوە پێکهاتەی عەقڵی مرۆڤ خۆی بە پلەی یەکەم دێت. پرۆسەی گەردوونگەرایی لە بەکارهێنانی ڕواڵەتەکانی گەردوونگەرایییدا نییە، بەڵکوو لەم عەقڵانەدایە کە مرۆڤدۆستی و ئاشتیویست و عەداڵەتویست بێ، تەنانەت زۆر جاریش لە پێوانەی تەمەن بەدەرە، گەنجی واهەیە بە عەقڵی هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە بیر ئەکاتەوە و لە ئێستەشدا ئەژی و لە ئەورووپایشدایە و ئەم پرۆسەیەش هیچ کاریگەرییەکی بەسەرییەوە نییە، مەگەر بۆ بەکارهێنانی ئامێرەکانی لە پێناوی سەلەفیەتگەرایییدا!

بۆ پێشوازیکردنی هەر تەوژمێکی نوێگەری پێویستە عەقڵی پێشوازیکەر ئەو ئامادەگی و تەقەبوولەی تێدابێت.

کاریگەری ئەم پرۆسەیە بەسەر منەوە یان هەر یەکێکی ترەوە "مەبەستم لە شاعیرە" پێویستە لە بەرهەمەکاندا، لە ڕوانینی ئێمەدا بۆ ژیان، لە کاروکردەوەکانماندا ڕەنگبداتەوە.

من گەردوونگەرایی و مرۆڤایەتی و ئاشتی و خۆشەویستی لە ئاوێتەبووندا ئەبینم! لە ئاوێتەبوونێکی وجودیدا. شیعریش زمانی گەردوونگەرایی خۆی هەیە. ئەو زمانەی کە بەربڵاوترین پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤەکانی ئەم ئەستێرەیەدا پێکدێنێ. زمانی لەیەکترگەیشتن. زمانی قەبوڵکردنی جیاوازەکانمان. زمانی پێکەوە ژیانی کولتوورەکانمان. فەزایەک کە هەموو ڕەنگەکانی ژیانیان تێدا بفڕێ. من بۆ خۆم پێم وایە شاعیری ڕاستەقینە ئەو مرۆڤەیە کە بەر لە هەمووان باوەشی پڕ لە خۆشەویستی خۆی بۆ ئەو گەردوونگەرایییە ئەگرێتەوە کە ئاشتی و خۆشەویستی و بەختیاری و ئاسۆکانی ڕوانین و پاشەڕۆژن.

١٦/ ٨/ ٢٠٠٢، ستۆکهۆڵم

***

**سەرچاوە و پەراوێزی پێشەکی ئەم چاوپێکەوتنە:**

(1) Giddens Antony (1999): Modernitet och självidentitet, Självet och samhället i den senmoderna epoken, Göteborg: Daidalos. Sid. 32.

(2) Norberg Johan(2001):Amerika Vera- Zavala. Globa rättvisa är möjliga. Avesta:Pocky. Sid.28.

(3) Ibid. Sid15.

# کولتوور یان کولتووریکردن

## (چەند سەرنجێک لە سەر وتووێژەکەی د. ئەمیری حەسەنپوور)

سیاوەش گۆدەرزی

دوای بڵاوبوونەوەی وتووێژەکەی بەڕێز «د. ئەمیری حەسەنپوور» (لە گزینگی ژمارە ٣٦دا)، لەلایەن بەڕێزان کاک «سیاوەش گۆدەرزی» و کاک «ئازاد مەریوانی»یەوە، دوو نووسراوە، وەک سەرنج و ڕەخنە و تێبینی سەبارەت بە ناوەرۆکی وتووێژەکە گەیشتنە گزینگ، کە هەردووک نووسراوە، بە ئاگاداریی بەڕێزانی نێوبراو ناردرانە لای کاک ئەمیر و، ئەویش بە دەربڕین و شیکردنەوەی هێندێک لایەنی پڕ پێچ و پەنای کولتووری، وەڵامێکی دوورودرێژی ناردەوە. ئەوا لێرەدا هەرسێک نووسراوە ـ بەیادی ساڵتێوەرسووڕانەوەی کوژرانی فادیمەی جوانەمەرگ ـ پێشکێشی خوێنەرەوانی ئازیز دەکەین. گزینگ

بەڕێز حەسەنپوور لە وتووێژەکەیدا و هەروەها لە کۆنفرانسێکدا لە «بێرگین» کە بۆخۆی لەوێدا ئاماژەی پێدەکا، قەتڵی نامووسی بە بەشێکی جیانەکراوە و نەگۆڕ لە کولتووری کوردی دەزانێ. (گزینگ، ژمارە ٣٦)

با لە پێشدا و بەر لە هەموو شتێک ئەوە بڵێم کە خوێندنەوەیەکی ئاوا بە پەلە لە کولتوور و پێناسەکردنێکی لەو چەشنە لە کولتووری کوردی و گرێدانی قەتڵی نامووسی ئەویش لەلایەن کەسێکەوە کە لێکۆڵینەوە لە سەر کولتووری کوردی دەکا، لە ڕاستیدا جێگای سەرسووڕمانە! ئەمەش نە لەبەر ئەوەیە کە منیش وەک کوردێکی دانیشتووی سوێد کە زیاتر لە ساڵێکە تەجروبەی "ڕاوەکورد" دەچێژین و، ئێستاش شوێنەواری ئەو "ڕاوەکوردە" لە سەر سایکۆلۆژیی کوردی سوێد هەرماوەتەوە، بەڵکوو وەک کەسێک کە خوێندنەوەیەکی تەواو جیاوازم لە کولتوور هەیە؛ ئەوەش نە بە قەولی بەڕێز حەسەنپوور، لەبەر "ناسیۆنالیست بوون" یان "مارکسیست نەبوون" و "دژە ژن بوون" بەڵکوو لەبەر خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆژیانەیە لە سەر کولتوور.

### کولتوور چییە؟

کولتوور کۆنسێپت (چەمک) ێکە کە دەکرێ سەرجەمی ئەو بایەخ، نۆرم (یاسا) و کردەوانەی کە کۆمەڵێک لە ئینسانەکان هەیانە و ئەوان لە کۆمەڵێکی دیکە جیادەکاتەوە، وەخۆ بگرێ. بایەخ، نۆرم و کردەوەکان دایم لە گۆڕان دان و بە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵ بایەخە کۆنەکان وەلادەندرێن و بایەخی نوێ لە شوێنیان دادەندرێن، کاتێک لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی ـ ئابووریدا نۆرم و بایەخەکان دەگۆڕدرێن، خودی کولتووریش بە گشتی ئاڵوگۆڕی بەسەردادێ. کەواتە کولتوور ستاتیک و نەگۆڕ نییە، بەڵکوو هەردەم لە بەردەم گۆڕانکاریی قووڵ و بنەڕەتی دایە. کولتوور لە سۆسیۆلۆژیدا یەکێک لە باسە هەرە گەرمەکان و بەتایبەت لە قوتابخانەی symbolic interactionism دا، کولتوور وەک هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکان(social interaction) دادەنرێ و پرۆسەیەکە کە دایم لە پێوەندی لەگەڵ کات و شوێندا گۆڕانکاری بەسەردادێ.[1]

ئەگەر ئێمە بێتوو پێشکەوتنەکانی ڕاگەیاندن و ئامرازەکانی پێوەندی گرتن، چکۆڵەبوونەوەی هەرچی زیاتری جیهان لە چەند دەیەی دواییدا لەبەرچاو بگرین، ئەودەم گۆڕانکارییە کولتوورییەکان زووتر و خێراتر هەست پێدەکەین. کە وایە کولتوور لە هیچ شوێنێکی دونیادا، نە لە لای سوێدی، کانادایی یان کورد شتێکی نەگۆڕ و داسەپاو نییە و دەگۆڕدرێ.

لێرەدایە کە دەتوانین قەتڵی نامووسی وەک نۆرمێکی کۆن و لەباوکەوتوو لە کولتووری کوردیدا بێنینە بەرباس. من بەپێچەوانەی بەڕێز حەسەنپوور، قەتڵی نامووسی هەر لە سەردەمی شەرەفخانی بدلیسی یەوە هەتاکوو ئێستا وەک نۆرمێکی کولتووری کە وەک خۆی مابێتەوە و ئاڵوگۆڕی بە سەردا نەهاتبێ، نابینم. لەلایەکی دیکەشەوە، ئەو جۆرە گشتیکردنە یان سەرتاسەریکردنەی قەتڵی نامووسی بە هەڵەیەکی گەورە دادەنێم، بۆچی؟ چونکە ئەم نۆرمە وەک هەموو نۆرم و بایەخێکی دیکەی کولتووری ئاڵوگۆڕی بە سەردا هاتووە، ئەگەر لە چەند ناوچەیەکی کوردستاندا ئەم نۆرمە پارێزرابێ، ئەوە پێوەندی بە باری دواکەوتوویی و پێشنەکەوتن و ژیانی دوور لە شارستانی ئەو ناوچە و گوندانەوە هەیە، نەک تێکڕای کولتووری کوردی بە گشتی. کەوایە دەبێ قەتڵی نامووسی وەک بەشێک لە کولتووری گوند، یان ناوچەیەک ببیندرێ. وەک بەڕێز حەسەنپوور بۆخۆشی ئاماژەی پێکردووە، ئەم دیاردەیە هەر تایبەت بە کوردستان نییە و بەڵکوو لە هێندێک گوند و ناوچەی عەرەبستان، ئوردۆن، ئیتالیا و یۆنانیش دەبیندرێ. کەوابوو وەک چۆن قەتڵی نامووسی بەشێک لە کولتووری ئیتالیا، یۆنان یان ئیسلام نییە ـ کە بێگومان هیچکەس لە ئەندامانی ئەو نەتەوانەش قەبوڵ ناکەن بەڕێز حەسەنپوور وایان پێ بڵێ ـ بە هەمان شێوەش قەتڵی نامووسی بەشێک لە کولتووری کوردی نییە.

بەڵام با بزانین بۆ ئەمڕۆ کولتوور ئەوەندە بایەخی هەیە و تەنانەت دیاردەیەکی دزێوی وەک قەتڵی نامووسی بە کولتوورەوە گرێدەدرێ یان باشترە بڵێین کولتووری دەکرێ. لەڕاستیدا، لە ڕۆژئاوا هەتا کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی، هەوڵی ئەوە دەدرا کە لە ڕێگایەکی زانستییەوە بەتایبەتی بە هۆی لێکۆڵینەوەی بایەلۆژی و ڕەگەزناسییەوە جیاوازیی

نێوان سپیپێست و ڕەشپێست، ئوروپایی و ئاسیایی، ئاڵمانی و جوولەکە و هتد.. بسەلمێندرێ.[۲] هەربۆیە لە زۆربەی زانستگاکاندا بەشی تایبەتی ڕەگەزناسی دامەزرابوو. جێگای سەرسوورمانیش نەبوو کە زۆربەی زۆری ئەو لێکۆڵینەوانە لە وڵاتی سوێد لە سەر داوای هیتلێر ئەنجام دەدران. ئەوەبوو هەوڵێکی زۆری زانستی نەیتوانی جیاوازیی نێوان ئینسانەکان بسەلمێنێ و سەرەنجام زانستگاکان بەشی ڕەگەزناسیی خۆیان داخست. دیارە ڕاسیست و ڕەگەزپەرستەکان کە نەیانتوانی جیاوازییەکانی خۆیان لە گەڵ خەڵکانی دیکەدا، لە ڕێگای بایەلۆژییەوە بسەلمێنن، ئەوجار پێیان لە سەر جیاوازییە کولتوورییەکان داگرت و هەتا ڕۆژی ئەمڕۆش ڕەگەزپەرستەکان زیاتر لە هەموو کەسێکی دیکە گرینگی بە جیاوازیی کولتووری و بایەخە کولتوورییەکان دەدەن و خۆیان لە خەڵکانی غەیرە ئوروپایی جیادەکەنەوە. لە لای ئەوان و لە کولتووری ئەواندا، خۆشەویستی و سروشتپەرەستی و ڕێزلێنان هەیە و بنەماکانی کولتووری ئەوان لە سەر بناغەی یەکسانی و بەرابەری لە نێوان ژن و پیاودا دانراوە. بەڵام کولتووری خەڵکانی دیکە دواکەوتووانەیە، خۆشەویستی تێدا نییە و ژنکوشتنی تێدایە.

ئەگەر بێینە سەر ئەو باسانەی کە لە سەر کولتووری کوردی لە پاش کوژرانی جوانەمەرگ فادیمەی شاهیندال لە سوێد هاتنەگۆڕێ، هەمان خەت و نیشان و ڕەنگ و بۆی ڕەگەزپەرستی بە باسەکانەوە دیار بوو، بەبێ ئەوەی زۆرکەسان لە مەبەستی هێنانەگۆڕی جیاوازییە کولتوورییەکان تێبگەن و، ڕاسیسمێکی شاراوە کە خۆی لە پشتەوەی باسەکان حەشاردابوو بناسنەوە، ناڕاستەوخۆ کەوتنە خزمەتی ڕەگەزپەرستەکان. لێرەدا دەتوانین سێ دەستە و گرووپ ناوبەرین کە هەوڵیان دا و، ئێستاش هەر بەردەوامن کە قەتڵی ناموسی بە کولتووری کوردییەوە گرێبدەن:

یەکەم، ڕەگەزپەرستەکان بۆ خۆیان. جیاوازیی ئەم ڕەگەزپەرستانە لەگەڵ ڕەگەزپەرستەکانی دیکە کە بە شێوەیەکی ئاشکرا خۆیان لە نێو حیزب و دەستە و تاقمی سیاسی دەردەخەن ئەوەیە کە ئەمان شاراوەن و بە شێوەیەکی ستروکتووری لە هەموو کۆمەڵگای سوێدیدا هەن و بەتایبەتی لە میدیادا خۆیان بە شکڵ و شێوازی جیاوازدا دەردەخەن و هەمیشە پێ لە سەر جیاوازییە کولتوورییەکان دادەگرن و خەتی ڕەش بە سەر کولتووری خەڵکانی دیکەدا دەکێشن و، بە شاخ و باڵی کولتوری خۆیان هەڵدەڵێن. هەڵبەت لێرەدا هەر پێی کورد ناگرێتەوە، بەڵکوو لەو هێرشە پروپاگەندە میدیایەدا هەموو خەڵکانی غەیرە ئوروپایی بەتایبەتی کورد، ئێرانی، عەرەب و تورک و هیدیکە دەگرێتەوە.

دووهەم، دامودەزگای حکوومەتی سوێدی وەک ئەو ئیدارانەی کە لە پێوەندی لەگەڵ پەنابەراندا کار دەکەن، بەتایبەتی ئیدارەی ئینتیگراسیۆن. لەکەس شاراوە نییە کە سیاسەتی ئینتیگراسیۆن واتە جەزبی پەنابەران لە کۆمەڵگای سوێدیدا تووشی شکان هاتووە و بەو شێوەیەی چاوەڕواندەکرا نەتوانراوە پەنابەران لە نێو کۆمەڵگای سوێددا تێکەڵ بکرێن. ئینتیگراسیۆن بۆ شاردنەوەی سیاسەتی سەرنەکەوتووی خۆی و بۆ ئەوەی بەرپرسایەتییەکە لە سەر خۆی لابەرێ، کێشەی ئینتیگراسیۆن دەگەڕێنێتەوە بۆ خودی پەنابەران و جیاوازیی کولتووری. لە ڕاستیدا کولتووریکردنی کێشەی پەنابەران بووەتە ڕێگایەک بۆ شاردنەوەی ڕووی ڕاستەقینەی کێشەکان.[۳]

سێهەم، بەشێک لە پەنابەران بۆخۆیان بە زۆر هۆی جۆراوجۆرەوە هەوڵی کولتووریکردنی قەتڵی ناموسیان داوە، بەشێک لەبەر ساویلکەیی و تێنەگەیشتن لە کولتوور و، بەشێکیش بە ئانقەست و بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی تایبەتی ـ ئیترچ سیاسی بێ یان ئابووری. لە نێو ئەو بەشە لە پەنابەراندا کە بە ئانقەست هەوڵی کولتووریکردنی قەتڵی ناموسی دەدەن، ژمارەیەک کورد و دەستەودایەرەی حیزبی کۆمونیستی کرێکاری لە هەمووان بەرچاوترن. ئەمەش لەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەوان بەم کارە هەم پارەی پێ پەیدا دەکەن و هەمیش ڕاوە کوردی میدیای سوێدی ڕێگە بۆ ئەوان خۆش دەکا کە وەشوێن مەبەستەکانی خۆیان بکەون. لێرەدا ڕۆڵی میدیای سوێدی جێگای سەرنجە! چونکە زۆر جاران ئەو کەسانە دەخرێنە نێو ڕۆژنامە و تەلەڤیزیۆنەکان کە قەتڵی ناموسی بە بەشێکی نەگۆڕ لە کولتووری کوردی دەزانن و بۆخۆشیان کوردن، میدیای سوێدییش بەم کارە ئەوی بۆخۆیان ناتوانن بیڵێن بەو کەسانەی دەڵێن و، لە ڕاستیدا ئەو جیاوازییە کولتوورییانەی کە ڕاسیزمی ستروکتووری شاراوە بانگەشەی بۆ دەکا لەلایەن خودی پەنابەرانەوە پروپاگەندەیان بۆ دەکرێ.

من لەگەڵ قسەکانی بەڕێز حەسەنپوور ـ ئەوەیکە قەتڵی ناموسی لە کۆندا لە کولتووری کوردیدا هەبووە و ئێستاش کولتووری پاتریارکاڵ (کە بە تەواوی جیاوازە لە کولتووری ژنکوشتن) بە سەر تێکڕای کۆمەڵگای کوردیدا زاڵە بە چینی ڕووناکبیریشەوە ـ بە تەواوی هاودەنگم و قسەیەکم نییە. بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە بەڕێز حەسەنپوور لەو کوردانەی کە ئەم دیاردەیە بە کولتووری ئەوڕۆی خۆیان نازانن، قەڵس و تووڕەیە و، ئەو کەسانە تاوانبار دەکا کە جورئەتی دەربڕینی ڕاستییەکانیان نییە. «لە کۆنفرانسەکەدا چەند کەسێک تووڕە بوون لەوەیکە بۆچی من دەڵێم قەتڵی ناموسی بەشێک لە کولتووری کوردە، بە وانم گوت دەبێ ئێوە ورە و جورئەتی ئەوەتان هەبێ کە بە ڕێگای مامۆستا گۆران و یەڵماز گۆنای دا بڕۆن، نەک ئەوە پاشەکشە بکەن بڵێن ئەوە بەشێک لە کولتووری ئێمە نییە...» (گزینگ، ژ ٣٦). لێرەدا ئەگەر قەتڵی ناموسی لە نێو کورددا بە ژماردنیش بژمێردرێ ڕەنگە لە چەند پرۆمیلێک زیاتر تێنەپەڕێ، کەوایە نازانم بەڕێز حەسەنپوور بە چ جورئەتێکەوە ئەم دیاردەیە وەپاڵ هەموو کولتووری کوردییەوە دەدا.[٤] بۆ دەبێ نووسینەکانی ***شەرەفنامە*** و مەلا مەحموودی بایەزیدی پاش زیاتر لە ٢٠٠ساڵ سەرڕەڕای ئاڵوگۆڕی قووڵ و بنەڕەتی لە کولتووری کوردیدا بە بناخە بگیردرێن بۆ سەلماندنی قەتڵی ناموسی وەک بەشێک لە کولتووری کوردی. بەڵام تێڕوانینی نوێ و ئەوڕۆیی کوردان کە ئەو دیاردەیە بە کولتووری خۆیان نەزانن بە «بێ جورئەتی» و «پاکانەکردن» لە قەڵەم بدرێن. لە ڕوانگەی منەوە ئەوەی کە کوردێک حاشا لەم دیاردەیە دەکا و بە کولتووری خۆی نازانێ، بەسە بۆ ئەوەی کە ئەو دیاردەیە بە کولتووری کوردەوە نەچەسپێ. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە لە تێڕوانینی بەڕێز حەسەنپوورەوە دەبێ هەموو کوردێک بە دەنگی بەرز هاوار بکا کە ئەم دیاردەیە بەشێکە لە کولتووری کوردی هەتاکوو بە مرۆڤی بەجورئەت و ڕاستگۆ پێناسە بکرێن. واتە هەتا نەڵێن من ژنکوژم نابن بە ژننەکوژ! باشە لۆژیکی ئەم گوتنانە لە کوێ دایە؟

بەڕێز حەسەنپوور بەوەشەوە ڕانەوەستاوە، سوێدی و کولتووری سوێدیشی سەبارەت بە قەتڵی نامووسی تێوەگلاندووە. «... هەر لە کولتووری سوێدی سالآنە (سالی ١٩٨٠) نزیکەی ٨٠ ژن کوژراوە». باشە کوشتنی ئەو ژنانە چ پێوەندی بە کولتووری سوێدییەوە هەیە؟ ئایا تەواوی ئەو قەتلانە لایەنی ئیندیویدوال (شەخسی) و هۆکاری دیکەی کۆمەلآیەتی، ئابووری و تراژیدیای بنەماڵەییان نییە؟ هیچ پێوەندیی هاوبەشی کولتووری لە نێوان قاتڵەکان و خەڵکی دیکەی سوێدیدا نابیندرێ. کەوایە ئەو قەتلانە و زۆری دیکەش و یەک لەوانیش قەتڵی جوانەمەرگ و کچی ئازا و بوێر «فادیە شاهیندال» هیچ پێوەندییەکی بە کولتوورەوە نییە و کولتووریکردنی ئەو قەتلانەش بە هەر هۆ و مەبەستێکەوە بێ بناخەیەکی زانستییانەی نییە.

**پەراوێزەکان**


1) **Per Månson**, *Moderna* samhällsteorier, 1995.

2) **Rex J.**, *Race and Ethnicity*, 1985.

3) **Masoud Kamali,** *Distorted Integration in Sweden*, 1997.


ئەو کەسانەی کە دەیانهەوێ لە سەر سیاسەتی سەرنەکەوتووی ئینتیگراسیۆن لە سوێد زۆرتر بزانن بێجگە لەو کتێبەی مەسعوودی کەمالی کە بە ئینگلیزی نووسراوە، چاو لە کتێبێکی دیکەی ناوبراو بە زمانی سوێدی بکەن بە ناوی:

*Varken familjen eller Samhället*, Masoud, K, 2001.

٤) لێرەدا باس لە ڕەگەزپەرستی و ڕاسیزم لە سوێد کرا و ئەگەر بێتوو خوێندنەوەی بەڕێز حەسەنپوور لە کولتوور قەبوڵ بکەین، ئەوە دەبێ ڕەگەزپەرستی بە بەشێک لە کولتووری سوێدی بزانین. بەلآم ئەم دیاردەیە نە تەنیا لە سوێد بەڵکوو لە زۆربەی ولآتانی ئورووپای ڕۆژئاوادا هەیە و، ئەم دیاردەیە پێوەندی بە کولتووری سوێدییەوە نییە و لە ڕاستیدا زۆر هۆکاری دیکەی سیاسی و کۆمەلآیەتی هەیە کەوایە دیاردەی ژنکوشتنیش چ لە سوێد ڕوویدا و چ لە کوردستان هۆکاری دیکەی هەیە و بە کولتوورەوە نابەسترێتەوە. ئەگەر لە ڕابردووشدا ئەو دیاردەیە لە کولتووری کوردیدا هەبووە، ئەوە ئەوڕۆ گۆڕاوە و پێوەندی بە کولتووری گشتیی کوردییەوە نییە.

# ئایا قەتڵی نامووسی بەشێک لە کولتووری کوردە؟

## (تێبینییەک لە سەر وتووێژەکەی د. ئەمیر حەسەنپوور)

ئازاد مەریوانی

لە ژمارەی ٣٦ی گزینگدا (پاییزی ٢٠٠٢) وتووێژێک لەگەڵ بەڕێز د. ئەمیری حەسەنپوور بلآوکراوەتەوە کە تایبەتە بە کێشەی کولتووری پیاوسالاری و زەبروزەنگ دژ بە ژنان و بەتایبەتی قەتڵی نامووسی لە کۆمەڵی کوردەواریدا. کاک ئەمیری حەسەنپوور لەم وتووێژەیدا، کورتەیەک لەو بیروبۆچوونانەی دەخاتەڕوو کە لە کۆنفرانسێکی ئاکادیمی لە دەرەوەی ولآتدا، واتە کۆنفرانسی زانیبگەی «برگێن» لە نۆرویژ پێشکەشی کردووە. کاک ئەمیر لە قسەکانی خۆیدا بە دروستی باسی ئەوە دەکا کە لە کۆمەڵی کوردەواریدا فەرهەنگ و دابونەریتی باوکسالاری یاخود پیاوسالاری زاڵە و ئەمەش دەبێتە هۆی پێکهاتنی نایەکسانی کۆمەلآیەتی لە نێوان پیاو و ژندا و بەنەرختردانانی جینسی پیاو و داشکاندن و دابەزاندنی جینسی ژن. ئەو هەروەها لە چوارچێوەی ئەو باسەدا دێتە سەر لێکۆڵینەوەی دیاردەی بەکارهێنانی زەبروزەنگ دژ بە ژن و بەتایبەتی قەتڵی نامووسی لە کۆمەڵی کوردەواریدا کە لەم دواییانەدا لە دەرەوەی ولآت کەوتووەتە بەرباس و لێدوان. کاک ئەمیر لە درێژەی قسەکانیدا هەمدیسان بە دروستی ڕەخنە لە ڕووناکبیران و تێکۆشەرانی کورد دەگرێ کە لە بواری بەرەنگاربوونەوەی دابونەریتی پیاوسالاری لە ناو کۆمەڵدا ئەرکی خۆیان بەباشی بەجێنەهێناوە و هەوڵ و تێکۆشانێکی ئەوتۆیان لە خۆ نیشان نەداوە.

بێگۆمان هەموو ئو بیروبۆچوونانەی کاک ئەمیر زۆر بەنرخ و شیاوی سەرنجدان و پشتگرتن و هیواشە ببنە هاندەرێک بۆ دامەزراندنی باسێکی هەمەلایەنی داهێنەر لە ناو ڕووناکبیرانی کورددا بۆ پێداچوونەوە بە خۆماندا و بە کولتووری زاڵی پیاوسالاری لە ناو کۆمەڵەکەماندا.

لەگەڵ هەموو ڕێز و پشتگیرییەکم بۆ ئەو بۆچوونانەی کاک ئەمیر دەبێ بڵێم کە من لە سەرجەمی وتەکانی ئەودا گیروگرفت یاخود کەماسییەکی بەرچاو دەبینم کە ئەویش پێوەندی بە چەشنی هێنانەگۆڕ و گەلآلەکردنی کێشەکەوە هەیە. ئەو لە ڕەوتی باسەکەیدا زۆر جار ئەم تێزە دووپاتدەکاتەوە و پێی لە سەردادەگرێ کە ژنکوشتن یان قەتڵی نامووسی بەشێکە لە فەرهەنگی کورد و ئەمەش نەک هەر فەرهەنگی ڕابردوو، بەڵکە هی ئێستاکەش دەگرێتەوە. ئەو، هەروەها لەو پێوەندییەدا ئاماژەدەکا بە زاڵبوونی بیروبۆچوونی ناسیۆنالیستی بە سەر ڕووناکبیرانی کورددا و، ئەو ڕوناکبیرانەش کە قەتڵی نامووسی بە فەرهەنگی کورد نازانن و بە دیاری و دیاردەی ئیسلام و عەرەبی دادەنێن، وەک ناسیۆنالیست و تەنانەت ڕەگەزپەرست ناودەبات و ئەم بۆچوونەی ئەوان وەک پاساودان و پاکانەکردن بۆ خۆ و دەربازبوون لە ژێر بەرپرسیارییەتی لێکدەداتەوە.

ئەوەی ڕاستی بێ، من ئەو تێزەی کاک ئەمیر بە هەر دوو بەشەکەیەوە بە دروست نازانم و لاموایە ئەو بیروبۆچوونانە لەگەڵ ڕاستییەکاندا ناگونجێن و لە ئەنجامیشدا زۆرتر زیانبەخشن تا سوودبەخش و داهێنەر.

ئایا بەڕاستی قەتڵی نامووسی وەک کاک ئەمیر دەبێژێ بەشێکە لە

فەرهەنگی کورد؟ کاک ئەمیر بۆ پێسەلماندنی ئەو بۆچوونەی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ چوارسەدساڵ لەمەوبەر و بەڵگە لە شەرەفنامەی بدلیسی دەهێنێتەوە و هەروەها پشت بە نووسینێکی مەلا مەحموودی بایەزیدی دەبەستێ کە سەدوچل ساڵ لەمەوبەر بە ناوی «ئاداب و ڕسوماتنامەی ئەکرادیە» نووسیویەتی. من لێرەدا نکۆڵی لەوە ناکەم کە لە سەردەمانی ڕابوردوودا قەتلی نامووسی لە ناو کورددا وەک دابونەریتێک ڕەچاوکرابێ. بەڵام بوونی ئەم دیاردەیە بە لە سەردەمانی کۆن لە ناو کۆمەڵی کورددا نە دەبێتە بەڵگە بۆوەی کە ئەم دیاردەیە بە بەشێک لە فەرهەنگی ئەمڕۆی کورد دابندرێ و نە بەڵگەشە بۆ ئەوەی کە قەتلی نامووسی ئەو سەردەمانیش بە فەرهەنگی خۆماڵی بزاندرێ.

بۆ ڕوونکردنەوەی باسەکە بە شێوەیەکی زانستی، پێش هەرشتێ ئێمە دەبێ چەمکی فەرهەنگ یاخود دیاردەی فەرهەنگی و دابونەریتی کۆمەلایەتی دیاری ودەستنیشان بکەین. لە هەر قۆناخێکی مێژووییدا کە ئەو شتانەی کە دەکەونە خانەی فەرهەنگ و دابونەریتەوە دەبێ ئەو شتانە بن کە لە ناو کۆمەلانی بەرینی گەلدا باویان هەیە و لە ژیان و ئاکاری ڕۆژانەی کۆمەلانی خەڵکدا دەورێکی بەرچاو دەبینن و تەنانەت بە جۆرێک ڕەگ و ڕیشەیان داکوتاوە کە چاوپۆشین و وازهێنان لێیان و بازدان بە سەریاندا هەروا بە هاسانی ناکرێ. بۆ وێنە لە کۆمەڵی کوردەواری ئەمڕۆدا ئەو شتانەی خوارەوە بەشێکن لە فەرهەنگ و دابونەریت: ڕێوڕەسمی جێژنی نەورۆز (ئاگرکردنەوە، هەڵپەرکێ، سەیران و سەردانی یەکتر، دیاری و جێژنانە و هتد)، ڕێوڕەسمی جێژنە ئایینییەکان وەک خێر وخێراتکردن، چوونە سەرگۆڕی مردووەکان، ڕێوڕەسمی زەماوەندکردن (خوازبێنی کردن، نیشانەکردن، شیرنی خواردن، خەنەبەندان مارەکردن، گواستنەوەی وێرای بەزم و ئاهەنگ و ڕەشبەڵەک، سێرۆژانە و هتد)، ڕێوڕەسمی مردووناشتن، ڕێوڕەسمی میوانداریکردن هەر لە بەرەوپیرچوون و بەخێرهێنانەوە تادەگاتە مالاوایی و بەڕێکردن، نوشتوو و دوعا و نەزر و چلەگرتنەوە، چۆنێتی پێوەندیییەکانی ناوماڵ، چەشنی یارییەکان، ئاواز و گۆرانی و سازەکان، ناوی مرۆڤەکان، خۆڕازاندنەوە و جۆری زێڕ و زیوەرەکان، جۆری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و کەرەسە و ئامێرەکان و بە دەیان شتی دیکەی لەم بابەتانە. گشت ئەم دیاردانە بە هێندێک جیاوازی لە وردەکاریدا بە شێوەیەکی هاوچەشن و هاوبەش لە ناو کۆمەلانی خەڵکی کوردداەبیندرێن و بەشێکن لە ژیانی ڕۆژانەیان و هەربۆیەش بەشێکن لە فەرهەنگی کورد. دیارە ئەم دیاردانە هەمیشە هەروا نەبوون و بە درێژایی مێژوو گۆڕانیان بە سەرداهاتووە و بە سەریشیاندادێ. زۆر شت کە پێشتر باو بوون، جا چ شتی چاک بووبن یان خراپ، ئەمڕۆ ئیتر نەماون یان دەوریان لاوازبووەتەوە و کەوتوونەتە پەراوێزەوە. ئەم جۆرە شتانە ناتوانین ئەمڕۆ بە بەشێک لە فەرهەنگی کوردی لە قەڵەم بدەین، هێندێک لەم شتانە ئەگەر لە پەراوێزیشدا درێژە بە ژیان بدەن، هەر لە بەر ئەوەی لە پەراوێزدان و لە باو و برەو کەوتوون، ناتوانن مۆرک و نیشانی فەرهەنگی وەربگرن.

هەر بەم پێیە ئێمە ناتوانین قەتلی نامووسی کە دەشێ سەردەمێک لە ناو کورددا باوبووبێ، ئەمڕۆ بە بەشێک لە فەرهەنگی کوردی دابنێین. گومان لەوەدا نییە کە کوشتنی هەر تاکە مرۆڤێک، بەتایبەتی ئەگەر ئەو مرۆڤە کیژ و ژنی ژێردەستەی کورد بێ، تراژێدیایە و جێگەی دونیایەک داخ و کەسەر و بێزاری یە. بەڵام ئەگەر لە ناو پازدە بیست میلیۆن ژن و کیژی کورددا لە ماوەی چەند ساڵێکدا ژمارەیەک بکەونە بەر پەلاماری دڕندانەی «پیاوان» و بکوژرێن، ئەوە نابێتە بەڵگە بۆ ئەوەی قەتلی نامووسی بکەیەن بەشێک لە فەرهەنگی کورد و بە نارەوا مۆرکێکی دڕندەیی بە ناوچاوانی فەرهەنگی کوردەوە بچەسپێنین!! ئایا تا ئێستا هیچ پسپۆڕ و شارەزایەکی فارس یان غەیرە فارس هاتووە بڵێ کە ژنکوشتن یان سەنگەسارکردنی ژنانی ئێرانی بەشێکە لە فەرهەنگی ئێرانی یان فەرهەنگی فارسی؟ ئایا لە وڵاتانی ئەورووپی هێندێک دیاردەی وەک دەستدرێژیی جینسی باوکان بۆ سەر منداڵەکانیان، ڕفاندنی کیژۆلانی زارۆک و دەستدرێژیی جینسی و کوشتنیان، یان کڕین و فرۆشتنی کیژانی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا کە هەرچەند ڕۆژەی جارێک لە قاودەدرێن، لەلایەن زانایانی ئەو وڵاتانەوە بە بەشێک لە فەرهەنگی ئەورووپی دادەندرێن؟ ئایا دەتوانین قەتڵەکانی مافیا بە بەشێک لە فەرهەنگی ئیتالیایی دابنێین یان ئایا دەکرێ بڵێین ئاکاری دزی و ساختەکاری، بەشێک لەفەرهەنگی ڕووس و پۆلۆنی یە، چونکە هێندێک باندی سەر بەم وڵاتانە لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا خەریکی ئەو کارانەن؟ ئاخۆ دروستە بڵێین قاچاخچێتی دەرمانی بێهۆشکەر(بەنگ و تریاک و حەشیش) بەشێکە لە فەرهەنگی ئامریکای لاتین.

بێگومان وەڵامی گشت ئەو پرسیارانەی سەرەوە نیگاتیڤە. ئەو کار و کردەوە تاوانکارییانەی لە هەر کۆمەڵگایەکدا ژمارەیەکی بچووک لە خەڵک یان هێندێک کەس و کۆڕ و کۆمەلانی لاوەکی، نائاسایی و توندوتیژڕەفتار ئەنجامی دەن و بەداخەوە تۆزەکەشی دەچێتە چاوی هەموو خەڵکەوە، ناتوانین بە بەشێک لە فەرهەنگی دابنێین. ئەو کاروکردەوانە دەکەونە خانەی گیروگرفت و نەخۆشی کۆمەلایەتییەوە و، لە هەر کۆمەڵگایەکیشدا بە جۆرێک خۆ دەردەخەن، بۆ وێنە لە کۆمەڵگای کوردیدا بە چەشنی قەتلی نامووسی و لە کۆمەڵگای وڵاتە ئورووپییەکانیشدا بە چەشنی دەستدێژی جینسی و کوشتن و شرتوگومکردنی زارۆکان.

کەواتە بەڕاستی ئەو تێزەی کاک دوکتور ئەمیر داکۆکی لێدەکا و دەخوازێ بە هەرجۆرێک بێ قەتلی نامووسی وەک بەشێک لە فەرهەنگی کوردی ساخ بکاتەوە، هیچ لەگەڵ ڕاستیدا یەکناگرێتەوە. لە گەلێک شار و گوندی وڵاتەکەماندا، ڕەنگە بە درێژایی ساڵان هیچ قەتلێکی نامووسی ڕووی نەدابێ، ئەگەرچی زۆر مەسەلەی نامووسیش هاتووەتە ئاراوە، لەو شوێنانەش کە جارجار بەداخەوە قەتلی نامووسی ڕوویداوە، زۆربەی خەڵک بە تاوانیان زانیوە و بە داخ و بێزارییەوە لە مەسەلەکەیان ڕوانیوە. کۆمەلانی خەڵکی کوردستان ئەگەرچی بیروبۆچوونی پیاوسالارانەیان هەیە و تەنانەت زۆرجار زەبروزەنگ لە دژی ژنان بەکاردەهێنن، بەڵام کردەوەی قەتلی نامووسی پەسند و پێڕەوناکەن و، لەکاتی «قەومانی»ی مەسەلەی نامووسیشدا سەرەڕای هەموو ئێش و ئازاری ئەم مەسەلانە بۆیان، هەوڵدەدەن ڕێگاچارەیەکی نێونجی بدۆزنەوە و تەحەمولی بکەن. سەبارەت بەو ژنکوشتنانەش کە لە چەند ساڵی ڕابوردوودا لە کوردستان و لە دەرەوەی وڵاتدا ڕوویانداوە، خەڵکێکی زۆر چ نەریتپارێز(کۆنسێرواتیڤ) و چ پێشکەوتنخواز، چ ناسیۆنالیست و چ ئینترناسیۆنالیست بەداخ و کەسەرەوە لێی دەڕوانن و ئەم جۆرە کردەوەیە وەک کردەوەیەکی دڕندانە تاوانبار دەکەن. دیارە هەڵوێستی ئیسلامچییە توندڕەوەکان لەم بارەوە

جۆرێکی دیکەیە.

وەک لە سەرەتادا ئاماژە کرا، لایەنی دووەمی تێزەکەی د. ئەمیر ئەوەیە کە ئەگەر ڕووناکبیری کورد قەتڵی نامووسی بە بەشێک لە فەرهەنگی کورد نەزانێ یان لای وابێ لە فەرهەنگێکی بیانییەوە پەیدابووە، ئەوا مەبەستی پاکانەکردنە و نایەوێ و ناتوانێ بەرەنگاری ئەم کێشەیە ببێتەوە، ئەو زۆربەی ڕووناکبیرەکان بەوە تاوانبار دەکا کە لە دیدی ناسیۆنالیسمەوە لە کێشەکە دەڕوانن و بۆیە ناتوانن ڕاستییەکە قەبوڵ بکەن.

ئەم بۆچوونانەی کاک ئەمیر بە باوەڕی من لە چەند ڕوویەکەوە ڕەخنە هەڵدەگرن. یەکەم، خواست یان توانایی دژایەتیکردنی قەتڵی نامووسی هیچ پێوەندییەکی بەوەوە نییە کە مرۆڤ ناسیۆنالیست بێ یان نەبێ. هەروەها هیچ پێوەندییەکی بەوەشەوە نییە کە مرۆڤ سەرچاوەی ئەم کردەوەیە بباتەوە سەر فەرهەنگی کورد خۆی یان فەرهەنگێکی بێگانە. قەتڵی نامووسی لە ناو کۆمەڵی کوردیدا تراژێدیایەکی مرۆڤی یە و هەموو کوردێکیش بەر هەر بیروبۆچوون و ئایدیالۆژیایەک، مادام مرۆڤپەروەرانە بیربکاتەوە، بەو کارەساتە دادەچڵەکێ و بیری لێدەکاتەوە و، دەشتوانێ لە دژی هەنگاو بنێ. ئیتر چ پێویست دەکا لێرەدا مارکسیست و فێمینیستەکان لە ڕیزی قارەمانانی ئەم خەباتە دابندرێن و ڕووناکبیرە ناسیۆنالیستەکانیش نەک هەر بۆ مەیدانی ئەم خەباتە ڕێگە نەدرێن، بەڵکە بە پاساوەدەر و پاکانەکەری قەتڵی نامووسیش لە قەڵەم بدرێن!!

دووەم، بۆدەبێ هەرکەس پێیوابێ قەتڵی نامووسی بەرهەمی دەسەڵاتی دێرینی عەرەب و ئیسلامە، بە ناسیۆنالیست و تەنانەت ڕەگەزپەرست لە قەڵەم بدرێ!؟ ڕووناکبیری کورد دەتوانێ مارکسیستیش بێ و تانەت مرۆڤ دەتوانێ وەک غەیرەکوردیش ئەم بۆچوونەی هەبێ کە عەرەب بە هۆی ئایینی ئیسلامەوە دابونەریتی قەتڵی نامووسی لە ناو کورددا بڵاوکردووەتەوە. ڕاستە وەک کاک ئەمیر دەڵێ ئێمە چ بەڵگەیەکمان لە دەستدا نییە کە بڵێین خەڵکی کورد بەر لە ئیسلام قەتڵی نامووسییان پێڕەونەکردووە، بەڵام ئێمە بەڵگەمان زۆر لە دەستدایە سەبارەت بە هەڵسوکەوتی عەرەب و ئیسلام لەسەر ژن، هەر لە زیندەبەچاڵکردنی زارۆکی مێیینەوە تا سەنگەسارکردنی ژنان و دروستکردنی حەرەمسەرا و دابەزاندنی ژن بۆ ئاستی کەسەرەی چێژلێوەرگرتنی پیاو و کردنی بە کەنیز و قەرەواشێکی دوور لە هەر ماف و ئازادییەک.[1] کەواتە ئێمەی ڕووناکبیری کورد ئەگەریش نەتوانین بە دڵنیاییەوە باسی چۆنێتی ماف و ئازادی ژنی کوردی بەر لە ئیسلام بکەین، دیسان گوناهێکی گەورەمان نەکردووە و بەوە نابینە ڕەگەزپەرست کە پێمان وابێ قەتڵی نامووسی لەو فەرهەنگە دژ بە ژن و توندوتیژ و پڕ لە زەبروزەنگەی عەرەبەوە هاتووتە ناو کوردان. وەک هەموومان دەزانین لە ئایینی ئیسلامدا بەڕاشکاوی سزای مردن بۆ ژنی زیناکار دیاری کراوە و مرۆڤی پابەندی ئایینیش لە سەریەتی ئەم سزایە بەڕێوەببا. ئیتر بۆچی دەبێ ڕووناکبیری کورد تاوانی ڕەگەزپەرستی بدرێتەپاڵ، ئەگەر قەتڵی نامووسی (پێشتر وەک دابونەریت و ئێستاش وەک پاشماوەی ئەو دابونەریتە) لە کۆمەڵی کوردەواریدا بباتەوە سەر ئەم ڕێبازە ئایینییە؟ ئەگەر لە ئایینی زەردەشتیدا کە قەومە ئارياییە[2] کۆنەکانی ناوچە پێڕەویان کردووە، سزاانێکی ئەوتۆ بۆ ژن دیاری کرابا، ئەوسا ئێمە دەمانتوانی لەوە دڵنیا بین کە قەتڵی نامووسی ڕیشەی لە فەرهەنگی دێرینی کورد دایە و پێوەندی بە فەرهەنگی داسەپاوی بێگانەوە نییە. ئایا کاک ئەمیر دەتوانێ بەڵگەیەکی لەم چەشنەمان لە «ئاڤێستا» بخاتە بەردەست؟

سێیەم، هێنانەئارای دوو بابەتی ناسیۆنالیستی کورد و قەتڵی نامووسی لە پاڵ یەکتردا، بەتایبەتی بەم شێوەیەی کاک ئەمیر کردوویەتی، بەکارێکی چەوت و نادروست دەزانم. کاک ئەمیر دەیتوانی بیروبۆچوونەکانی خۆی لە سەر قەتڵی نامووسی دەرببڕێ، بێ ئەوەی پێی ناسیۆنالیستی کورد بکێشێتە ناو باسەکەوە و بێ ئەوەی ناسیۆنالیزمی کورد، واتە بیری ئازادیو سەربەخۆیی کوردستان، خەوشدار بکا. ڕیزکردنی ئەو دوو بابەتە لەپاڵ یەکتر، من دەخاتە بیری ڕێکلامەکانی ناو تەلەڤیزیۆن و ڕۆژنامەکان، کاتێک کەسایەتییەکی خەنیم یان کەلوپەلی شەریکەیەکی خەنیم لە زەمینەیەکی تاریک و ناحەز و ناڵەباردا نیشان دەدەن بۆ ئەوەی ئەو تاریکی و ناحەزییە خراب بوون و، ناحەزبوونی کەسەکە یان شتەکە لە مێشکی بینەردا بچەسپێنێ. من لێرەدا ناڵێم کاک دوکتور بە مەبەست ئەوکارەی کردووە، بەڵام دەتوانم بڵێم موخالیفبوونی ئەو لەگەڵ ناسیۆنالیزم، کە لە تەواوی قسەکانیدا دەردەکەوێ وایلێکردووە کە لەم دەرفەتی قەتڵی نامووسییەش کەڵک وەرگرێ و ڕەخنەکانی خۆی ئاراستەی ناسیۆنالیزم و ڕووناکبیرانی ناسیۆنالیست بکا.

تەوەرێکی دیکە لە بۆچوونەکانی د. ئەمیردا ڕەخنەگرتن لە زمانی کوردی یە وەک «زمانێکی سێکسیست، زمانێکی دژ بە ژن» ئەو بەنموونەهێنانەوەی چەند وشەیەکی وەک «پیاوانە» بە مانای ئازا و «ژنانی» و «ژنانیلە»بە مانای ترسەنۆک و خوێڕی بەو ئەنجامەگەیشتووە کە زمانی کوردی سێکسیستە. بێگومان و بەداخەوە لە زمانی کوردیدا هێندێک وشەی سێکسیست و دژ بە ژن هەیە و ئەو پێشنیارەش زۆر جوانە کە هەوڵی وەلانانی ئەم وشانە لە نووسین و ئاخافتندا بدرێ. ئەگەر کاک ئەمیریش بۆچوونەکەی خۆی هەر لەم چوارچێوەیەدا دەربڕیبایە، ئیتر جێگەیەک بۆ ڕەخنەگرتن نەدەبوو، بەڵا ئەو دیسان کێشەکە لە باری خۆی دەترازێنێ و بە شێوەیەکی دەستکرد زەق و گەورەی دەکاتەوە و، بەو ئەنجامە سەمەرەیە دەگا کە زمانی کوردی سێکسیست و دژ بە ژنە. من نازانم کاک ئەمیر لەم لێکدانەوەی خۆیدا زمانی بە چ مانایەک لەبەرچاوگرتووە. خۆ ئەگەر زمان بریتی بێ لەو قەوارە و ستروکتورەی کە بە سەر هێندێک لایەنی وەک فۆنۆلۆژی و لێکسیکۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سنیتاکسدا دابەشدەکرێ، ئەوە تەنیا لە بەشی لیکسیکۆلۆژیدا، واتە لە بەشی وشەسازیدایە کە ئێمە هێندێک وشەی سێکسیستمان هەیە. لێرەشدا ژمارەی ئەو وشانە لەچاو ژمارەی سەرجەمی وشەکانی زمانی کوردی وەک چەند دڵۆپێکە لەچاو دەریایەک. کەوابوو، بەم چەند دڵۆپە چۆن دەریای زمانی کوردی ئاوا لە بەرچاوی کاکا ئەمیر لێڵ و پیس بووە؟ هەروەها ئەگەر مەبەستی کاک ئەمیر ئەوە بێ کە لە زمانی کوردیدا گەلێک پەند و مەتەڵ و نەقڵ و نەزیلەی سووکایەتی پێکەر و دژ بە ژن هەیە، ئەوە ئیتر نابێ بە ناوی زمانەکەوە تەواو بێ. چونکە ئەم شتانە دەکەونە خانەی فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکییەوە نەک خانەی زمان بە مانای ڕاستەقینەی خۆی. بە سەدان و هەزاران ڕووناکبیر و کەسانی وشیار و تێگەیشتووی کۆمەڵگای کورد هەن کە ڕەنگە بەمانگ و بەساڵ وشەیەک یان نەقڵ و نەزیلەیەکی دژ بە ژن بە سەر زمانیاندا نەیە، ئیتر چۆن

دەتوانین ئەو زمانەی ئەوان پێی دەدوێن بە سێکسیست و دژ بەژن لە قەڵەمی بدەین؟ لەلایەکی دیکەوە ئایا دەتوانین بڵێین زمانی عەرەبی زمانێکی ئیسلامی یە،لە بەر ئەوەی بیروبۆچۆنی ئیسلام بەو زمانە گەڵاڵەکراوە و بڵاوکراوەتەوە؟ یاخود دەکرێ بڵێین زمانی ڕووسی زمانێکی مارکسیستی و فێمینیستی یە، چونکە بە درێژایی ساڵان بە میلیۆنان وتەی لە سەر مافی ڕەنجبەر و مافی ژنان پێ بەیان کراوە؟ کەواتە زمان بەگشتی، ئەگەر هێندێک وشە و زاراوەی سێکسیستی یان مارکسیستی یان ئیسلامیستی و هیتری لێ دەرکەین، خۆی شتێکی بێلایەنە و هەرکەس و هەر لایەنێکیش دەتوانێ بۆ دەربڕینی بیروبۆچوونەکانی کەڵکی لێوەربگرێ. هەر ئەم زمانی کوردییە کە کاک ئەمیر بە دژی ژنی دادەنێ، تەنانەت زمانی فێمینیستە کوردەکانیشە و ئەوانیش دەتوانن بیر و بۆچوونی ژنپەرستانەی خۆیانی پێ بەیان بکەن.

بەڵێ ڕاستە لە ئەدەبی زارەکی و بگرە لە ئەدەبی نووسراوی کوردیشدا بەداخەوە گەلێک جار فەرهەنگی پاتریارکالی و پیاوسالاری زاڵ بە سەر کۆمەڵگاکەماندا ڕەنگدەداتەوە، بەڵام بە باوەڕی من تەنانەت ناتوانین ئەدەبەکەشمان بە «سێکسیست و دژ بە ژن» تاوانبار بکەین. ئەو ئەدەبە تەنیا یاخود بە شێوەی سەرەکی تەرخان نەکراوە بۆ مەسەلەی ژن و دژایەتیکردنی ژن، بەڵکە دەیان لایەن و بابەتی جۆراوجۆری باش و خراپی دیکە دەگرێتەوە وەک نیشتمانی، دڵداری، خواپەرستی، مرۆڤدۆستی، میوانداری، ئازایەتی، شەڕکەری و هیتر و، لە پاڵ ئەوانەشدا مەسەلەی ژن و نامووس لە دیدێکی تایبەتییەوە باس دەکا کە بە داخەوە ئەمەیان شێوەیەکی کۆنەپەرستانە و دواکەوتووانەی پێوە دیارە. ئێمە کاتێک دەمانتوانی ئەدەبی کوردی وەک ئەدەبێکی سێکسیست و دژبەژن دەستنیشان بکەین کە ئەو ئەدەبە بە شێوەیەکی سەرەکی خۆی بە مەسەلەی ژن و دژایەتیکردنی ئەم جینسەوە خەریک بکردایە، هەروەک چۆن باس لە ئەدەبی مارکسیتی یاان فێمینیستی دەکرێ، چونکە ئەوانە بە شێوەی سەرەکی خۆیان بۆ بابەتێکی تایبەتی تەرخان کردووە.

لە کۆتایی باسەکەدا حەزدەکەم دوپاتی ئەمە بکەمەوە کە ئامانجی ئەم نووسینە بە هیچ جۆرێک داکۆکیکردن لە فەرهەنگ و دابونەریتی پیاوسالارانە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا نییە و لاموایە ئێمەی ڕووناکبیرانی کورد بە بەرپرسیارییەکی گەورەمان بۆ گۆڕان و هەڵوەشاندنەوەی دابونەریتە دواکەوتووەکان لە ئەستۆیە، بە هیچ جۆرێکیش مەبەستم نییە لە ترازێدیای ژنکوشتن و مەرگی ئەو دایک و خوشکە ئازدارانە کەم بکەمەوە کە «ناپیاوانە» بە دەست پیاوەکان کوژراون. ئەوەی منی بۆ نووسینی ئەم چەند وشەیە هاندا دوو شت بوو، یەکەم، بەرپەرچدانەوەی هێندێک ڕەخنەی ناڕەوا و بیروبۆچوون سەبارەت بە فەرهەنگ و زمان و ئەدەبی کوردی، کە بە لای منەوە بە شێوەیەکی دروست و زانستی نەهاتوونەتەئاراوە. دووەم، ڕەخنەیەکی دۆستانە و دڵسۆزانە لە کاک د. ئەمیر سەبارەت بە شێواز و مێتۆدی لێکدانەوە و هەڵوێستگرتنی. کاک دوکتور وەک مرۆڤێکی پسپۆڕ و کەسێک کە دەمێکە لە پێوەندی لەگەڵ ناوەندە زانستییەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا کار و لێکۆڵینەوە دەکا، دەبێ لە ئێمە باشتر شارەزایی لە مێتۆدی زانستی لە لێکۆڵینەوە دا هەبێ. من زۆر زۆر بەداخەوەم کە دەبینم ئاستی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی کاک ئەمیر سەبارەت بە قەتڵی نامووسی لە ناو کورددا لە ئاستی لێکۆڵینەوەی پسپۆڕ و زانا ئەورووپییەکاندا نییە.

هەرچی ئەوانن، نەک هەر لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بگرە لە زانستە تاقیکارییەکانیشدا تەنیا بە دوو ڕەنگی ڕەش و سپی قەناعەت ناکەن، هەوڵدەدەن ڕەنگە نێونجییەکانیش هەرچی زۆرتر ببینن، بە قووڵایی مەسەلەکاندا بچنە خوار، خۆیان بە ئەسڵی باسەکەوە دەبەستنەوە و هەوڵدەدەن شتی لاوەکی تێکەڵی باسەکە نەکەن، زەقکردنەوە و زلکردنەوەی بێجێ نەکەن، ڕێگە نەدەن هەست و سۆز لە لێکۆڵینەوەکەیاندا زاڵ بێ بە سەریاندا، بۆچوونیان پشتئەستوور بێ بە فاکت و بەڵگە و ئەژماری باوەڕپێکراو و هەنووکەیی، زنجیری بیرەکانیان و ڕشتەی باسەکان ورد و ناسک بهۆننەوە، دەربڕینی ئەرمونیان دەکاربێنن، بابەتەکان بە شێوەیەکی جەنجاڵی نەخەنەڕوو، پەلاماری ئەو و ئەم و حوکمی لەخۆڕایی نەدەن.. ئەگەریش گەیشتنە حوکم و ڕێزێک، ئەوا دیسان بەوپەڕی تێڕادیوی و دڵنیاییەوە بەیانی ناکەن، باوەڕیان بەوە هەیە کە حوکم و تێزی لە هی ئەوان باشتر و دروستتریش دەتوانێ هەبێ، سینگیان بۆ ڕەخنەوەرگرتن ئاوەڵایە و هتد.

کاک د. ئەمیر کەسایەتییەکی ناسراوی ئاکادێمی یە لە ناوەوە و لە دەرەوەی وڵات و، لێکۆڵینەوەکانی بەتایبەتی ئەوەی لە کۆنفرانسە ئاکادێمییەکانی وڵاتانی دەرەوە پێشکەشی دەکا، لەلایەن کورد و غەیرەکوردەوە حیسابیان لە سەر دەکرێ و تەنانەت دەبنە فاکت و بەڵگە بۆ لێکۆڵینەوە و داوەریی کەسانی دیکە و بەتایبەتی لێکۆڵەرەوانی بیانی لە سەر کورد. جا بۆیە ڕووناکبیری کورد بەهەق چاوەڕوانی ئەوە لە کاک ئەمیر دەکا، کە لە لێکدانەوە و ئەنجامگیرییەکانیدا وردبینانەتر و بێلایەنتر هەڵوێست بگرێ و کارێکی وا نەکا مرۆڤی ئەورووپی بە نووسینەکانی وی «کوردستانی دڕندە»[3]ی «کارل مای» وەبیربێتەوە. من لام وایە خەوشدارکردنی فەرهەنگ و زمانی گەلی خۆ بە چەشنێکی ناڕەوا نە لەگەڵ لێکۆڵینەوەی زانستی و بێلایەن یەک دەگرێتەوە و نە یارمەتییەکیشە لە پێناو نەهێشتنی دیاردە و ئاکاری کۆنەپەرستانە لە ناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا.

**پەراوێزەکان**

١) لەم بارەوە بڕوانە بەرهەمە هێژا و بە ناوبانگەکانی مامۆستا عەبدولخالیق مەعرووف بە ناوی «ئادەمزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا» کە هەڵوێستی ئیسلام لە سەر ژن شیدەکاتەوە.

٢) کاک ئەمیر، بە وشەی ئاریایی قەڵسە و شتێک بە ناوی ڕەگەزی ئاریایی بە درۆ دەزانێ و بە تێڕوانینێکی ڕەگەزپەرستانەی دەزانێ. لێرەدا پرسیار لە کاک ئەمیر ئەوەیە کە ئایا ئەو قەوم و گرووپە ئینسانانەی کە هەر لە هیندەوە تا ئەورووپا بە سەر زەویدا بڵاوبوونەتەوە، خۆیان و زمانەکەیان لە ڕیشەیەکی هاوبەشەوە پەیدانەبوون؟ ئەگەر لە ڕیشەیەکی هاوبەشەوە پەیدا نەبووبن، چۆن دەتوانین گەلێک تایبەتمەندیی هاوبەشی ئەوان لە فەرهەنگ و زمان و تەنانەت ژێنیتیکدا لێکبدەینەوە؟ خۆ ئەگەریش سەرچاوەی هەموو ئەو گەلانە دەگەڕێتەوە بۆ سەر گەلێک یان قەومێکی کۆن، ئەوا نابێ ئەو قەومە ناوێکی هەبووبێ، یاخود ئێمە ئەمڕۆ ڕێگەمان نییە ناوێکی بۆ دیاری بکەین؟ بێگومان ئەو کوردانەی باس لە ڕەگەزی ئاری (ئاریایی) دەکەن، مەبەستیان ئەوە نییە کە لە دیدێکی ڕەگەزپەرستانەوە ڕەگەزی ئاری بە ئاغا و سەروەری ڕەگەزەکانی دیکە دابنێن. بەڵکە تەنیا مەبەستیان ئەوەیە ناسنامەی خۆیان دیاری بکەن و پێوەندی مێژوویی خۆیان و باوباپیرانیان ساخ بکەنەوە.

٣) کوردستانی دڕندە، ناوی داستانێکە کە کارل مای (Karl May) نووسەری ئاڵمانی لە سەدەی نۆزدەیەمدا نووسیویەتی و باسی گەشتێکی خۆی بە ناو کوردستاندا دەگێڕێتەوە.

# قەتڵی نامووسی: سیاسەت و ڕوانگەی ناسیۆنالیستی و (پۆست)ـ مۆدێرنیستی
## (وەڵامی ڕەخنەکانی کاک سیاوەش گۆدەرزی و کاک ئازاد مەریوانی)

د. ئەمیری حەسەنپوور

گەلێک سوپاسی بەڕێزان کاک سیاوەش گۆدەرزی و کاک ئازاد مەریوانی دەکەم کە بە نووسینی «سەرنج» و «تێبینی»یەکانی خۆیان ڕێگەیان خۆش کردووە بۆ زۆرتر شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی قەتڵی نامووسی و زەبرو زەنگ لە ژنان.

باسی سەرەکی کاک سیاوەش و کاک ئازاد ئەوەیە کە قەتڵی نامووسی هیچ پێوەندییەکی بە کولتوور (فەرهەنگ)ی کوردەوە نییە: ئەو زەبر و زەنگە لە ژنان لە کولتووری بێگانە ـ واتە لە عەرەب و ئیسلام ـ وەرگیراوە و بە سەر کورددا سەپاوە؛ ئەو قەتڵانە ئەگەر جارانیش باوبووبن ئێستە لەباو کەوتوون و لە «پازدە بیست میلیۆن ژن... لە ماوەی چەند ساڵێکدا ژمارەیەک» دەکوژرێن؛ هەروەها، ئەو کوشتنانە تەنیا لە چەند ناوچەی کوردستان و ئەویش لە گوندەکاندا دەبیندرێن؛ ئەو قەتڵانە نەفامی و نەخۆشی تاقەکەس و تاکە فەردن و پێوەندییان بە کولتوور و کۆمەڵگەوە نییە.

کاک سیاوەش و کاک ئازاد بۆ ئەوەی قەتڵی نامووسی ناکولتووری و ناکوردی بکەن زۆر باسی تریان هێناوەتەگۆڕێ. من لێرەدا، بۆچوونەکانی وان لە ژێر چەند سەردێڕدا لێکدەدەمەوە.

### ئەلف ـ کولتوور (فەرهەنگ) و تیۆری کولتوور

کاک سیاوەش و کاک ئازاد پێیانوایە من باش لە کولتوور تێنەگەیشتووم. کاک سیاوەش خوێندنەوەی «سۆسیۆلۆژییانە»ی خۆی لە کولتوور، لە بەرامبەر خوێندنەوەی نازانستییانەی من دادەنێ. کاک ئازاد پێیوایە میتۆدی لێکۆڵینەوەی من، وەک تیۆری کولتوورەکەم، نازانستییانەیە.

تیۆرییە زانستییانەکانی کاک سیاوەش و کاک ئازاد کولتوور ئاوا لێکدەدەنەوە:

١) کولتوور (فەرهەنگ) ئەو دیاردانەن «کە لە ناو کۆمەڵانی بەرینی گەلدا باویان هەیە و لە ژیان و ئاکاری ڕۆژانەی کۆمەڵانی خەڵکدا دەورێکی بەرچاو دەبینن و تەنانەت بە جۆرێک ڕەگ و ڕیشەیان داکوتاوە کە چاوپۆشین و وازهێنان لێیان و بازدان بە سەریاندا هەروا بە هاسانی ناکرێ.» (کاک ئازاد)

٢) کولتوور تەنیا لە دیاردەی باش و جوان و خۆش و پەسندکراو پێکدێ. شتی ناخۆش و ناحەز وەک قەتڵی نامووسی، ژنکوشتن بەبیانووی غەیری نامووسی، ڕەگەزپەرستی (راسیسم)، قەتڵی مافیایی، دەستدرێژی جینسی باوکان بۆ سەر منداڵەکانیان، «ڕفاندنی کیژۆڵانی زارۆک و دەستدرێژی جینسی کردنە سەریان وکوشتنیان»، یان «کڕین و فرۆشتنی کیژانی وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات لە وڵاتانی ئورووپای ڕۆژئاوا»... ئەوانە هیچ کامیان پێوەندییان بە کولتوورەوە نییە.

٣) کاک سیاوەش، لە تیۆری («خوێندنەوەی») سۆسیۆلۆژییانەی خۆیدا، کولتوور ئاوا دادەنێ: «ئەو بایەخ، نۆرم (یاسا) و کردەوانەی کە کۆمەڵێک لە ئینسانەکان هەیانە و ئەوان لە کۆمەڵێکی دیکە جیادەکاتەوە.. بایەخ، نۆرم و کردەوەکان دایم لە گۆڕان دان و بە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵ بایەخە کۆنەکان وەلادەندرێن...».

بەڵام ئەو بۆچوونانە، ئەو «خوێندنەوانە» و ئەو تیۆرییانە پێوەندییان بە زانستەوە نییە و بگرە دووریشن لە زانستی ئەوڕۆ سەبارەت بە کولتوور. ئەو بۆچوونانە یارمەتی دەدەن بە پرۆژەیەکی سیاسی ـ پرۆژەی ناکوردیکردنی قەتڵی نامووسی بە یارمەتی وەرگرتن لە زانستی پیاوتەوەرانە (androcentric) و پیاومەزنانە (پاتریارکاڵ). ئەو پرۆژەیە، پرۆژەیەکی سیاسی یە لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگەیەک کە دەسەڵاتی پیاو و ژن تەواو نابەرابەرە، لایەنی جینسی پیاو دەگرێ و لە سەری دەکاتەوە. کاک سیاوەش دەڵێ کولتووری ژنکوشتن «بەتەواوی جیاوازە» لە کولتووری پاتریارکاڵ. من حەول دەدەم لە درێژەی ئەو نووسراوەدا، ئەو باسە شیبکەمەوە.

کولتوور لە زمانە ڕۆژئاواییەکان (وەک ئینگلیسی و فەرانسەیی)دا وشەیەکی فرەمانایە. لە زانستە کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکاندا، لێکدانەوە و بۆچوون سەبارەت بە کولتوور یەکجار جیاواز و جۆراوجۆر وجیاکارن. پەنجا ساڵ لەمەوبەر، دوو ئەنترۆپۆلۆژیست، کرۆبر و کلاکهان، لە کتێبە بەناوبانگەکەیان *کولتوور: پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانەی چەمکەکان و تاریفەکان* (١٩٥٢)، ١٦٤ تاریفی جۆراوجۆری ئەو چەمکەیان کۆکردەوە و لێکیان داوە.[١] ئێستە دوای نیوسەدە، تێبینی نوێ سەبارەت بە کولتوور زۆرە (بەتایبەت تێبینی فێمینیستی)، بەڵام بۆچوونێک تائێستە وەلانەندراوە و بگرە قورسایی زۆرتریشی پەیدا کردووە: کولتوور تەواوی ئەو شتانە دەگرێتەوە ـ بیروڕا، کردەوە، شتومەک، هونەر، خانوبەرە، نەریت و... ـ کە بە شێوەی کۆمەڵایەتی نەک بیۆلۆژییانە لە بەرەیەک بە بەرەیەکی تر دەگا.[٢]

بە پێی ئەو تیۆرییە، کولتوور تەواوی ئەو دیاردانە و ئەو پرۆسەیانەیە

که ئینسان فێریان دەبێ ــ واتە غەریزییانە و بیۆلۆژییانە نین. بۆ وێنە ڕەنگی چاو و ڕەنگی پێست بەشێک لە کولتوور نین لەبەر ئەوەی کە دایکو باب بە شێوەیەکی بیۆلۆژییانە دەیدەن بە منداڵەکانیان. هەروەها، گریان و پێکەنین و پشمین و باوێشکهاتن دیاردەی بیۆلۆژی یان غەریزەیین، چونکە منداڵ، ئەگەر بە ساغی بێتە دنیا، بە بێ فێربوون و فێرکردن دەتوانێ بگری، پێبکەنێ، بکۆخێ و بپشمێ. بەڵام تەنانەت ئەو دیاردە بیۆلۆژییانە لە کۆمەڵگەدا دەبنە دیاردەی کولتووری. بۆ وێنە لە کۆمەڵگەی دەرەبەگی ـ پیاوەمەزنیی کورددا، پیاو نابێ بگری (تەنانەت لە شینی مردنی خۆشەویستەکەشیدا) بەڵام ژن لەسەریێتی شین بگێڕێ. یاخۆ، لە کۆمەڵگەی کورددا، کە جیاوازی ڕەگەزیی زۆر تێدا دیار نییە، «چاوشین» و «شینە» و «کاڵێ» مانا و وەزنی تایبەتییان هەیە. پشمینیش تەنیا دیاردەیەکی بیۆلۆژی نییە و «سەبرهاتن»ە و ئەو سەبرهاتنە دەبێ چارەی بکرێ.

مەیلی جینسی لە ئینساندا غەریزەیە بەڵام بووەتە دیاردەیەکی تەواو کۆمەڵایەتی ـ کولتووری. وەگەڕکەوتن یان نەکەوتنی ئەو مەیلە بە نەریت و قانوون و ئایین ڕێکدەخرێ. بۆ وێنە لە مەسیحییەت (لە بەعزە فیرقەیەکی کاتۆلیک)دا، قەشە و ڕاهیبە دەبێ مەیلی جینسی خۆیان لە گەڕبخەن. لە زۆر کۆمەڵگەدا، دەستپێکردنی پێوەندیی جینسی شەرتومەرجی ئاڵۆزی بۆ داندراوە، پێوەندیی جینسی لەگەڵ دابەشبوونی نایەکسانی دەسەڵات (بەتایبەتی نابەرابەریی دەسەڵاتی ژن و پیاو) تێکەڵاوە و لە هەموو کۆمەڵگەیەک بکە و مەکەیەکی زۆری لە سەرە. ئەو پێوەندییە، شێوەی جۆراوجۆری هەیە وەک زەوجین، پێکەوەژیانی بێ زەوجین، «زینا»، «فەحشا» و، دەستدرێژی. لە بەعزە کۆمەڵگەیەکدا، «زینا» یان هەر پێوەندییەکی «ناشەرعی» و «ناقانوونی» بە شێوەی جۆراوجۆری وەک کوشتن (خنکاندن، بەردەبارانکردن، ئاورتێبەردان و..) و ئەتک کردن سزادەدرێ. کۆمەڵگەی وا هەیە پێوەندیی جینسی ژن/ژن و پیاو/پیاو، بە گوناحێکی گەورە دادەنێ و «گوناحکاران» دەکوژرێن (بۆ وێنە تیۆکراسی ئێران و تاڵەبانی ئەفغانستان).

لێزلی وایت (Leslie White)، ئەنترۆپۆلۆژیستی ئەمریکایی، لە لێکدانەوەی پێوەندی ئینسان و کولتووردا دەڵێ: کولتوور لە ژیان و لە مەرگ بەهێزترە. مردن بۆ زیندەواری غەیری ئینسان دیاردەیەکی بیۆلۆژی یە ــ کە جەستە لە کارکەوت (لەبەر نەبوونی خواردەمەنی و ئاو یان نەبوونی هەوا یان تێکچوونی مێتابۆلیسم و...)، گیانەوەرەکە دەمرێ. بەڵام ئینسان، لە بارودۆخێکدا کە خواردەمەنی هەیە و جەستە ساغە، بە هۆگەلی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ (مانگرتنی زیندانییە سیاسییەکان لە تورکیا). لە ئینساندا، مردن تەنیا لە کارکەوتنی دەزگای بیۆلۆژی جەستە نییە. مەرگ لە ئینساندا چەمکە (کۆنسێپتە). بەو مانایە، «تەنیا ئینسان مەرگ دەناسێ. بەڵام کولتوور بە سەر مەرگدا زاڵ دەبێ و ژیانی ئەبەدی بە ئینسان پێشنیار دەکا».۳

دەکرێ بڵێین: هیچ دیاردەیەکی غەریزی و بیۆلۆژی نەماوە ئینسان نەیکا بە دیاردەی کولتووری. بەشەر گیاندارێکی کولتووری یە، نەک بیۆلۆژی. بیۆلۆژی و غەریزە و فیترەت لە بەرامبەر کولتووردا سەریان دانەواندووە.

کولتوور، بە گوێرەی ئەو بۆچوونە ئەنترۆپۆلۆژییانەی کە گێڕامەوە، گشت لایەنی ژیانی ئینسان دەگرێتەوە و لەگەڵ ئابووری، سیاسەت، زانست، پەروەردە، هونەر، زمان، دین، قانوون و تەواوی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی تر پێوەندی نزیک و ئەپساوەی هەیە و ئەو پێوەندییەش، پێوەندی عیللەت ـ مەعلوول ـ عیللەتە. بۆ وێنە نیزامی ئابووری دەرەبەگایەتی، کولتووری تایبەتی خۆی دادەمەزرێنێ و ئەو کولتوورەش پێوەندییە ئابوورییەکانی دەرەبەگایەتی ڕادەگرێ و دەیبووژێنێتەوە. کەوابوو، کولتوور بەهەڵکەوت پەیدا نەبووە و بەرهەمی کۆمەڵگەیە و بەرهەمی ڕابردوو و ئێستەیە.

کولتووری هیچ کۆمەڵگەیەک شتێکی هاوچەشن و هاوجینس و یەکڕەنگ نییە. بۆ وێنە کولتووری کورد جۆراوجۆرە و بە گوێرەی ستروکتووری چینایەتی (جووتیار، کرێکار، ئاغا)، جینسییەت(نێر و مێ)، تەمەن (منداڵ، گەنج، پیر)، فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری (عەشیرەگەری، دەرەبەگایەتی، دەسمایەداری)، دین (ئیسلام، ئیزدایەتی، ئەهلی حەق...)، ناوچە (بادینان، سۆران، ئەردەڵان، کوردستانی ڕۆژئاوا، باکوور...)، شارودێ، سیاسەت (چەپ و ڕاست، کۆمۆنیست، ناسیۆنالیست...)، جوغرافیا (گەرمێن، کوێستان، دەشت، کێو) و بە پێی زۆر فاکتۆری تر، جیاوازی و ناتەبایی و تەفاوەتی تێدایە. کەوابێ، ئەو ئیدعایەی کاک ئازاد کە دەڵێ کولتوور تەنیا ئەو دیاردەیانە دەگرێتەوە کە «لە ناو کۆمەڵانی بەرینی گەلدا باویان هەیە» هەڵەیە. بۆ وێنە، هەر ئەو «نوشتوو و دوعا و نەزر و چلەگرتنەوە»ی کە ئەو بە کولتووری کوردی دادەنێ «لەناو کۆمەڵانی بەرینی گەلدا» باونین. هەروەها زۆربەی کورد، چ لە ڕابردوودا چ ئێستە قەت شەڕەگەڕەکی نەکردووە (شەڕەگەڕەک دیاردەیەکی شاری بووە)، بەڵام شەڕەگەڕەک بەشێک لە کوردەواری یە (علاءالدین سجادی، *کوردەواری*، بەغدا، چاپخانەی مەعارف، ۱۹۷۲، ل ۲۲۳-۲۱۹). گەڕەلاوژە بەشێک لە کوتووری کوردە، بەڵام زۆرکەس لە گەڕەلاوژە بەشداری نەکردووە. گوێزەبانە و خەتەنەسووران لە ناو تەواوی کورددا باونین بەڵام بەشێک لە کولتووری کوردن (سجادی، ل ٤٢-٣٧). زۆربەی کورد جلیتێن و ڕاوەکەو و ڕاوەکەروێشکی نەکردووە بەڵام ئەوانە بەشێک لە کوردەوارین (سجادی، ل ١٦٢-١٦٠، ١٦٧-١٦٤، ٢٤-٣٢٣). سجادی دەنووسێ: ئاغا «ئەگەر کەسێک بکوژێت کەس نییە لێی بپرسێتەوە» (ل١٣٩). زۆربەی کورد ئاغا نەبوون، بەڵام سجادی ئاغایەتی و دەسەڵاتی ئینسانکوژیی ئاغاوەتی وەک بەشێک لە کوردەواری لە قەڵەم داوە (ل ١٤٥-١٣٦). هەموو پیاوی کورد لە ژن نادەن، دستدرێژی جینسی ناکەن یان ئەتکی ژن ناکەن، بەڵام ئەو زەبروزەنگانە بەشێک لە کولتووری پیاوەمەزنانەی کوردن. زۆربەی پیاوی کورد بە بیانووی نامووس ژنناکوژن، بەڵام قەتڵی نامووسی بەشێک لە کولتووری پیاوەمەزنانەی کوردە. دێوەزمەی «نامووس» و «شەڕەف» لە ئاخی کولتووری پاتریارکی کورددا مۆڵی داوە و هەر وە خەبەر هات خوێن دەڕێژێ.

کاک سیاوەش دەڵێ چون قەتڵی نامووسی «هەر تایبەت بە کوردستان نییە و بەڵکوو لە هێندێک گوند و ناوچەی عەرەبستان، ئوردۆن، ئیتالیا و یۆنانیش دەبیندرێ، کەوابوو وەک چۆن قەتڵی نامووسی بەشێک لە کولتووری ئیتالیا، یۆنان یان ئیسلام نییە... بە هەمان شێوەش قەتڵی

ناموسی بە شێک لە کولتووری کوردی نییە». ئەو لێکدانەوەیەش حەولدانێکە بۆ ناکولتووریکردن و ناکوردیکردنی کوشتنی ناموسی. ئەو بۆچوونە کە هەر دیاردەیەکی لە ناو چەند کولتووردا هاوبەش بێ نیتر لە کولتووری بوون دەکەوێ تەواو هەڵەیە.

لە ئەنترۆپۆلۆژیدا باسی کولتوور وەک دیاردەیەکی جیهانی و گشتی کە گشت کۆمەڵگەی بەشەری هەیەتی (ئەو باسەی لە سەرەوە کردوومە) و وەک دیاردەی کۆمەڵگەیەکی تایبەتی (کولتووری کورد، کولتووری بەلووچ...) کراوە. کولتوورەکانی دنیا هەم وەک یەک دەچن هەم جیاوازن؛ دیاردەی هاوبەشیان هەیە و دیاردەی تایبەتی خۆشیان هەیە. زەبروزەنگ لە ژنان لە گشت نیزامە پیاوەمەزنایەتییەکانی دنیادا لە ئارادایە بەڵام لە هەر کولتوورێکدا شێوەی تایبەتی خۆی هەیە. ژنکوژی دیاردەیەکی جیهانی یە، بەڵام جیهانیبوون ناتوانێ ئەو دیاردەیە لە کولتوور بوون بخا. ژنکوژی کاتێک لە کولتوور بوون دەکەوێ کە دیاردەیەکی بیۆلۆژی و غەریزەیی بێ.

کێشەی خۆماڵێتی و خوازتنەوەش لە ئەنترۆپۆلۆژیدا زۆر باسی لە سەر کراوە. کاک سیاوەش و کاک ئازاد لەو گشتە تیۆرییە کەڵکیان وەرنەگرتووە و لە خۆیانەوە حوکمی وایان داوە کە یارمەتی پرۆژە سیاسییەکەیان بدا. لە باسی پرژانی کولتووری (cultural diffu-sion)دا، ئەنترۆپۆلۆژیستێک گوتوویەتی: «کولتوور گیرۆیە (contagious)» واتە عادەت، بڕوا، ئامراز، تێکنیک، حیکایەت و گشت دیاردەی تر لە گەلێک ڕا بۆ گەلێکی تر و لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر دەڕۆن. بەڵام ئەو دیاردەیانە کاتێکی وەردەگیرێن یان دەخوازرێنەوە کە بۆ کۆمەڵگەی وەرگر کەڵکی هەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا، کولتوور گێرۆیە، بەعزە دیاردەیەکی وەک ستروکتووری کۆمەڵایەتی - ئابووری و پیاوەمەزنی لە ناو خودی کۆمەڵگەدا دەگۆڕێ. هەروەها دیاردەیەکی کولتووری ئەگەر لە کۆمەگەیەکی تر وەرگیرابێ و ببێتە بەشێک لە کولتووری وەرگر نیتر «بێگانە» نییە و دەبێتە خۆماڵی.[٤] لە زانستی زمانناسیشدا، هەر دیاردەیەکی وەربگیرێ و ببێتە بەشێک لە زمانی وەرگر نیتر دەبێتە خۆماڵی. وشەی وەک ئاڵووێر(تورکی)، هۆبە (تورکی)، تۆبە (عەرەبی) و، کتێب (عەرەبی) یان دەنگی وەک /ح/ یان /ع/ (ئەگەر لە زمانی بێگانە وەرگیرابن) گشتیان خۆماڵین وتەنیا دەستەیەک ناسیۆنالیستی پەتیخواز حەول دەدەن ئەو دیاردە خۆماڵییانە بکەن بە بێگانە و فڕێیان بدەن. بە پێچەوانەی «ئاڵووێر» و «کتێب» و «هۆبە»، هیچ بەڵگەیەک لە گۆڕێدا نییە کە بتوانێ قەتلی ناموسی ببەستێتەوە بە کولتووری «بێگانە»ی عەرەب و ئیسلام. زەبروزەنگ لە ژنان و قەتلی ناموسی وەک وشەی مانگ یان ئەستێرە یان ددان و وەک دەنگی /ژ/ یان /پ/ خۆماڵی و کوردین.

کاک سیاوەش و کاک ئازاد کولتوور بەو شتانە دادەنێن کە چاک و جوان و خۆش و پەسندکراوبن. بەڵام ئەنترۆپۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی بۆچوونی تەواو جیاوازیان هەیە. ئەنترۆپۆلۆژی کردەوەی پیسی وەک منداڵی ساوا کوشتن (infanticide)، قوربانیکردنی ئینسان (sacrifice) یان ساتی (sati) ـ ئاورتێبەردانی ژن دوای مردنی مێرد، وەک دیاردەی کولتووری چاولێدەکا. بۆ وێنە، قاموسی بەناوبانگی *فۆلکلۆر* کە ماریا لیچ (M. Leach) سەرنووسەری بوو و لە ساڵی ١٩٤٩وە تائێستا چەند جار چاپ کراوەتەوە، وەک قاموسە هاوبابەتەکانی خۆی، ئەو کردەوە ناحەزانە و زۆری تر وەک کولتوور باسدەکا.[٥] هەروەها ***دائیرەتولمەعاریفی کولتووری دنیا*** کە لە ساڵی ١٩٩١دا لە دە بەرگدا بڵاوبۆتەوە، دیاردەی وەک ساواکوژی، ئینسانخواردن (cannibalism)، منداڵی کچ کوشتن و، قەتڵ و زۆر دیاردەی پیسی تر وەک کولتووری کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانی دنیا تۆمار دەکا و لێکی دەداتەوە.[٦] هەروەها، ***قاموسی فۆلکلۆری ئینگلیسی*** دیاردەی وەک سێکسیسم، قەتڵ، جادووگەری و جادووگەرکوژی و خورافات وەک بەشێک لە کولتووری ئینگلیس دادەنێ.[٧]

## ب - پیاوەمەزنی: نیزام و دەسەڵات

کاک سیاوەش و کاک ئازاد بۆ ئەوەی کە قەتلی ناموسی بە یەکجاری لە کورد و کولتوورەکەی داببڕن دەڵێن ئەو قەتڵە کێشەی ئیندیویدواڵ(فەرد، تاقەکەس)ە و «گیروگرفت و نەخۆشی کۆمەڵایەتی یە». بەوچەشنە، فەرد تەواو لە کولتوور و لە نیزامی پیاوەمەزنی جوێ دەکەنەوە و سەربەستیی موتڵەقی دەدەنێ. فکری «حاکمیەتی فەرد» لە مێژە لە ئارادایە. سەربەخۆ کردنی فەرد لە پێوەندییە کۆمەڵایەتی - کولتوورییەکان و لە ستروکتووری ئابووری و لە دەسەڵاتی ئیدەئۆلۆژی خزمەت بە بەرژەوەندی جۆراوجۆردەکا. بەڵام فکری «حاکمیەتی فەرد» کە لە باری تیۆرییەوە زۆر کزە، لە لێکۆڵینەوەی قەتلی ناموسیدا تەواو تێکدەقرمێ.

ئەگەر لە ڕوانگەی مارکسیستی - فێمینیستییەوە قەتلی ناموسی لێکبدەینەوە، پێوەندی نێوان فەرد و کۆمەڵگە، فەرد و کولتوور، ئاژانس (agency) و ستروکتوور بە شێوەیەکی دیالیکتیکی (هاوژینی و تێکهەڵچوونی دژایەتییەکان) دەبینین نەک بە شێوەی میتافیزیکی «یان ئەم یان ئەو». لە تیۆری کاک سیاوەش و کاک ئازاد دا، قەتڵ، قەتڵە و کولتوور کولتوورە. هەرکامیان جیاوازن و جێگەی خۆیان هەیە. فەردیش فەردە و کۆمەڵگەش کۆمەڵگەیە ـ هەرکام جیاواز و سەربەخۆ.

١ـ لەگەڵ ئەوەشدا، کوشتن لەوانەیە کاری پیاوێک (مێرد، باب، برا یان مام) بێ، ئەو جینایەتە کردەوەیەکی بە کۆمەڵە نەک فەردی. دیارە تاقەکەس خۆی «بەناموس»ە و «ناموس»ەکەی پەڵەدارکراوە و ژنەکە دەکوژێ. بەڵام زۆربەی پیاوانی ماڵبات لە کوشتنەکەدا بەشداری دەکەن و لەوانەیە دایک و خوشکی کوژراوەکەش ـ کە بۆچوونی پیاوەمەزنانەیان هەیە ـ لەو جینایەتەدا بەشداری بکەن، یان بێدەنگی لێبکەن. بێجگە لەوانە، خزمی دوور و نزیکیش دەیانەوێ پەڵەکە پاک بکەنەوە چونکە «ناموس»ی ئەوانیش تێوەردراوە و نایانەوێ ئابڕوویان بتکێ. تەنانەت جیران و خەڵکی گەڕەک و خەڵکی گوندیش چاوەڕوانی خوێنڕشتنن. قازی و شێخ و مەلاش بە شەرع و فقە و حەدیسەکانیان لەو قەتڵەدا بەشداری دەکەن. دەوڵەتە ئیسلامییەکانیش بە قانوونە دژی ژنەکانیان لە قاتڵان خۆش دەبن یان خۆیان دەبنە قاتڵ. لە قەتلی فادیمە شاهینداڵ دا، تەنیا باوکی بەشداری نەکرد، براکەشی ئامادەی ئەو کوشتنە بوو و تەنانەت خزم

و کەسوکار وخێڵەکەشی لە کوردستان هانیان دەدا کە فادیە بکوژرێ. زۆربەی قاتڵەکان لە کوردستان و لە دەرەوەی وڵات فەرد و تاقەکەس نەبوون.

٢ـ قەتڵی نامووسی تەقینەوەی لە ناکاوی دینامیتی نامووسی پیاو نییە، لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە جینایەتکەرەکە لە پڕڕا بتەقێتەوە و ئاوربگرێ. قەتڵی نامووسی، وەک ژێنۆسید، پرۆسەیەکە سەرچاوەی هەیە، دەستپێکردنی هەیە، گوورانی هەیە، درێژەی هەیە و کۆتایی هەیە. قەتڵی نامووسی وەک ژینۆسید، نیشانە و ئیشارەی خۆی هەیە و دەکرێ لە دەستپێکردنیدا کۆتاییەکەی بەدی بکرێ. «هێشوو .....» کە لە تەمەنی حەڤدە ساڵی(لە لەندەن لە ١٢/١٠/٢٠٠٢)دا کوژرا، بە دۆستو ئاواڵی خۆی گوتبوو کە باوکی هەڕەشەی لێکردووە. فادیە بۆ ئەوەی نەکوژرێ لە باب و براکەی دوورخرابۆوە.

٣- دەڵێن قەتڵی نامووسی ئاکاری پیاوی شێت و دواکەوتوو و تێنەگەیشتووە. لەگەڵ ئەوەشدا، جینایەتکەرەکان لە بۆچوونیان سەبارەت بە ژن تەواو دواکەوتوو و تێنەگەیشتوون، بەڵام زۆربەی ئەو ژنکوژانە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا وەک پیاوی «عاقڵ» و تێگەیشتوو و هێدی و لەسەرەخۆ ناسراون. باوکی فادیە وەک ئینسانێکی لەسەرەخۆ و دروستکار ناسراوە، باوکی هێشووش پیاوێکی ئەوەندە هێدی و ئارامە کە ئەوانەی دەیناسن باوەڕناکەن کچی خۆی کوشتبێ.

٤ ـ دەڵێن قەتڵی نامووسی بەرهەمی ژیانی خێڵەکی و دێهاتی یە و لە ژیانی شارستانی و لە مۆدێرنیتەدا ژنکوژی دەبڕێتەوە. ئەو بۆچوونەش، نیزامی پیاومەزنی لە فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری جیادەکاتەوە و دەلکێنێ بە پێش ـ مۆدێرنیتە یان پێش ـ دەسمایەداری. ئەو بۆچوونە لە باری تیۆرییەوە کزە و لە باری سیاسییەوە پیاوتەوەرانەیە. مۆدێرنیتە کە پاش ـ مۆدێرنیستەکان لە نیزامی سەرمایەداری جوێی دەکەنەوە، دیاردەیەکی پیاوانەیە و لەگەڵ ئەوەشدا فێمینیسم (فێمینیسمی لیبێراڵی) خۆی بەرهەمی سەرمایەداری ـ مۆدێرنیتەیە، فکر و سیاسەت و جیهانبینی پیاومەزنانە لە سەرەتای مۆدێرنیتەوە تائێستە زاڵ بووە. لە پراکتیکدا، ژنکوژی لەو کۆمەڵگەیانەی کە پتر لە دوو سەد ساڵە مۆدێرنیتە ئەزموون دەکەن بەردەوامە. لە ئەمریکا، ڕۆژێ دە ژن بە بیانووی جۆراوجۆر دەکوژرێن.٨ لە کوردستاندا، قەتڵی نامووسی لە شار و دێ درێژەی هەیە.

قەتڵی نامووسی شەڕێکی پیاومەزنانەیە لە دژی ژنان. ئەو شەڕە، وەک شەڕی نێو دەوڵەتان، «هەڵە» نییە. مەبەستم لە «هەڵەنەبوون» ئەوەیە کە شەڕ لە دژی ژنان، هۆ و سەبەبی هەیە. قەتڵی نامووسی بە بەرنامە و بە تەگبیر بەڕێوەدەچێ، ئامانجی هەیە (کڕینەوەی نامووسی لە کیس چوو، ترس خستنە دڵی ژنان)، ئامرازی هەیە، ئاکامی هەیە (سەربەرزبوونەوەی پیاوی نامووسڕژاو لە دین و لە دنیا). قەتڵی نامووسی سیاسەتە، ئیدەئۆلۆژی یە، کولتوورە، شەرع و قانوونە و، ڕێژیی دەکارهێنانی دەسەڵاتی پیاوانەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا، زەبروزەنگ لە ژنان ـ لە لێدان بگرە تا هەتا قەتڵی نامووسی ـ لە کولتووری کورددا لەنگەری هاویشتووە، کولتوور بە تەنیایی ناتوانێ ئەو دیاردە و پرۆسەیە باش تەبیین بکا. ئەگەر بنچینەکان و لقوپۆپی قەتڵی نامووسی لە کولتووری پیاومەزنیدا نەدۆزینەوە، ناتوانین بەربەرەکانییەکی هەمەلایەنە لە دژی جیهانبینی و ئیدەئۆلۆژی پیاومەزنی بکەین. بەڵام جیهانبینی و ئیدەئۆلۆژی و فکر چۆن دەبنە کردەوە؟ برا چۆن دەتوانێ خوشکی خۆی بکوژێ؟ باب چۆن دەتوانێ کچی خۆی بکوژێ؟ مێرد چۆن دەتوانێ ژنی خۆی بکوژێ؟ ژن چۆن دەتوانێ لە ژنکوشتن دا بەشداری بکا؟ دایک چۆن دەتوانێ کچی خۆی بکوژێ؟

وەڵامێکی ڕووکارانە و ساکارانەی ئەو پرسیارانە لە پسیکۆلۆژی و پسیکۆئەنالیز دایە. لێکدانەوەیەکی بەهێزتر لە پسیکۆئەنالیز ئەوەیە کە پیاومەزنی هەم وەک کولتوور ببینین و هەم وەکم نیزامێکی دەسەڵات، واتە نیزامی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی دەسەڵاتی پیاوانە. دەسەڵاتی پیاوانە، وەک دەسەڵاتی چینایەتی و دەسەڵاتی دەوڵەتی، هەم بەرهەمی هەیە و هەم دەبێ خۆی دووپاتەبکاتەوە و بارودۆخی بەرهەمهێنانەوەی خۆی پێکبێنێ.

من لە پێشدا، باسی وەم کرد کە کولتوور دیاردەیەکی یەکدەست و هاوجینس و یەکدەنگ و یەکڕەنگ نییە. بەڵام ئەو فرەشێوازی بوونەی کولتوور تەنیا شکڵێکی بوونی ئەو دیاردەیە. ئەگەر بە شێوەیەکی دیالیکتیکی چاوی لێبکەین، کولتور لەو پەڕی فرەشێوازیدا (بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی وەک کوردستان)، ئەزم ونیزامی هەیە و ئەجزا و ئەندامەکانی (ئەریت، دین، ئابووری، هونەر، زمان...) بە ڕێککەوتوویی و یەکگرتوویی و بەو پەڕی هاوتەرازی و هاوتایی، هاوچەشنی، هاوخوانی، هاوژینی و هاوباڵی دەسەڵاتی پیاو بە سەر ژندا دابین دەکەن. ئەگەر ژن پەل ببزێوێ و بە زەبروزەنگی زمانیی(بە قسە و هەڕەشە) بێدەنگ نەبێ، تووشی زەبروزەنگی جەستەیی دەبێ.

ئەو بەش و پاژانەی کە نیزام (سیستیم) پێکدێنن پێوەندی نزیک و چالاکانەیان بەیەکەوە هەیە. بۆ وێنە لە نیزامی کولتووریی کورددا، بەشە جیاوازەکان پێکەوە تەباییان هەیە و لەگەڵ یەک دێنەوە و یەکتری دەپارێزن. ئەگەر نیزامی ئابووری دەرەبەگیی، ژن لە مالکیەتی گوند و زەویوزار بێبەش دەکا، ئەریتی پیاومەزنی لە مافی هاوسەردۆزینەوەی بێبەش دەکا (باب و برا ئەو مافەیان هەیە). زمانیش، ئەو دەسەڵاتە (دەسەڵاتی پیاوانە و بێدەسەڵاتیی ژنان) باش موتوربە دەکا. ژن مافی ئەوەی نییە «بنێرێتە سەر پیاو» یان خوازبێنی پیاو بکا. «خوازبێنیکردنی پیاو» وەک «خواردنەوەی نان» لە زمانی کوردیدا لە باری ماناییەوە (سێمانتیک) هەڵەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کە «خوازبێنیکردنی کوڕ/پیاو»وەک پێکهاتەی «خوازبێنیکردنی کچ/ژن» یان وەک «خواردنی نان» لە باری ڕێزمانییەوە هیچ هەڵەیەکی تێدا نییە. ئەگەر ژن لە مافی خوازبێنیکردن بێبەشە، دینەکەش لە مافی تەڵاقدان بێبەشی دەکا و زمانەکەش «تەڵاقدان» بۆ پیاو دادەنێ و «تەڵاقوەرگرتن» بۆ ژن. ژن «بە بووک دەچێ» بەڵام ئەگەر بە پیاوێک بڵێی «بە ژن چووە»خوێنت دەڕێژێ. نە زمان ڕێمان دەدا شتی وا بڵێین نە ئەریتی پیاومەزنی. «بە بووک بردن/چوون»یش بووەتە جنێوێکی وا پیس ئەگەر بە پیاوێک بڵێی «بە بووک چووی» یان سەرت هەڵدەقەنێ یان خۆی دەکوژێ. ئەگەر زمانەکە زەبروزەنگی وا لە ژن دەکاردێنێ، مۆسیقاکەش لە زەماوەندا پەیتا پەیتا گۆرانی «زاوا لە بووکێ مەدە...»ی بەگوێی بووک و

گشت شاییکەراندا دەخوێنێ و وەبیربووکێ دەخاتەوە کە لە زڕەی زنجیری کۆیلایەتی لەشی بلەرزێ و دەنگی دەرنەیا. پەندی پێشنیانەکەش دەڵێ «ژن عاقڵی دە کۆشی دایە، هەر هەستا لێی دەکەوێ»، «ژن و ئەسپ و چەک بەقایان نییە»، «عافرەت هەموو گیانی ئاورێ، خۆی دەسووتێنێ» واتە «ژن لە بەرامبەر مێردی دا هیچی پێ ناکرێ»[9] جا ئەگەر بووک و زاوا ئەدەبی نووسراویان لە بەر دەست دابێ، لە زمانی دڵدار «شاعیری شۆڕشگێڕی کورد» دەخوێنینەوە:

ئەوە ژین نی یە کـــــــــە وەک ژن بژیت
ئەبی هەم ئازا و هەم مـــــــــەزن بژیت..[10]

دینەکەش (ئیسلامەتی) بە قسەی عەبدولخالدق مەعرووف، دەڵێ «ژن یەکسان نی یە لەگەڵ پیاو لە مافدا و پیاو سەرداری ژنە و لە ژن گەورەترە... و تەڵاق و مارەیی بە دەست پیاوە...»[11]

ئەوانە و زۆر نموونەی تر ئەوەمان بۆ ڕووندەکەنەوە کە ئابووری، دین، زمان، نەریت، ئەدەب و فۆلکلۆر و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دی پێوەندی بەهێزیان بە یەکترەوە هەیە و هەرکامیان وەک ئەندامێکی نیزام یان سیستیمی پیاومەزنی دەجووڵێنەوە.

نەدیتنی پیاومەزنی وەک نیزامی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی دەسەڵاتی پیاوانە تەنیا هەڵەی لێکدانەوە نییە. بۆچوونێکی وا ڕێگەنادا بە خەباتێکی کارامە لە دژی زەبروزەنگ (من دوایە دەگەڕێمەوە سەر ئەو باسە). ڕوانگەی ناسیۆنالیستی و لیبراڵی ناتوانێ لە پیاومەزنیدا نیزامی زیندوو و بەهێزی دەکارهێنانی دەسەڵاتی پیاو ببینێ. بۆ وێنە کاک سیاوەش و کاک ئازاد، سەرچاوی قەتڵی نامووسی لە مەتنی دینیدا دەبیننەوە (قورعانی عەرەبان فەرمانی قەتڵی نامووسی داوە و ئاوێستای ئاریاییەکان فەرمانی بەرابەری ژن و پیاوی داوە). لەو ڕوانگەدا، دین سەرچاوەی پیاومەزنی یە و پیاومەزنی خۆی توانای دەستتێوەردان لە دینی نییە.

بە پێچەوانەی بۆچوونی ناسیۆنالیستی، قورعان فەرمانی قەتڵی نامووسی تێدا نییە و ئەوکاتی محەمەد، ئیسلامی وەک دینێکی نوێ ڕاگەیاند، لە کۆمەڵگەی عەرەبدا «زینا» گوناح نەبوو و جەزای کوشتنی نەبوو. بەڵام لە دین و کۆمەڵگەی یەهوودی دا، «زینا» گوناحێکی گەورە بوو و «زیناکار» بە بەردەباران دەکوژرا. لە ناو زۆربەی مەسیحییەکانیش زیناکار دەکوژرا. کە ئیسلام پەرەی سەند، بەتایبەتی لە زەمانی خەلیفەی دووەم عومەردا، قەتڵی نامووسی لە ناو زۆر کۆمەڵگەی تازە موسوڵماندا باوبوو. کوشتنی ژن بە تاوانی «زینا» هەژدە سەدە پێش پەیدابوونی عیسا، لە قانوونی «حەموورابی»دا لە بابول (کە مەڵبەندەکەی ئێستە بەشێک لە کوردستان و عێراقە) تۆمار کرابوو. کە ئیسلام بڵاوبۆوە و قورعان نووسرایەوە، جەزایەکی کە بۆ زینای دانا ئەوەبوو کە ژنی زیناکار بۆ ماوەی ژیانی لە ماڵدا زیندانی بکرێ (سوورەی النساء، ئایەتی ١٥)، یان سەد شەلاقی لێبدرێ (سوورەی النور، ئایەتی ٢) و، دوای تەڵاق، تەنیا لەگەڵ موشریکان بزەوجێ، بەڵام ئەو جەزایەی کە قورعان دیاری کردبوو لەگەڵ نەریتی کۆمەڵگە نوێ موسوڵمانەکان کە زیناکاریان دەکوشت ناتەبایی هەبوو. جا بۆیە شەرعزان و فقەزانەکان حەولیاندا کە قەتڵی نامووسی ئیسلامی بکەن. بەڵام کە قورعان ڕێگەی نەدەدا بە کوشتنی زیناکار، شەرعزانەکان پەنایان بردە حەدیس سازکردن. بە گوێرەی یەکێک لەو حەدیسانە، عومەری بنی خەتتاب گوتوویەتی «آیەالرجم»ێک هەبووە کە جەزای بەردەبارانی بۆ زیناکاری «محصنە»داناوە بەڵام ئەو ئایەتە نەخراوەتە مەتنی نووسراوەی قورعان.[12] بەوچەشنە، بەپێچەوانەی بڕوای کاک سیاوەش و کاک ئازاد، نیزامی پیاومەزنی گەلە ناعەرەبەکان جەزای کوشتنی زیناکار و قەتڵی نامووسی (بە بەردەباران یان بە شێوەی تر) خستە نێو شەرعی ئیسلام. بەڵام ئێستە شەرعی ئیسلام خۆی بۆتە فاکتۆرێکی بەهێز لە ڕەسمیکردن و دەوڵەتیکردنی قەتڵی نامووسی (لە ئێران، لە ئەفغانستان و دەوڵەتە ئیسلامییەکانی تر). تەنانەت لەو بارودۆخەشدا، ئەنگیزە و هاندەری پیاو لە کوشتنی پیاو عیرقی پیاوەتی یە نەک عیرقی دینی باوەکوو ئەو دووانە تەبایی تەواویان هەبێ. پیاوی چینی دەسەڵاتداری موسوڵمان (پیاوی دەرەبەگ، تاجر، عەسکەر...) هەمیشە ئازاد بووە زینا بکا و هیچ قازی و موفتی و مەلایەک وردی نەبووە دەنگی دەربێ. قورعان میراتی کچی ئەوەندەی یەکدووی میراتی کوڕ دیاری کردووە بەڵام دەرەبەگی کورد و غەیری کورد گەمەی بەو فەرمایشەی قورعان کردووە و شێخ و مەلاش وستەیان لێ دەرناهتووە. لە نیزامی دەرەبەگی ـ پاتریارکیدا، ئەگەر زەوی و زار و مڵکی دێ بە میرات وەبەر کچ بکەوێ، دەبیاتە ماڵە مێردی و لە بنەچەکی پیاوانەی ماڵە بابی وەدەردەخا و ئەوەش لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەو نیزامە نایەتەوە.

کەوابوو دەتوانین بڵێین نیزامی پیاومەزنی لە دین بە هێزترە و دینەکە دەکاتە ئامرازی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی خۆی. لە ٢٤ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ (١٩٤٦)، حاجی بابەشێخ، «ڕەئیسی هەیئەتی میللی کوردستان»، ئەو قەرارەی دەرکرد:

**ڕەدووکەوتنی کچان و ژنان قەدەغەیە**

لە سەر قەرای هەیئەتی میللی کوردستان هەر پیاوێک بە زۆر ژنی بەمێرد گوێزرابێتەوە یا نەگوێزرابێتەوە ڕاکێشێ دەبێ بکوژرێ و ئەگەر کچێکیش بە زۆر ڕاکێشرێ دەبێ ئەو پیاوە بکوژرێ. ئەما کچێ خوازبێنی بکا و نەیدەنێ و مانیعی شەرعی نەبێ، بەمێرد نەبێ و، کچەکە ڕەزای ببێ، جەزای نییە، وەگەرنە لە سێ مانگەوە تا سێ ساڵ حەبس دەکرێ.[13]

ئەوە قەرای دەوڵەتی میللی کورد و سەرچاوەیەکی ئایینی لەو دەوڵەتەدا بوو. میرزا محەمەدەمینی مەنگوڕی، کە خۆی کاربەدەستێکی کۆمار بوو، لە بیرەوەرییەکانیدا باسی بەربەرەکانی ئەو قەرارە لە ناو «عەشایری مەنگوڕ، سوێسنی، زەرزا، مامەش، پیران، دێبۆکری و گەورک» دەکا:

"بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەو دەستوورەی حاجی بابەشێخ دای ئابوو لەگەڵ عادەت و عورفی ژن و ژنخوازی پێشووی ئەو ناوچە یەکتری نەئەگرتەوە، دانیشتووانی ئەو ناوچەیە ئەو مەرسوومەیان بەلاوە شتێکی زۆر ستەمو ناخۆش بوو، چونکە دەستووراتەکەی حاجی بابەشێخ ڕێگای لە سەربەستی

دلداری، چاوباشـقـالی و جـەزلێکردن و شـایی و
ڕەشبەڵەک و ژنهەڵگرتن بەستبوو...

بە پێی نیـزامـەکـەی حاجی بابەشـێخ، ژن ڕەدواکـەوتن هەرگیز قەدەغە بوو. جا لە بەر ئەوەی کە ڕەدواکەوتن و هەڵگیران لە ناو عەشایری [کوردی] ئێران شتێکی زۆر باو و سادە و ئاسـان بوو، ئەو باسە لە ناو ژن و پیـاوانا بووبوو بە جێگای لاسایی و ڕەخنە... ئەگەر ژنێک وەیا کچێک بە درێژایی تەمەنی جارێک ڕەدوانەکەوتایە لە ناو ژنانا ئەو ژنە ڕێزێکی نەئەبوو. پێیان ئەوت ئەگەر بە کەڵک هاتبای جحێڵێک بۆ خۆی دەبردی. . ."١٤

لە زیندانی مەهاباد لە دوا ڕۆژەکانی کۆماردا، ٥٠ کەس گیرابوون کە لەوانە ٣٨ کـەسیان «وتیان ئێمـە ژنمان هەڵگرتووە، لە سەر ژنهەڵگرتن گیراوین. چونکە پێمان لە کلکی گوێرەکە ناوە. بە مانا یاسا و دەستووری حاجی بابەشێخمان شکاندووە». ١٥

لەو بەربەرەکـانێیـانەدا وادەردەکـەوێ کە پێداویستـییـەکانی نیزامی پیـاوەمەزنی عەشیرەیی پێشێتی هەبوو بە سەر قەراری نیشتمانی و پێداویستـییـەکانی ئیسلام. بە نیزامداتان یان دانەنانی پیـاوەمـەزنی باسێکی ئاکادیمیکی دوور لە ژیانی کۆمەڵگەی کورد نییـە و پێوەندی هەیە بە خەباتکردن لە دژی زەبروزەنگ لە ژنان. ئەگەر قەتڵی نامـووسی کێشـەی تاقەکەس بێ یان تەنیا «نەخۆشی کۆمەڵایەتی» بێ، مەودای خەبات لە دژی ئەو دیاردەیە زۆر تەنگەبەر دەبێ. پیـاوی خراپ و نەفام دەبێ بەرەو ئاکاری باش ڕێنموونی بکرێ تا لە هەمان کاتدا بە هەڕەشەی دادگـا و زیندان لە ژنکوشتن بپـرینگێتـەوە. ئەو چارەسـەرییـە، ئەگـەر بستێکیش بە لای فێـمینیسم دا بڕوا، لە چوارچێوەی فێـمینیـسـمی لیبرالیدا دەمێنێتـەوە. فـێـمـینیـسـمی لیبـرالی ـــ کە لە سـەرەتای سەرهەڵدانی دەسمایەداری و مۆدێرنێتە و نەتەوە لە ڕۆژئاوا پەیدابوو ـ دەیەوێ نابەرابەری ژن و پیاو بە گۆڕینی قانوون و، بە ئامۆژگاری ژن و پیـاو ، لە چوارچێوەی باری باودا، چارەسـەر بکا. بەڵام ئەگـەر بێـتـوو پیاوەمەزنی وەک نیزامی کۆمەلایەتی ـ سیاسی دەسەلاتی جینسی پیاو چاو لێبکەین پرۆژەی خەبات لە دژی زەبروزەنگ بەرینتر و بنەڕەتیتر و درێژخـایەنتر دەبێ. لە پرۆژەیەکی وادا، قـانوون تەنیـا زەمـینەیەک لە خەباتێکی هەمەلایەنەیە بۆ گۆڕینی نیزامی ئابووری، کولتوور، زمان، نەریت و دین و گشت دیاردە کۆمەلایەتییەکان.

بەڵام تەنانەت بە نیزامداناتی پیاوەمەزنی باش ڕوونی ناکاتەوە کە بۆچی پیـاو، ژن یان دایک یان خـوشکی خـۆی دەکـوژێ. ئێستـە ڕوون بۆتەوە کـە هەر نیـزامـێک ـ جـەسـتـەی ئینسـان، ژینگە (environment)، بۆرۆکـراسی، کـۆمـەڵگە، دەوڵەت ... ـ نەزمی ناوخۆی دەپارێزێ، سنووری خۆی دیاری دەکا و ئەو کەرەستانەی کە بۆ مانەوە و بووژاندنەوەی خۆی پێویستیـتی لە دەرەوە و ناوەوەی سنووری خۆی وەدەستی دەخا.١٦ بەڵام بۆچی پیـاوەمـەزنی وەک جەستـە، وەک کۆمەڵگە و وەک ژینگە و وەک گشت نیزامێکی تر دەبێ خۆی بەرهەم بهێنێتەوە؟

پیـاوەمـەزنیی کـورددواری نیـزامێکی زاڵمانەیە و بێجگە لە زوڵم و زۆر، وەک بەشـێـک لە نیـزامی ئابووری ـ کـۆمـەڵایەتی، لە باری ئابوورییەوە ژنان دەچەوسێنێتەوە یان ڕێگە دەدا بە چەوساندنەوەیان. نیزامێکی وا لە ناوخۆیەوە و لە دەرەوە تووشی بەرهەڵست و بەربەرەکانێ دەبێ. تەنانەت پێش ئەوەی ژنی کـورد دەرەتانی ژیانی کـۆمـەڵایەتی (خـوێندن، کـار، سیـاسـەت...) دەرەوەی مـاڵباتی بووبێ و، پێش ئەوەی وشیاری فێمینیستی لە ناو کورددا پەیدابووبێ، بەربەرەکانێ حوکم و نەریت و یاسای پیاوەمەزنی کردووە. ئەگەر ژنێک پیاوێکی خۆش بوێ و پێشنی پێبگرن، دەتوانێ بە وە خەتەرخستنی ژیانی خۆی، ڕەدووبکەوێ. هەروەها ژنێکی کە هیچ مەودا و دەرفەتی نەما و نەیتوانی پەنا بە هیچ کوێ بەرێ خۆی دەکـوژێ. لە ژیانی ڕۆژانەشدا، ژن دەتوانێ بە شێـوەی جۆراوجۆر بەربەرەکانێ زوڵمی مێرد و باوک و برا و خەسوو و خەزووری بکا. لە سـەدەی ڕابردوودا، کـۆڵنەدان و سـەردانەنواندن بەرینتـر بووە و شکڵ و شێـوەی نوێی پەیدا کردووە. ئەوڕۆ توێژێکی کۆمەڵایەتی نوێ، هێـزێکی نوێ سـەری هەڵێناوە ـــ ژنی ڕۆشنبـیـر و ژنی حـیـرفـەیی (پرۆفیسیۆناڵ). ئەوڕۆ ژنی فێمینیست، کۆمۆنیست، سۆسیالیست، مـارکسـیـست، ڕادیکاڵ، نووسـەر، شـانۆگـەر، ڕۆژنامـەنووس، نێـرس، دوکتور، مامۆستا، موهەندیس، نوێنەری پارلمان و... لە وڵات و دەرەوەی وڵات سەریان هەڵێناوە و بەرەنگاری باری باو ـــ پیاوەمەزنیی نەتەوەیی و خۆماڵی ـــ دەبن و چیدی لە نەتەوە هەڵناگرن. ناکۆکی و ناتەبایی نێوان نەتەوە و ژن و نێـوان ناسیـۆنالیـسم و فێـمینیسم ڕۆژ بە ڕۆژ توندوتیژتر دەبێ. نیـزامی پیـاوەمـەزنی حەول دەدا لەو بارودۆخـەدا خـۆی بپـارێزێ و ناسیۆنالیسمیش وە فریای دەکەوێ.

## پ ـ نەتەوە و پیاوەمەزنی

من ناسیـۆنالیسم وەک دیاردەیەکی سیاسی چاولێدەکەم و وشەی «ناسیۆنالیست» وەک جنێو دەکارناهێنم. پێوەندی نێوان ناسیۆنالیسم و جینسێتی (gender) لە بیـست ـ سی سـالی ڕابردوودا لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر کراوە و ئێستە زانیارییەکی زۆر سەبارەت بە گشت لایەنی ئەم پێوەندییانە لە بەر دەست دایە.١٧

ناسیـۆنالیـسم کـە سـەری هەڵێنا (هەوەڵ جار لە ڕۆژئاوا لە ئاخری سەدەی ١٨)، وەک دیاردەیەکی پیاوانە هاتەگۆڕێ. ناسیۆنالیسم حەولیدا دەسەڵاتی سیاسی (دەوڵـەتی) لە بنەچەکە (حکوومەتی ماڵبات) و دین جـوێ بکاتەوە بەڵام نەیویست لە جـینسـێـتی (دەسـەڵاتی پیـاوانە) و چینایەتی (دەسەڵاتی بۆرژوازی) و ڕەگەزایەتی (دەسەڵاتی ڕەگەزی سپی لە ئەمریکا) دایبڕێ. ئەندامانی نەتەوە لە ڕەعییەت (subject) ڕا بوون بە هاووڵاتی (citizen) بەڵام ژنان کە نیوەی نەتەوە بوون لە مافی هەرە گـرینگی هاووڵاتێـتی ـــ واتە مـافی دەنگدان و هەڵبـژاردن بۆ ئەرکی حکوومەت ـــ بێبەش کران. ئەو بێبەشکردنەی ژنان هەڵەنەبوو. ئۆلیمپ دوێ گووژ، ژنێکی ئەریستۆکرات، لە بەرامبەر بەیانییەی «مافەکانی پیاو و هاووڵاتی» کە شۆڕشی مەزنی فەڕانسە دەری کرد بەیانییەی «مافەکانی ژن و هاووڵاتی ژن»ی دەربڕی. سەرباقی خەباتێکی بێوچان دوای شۆڕشی مەزن(١٧٨٩) و شۆڕشی ١٨٤٨ و شۆڕشی کۆمۆنی پاریس لە ١٨٧١دا،

ژنانی فەڕانسەیی تا ساڵی ١٩٤٤ نەیانتوانی مافی دەنگدان وەربگرن.

کارنامەی ناسیۆنالیسمی کورد لە ناسیۆنالیسمی فەڕانسەیی و ئەمریکایی و عەرەب و تورک باشتر نەبووە. لێرەدا دەرفەتی ئەوەم نییە تەواوی ئەو ڕابردوویە بگێڕمەوە و تەنیا باسی دەساڵی ڕابردوو دەکەم. لە ساڵی ١٩٩١ دوای شەڕی کەنداو و ڕاپەڕین، دەسەڵاتی دەوڵەتی بەعس لە بەشێک لە کوردستان پاک بۆوە و دەسەڵاتی سیاسی کەوتە دەست حیزبە سیاسییەکان بەتایبەتی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان. دوای کۆماری کوردستان، ئەوە هەلێکی مێژوویی تر بوو بۆ ئەوەی ناسیۆنالیسمی کورد ئاشکرای بکا کە لە چارەسەرکردنی کێشەی ژێردەستیی ژنان و زۆر کێشەی کۆمەڵایەتی تر چی لە باران دایە.

ناسیۆنالیسمی کورد ناکۆکییەکانی ناو نەتەوە دەشارێتەوە و بەتایبەتی حەولدەدا ناکۆکی چینایەتی (وەک دەرەبەگ و جووتیار، سەرمایەدار و کرێکار) و ناکۆکیی جینسێتی (ژن و پیاو) ئینکار بکا یان بیشێوێنێ. بۆ وێنە، بە شانازییەوە دەڵێ ژنی کورد لە ژنی عەرەب و فارس و تورک ئازادترە و بە سەربەستی لەگەڵ پیاوان هاتوچۆ و هەستان و دانیشتنی هەیە، چارشێو و ڕووبەند بە خۆی دانادا، لە زەماوەندا بە ڕەشبەڵەک هەڵدەپەڕێ و، تەنانەت لە ڕابردووی دوورونزیکدا حکوومەتیشی کردووە. بەڵام لەو کوردستانە «ئازاد»ەدا کە بە هێزی هەوایی ئەمریکا و ئینگلیس و فەڕانسە دەپاراسترا، کاتی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی هەوەڵ پارلمانی کوردستان، ژن و پیاو لێک جیاکرانەوە؛ ژن دەبوو لە ڕیزی خۆیدا ڕاوەستێ و دەنگی خۆی لە سندووقی تایبەتی سەفی ژنان بهاوێ. لێرەدا ناسیۆنالیسمی مۆدێرن و تازە بە دەسەڵاتگەیشتوو لە دابونەریتی کۆمەڵگەی عەشیرەیی ــ ڕەشبەڵەک ـ وەدواکەوت و ڕابەرە ناسیۆنالیستەکان ملیان بۆ ڕەجعیەتی ئیسلامی (مەلای بەکرێگیراوی ئێران و عەرەبستان و...) شۆڕ کرد.

کە پارلمان کراوە و حکوومەتی هەرێم دامەزرا، ڕەشکوژی ژنان دەستی پێکردبوو. پارلمان و ڕابەران لە باتی ئەوەی وەک ناسیۆنالیستەکانی فەڕانسە و ئەمریکا دین لە دەوڵەت جوێ بکەنەوە،[١٨] وەک ناسیۆنالیستە زراوچووەکانی عەرەب (ئەلجەزایر و میسر و... دوای ١٩٧٩)، ئەوەندەی دی ژن و پیاویان لێک جوێکردەوە و دین و دەوڵەتیان تێکەڵاو کرد و وەزارەتی عەدڵ و ئەوقافیان دا بە ئیسلامییە دژی ژنەکان.

دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکان ـ پدک و ینک ــ «کێشەی ژن» بە کێشەی ماڵبات و زەوجین و تەڵاق و نەفەقە دادەنێن و پێیان وایە ئەوانەش ئەرکی سەرشانی شەرعی ئیسلامن و مەلاکان باشتر دەزانن چارەسەریان بکەن. ئیتر مافی ژنان، مافە مەدەنییەکان، دیمۆکراسی، ئازادی و بەرابەری قسەی پووچن و، ئەو باسانە تەنیا بۆ لافلێدان و خۆهەڵکێشان لە لای ڕۆژنامەنووس و هەواڵدەرە ڕۆژئاواییەکان باشن.

قانوونی جەزا (عقووبات) و قانوونی ئەحواڵی شەخسییەی عێراق قانوونی ئیسلامی ـ بەعسین و دژی ژنن و مافی کوشتنی ژنیان داوە بە پیاو. بەڵام پارلمانی کوردستان و دوو حکوومەتی پدک و ینک، سەرباقی داخوازیی ژن و پیاوی ئازادیخواز، نەیاندەویست ئەو قانوونە دڕندانەیە فڕێبدەن و لە سەر بنچینەی «بەیانییەی جیهانی مافی مرۆڤ» (UDHR)، «پەیمانی نێو نەتەوەیی مافی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری» (ICESCR)، «پەیمانی لەناوبردنی گشت شێوەیەکی تەبعیز لە ژنان» (CEDAW) و زۆر پەیمان و بەیانییانەی تر بەرابەریی ژن و پیاو لە قانووندا دابین بکەن و زەبروزەنگ لە ژنان جینایی بکەن و جەزای بۆ دابنێن. ناسیۆنالیسمی کورد ئەو دەرفەتەی هەبوو و ئێستەش هەیەتی کە گوێ بگرێتە ئەو کۆمەڵە پەیمان و بەیانییانەی کە زۆربەی دەوڵەتانی دنیا پەسندیان کردووە، بەڵام ئاشکرایە کە نە ویستی ئەوەی هەیە بیکا و نە توانا و ورەی ئەوەشی هەیە بیکا. جا سەیر نییە کە داروودەستە ئیسلامییە هەوسارپساوەکان بەربوونە گیانی ژنان و فەرمانی ڕەشەکوژییان دا و، پیاوە «بەناموسەکان»یش دەستیان بە کوشتن کرد. وای لێهات کە پیاوی «نامووس تکاو»ی دەرەوەی وڵاتیش کچ و ژنی خۆی دەهێناوە کوردستانی ئازاد بۆ ئەوەی بە شانازی و خاترجەمی سەربەنیستی بکا. لە ساڵی ١٩٩١دا، «پێلا»کچێکی ١٩ ساڵە کە لە سوێد دەژیا، بە دەستی باوک و مامی لە دهۆک کوژرا و هەردوو قاتڵ حوکمی بەرائەتیان لە دادگا وەرگرت و مامی بە سەربەرزییەوە گەڕاوە سوێد.[١٩] ڕەئیسی پۆلیسی دهۆکیش لە وتووێژێکدا ڕایگەیاند کە ئەگەر کچی خۆی کێشەی نامووسی بۆ پەیدا بێ دەیکوژێ.[٢٠] لە ساڵی ١٩٩٧دا، «سوبحیە عەبدوڵلا نادر» کە لە لەندەن دەژیا دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان (بۆ سەردان) لە سلێمانی تیرۆر کرا. ئەگەر لە کوردستان ژنە تیرۆرکراوەکان بێ سەروشوێن دەچن و بکوژەکان تاجی شەرەف و نامووس لە سەری خۆیان دادەنێن، لە دەرەوەی وڵات جاروبار هاواری کوژراوەکان دەگاتە گوێی خەڵک.[٢١]

کە ڕەشکوژیی ژنان لە وڵات و دەرەوەی وڵات ئابڕووی نەتەوە و نیشتمان و حیزب و حکوومەتی برد، ینک و پدک بە بڕیار و فەرمان قەتڵی نامووسییان بە تاوان دانا (بڕیاری ٥٩ و ٦٢ی ینک ساڵی ٢٠٠٠) بەڵام ئەو بڕیارانە لە سەر کاغەز مانەوە و هیچ لایەک نە ویستی بەربەرەکانیکردنی قەتڵی نامووسی هەیە نە وره و توانا.

ناسیۆنالیسمی کورد داوای ڕزگاری نەتەوە و نیشتمان دەکا. ژن «دایکی نیشتمان»ە و دەوری مێژوویی ئەوەیە کە ڕۆڵەی فیداکار دروست بکا و بی ئەسپێرێ بە نیشتمان. ناسیۆنالیسمی کورد بۆ ڕزگاری نەتەوەی کورد داوای «مافی دیاریکردنی چارەنووس» دەکا و ئەو مافە و سیاسەت و باسە حقووقییەکەی لە ڕۆژئاوا وەرگرتووە و ئەویش بەوپەڕی شانازییەوە، بەڵام فێمینیسم کە داوای مافی ژن و دیاریکردنی چارەنووسی ژن و ڕزگاری ژن لە زوڵمی نیزامی پیاوەمەزنی دەکا شتێکی بێگانە و ناکوردانەیە. بۆ وێنە د. شەماڵ چلیکەر دەڵێ:

> من خەباتی ژنی کورد وەک خەباتێکی فێمینیستی
> کە ژنانی وڵاتانی پێشکەوتوو دەیکەن بە ڕاست نابینم،
> ئەوەش بە هۆی ئەوەیە کە ئێمە وەک میللەت وڵاتمان
> داگیرکراوە و بە ساڵانە لە ژێر کاریگەریی فەرهەنگ و
> کلتوری چوار دەوڵەتی جیاوازدا ماوینەوە و...
>
> بەڵام هەروەک ئەمڕۆ دۆزی سیاسی جیهان قبوڵی
> وشەی کوردستانی مەزن ناکات و ئێمە کورد ناچار دەکەن
> لە خودموختاریی و فیدراڵی بدوێین، ئێمەی ژنی

کوردیش به هۆی دۆخی ئەمڕۆ و کلتووری داسەپاو و سیاسیمان ناتوانین بە ڕاشکاویی لە خەباتی فێمینیستی بدوێین، بەڵام ئەوە بەو واتەیە نییە کە ئێمە دژی بین. ۲۲

د. چلیکەر لەو نووسراوەیدا باسی دواکەتوویی ژنی کورد دەکا و دەڵێ ژنی کورد لەبەر ئەو دواکەوتووییە ناتوانێ خەباتی فێمینیستی بکا (لەباتی ئەوەی بڵێ لە بەر دەواکەوتوویی دەبێ زۆرتر خەباتی فێمینیستی بکا). بەو چەشنە داکەوتوویی ئاشکرای خۆی بە دواکوتوویی خەیاڵیی ژنی کورد دەشارێتەوە و لە باتی ئەوەی ناسیۆنالیسمی کورد وەک کوسپێکی گەورە لە بەرامبەر ڕزگاری ژنی کورد چاولێبکا، ژنی کورد وەک بەرهەڵستێک لە ڕێگەی ڕزگاری نەتەوەی کورد دادەنێ.

کاتێک نەتەوەگەریی و دین ـ کوردایەتی و ئیسلام ـ بە شێوەیەکی ئۆرگانی تێکدەهاڵێن و ئیتر لێکهەڵنابڕێن، فیمینیسم ئیدی شتێکی بێگانە نییە و دەبێتە ڤایرووسێکی کوشندە کە دین و دنیای پیاو و پیاوەتی و پیاوەزنی بە بادا دەدا:

> لە یادمان بێت ئەو سەرەلێژبونەوەیە سەرتاپا ڕۆحی کوردیشی گرتۆتەوە، بەتایبەتی زۆر گرنگە لە بیرمان بێت کە دوژمنەکانی کورد لەمێژە کار لە سەر ئەوە دەکەن کە کاراکتەر و ڕۆحی کوردی بشێوێنن و تووشی سەردەرگومی و گوم بوون وداڕزانی بکەن تا ڕۆحی کوردی ئالودە بێت بە بەدگومانی، تا ویژدانی کوردی دوچاری بیماری و شپرزەیی بێت...
>
> ئێستا لە هەموو کات زیاتر لە مێژووی کورد ـ بوون ـ مان نادڵنیاترین لە شوناسمان، ماڵی ئێمە لە هەمووکات زیاتر تاریکترە، ڕۆحی ئێمە بۆتە مۆڵگەی گەرای نەخۆشی عەجیب و غەریب، ڤایرۆسەکان لە ڕۆحی ئێمەدا پیاسە دەکەن و ئێمە دژە ڤایرسێک شک نابەین، پرۆگرامێک (پرۆژەیەک) شک نابەین کە ڤایرۆسەکانمان بۆ دیاری بکا و فڕێیان بداتەدەرەوە، ڤایرۆسی ڕق بونەوە لە خۆ، خۆ بەکم زانین، دوژمن نەناس [نەناسین]، بێ غروروری، لە دەست دانی جوامێری و مروەت و مرۆڤدۆستی کوردانە، لە دەست دانی سەربەخۆیی و کاڵ بونەوەی عەشقی ئازادی و ڤایرۆسی بوون بە وەک هەموو کەسێکی دی (The sameness)، ڤایرۆسی لە دەست دانی پیاوەتی، ئاخر ئەمڕۆ شەرمە بیر لە شەرەف و کەرامەتی بوون بە پیاو بکەیتەوە، لە کاتێکدا تحفیە [تحفە]ی مظفریە کە تۆمارێکی ڕۆحی کوردیە باسی سەرجەم نەک عەشق بەڵکو باس لە پیاوەتی دەکات، ئەمڕۆ ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە ئێمە بە سەردەمی (مەرگی پیاو) ناوی دەبەین، مەرگی پیاوێک کە سومبولی هەموو مروەت و نەجابەت و جوامێری و شەهامەت بوو، تحفیە [تحفە]ی مظفریە باس لەوەدەکا کە گەر پیاوەتی نەبێت ئاخر چۆن کەسێک بۆ مەعشوقەکەی خۆی قوربانی دەکا، پیاوەتی واتە بوونی توانای عاشق بون، خۆ بەخت کردن و خاوەنی بونی پرنسیپ، ئەمڕۆ ئەم مەخلوقە ڕۆحانیە لە ژێر پرسیاری ڤایرۆسێکدایە کە پێی دەڵێن (فێمینیزم). لە دەست دانی ڕۆحی جەنگاوەرانەی کورد، عاشق بوونی یەکسانیەک کە بە مەرگی هەموو جیاوازیەکان و ئینجا مەرگی ئینسان تەواو دەبێت". (فاروق ڕەفیق، *ماڵێکی ترازاو و ویژدانێکی بیمار* (دەربارەی کورد ـ بوون ـ لە جیهاندا). ۲۰۰۲، لاپەڕەی ۳٦ (مەتنی ئینترنێت، ڕۆژی ۲۰۰۲/۱۲/۲۳).

ئەو تیۆریسیەنانەی ناسیۆنالیسم کە دەڵێن ناکۆکی لە نێوان ناسیۆنالیسم و دین هەیە بە بیستنی ئەو »گوتار»ە ڕادەمێنن و، بە هیچ گەمەیەکی «ئانالیزی گوتاری» (discourse analysis) و بە هیچ بنەماشکێنییەک (deconstruction) ناتوانن کوردایەتی و ئیسلام و دین و ناسیۆنالیسم لەو «گوتارە»دا لێک هەڵبپچڕێن. ئیسلامییەکانیش، کە ناسیۆنالیسم بە پیلانێکی ڕۆژئاوایی دادەنێن، بە هیچ تەفسیر و قەید و تەزیبێک ناتوانن دینە خۆشەویستەکەیان لە نەجاسەتی ناسیۆنالیسم پاک بکەنەوە.

لەو «گوتارە»دا، ئیسلام «شەرەف و کەرامەتی بوون بە پیاو» دەدا بە پیاوی کورد و دەیگەیێنێتە مطلع الفجری «مەخلووقی رووحانی». کوردایەتی و دەرەبەگایەتیش، بە هاودەنگی و هاوڕەنگی ئیسلام، پیاویان کردۆتە «سومبولی هەموو مروەت و نەجابەت و جوامێری و شەهامەت» و بە «ڕۆحی جەنگاوەرانەی کورد» خەڵاتیان کردووە. لەو جیهانبینییە پیاوەزنانەدا، «پیاوەتی واتە بوونی توانای عاشق بوون». ئەو عاشقبوونە یەک لایەنەیە. ژن کە لە «شەرەف و کەرامەتی بوون بە پیاو» بێبەشە چۆن دەتوانێ عاشق بێ؟ لە دینی ئیسلامدا (بە تەسەوف و عیرفانەکەیەوە) ئینسان عاشقە و خودا مەعشووق و لە کۆمەڵگەی دەرەبەگیشدا پیاو عاشق دەبێ و ژن مەعشووق. ئەو پێوەندییە پیاوەزنانەلە ئەدەبیاتی کلاسیکی دنیای ئیسلامدا تۆمار کراوە. زمانی کوردیش، ئەو پێوەندییە نابەرابەرەی پیاو و ژنی، چ عیشق لە گۆڕێدابێ و چ نەبێ، بە مەرامی «ڕۆحی جەنگاوەرانەی کورد» ڕازاندۆتەوە: «ژن هێنان»، «ناردنە سەر کچ»، «بووک گوێزتنەوە»، «بە بووکبردن»، «تارای سوور»، «ڕووسپێتی» و...

بە داخەوە فێمینیستان ئەوەندەیان بەرابەری و یەکسانی بە سەر کۆمەڵگەی کورددا داسەپاندووە کە پیاوی ئیسلامی ـ کورد لە پیاوەتی کەوتووە و «مەرگی پیاو» و «ئینجا مەرگی ئینسان» لەبەرچاومانە. ئەوە چ «ڤایرۆسێکە» کە توانیوێتی تاج و تەختی مەلەکووتی پیاوی کورد سەرەونخون بکا؟ چۆن پیاوی کورد بەو ئاخر زەمانە گەیشتووە؟

لە باری تیۆرییەوە پرۆژەی داتاشینی پیاوی کورد ـ ئیسلامی لە سەر بنچینەی دووبەرێتی (dichotomy) ساویلکە و ساکاری جیاوازی و وەکیەکبوون (Difference/sameness) داڕێژراوە. ئەو دووبەرێتییە (جیاوازی/وەکیەکبوون) گرینگترین ئامرازی تەبیین و لێکدانەوەی پۆستمۆدێرنیستی یە. وەکیەکبوون خراپ و دزێو و شەیتانی یە و جیاوازی

باش و جوان و مەلەکووتی یە. جا لەم «گوتارە»دا، فێمینیسم «ڤایرۆس»ە لە بەر ئەوەی کە وەکیەکبوونی دەوێ (بەرابەری ژن و پیاو) و جیاوازییەکان («شەرت و کەرامەتی بوون بە پیاو» و ژێردەستی و ژێرچەپۆکەیی ژن) تێکدەدا. ئەوە ڕاستە کە فێمینیسم بەرابەری دەوێ بەلام مەبەست لە بەرابەری ئەوە نییە کە پیاو ببێتە ژن یان ژن ببێتە پیاو (ئەوە پروپاگەندەی ئانتی فێمینستەکانە). ئەوەش ڕاستە کە فێمینیسم دەیەوێ تاج و تەختی ئەو «مەخلووقە ڕووحانییە» وەرگەرێ.

بەلام وەنەبێ گوتەری ئەو «گوتارە» شەیدای گشت چەشنە جیاوازییەک بێ. ئەم «گوتارە» دیەوێ جیاوازی ژن و پیاو (دەسەلاتی پیاوەمەزنی و ژێرچەپۆکەیی ژنان) و جیاوازی چینایەتی بەردەوام بێ بەلام پرۆژەی سەرەکی ئەوەیە کە وەکیەکبوونێکی مەزن ـ گشت کوردێک ئیسلامەتی بکا و گشت موسولمانێک کوردایەتی بکا، گشتیان دژی کۆمۆنیست بن، گشتیان دژی فێمینیسم بن، گشتیان دژی سیکۆلاریسم بن ـ یەکدڵ و یەکگیان پێکبێنێ. تەواوی گوتارەکە و تەواوی کتێبەکە (*دەربارەی کورد ـ بوون ـ لە جیهاندا*) باسی «نێمە» و «نێمەی کورد»ە. لێرەدا، ڕوانگەی پۆستمۆدێرن لە خزمەت سیاسەتی پێشمۆدێرنی (چاککردنەوە و ساغکردنەوە و بوژاندنەوەی نیزامی دەرەبەگی ـ پیاوەمەزنی کورد) دایە.

**عەقل و ناسیۆنالیسم و مۆدێرنیتە:** دوای نزیکەی سێ سەدە خەبات بۆ دیمۆکراسی، مافی ژین (right to life) وەک مافێکی بنچینەیی دابین کراوە و هاوولاتییان لە نزیکەی ٦٠ ولاتی دنیادا، دەولەتیان لە مافی کوشتن بێبەش کردووە. لەو ولاتانەدا، دەولەت مافی وەی نییە هیچ هاوولاتییەک بە هیچ جورمێک ئیعدام بکا. تەنانەت خەبات بۆ مافی ژینی گیانداری غەیری بەشەریش ماوەیەکە دەستی پێکردووە. بەلام لە کوردستان، پیاو ئەو مافەی داوە بە خۆی کە ژن لە مافی ژین بێبەش بکا و دینی ئیسلامیش ئەو مافەی کردۆتە قانوونێکی ئیلاهی و بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیش، یان دانی پێدادەنێ (وەک پشتگرتن لە قانوونی ئەحوالی شەخسییە) یان چاوی خۆی لێ دەنووقێنێ.

بە هۆی خەباتی فێمینیستییەوە ئێستە دەزانین کە ژن هەم مافی ژینی هەیە و هەم مافی وەی کە بەبێ ترس لە پیاو، لە ئەمنییەت و ئاسایشدا بژی. ئەوە بەو مانایەیە کە هیچ پیاوێک مافی وەی نییە لە هیچ بارودۆخێکدا و بە هیچ بەهانەیەک دەست بوەشێنێ لە ژن یان لێیبدا یان بە زەبروزەنگی تر هەڕەشەی لێبکا.

ژنی کورد ئەورۆ وەک ١٤٠ سال لەوەپێش، لە مافی ژین و لە مافی ئەمنییەتی فکری و جەستەیی بێبەشە. مەلا مەحمودی بایەزیدی نووسیویەتی کە مەبەستی کوشتنی بێشەرت ومەرجی ژنان ئەوەیە کە ترس بکەوێتە دلیان و «کاری خراپ» نەکەن. کاک سیاوەش و کاک ئازاد پێیان وایە کە ئەوە ئەگەر ڕاستیش بووبێ، مێژووی کۆنە و کوردستان وا نەماوە. کاک سیاوەش دەلێ «قەتلی نامووسی لە نێو کورددا، بە ژماردنیش بژمێردرێ ڕەنگە لە چەند پرۆمیلێک زیاتر تێنەپەڕێ». کاک ئازادیش پێی وایە «ئەگەر لە ناو پازدە بیست میلیۆن ژن و کیژی کورد دا لە ماوەی چەند سالێکدا ژمارەیەک بکەونە بەر پەلاماری دڕندانە...». سەرباقی ئەوەی هەردووکیان قەتلی نامووسی وەک تراژێدی چاو لێدەکەن، من لەو ڕوانگەیەدا تارمایی ١٤٠ سال لەمەوپێش بەدیدەکەم.

ئەورۆ هاسانە و بگرە زۆر باوە (بەتایبەتی لە نێو ڕۆشنبیری شەیدای «کۆمەلگەی مەدەنی» و «نەتەوەی مەدەنی») کە وەک کاک ئازاد بگوترێ: «کوشتنی هەر تاکە مرۆڤێک، بەتایبەتی ئەگەر ئەو مرۆڤە کیژ و ژنی ژێردەستە بێ، تراژێدیایە و جێگەی دونیایەک داخ و کەسەر و بێزاری یە».

فرمێسک ڕشتن بۆ کوژراوەکان و تەنانەت مەحکوومکردنی قەتل سووکتر و هاسانترە لە دابڕین لە ئەو سیاسەت و جیهانبینی و نیزامەی کە قەتلی نامووسی وەڕێدەخا. ئەگەر کوژرانی تاقەکەسێک تراژێدی یە، چۆن دەکرێ ڕەشکوژی ژنی کورد وەک «ژمارەیەک» (کاک ئازاد) یان «پرۆمیلێک» (کاک سیاوەش) بێبایەخ بکرێ؟

زۆربەی ئەو زەبروزەنگەی لە ژنان دەکرێ نە دەبێتە خەبەر، نە دەکرێتە ئامار (بەتایبەتی لە کوردستان و ولاتانی ناوچە). سەرباقی ئەو بێدەنگییانە، ڕەنگە ئەگەر مەلا مەحموود زیندوو بباوە لەو کوشتارە سەری سووڕمابا:

**کوشتاری ژنان لە کوردستانی عێراق٢٣**

| سال | کوشتن | خۆسووتاندن/خۆکوشتن |
|---|---|---|
| ١٩٩١ | ٦ | ٢ |
| ١٩٩٢ | ٢ | ٢ |
| ١٩٩٣ | ١٤ | ٥ |
| ١٩٩٤ | ٢٢ | ١٢ |
| ١٩٩٥ | ٤١ | ١٦ |
| ١٩٩٦ | ٤٨ | ٣٨ |
| ١٩٩٧ | ١٦٦ | ٦٥ |
| ١٩٩٨ | ٤٩ | ٥٠ |
| ١٩٩٩/٢٠٠٠ | ٥٠ | ١٥٥ |
| | ٣٩٨ | ٣٤٥ |

زولم لە ژنان ئەوەندە زۆرە کە بە خۆسووتاندن و بە شێوەی تر کۆتایی بە ژیانی خۆیان دێنن. بە گوێرەی لێکۆلینەوەیەک کە لە «مرکز پزشکی، درمانی، آموزشی توحید وابستە بە دانشگاه علوم پزشکی کردستان» کراوە لە سالی ٧٥- ١٣٧٤ (٩٦-١٩٩٦) تەنیا لە بەشی سووتانی ئەو نەخۆشخانەیە ٨٢ کەس کەوتبوون کە ٧٢ کەسیان ژن و ١٠ کەسیان پیاو بوون. لەوانە ٦٢،١٪ لەبەر نەبوونی «تفاهم» لەگەل هاوسەرەکانیان خۆیان سووتاندووە و ٣٠،٧٪ هیچ یارمەتییەکیان لەلایەن «خانەوادە»وە نەدراوە.٢٤ ئەوە باری ژیانی ژنانە لە ژێر دەسەلاتی تیۆکراسی ئیسلامیی ئێران.

لە کوردستانی خواروی ژێر دەسەلاتی کوردیش خۆکوژیی ژنان وەک ئێرانی ئیسلامی باوە. تەنیا لە سالی ٢٠٠١ لە نەخۆشخانەی فێرکاری سلێمانی ناوی ١٠٥ ژن کە خۆیان سووتاندووە تۆمار کراوە. لەوانە ٤٦ ژن دانیشتووی سلێمانی و ٥٩ خەلکی «دەووبەری سلێمانی» بوون.

هۆکاری خۆسووتاندنیش ئاوا بوو: کێشەی خێزانی( ٨٠ حاڵەت)، خۆشەویستی و بە زۆر بەشوودان(١٣ حاڵەت)، کێشە لەگەڵ ماڵە خەزوور (٧ حاڵەت)، نەخۆشی دەروون (٣ حاڵەت) و منداڵ نەبوون (١ حاڵەت).[٢٥] دوکتور لوقمان عەبدولقادر (بەشی سووتاویی نەخۆشخانە) دەڵێ:

> ئەم دیاردەیە [خۆکوژی و خۆسووتاندن] هەراسانی کردووین و تادێت ڕوو لە زیادبوونە و حاڵەتێکی زۆر ناخۆشە کە ویژدانی هەموومان ئازاردەدات کە ڕەگەزەکەی تری مرۆڤ، بەو دەردە بچێت و بە دەم ئازار و ئەشکەنجەوە گیان لە دەست بدات، بە ڕاستی ئێمە هیچ دەسەڵاتێکمان نییە، هاوارمان لێهەستاوە داوا لە دەزگا بەرپرسەکان و ڕێکخراوەکان دەکەین کە هەڵوێستی شیاو و جدی بگرنەبەر هەڵمەتی هوشیارکردنەوە و لێپرسینەوە لەو دیاردەیە.[٢٦]

زۆربەی ئەو خۆکوشتنانە دەبێ وەک کوشتاری پیاوانە و پیاوەمەزنانە چاویان لێبکرێ. نیان محەمەد ئەمین کە ئاماری ١٠٥ حاڵەتی خۆسووتاندنی ساڵی ٢٠٠١ی کۆکردۆتەوە، پێوەندی خۆکوژی و دەسەڵاتی پیاوانە ئاوا لێکدەداتەوە:

> ڕێژەی خۆسووتاندنی ئافرەتان لە زیادبووندایە، کە پێدەچێت ئەم دیاردەیە زیاتر خۆی لە هەردوو یاسای بڕیاری ٥٩و٦٢دا ببینێتەوە کە تاکوو ئێستا بە تەواوەتی نەچۆتە چوارچێوەی جێبەجێکردنەوە، وە چەندین هۆکاری تر کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم کارە ئەستەمە ببێتە واقع و کردەوەیەکی ڕۆژانە و هەر پیاوێک بتوانێت ڕێگایەکی تر بۆ کوشتنی هەر ئافرەتێک بگرێتەوە، ئەویش گرتنەبەری جەنگی دەروونییە، ئاشکرایە ئەمەش یەکێکە لە هەرە ترسناکترین دیاردەکانی توندوتیژی کە بە هۆیەوە ئەو ئافرەتە والێدەکات پەنا بۆ خۆسووتاندن بەرێت.[٢٧]

مهاباد محەمەد ڕەزا، توێژەری کۆمەڵایەتی لە ڕێکخراوی ئاسوودەی سلێمانی لە باسی هۆکاری خۆکوژیدا دەڵێ:

> لە زۆربەی ناوچەکانماندا (وەک دەبینین کە زۆر لە ئافرەتانمان وەکو ئامێرێکی ناوماڵ بۆ منداڵ بەخێوکردن و کاروباری ناوماڵ بەکاردەهێنرێ بەبێ ئەوەی ڕەچاوی بچوکترین مافی بۆ بکرێ. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە ڕێگەنەدان بە ئازادی و سەربەستی ئافرەتان بۆ ڕادەربڕین و بەدیهێنانی مافەکانی لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا بۆتە چەواشەکردنی ئافرەتەکانمان لەلایەن پیاوەکانیانەوە کە ئەمانەش چەند هۆکارێکی لەو هۆکارانەی کە ئافرەتەکانمان بەتایبەتی پێوە دەناڵێت و پەنا دەبەنە بەر چەند دیاردەیەکی خۆکوژی وەکو خۆسووتاندن و خنکاندن.[٢٨]

تا ماوەیەک لەوەپێش، تیۆری فێمینیستی ئەو زەبروزەنگە پیاوانەی وەک «زەبروزەنگی ناوماڵ»(domestic violence) یان «زەبروزەنگی پاتریارکاڵ» لێکدەداوە. بەڵام ئەم چەمکانە پێوەندی نێوان «پیاوەتی» و زەبروزەنگ بە ڕێکوپێکی درنابڕن و ئێستە ئەو دیاردەیە وەک «تیرۆریسمی ماڵباتی (خانەوادەیی)» چاولێدەکرێ.[٢٩]

تیرۆریسمی ماڵباتی دیاردەیەکی جیهانی یە، هەم لە کۆمەڵگە و کولتووری مۆدێرنی وەک ڕۆژئاوا و هەم لە کۆمەڵگەی وەک کوردستان و پاکستان و ئوردۆن و هیندوستان باوە. *ئەتلەسی دۆخی ژنان لە دنیا* (چاپی ١٩٩٧) دەڵێ: «زەبروزەنگی ناوماڵ هۆیەکی سەرەکی سەدەمە و مەرگی ژنان لە سەرانسەری دنیایە». لە ئەمریکا هەر ڕۆژ ١٠ ژن بەو زەبروزەنگە دەکوژرێن. لەوانە ٧٤٪ یان دوای ئەوەی ژنەکە جویێ دەبێتەوە، یان داوای تەڵاق دەکا، یان پیاوەکە حوکمی دووربوونەوە لە ژنەکەی وەرگرتووە دەکوژرێن. ئەو ژنانەی کە لە لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆردا گوتوویانە ئەزموونی زەبروزەنگی ناوماڵیان هەیە لە ئەمریکا ٢٨٪. کانادا ٢٧٪، نۆرویژ و بلژیک ٢٥٪ و هولەند ٢١٪ی نفووسی ژنان بوون. ژمارەی زەبروزەنگی ناوماڵ کە لە ماوەی ساڵێک بە پۆلیس ڕاگیێندراوە لە ئینگلستان ٥٠,٠٠٠، لە فەڕانسە ١٣,٠٠٠، لە سوێد ١٧,٩٢٣، لە فینلاند ١١,٠٠٠ و لە ئوتریش (نەمسە) ١٢,٣٧٧ بوو.[٣٠] ڕوانگەی ناسیۆنالیستی، ئەگەر پێویستی بێ وەدوای ئامار و فاکتی وا بکەوێ بۆ دەربازکردنی نەتەوە و کڕینەوەی ئابرووی تکاوی کەڵکی لێ وەردەگرێ. ئەگەر لە ڕوانگەی فێمینیستی ـ مارکسیستییەوە جیهانیبوونی زەبروزەنگ لێکبدەینەوە، شکستی دوو سەدە ئەزموونی نەتەوەی مەدەنی و «دیمۆکراسی گەلیی» یان دیمۆکراسی بۆرژوایی لەو ئامارە و هەزاران ئاماری تر دەردەکەوێ. هەروەها ئەوە ڕووندەبێتەوە کە فێمینیسمی لیبێڕاڵی، کە دەیەوێ تەنیا بە گۆڕینی قانوون نیزامی پیاوەمەزنی ڕام بکا، وەک نەتەوەی مەدەنی/ دیمۆکراسی بۆرژوایی گەیشتۆتە بنبەستێکی مێژوویی.

**زانست و مێتۆد:** زانست و مێتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی لە بارودۆخی مێژووییدا پەیدابوون و مۆری دابەشبوونی نایەکسانی دەسەڵاتیان لێدراوە. زانستەکان بە گشتی و زانستی کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکان بەتایبەتی خسڵەتی چینایەتی و جنسێتییان هەیە. تەواوی ئەو زانستانە پیاوتەوەرانە و پیاوەمەزنانە بوون، بەڵام لە سی ساڵی ڕابردوودا زانستی فێمینیستی ـ لە سۆسیۆلۆژی ڕا بگرە تا بیۆلۆژی ـ و فەلسەفە و میتۆدۆلۆژیی فێمینیستی پەیدابووە. ئەوڕۆ فەلسەفە و حقووق و زانستی فێمینیستی تر، گۆڤار و قامووس و دائیرەتولمەعاریفی خۆیان هەیە و زانستی پیاوتەوەرانەیان شڵەژاندووە.[٣١]

لە ڕوانگەی مارکسیسم و فێمینیسمەوە هیچ زانستێک و هیچ میتۆدۆلۆژییەک بێلایەن نییە. لێکۆڵینەوە و میتۆدی منیش بێلایەن نییە. من لە لێکۆڵینەوە و دەرسگوتنەوەمدا بە ڕاشکاوی لایەن دەگرم ـ دژی ڕەگەزپەرستی، شۆڤێنیسمی نەتەوەیی، ئانتی سیمیتیسم، شۆڤێنیسمی پیاوانە و پیاوەمەزنێتی، فاشیسم، کۆلۆنیالیسم و ئیمپریالیسم، سزای ئیعدام، زوڵمی نەتەوەیی و زۆر دیاردەی لەو

چەشنانە. لە باسی نابەرابەریی ژن و پیاویشدا لایەن دەگرم. ئەو میتۆدەی کاک ئازاد باسی کردووە شێوەی لێکۆڵینەوەی پۆزیتیویستی و ئەمپریسیستی یە کە، سەرباقی ئیدعای بێلایەنی، لە گشت میتۆدۆلۆژییەک لایەنگرترە.

**سێکسیسم و زمانی کوردی:** کاک ئازاد چاوەڕوانی ئەوەیە کە من میتۆدی زانستی دەکاربێنم واتە دنیا ڕەش و سپی نەبینم، بە قووڵایی مەسەلەکاندا بچم، شتی لاوەکی نەکەم بە ئەسڵی، زەقکردنەوە و زلکردنەوەی بێجێ نەکەم، هەست و سۆز تێکەڵاوی لێکدانەوەکەم نەکەم و... بەڵام کاک ئازاد (لە ڕەخنەی بۆچوونەکانی من) خۆی ئەو میتۆدەی دەکار نەهێناوە.

کاک ئازاد بۆ ئەوەی ڕەخنە لە بۆچوونی من سەبارەت بە سێکسیست بوون و دژی ژنبوونی زمانی کوردی بگرێ دەبوو بە ڕەچاوکردنی میتۆدی خۆی، نووسراوە ٣٨ لاپەڕەییەکەی من («بەرهەمهێنانەوەی پاتریارکی لە زمانی کوردی دا») بخوێنێتەوە[٣٢] یان بە لانیکەمەوە وتووێژەکەی من بە وردی بخوێنێتەوە. ئەو دەڵێ، من «بە نموونە هێنانەوەی چەند وشەیەک...» گەیشتوومەتە ئەو ئەنجامە کە زمانی کوردی سێکسیستی یە. کاک ئازاد گوێی نەداوەتە ئەوەی من گوتوومە: «وشەگەلێکی زۆرم هێناوەتەوە» (گزینگ، ژمارە ٣٦، ل ١٧) و کاری بە وەی نییە کە لە وتووێژێکدا ناتوانم زیاتر لە چەند وشە بۆ نموونە بێنمەوە. من لە لێکۆڵینەوکەمدا، میتۆدی لێکۆڵینەوەم بەتایبەتی مەحدوودییەتەکانی لێکۆڵینەوەم باس کردووە. ئەو بێئەوەی لێکۆڵینەوەکە بخوێنێتەوە، خۆی بەو ئەتیجە گەیشتووە کە ژمارەی وشەی سێکسیست لە «چاو ژمارەی سەرجەمی وشەکانی زمانی کوردی چەند دڵۆپێکە لە چاو دەریایەک. کەوابوو بەو چەند دڵۆپە چۆن دەریای زمانی کوردی ئاوا لەبەر چاوی کاک ئەمیر لێڵ و پیس بووە؟».

ئەوە پرسیارێکی تەواو ناسیۆنالیستی یە و ڕەخنەی فێمینیستی لە پیاوەزنێتی زمانیی وەک ڕەخنە لە نەتەوەی کورد لە قەڵەم دەدا و لە ناموسی زمان و نەتەوە داکۆکی دەکا. لەباری تیۆرییەوە گوێ ناداتە ئەوەی کە ئەو باسە باسی ژمارەی وشە و نیسبەتی وشەکان بە یەکتر نییە و باسی دەزگای مانایی (semantic system)ی زمانی کوردیم کردووە و ئەوەش کێشەیەکی چۆنێتی یە نەک چەندێتی.

هەروەها، هەم لە لێکۆڵینەوەکەدا و هەم لە وتووێژەکەدا، باسی وشەم لە ئەدەبی زارەکی و ئەدەبی نووسراودا کردووە. تەنانەت باسی شێعری «گوڵی هیوا»م کردووە کە زمانەکەی(وشەکانی) و ڕوانگەی هەردووک سێکسیستین و «سەنگەرێکی نوێ» کە زمانەکەی سێکسیست نییە بەڵام ڕوانگە و بۆچوونی سێکسیستە. زمان نیزام یان سیستیمێکە کە لە چەند نیزام پێکهاتووە. مانا تەنیا لە وشەدا دەرناکەوێ. دەنگ، ڕیزکردنی وشە لە عیبارەت و ڕستەدا، دیسکۆرس (واحیدی زمانی زیاتر لە یەک ڕستە) و زەمینەی (context) قسەکردن و نووسین گشتیان مانا دروست دەکەن. هەروەها، من کە بە شێوەی دیالیکتیکی چاو لەو دیاردە ئاڵۆزانە دەکەم، زمان وەک سیستیمێک کە لە هەمان کاتدا داخراو و کراوەیە، سەربەست و بەستراوەیە و، بگۆڕ و نەگۆڕە لێکدەدەمەوە. جا بۆیە لە وتووێژەکەمدا گوتوومە «ئێمە ئەگەر ئاوا وشەی سێکسیستیش دەکارنەهێنین دژ بە ژن، دیسان دەکرێ بۆچوونەکانمان جیاوازی ژن و پیاوی تێدا بێ...» (گزینگ، ژ ٣٦، ل ١٨). کەوابوو زمان هەم لە نیزامی پاتریارکی سەربەستە و هەم بەو نیزامە بەستراوەتەوە. کاک ئازاد پێی وایە، زمانی کوردی دوورە لە پیاوەزنێتی و، ڕەخنەی فێمینیستی هێرشە بۆ سەر ئەو زمانە و پێویستە ئەو بەرگری لێبکا و بۆ ئەو بەرگرییە خۆی تووشی هەڵەی وادەکا کە دەڵێ زمان «شتێکی بێلایەنە».

**گۆڕانی کولتووری:** ئەگەر خوێنەرەوە وتووێژی منی نەخوێندبێتەوە، لەوانەیە باوەڕبکا بە قسەی کاک سیاوەش کە دەڵێ کولتوور لای ئەو دیاردەیەکی بگۆڕە و بۆ من شتێکی نەگۆڕە. من قەتڵی ناموسی وەک بەشێک لە کولتووری پیاوەزنانەی کوردی دادەنێم و گوتوومە لە ٨٠ ساڵی ڕابردوودا کولتووری بەرابەری ژن و پیاو واتە کولتووری فێمینیستی پەیدا بووە و نزیکەی ٥٠ - ٦٠ ساڵە خەبات لە دژی قەتڵی ناموسی دەکرێ (گزینگ، ژ ٣٦، ل ١٤-١٣). هەروەها سەردێڕی وتووێژەکەم باسی «کولتووری نوێ»ی کوردی دەکا: «ڕێگەی عەبدوڵلا گۆران، یەڵماز گۆنای و فادیمە شاهیندالێ»، هەروەها گوتوومە دەبێ بەو ڕێگایەدا بڕۆین و ئەو کولتوورە نوێیە پەرەپێبدەین.

کاک سیاوەش هەروەها پێی وایە من تووشی «گشتیکردن»و «سەرتاسەریکردن» و «بناغەگێڕان» بووم. ئەوانەی بای پۆستمۆدێرنیسمیان وێکەوتبێ، کاتی تێدامان لە موناقیشەدا، بە دەستڕێژی «گشتیکردن»، «سەرتاسەریکردن»، «بناغەگەریی»، «نەگۆڕیی» و چەند تاوانی تر، ئەیاری خۆیان سڵاردەکەنەوە و چاو لە خۆیان ناکەن بزانن چەندە گشتیگەری و سەرتاسەریگەری و بناغەگەریی دەکەن. با بێینە سەر باسی گۆڕان ونەگۆڕان.

من بۆ ئەوەی لە زمانی کوردەوە باسی کێشەی قەتڵی ناموسی بگێڕمەوە،باسی جیهانبینی پیاوەزنیم لە ***شەرەفنامە***دا کردووە و بۆچوونەکانی مەلا مەحموودی بایەزیدیم لە ***عادات و رسوماتنامە‌ء اکرادیە*** (١٢٧٤ک = ٥٩-١٨٥٨) گێڕاوەتەوە و لێکم داوەتەوە. لە بەر ئەوەی باسەکەی من پێوەندیی نێوان کولتووری کوردی و قەتڵی ناموسی یە، لە باری میتۆدۆلۆژییەوە پێویستە ڕوانگەی ئەوانەی لەو کولتوورەدا ژیاون تۆمار بکەم و لێکی بدەمەوە. بەڵام کاک سیاوەش بۆ ئەوەی پەڵەی قەتڵی ناموسی لە داوێنی نەتەوەی کورد بشواتەوە، کاری بەوە نییە من چیم گوتووە و بۆچی شەرەفخان و مەلا مەحموودم هێناونە گۆڕێ و، وەبەر دەستڕێژی «بناغەگێران» و «نەگۆڕیی»م دەدا. کاک سیاوەش بناغە و بونیاد(foundation)ی بە مەتن (تێکست) داناوە (ئەویش کتێب)، بناغە و مەتنی لێ تێکچووە و پێی وایە هەرکەس باسی مەتنێکی کۆنی کرد بناغەگەری دەکا، جا بۆیە کاری بە وەی نییە کە من ئەو مەتنانەم چۆن دەکارهێناوە. ئەو بۆچوونە بۆ بناغەگەری زۆر باوە و، لە نیهایەتی ساکاری و رووکاریدا بە خەیاڵیدا نایا کە مەتنی «تازە»ی وەک نووسراوەکانی فوکۆ و بودریار و لیۆتار خۆیان کراونەتە بەردی بناغەیەکی مەتین و، بە سمیتی مەتنە کۆن و تۆزلێنیشتووەکانی فریدریک نیچە کراونەتە پەرستگەیەکی پیرۆز بۆ تاعەت و عیبادەتی ئایینێکی نوێ ـ

پۆستمۆدێرنیسم ـ کە تەواوی دینە کۆنەکان ڕادەماڵێ بەڵام لە ژێر ئاڵای «جیاوازی» یان «تەفاوەت»دا دەیانپارێزێ. جا بۆیە سەیر نییە کە کاک سیاوەش ڕازی نییە بە وەی کە من بە لێکدانەوەی مەتنە کۆنەکان (*شەرەفنامە و عادات و رسوماتنامەء اکرادیە*) حەول دەدەم کە بناغەی پیاومەزنێتی کورد و بونیادی زەبروزەنگ لە ژنان برووخێ، بەڵام بۆ خۆی بە یارمەتی مەتنی «نوێ» (ڕوانگەی پۆسمۆدێرنیستی) ئەوەندەی بۆی دەکرێ بونیادی پیاومەزنی نەتەوەیی دەپارێزێ (بە جوێکردنەوەی قەتڵی نامووسی لە پاتریارکی، بە ناکولتووریکردنی قەتڵی نامووسی، بە بێگانەدانانی ئەو جینایەتە و...). ئەو گۆڕان لەوەدا دەبینێ کە قەتڵی نامووسی خەریکە دەفەوتێ و تەنیا لە بەعزە گوندێک و ناوچەیەک ماوە و، من گۆڕان لەوەدا بەدیدەکەم کە زەبروزەنگ و قەتڵ بەرینتر بووە بەڵام کۆمەڵگە گۆڕاوە و نیزامی پیاومەزنی ـ لەبارودۆخی وڵاتێکی وێران و شەڕێکی بەردەوام ـ حەول دەدا خۆی بپارێزێ: دوو لێکدانەوە لە پرۆسەی گۆڕان، دوو تیۆری و دوو سیاسەت.

بۆ من، کە حەولدەدەم لە ڕوانگەی دیالیکتیکەوە چاو لە دنیا بکەم، بوون لە حەرەکەت پێکدێ. لە ماتریالیسمی دیالیکتیکدا، حەرەکەت بە بێ ثبات (وەستان) نایەتە دی و وەستان بەبێ حەرەکەت بەدی ناکرێ؛ حەرەکەت موتڵەقە و سوبات نیسبی یە. بەڵا مەسەلە تەنیا دانانان بە گۆڕان نییە. کێشەی سەرەکی، لە ڕوانگەی ماتریالیسمی مێژوویی، ئەوەیە: کام گۆڕان؟ گۆڕان بۆ کێ؟ بە دەستی کێ؟ بە قازانجی کێ؟ کاک سیاوەش لە ڕوانگەی پیاوتەوەرانە چاو لە پرۆسەی گۆڕان دەکا. ئەو «ئاڵوگۆڕی قووڵ و بنەڕەتی لە کولتووری کوردیدا» کە ئەو بەدیدەکا پەیدابوونی دیاردەی نوێ وەک شێعری «بەردەنووسێک»، فیلمی «یوڵ» یان وتاری فادیمە شاهیندالْ لە پارلەمانی سوێد نییە. ئەو ئاڵوگۆڕە، پەیدابوونی وشیاری فێمینیستی و توندوتیژبوونی ناکۆکی نێوان ناسیۆنالیسم و فێمینیسم نییە.

**«هەموو کولتووری کورد»**: کاک سیاوەش دەنووسێ: «ئەگەر قەتڵی نامووسی لە نێو کورددا بە ژماردنیش بژمێردرێ ڕەنگە لە چەند پرۆمیلێک زیاتر تێنەپەڕێ. کەوایە نازانم بەڕێز حەسەنپوور بە چ جورئەتێکەوە ئەم دیاردەیە وەپاڵ هەموو کولتووری کوردییەوە دەدا». کاک ئازادیش ڕەخنەیەکی وای لە وتووێژەکەی من گرتووە. بەڵام هیچکامیان، ئەو میتۆدەی کە کاک ئازاد خۆی وەک شێوەی لێکۆڵینەوەی زانستی پێشنیاری کردووە، دەکاریان نەهێناوە. ئەو ڕەخنەیەی وان کاتێک وەڕاستی دەگەڕا کە من تەواوی کولتووری کوردم لە نیزامی پاتریارکیدا کورت کردباوە. بەڵام من گوتوومە کوردەواری، واتە شێوەی سوننەتی ژیانی کورد، نیزامێکی پیاومەزنانەیە و ئێستە کولتووری نوێ پەیدا بووە و ئەگەر نوێنەرانی نیزامی پیاومەزنی ڕۆشنبیری وەک شەرەفخان بوون، نوێنەرانی نیزامی نوێ فادیمە شاهیندالْ و گۆنای و گۆرانن. لە ڕوانگەی منەوە، کاتێکی فێمینیسم، مارکسیسم، کۆمۆنیسم و لیبرالیسم هاتنە ناو کولتووری کورد و بوون بە بەشێک لە ژیانی فکری و سیاسی خەڵک ئیتر بێگانە نین و بەشێک لە مێژوو و کولتووری گەلن.

من دەڵێم و گوتوومە کە قەتڵی نامووسی و زەبروزەنگی تر بەشێک لە کولتووری پیاومەزنی کوردن. ئێوە بۆ گشت لایەکی ڕوونبکەنەوە کە وا نییە.

**«مارکسیست و فێمینیستی قارەمان»**: کاک ئازاد دەڵێ من مارکسیست و فێمینیستانم «لە ڕیزی قارەمانانی خەبات» داناوە و ڕووناکبیرە ناسیۆنالیستەکانیشم بە پاساوەدەر و پاکانەکەری قەتڵی نامووسی لە قەڵەم داوە. دیسان کاک ئازاد میتۆدەکەی خۆی دەکارنەهێناوە. ئەوەی من گوتوومە ئەوەیە: «بە بڕوای من قووڵترکردنی ئەو خەباتە پێویستی بە جیهانبینییەکی مارکسیستی ـ فێمینیستی هەیە». دیارە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان «قووڵترکردنی»خەبات و «قارەمانێتی». لە ڕادەی تاقەکەسدا، ڕۆشنبیری ناسیۆنالیست دەتوانێ تەواو دژی زەبروزەنگ لە ژنان بێ و خەبات بکا بۆ لەناوبردنی زەبروزەنگ. لە نێو کورددا، باسی «مەسەلەی ژن» و ئازادی ژن هەوەڵجار لە لایەن ناسیۆنالیستەکانەوە هاتەگۆڕێ (ئەوکات هێشتا لە نێو کورددا، مارکسیست و سۆسیالیست و کۆمۆنیست نەبوون). خەبات لە دژی خورافاتی دینی هەوەڵجار ناسیۆنالیستان دەستیان پێکرد (حاجی قادر کۆیی).

ئەوەی من گوتوومە هیچ پێوەندی بە «قارەمانێتی» ئەم و ئەو نییە. من گوتوومە ناسیۆنالیسم دیاردەیەکی پیاوانە و پیاوتەوەرانەیە و ناتوانێ کێشەی نابەرابەری ژن و پیاو چارەسەر بکا. ئەو تێدامانە و ئەو نەتوانینە لەبەر ئەوەی نییە کە ناسیۆنالیستان نایانەوێ یان ناتوانن وەک «قارەمان» بوێر بن و گیانی خۆیان بەخت بکەن. بەپێچەوانە، ناسیۆنالیستان هەر ئان ئامادەن گیانی خۆیان بۆ ڕزگاری نەتەوە بەخت بکەن بەڵام نایانەوێ بۆ ڕزگاری چینە چەوساوەکان یان بۆ ڕزگاری ژنان ژیانی خۆیان وە مەترسی بخەن. ئەوەش دیاردەیەکی سیاسی و ئیدەئۆلۆژی یە. تاقەکەسی ناسیۆنالیست دەتوانێ ببێتە فێمینیست بەڵام ناتوانێ لە چوارچێوەی فێمینیسمی لیبراڵ یان ڕادیکاڵ بێتەدەرێ.

**«کوردستانی دڕندە»**: کاک ئازاد دەیەوێ من کارێک نەکەم کە ئوروپاییەکان بە نووسینی من «کوردستانی دڕندە»ی کارل مای (Karl May)یان وەبیربێتەوە. جارێ با ئەوە ڕوونبێتەوە کە *کوردستانی هوڤ* ڕۆمانە و باسی گەشتی نووسەر لە کوردستان نییە و نووسەر کوردستانی نەدیبوو. هەروەها کارل مای پێی وانەبوو کە کوردستان یان گەلی کورد «دڕندە»ن.[۳۳] بەڵام با وای دابنێین کە ئوروپاییەکان بە خوێندنەوەی *د ناڤ کوردستانا هوڤ را* (*Durchs Wilde Kurdistan*) پێیان وابێ کوردستان «دڕندە»یە. ئەوەش ئاشکرایە کە ڕەگەزپەرستی ئوروپا و تورک و عەرەب، کورد وەک وەحشی و دڕندە چاولێدەکەن، چارە چییە؟

کاک سیاوەش و کاک ئازاد پێیان وایە بۆ بەربەرەکانیکردنی ڕەگەزپەرستی، دەبێ کوردان بە تێکڕایی و هاوڕایی بەرگری لە تەواوێتی نەتەوەی کورد بکەن و کورد وەک نەتەوەیەکی پاک و خاوێن کە بە دوورە لە ژنکوشتن بە دنیا بناسێنن. بەڵام ئەو پرۆژەیە سەرناکەوێ.

هیچ نەتەوەیەک پاک و خاوێن نییە. نەتەوەی کورد نە لە نەتەوەکانی تر باشترە نە خراپترە. نەتەوەی ئاڵمان، فاشیسم و هولکاست و شەڕی

جیهانی بە دیاری بۆ نەتەوەکانی تر هێنا. نەتەوە مەدەنییەکانی فەڕانسە و ئینگلیس و ئەمریکا، کۆلۆنیالیسم و ئیمپریالیسم و کۆیلایەتی و جێنۆسایدی گەلە بوومییەکانیان (لە ئەمریکا و ئوسترالیا و ئەفریقا و جێگەی تر) لە مێژووی مۆدێرندا تۆمار کرد. لیستکردنی ئەو «لایەنە تاریکەی نەتەوە» پێویستی بە هەزاران لاپەڕە هەیە. دیاردەی «مۆدێرنیتە» لەگەڵ دیاردەی هولکاست و جێنۆساید تێکەڵاوە. ئەوڕۆش، حکوومەتی ئەمریکا هەرچی دەستکەوتی دیمۆکراسی بۆرژوایی یە و خەڵکی ئەمریکا بە دووسەد ساڵ خەبات وەدەستیان کەوت پێشێلی کردووە.

بۆرژوازی ڕۆژئاوا و ڕۆشنبیرەکانی حەولدەدەن «لایەنە تاریکەکەی نەتەوە»[34] وەک هەڵکەوت، وەک لادان لە ڕێگەی ڕاست، یان وەک هەڵە لە قەڵەم بدەن و بڵێن جێنۆساید و هولکاست و یووجێنیکس(Eugenics تیۆری و پراتیکی دروستکردنی ڕەگەزی ڕەسەن و خاوێن) و کۆیلەداری بەشێک لە دەسەڵاتی سیاسی نەتەوە نەبوون. ڕۆشنبیری ناسیۆنالیستی کوردیش بەو ڕێیەدا دەڕوا و دەیەوێ بڵێ کە قەتڵی ناموسی، شەڕی «براکوژی» و دیاردەی دزێوی تر پێوەندیان بە نەتەوە و کولتوور و سیاسەتەوە نییە.

لە ڕوانگەی منەوە، ئەوەی بکرێ بە مەدەنییەت دابندرێ خەباتە لە دژی نیزامی گنخاوی چینایەتی، پیاوسالاری و ڕەگەزایەتی. لە ڕۆژئاوا، هەرچی دەستکەوتی دیمۆکراسی یە ــ لە مافی دەنگدانی ژنان ڕا بگرە تا بێبەشکردنی دەوڵەت لە مافی ئیعدامکردن ــ بە خەباتی درێژخایەنی فکری و سیاسی و قانوونی و، بە خۆپێشاندان و مانگرتن و چالاکی تر بەدیهاتووە و، هیچ زەمانەتێک نییە ئەو دەستکەوتانە پێشێل نەکرێن (دوای هێرشی تیرۆریستی ١١ سێپتامبر بەشێکی گرینگی ئەو دەستکەوتانە لە ئەمریکا و کانادا پێشێل کراون).

بەربەرەکانیکردنی ڕەگەزپەرستی دژی کورد لە ئورووپا بە ئینکاری قەتڵی ناموسی یان بە ناکولتووریکردن و عەرەبی و ئیسلامی کردنی ئەو جینایەتە ناکرێ. زۆربەی ڕەگەزپەرستان خۆیان دژی ژنن و فێمینیسم و مارکسیسم و کۆمۆنیسم بە میراتی کولتووری و سیاسی خۆیان لە قەڵەم نادەن.[35]

کوردێکی بۆ بەرگریکردن لە خۆی و نەتەوەی خۆی بڵێ من «ئاریاییم» و نەتەوەکەم «ئاریایی»یە خۆی دەکەوێتە داوی ڕەگەزپەرستی. بیری ڕەگەز و نەتەوەی ئاریایی بەرهەمی ڕەگەزپەرستی سەرمایەداری لە ڕۆژئاوایە. ڕەگەزپەرستان لە ئورووپا. دیاردە و چەمکی ڕەگەزی ئاریاییان داتاشی و ڕۆشنبیرە ناسیۆنالیستەکان دوای شەڕی جیهانی هەوەڵ ئەو بیرەیان وەرگرت و کوردیان کردە ئاریایی. کورد لە باری ڕەگەزەوە تەواو تێکەڵە و، شکڵ و فۆرمی دەموچاو و ڕەنگی پێست و چاو و نیشانی بیۆلۆژی و جەستەیی سەرچاوەی کولتوور و بیرکردنەوە و ساختی کۆمەڵایەتی نییە و، هیچ ڕەگەزێک لە ڕەگەزێکی تر باشتر یان خراپتر نییە. کۆمەڵە زمانی هیندوئورووپاییش هیچ پێوەندی بە ڕەگەزەوە نییە. ئەوانەی بە یەکێک لە زمانەکانی هیندوئورووپایی قسە دەکەن لە باری ڕەگەزییەوە جیاوازن یان تەواو تێکەڵن. دینی زەردەشتیش تەواو پیاوسالارانەیە و کەس نەیتوانیوە تەواو بیسەلمێنێ کە کورد زەردەشتی بووە.

ناسیۆنالیستی غەیری عەرەب ــ ناسیۆنالیستی فارس، تورک، ئالبانی، ئەفغانی و... ــ گشتیان وەک ناسیۆنالیستە کوردەکان و بگرە زوورتریش لەوان گوتوویانە کە ژن لە نێو کۆمەڵگەی خۆیان لە پێش ئیسلامدا ئازاد بووە بەڵام ئیسلام و عەرەب نابەرابەری و زوڵم لە ژنانیان بە سەر واندا داسەپاندووە. ئەوانە ڕابردووی عەشیرەیی خۆیان وەک عیرقی نەتەوەیی و ڕەگەزی دادەنێن و پێیان وایە عەرەب بە ڕەگەز و کولتوور و ئایین و مێژوویەوە دواکەوتوو و دزێو و دژی ژنە. ئەو بۆچوونانە تەواو ڕەگەزپەرستانەن. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە خەبات لە دژی ئیستیبداد و لە دژی پیاوسالاری لە نێو عەرەبان زوورتر لە کورد و فارس و تورک و ئەفغانی دەستی پێکرد، ئەوەش لەبەر ڕەگەز و قەومییەتی عەرەب نییە و هۆگەلی مێژوویی هەیە. بە پێچەوانەی بۆچوونی کاک ئازاد، فێمینیستی عەرەب و فارس کولتوور و زمانی خۆیان بە سێکسیست و دژی ژن و پیاوسالارانە دادەنێن.[36] ئەو پرسیارە کە بۆچی «هیچ پسپۆڕ و شارەزایەکی فارس و یان غەیرە فارس» ژنکوشتن یان سەنگسارکردنی ژنان بە بەشێک لە کولتووری خۆیان دانانێن پرسیارێکی ناسیۆنالیستی یە، چونکە دەیەوێ ناموسی کورد لە نێو نەتەوەکانی دی بپارێزێ. ئەوە لە هەمان کاتدا پرسیارێکی پاتریارکاڵە چونکە ئابڕووی نەتەوەی پێ لە مافی ژینی ژنان گرینگترە. ئەگەر هیچ فارس و عەرەب و تورکێک ژنکوشتن وەک بەشێک لە کولتووری پیاوسالارانەی نەتەوەی خۆی لە قەڵەم نەدا، دیسان هەر کوردێکی بڕوای بە ئازادی، بەرابەری و عەداڵەت بێ دەبێ دان بنێ بە خۆماڵیبوونی ژنکوژی و لە دژی ئەو دڕندەگەرییە شۆڕش بکا.[37]

کاک سیاوەش دەپرسێ بۆچی ئەگەر کوردێک هەتا نەڵێ من ژنکوژم نابێ بە ژنەکوژ؟ ئەو پرسیارەش پیاوسالارێتی و نەتەوەگەری لێ دەبارێ. بە خۆماڵی دانانی قەتڵی ناموسی هیچ کوردێک ناکا بە ژنکوژ بەڵام ئینکارکردنی ئەو جینایەتە، گوێ لێ ئاخنینی، بە بێگانەدانانی، پەراوێزەکردنی و خەبات نەکردن لە دژی، هەموو کوردێک لە ژنکوشتن و ژنکوژان نزیک دەکاتەوە. ئینکارکردنی قەتڵی ناموسی، وەک ئینکاری جێنۆساید، درێژەپێدان و بەشداریکردنە لەو جینایەتە. هەروەها ئەگەر تورکێک و فارس و عەرەبێک ئینکاری زوڵمی نەتەوەیی لە کورد بکەن، ئەگەر ئینکاری شۆڤێنیسمی نەتەوەیی فارس و عەرەب و تورک بکەن و، ئەگەر ئینکاری جینۆسایدی درسیم و ئەنفال بکەن خۆیان دەبنە شۆڤێنیست و درێژە دەدەن بە سیاسەت و پراتیکی جینۆساید (ئاشکرایە ئەگەر کوردێک ئاگای لە کێشەی پیاوسالارێتی نەبێ یان تورکێک، فارسێک و عەرەبێک نەزانێ شۆڤێنیسمی نەتەوەیی و درسیم و ئەنفال و کوردکوژی چن، هەڵوێست و کرداریان زۆرتر لە بەر نەزانینە و بێنەوەی بزانن یارمەتی دەدەن بە بەردەوامبوونی دەسەڵاتی پیاوسالاری و نەتەوەیی).

شوشتنەوەی پەڵەی قەتڵی ناموسی ــ ئەگەر بشۆرێتەوە ــ تەنیا بە خەباتی درێژخایەن و قووڵ و بەرین بۆ بنەبڕکردنی ئەو جینایەتە دەکرێ. بنەبڕکردنیش بەبێ ناسینی سیاسەت و کولتووری قەتڵی ناموسی و زەبروزەنگ لە ژنان و بەبێ بەربەرەکانیکردنی هەمەلایەنەی نیزامی

پیاوەزنی ئیمکانی نییە. ئەرکێکی ڕۆشنبیران «ڕەخنەی بێبەزەییانە»یە لە نیزامی پیاوەزنی و لە ناسیۆنالیسم. لە ئەو چەشنە ڕەخنەیەدا، مارکس گوتەنی، ڕەخنەگر لە ئاکامی ڕەخنەی خۆی ناترسێ و لەوەش ناترسێ کە تووشی ناکۆکی لەگەڵ دەسەڵاتداران بێ.

لە کاتێکدا کە قەتڵی نامووسی و خۆکوژی ژنان درێژەی هەیە و پەرەدەستێنێ، پدک و ینک حەولدەدەن ئابڕووی حیزب و حکوومەتی خۆیان بپارێزن. بۆ وێنە کۆلیژی پۆلیسی حکوومەتی پدک لە ساڵی ٢٠٠١ دەستی کرد بە «پێگەیاندنی ئەفسەرانی ئافرەت» و، لە ساڵی ٢٠٠١دا شەش ژن لە خولی هەوەڵی پێگەیاندندا بەشداریان کرد.[٣٨] هەروەها بۆ هەوەڵجار ژنێک ڕێگەدرا ببێتە قازی و هەردوو حکوومەت بڕیاری جیناییکردنی قەتڵی نامووسییان دا. لەگەڵ ئەوەشدا هەر هەنگاوێک بۆ لابردنی لەمپەری پیاوانە لە پێش پێی ژنان هەڵبگیرێ باشە، ئەو حەولانە زۆرتر پینەوپەڕۆکردنی شڕوشیتاڵی کوردایەتی ـ پیاوەزنێتی دەسەڵاتدارە. ئەوە حەولدانێکە بۆ «کۆنترۆڵکردنی زیان» (damage control) کە دەسەڵاتداران لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بە شێوەیەکی ڕاشکاو و بە میتۆدی «زانستییانە» و بە پارەی زۆر بەڕێوەی دەبەن (دەڵێن «زەرەر لە نیوەش بگەڕێتەوە هەر قازانجە»). ئێستە هەرکەس ڕەخنە لە باری ژیانی ژنی کورد بگرێ پێی دەڵێن ئێمە هەوەڵ نەتەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستین کە قازی ژن و پۆلیسی ژنمان هەیە و قەتڵی نامووسیمان قەدەغەکردووە.[٣٩] لەگەڵ ئەوەشدا کوردستانی ژێر دەسەڵاتی کورد هێشتا زۆر لە سوێد و فەڕانسە و کانادا وەدواکەتووە ـ لە باری پێوەندی جینسێتی ـ ئێستە بە چەند ژنی پۆلیس، ژنی قازی و ژنی پارلمانتێر گەیشتۆتەوە کاروانی مۆدێرنیتە.

بەڵام بەردەوامبوونی قەتڵی نامووسی و زەبروزەنگ لە وڵات و لە دەرەوەی وڵات ئەو خەوە خۆشە دەشێوێنێ. پیاوەزنی دەرەبەگی ـ عەشیرەیی بەو پینەوپەڕۆیانە نابێتە پیاوەزنێتی مۆدێرن. ئەگەر دوو حکوومەتی هەرێم بیانەوێ هەنگاوێک بۆ چارەسەرکردنی زەبروزەنگ و قەتڵی نامووسی هەڵبگرن دەبێ بە لانی کەمەوە دوو بەڵگەی گرینگی نەتەوە یەکگرتووەکان «بەگیان و بەدڵ» وەربگرن، بیانکەن بە کوردی، بڵاویان بکەنەوە و ئامانجەکانیان بە ئامرازی قانوونی، ئیداری و قەزایی و بەتەواوی توانایی خۆیان بەدیبێنن:

١- پەیمانی لەناوبردنی گشت شێوەی تەبعیز لە ژنان

Convention on the Elimination of All Forms of Discrimination Against Women (CEDAW)

٢- بڕیاری «کارکردن بەرەو لەناوبردنی جینایەت لە دژی ژنان کە بە نێوی نامووس دەکرێ»

Working Toward the Elimination of Crimes Against Women Committed in the Name of Honour

پێداچوونەوەی ئەو بڕیارە لە نەتەوە یەکگرتووەکان تەواو بووە و دەیانەوێ بە ١٣ زمان بڵاوی بکەنەوە. ئەو ١٣ زمانە، کورمانجی و سۆرانی و زازای تێدایە نەک لە بەر ئەوەی زمانی کوردی لە باری زمانییەوە زۆر گرینگە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە قەتڵی نامووسی لە نێو ئاخێوەرانی ئەو زمانانە باوە.[٤٠]

دوو حکوومەتی هەرێم لەوانەیە بیانوو بێننەوە و بڵێن ئێمە دەوڵەتێکی تەواو نین و ناتوانین پەیمان و قەراری نەتەوە یەکگرتووەکان پەسند بکەین. بەڵام بیانووی وا تەنیا دەتوانێ فکر و سیاسەتی پیاوەزنی زۆرتر هەڵبڕژێنەدەر. دەوڵەتی وا هەیە کە ئەو بەڵگانەی پەسند کردووە و گوێی خۆی لێ ئاخنیوە. حکوومەتی کورد ئەگەر نەشتوانێ بە شێوەی ڕەسمی ـ لە پارلمان ـ پەسندیان بکا دەتوانێ ئەو دوو بەڵگانە بکاتە چوارچێوەی سیاسەت و بەرنامە بۆ دامەزراندنی ڕێژیمێکی دیمۆکراتییانەی پێوەندیی جینسێتی (gender).

ڕۆشنبیری کورد، ژن و پیاو، ئەگەر بیەوێ دەورێکی مێژوویی بگێڕێ دەبێ لە پێشدا بەربەرەکانی بیروبۆچوون و کردەوەی پیاوەزنانەی خۆی بکا ـ ئەوەش بە فێربوونی زانستی و فکر و بۆچوونی فێمینیستی و بە بەشداریکردن لە خەبات دژی پاتریارکی ئیمکانی هەیە. دەبێ ڕەخنە لە گشت لایەنی ژیانی کورد، ڕابردوو و ئێستە، بگرێ. دەبێ زانستی فێمینیستی وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی. دەبێ فشار بێنێ بۆ سەر دوو حکوومەتی کورد هەتا پەیمان و بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان داپێن بکەن.

هەڵگرتنی هەنگاوی وا ـ ئەگەر جیدی و بەرین و گشت لایەنە بێ ـ دەتوانێ ئیماژی «کوردستانی وەحشی» یان «کوردستانی دڕندە» بگۆڕێ بەڵام ناتوانێ کۆتایی بە دڕندەگەریی نیزامی پیاوەزنێتی بێنێ. ئەوانە گشتی هەنگاوی بەرەو پێشەوەن بەڵام لە چوارچێوەی باری باودا خولدەخۆنەوە و پیاوەزنێتی دەرەبەگی ـ عەشیرەیی دەکەن بە پیاوەزنێتی مۆدێرنی بۆرژوازی. نیزامی پیاوەزنی نە بە نەتەوەی مەدەنی و ناسیۆنالیسمەکەی دەڕووخێ نە بە گەمەی ئانالیزی گوتاری (discourse analysis) و لە ماڵ دانیشتن و قسەی زلکردن. مێژووی چەند هەزارساڵەی پیاوەزنی کاتێک بەرەو کۆتایی دەڕوا کە ژن و پیاو وشیارانە بەرەنگاری نابەرابەری جینسێتی، جینایەتی و ڕەگەزی و گشت چەوسانەوە و زوڵم بن.


1- **A. L. Kroeber and C. Kluckhon**, *Culture: A Critical Review of Concepts and Definitions*.

٢- بۆ وێنە بڕوانە باسی Culture لەو دوو قامووسەدا:

**Thomas Barfield** (ed.), *The Dictionary of Anthropology*. Blackwell, 1997.

**Gordon Marshall** (ed.), *The Concise Oxford Dictionary of Sociology*. Oxford, 1996.

3- **Leslie White**, "The concept and components of culture", *The New Encyclopaedia Britannica*, Vol. 16, 1998, pp. 874-881.

٤- بڕوانە سەرچاوەی پێشوو.

5- **Maria Leach**, *Funk and Wagnalls Standard Dictionary of Folklore, Mythology and Legend*, 1949.

6- **T. O'Leary** and **D. Levinson**, *Encyclopaedia of World Cultures*. 1991.

7- **J. Simson** and **S. Roud**, *A Dictionary of English Folklore*. 2002.

8- **Joni Seager**, *The State of Women in the World Atlas*. Penguin Books. 1997, pp. 26-27.

٩- قادر فتاحی قاضی، *امثال و حکم کردی*، تبریز، ١٣٦٤، ص ٢٧٣؛ *امثال و*

حکم کردی (بخش دوم)، ۱۳۷۵، ص۱٤۹.

۱۰- **عبدالخالق علاء الدين**، *دلدار: شاعیری شۆڕشگێڕی کورد*، ۱۹۵۸، ل ۲۱۷.

۱۱- **عەبدولخالیق مەعرووف**، *ئادەمزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا*، ۱۹۸۵، ل ۱۳۰.

12- **R. Peters**, "Zinà"; *The Encyclopaedia of Islam*. New Edition, Vol. XI, 2002. pp. 509-510.

۱۳- کوردستان، ژمارە۱۷، ۱ی رەشەمە ۱۳۲٤ (۱۹٤٦)، ل ٤. ئەو ئاگادارییە بە رێنووسی کۆن نووسراوە و من رێنووسەکەم گۆڕیوە و خاڵم بۆ داناوە. ئەو ئاگادارییە لە زۆر ژمارەی کوردستان دا بڵاوبۆتەوە.

۱٤- **میرزا محمدامین مەنگوڕی**، *بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ۱۹۱٤ەوە هەتا ۱۹۵۸*، بەشی یەکەم، سوید ۱۹۹۹، ل ۱۳۸-۱۳۷. رێنووسەکەم گۆڕیوە.

۱۵- سەرچاوەی پێشوو، ل ۱٤۱.

۱٦- بڕوانە باسی «تیۆری سیستیمەکان» (systems theory) لە:

**A. Edgar** and **P. Sedgwick** (eds.), *Key Concepts in Cultural Theory*. Routtledge, 1999, pp. 400-42.

ئەوەندەی من ئاگام لێ بێ هەوەڵجار مارکس ئەو باسەی لەمەڕ سیستیمی سەرمایەداری هێناوەتە گۆڕێ: «هەر پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنان، کاتێک وەک کوللێکی بەیەکەوەلکاو چاولێبکرێ کە لە ڕەوتی هەمیشەیی ژیانەوەی نەپساوە دایە، لە هەمان کاتدا، پرۆسەیەکی بەرهەمهێنانەوەیە (reproduction).» (کاپیتال، بەرگی ۱، فەسڵی ۲۳).

۱۷- بۆ وێنە بڕوانە ئەو سەرچاوە و بیبلیۆگرافییەکەی لاپەڕەی ۱٤۸-۱۳۵:

**Nira Yuval-Davis**, *Gender and Nation*, Sage, 1997.

بۆ باسی فێمینیسم و ناسیۆنالیسم لە کوردستاندا بڕوانە:

**Shahrzad Mojab**, *Women of a Non-State Nation: The Kurds*, 2001 (secend print 2003).

۱۸- مەبەستم ئەوە نییە کە بڵێم دین و دەوڵەت لە دیمۆکراسی بۆرژوایییدا تەواو لێک جوێ کراونەتەوە. بەڵام دیمۆکراسی بۆرژوایی ــ بەتایبەتی جەرەیانی ڕادیکاڵی ــ جیاکردنەوەی دین و دەوڵەت وەک شەرت و مەرجی پێکهاتنی دیمۆکراسی چاو لێدەکا.

۱۹- باوکی «پێلا» نەیوێرا بگەڕێتەوە سوێد بەڵام دوو مامەکەی کە گەڕانەوە گیران و دوای دادگایەکی دووروودرێژ حەبسی ئەبەدیان درایە (خوشکە چکۆڵەی پێلا، هەواڵی ئەو جینایەتەی بە دەوڵەتی سوێد ڕاگەیاند).

بۆ کورتە باسێکی ناتەواو بڕوانە: *زنجیرەیەک لە تراژیدیای تاوانەکانی دژ بە ژنان*، ئامادەکردنی **ڕووناک فەرەج رەحیم و هانا شوان**، بڵاوکراوەی ڕۆژنامەی *ژیانەوە*، سلێمانی ۲۰۰۰ (ل ۸-۷). گۆڤاری *روناهی* کە لە هەولێر بڵاودەبێتەوە لە ژمارە ۷دا (ساڵی لە سەر نەنووسراوە بەڵام دەبێ ۲۰۰۱ بێ) لە ژێردێڕی «لە سوید... کچێکی کورد خەڵتانی خوێن کرا!» (ل۱۸) باسی ئەو جینایەتە و موحاکەمەی دوو مامەکەی لە سوید کردووە بەڵام ئەوەی شاردۆتەوە کە ئەو جینایەتە لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی پدک و لە دهۆک کرا و دادگای دهۆک حوکمی بەرائەتی بە جینایەتکارەکان دابوو. ئەو هەواڵە لە سوێدەوە «تایبەت بە روناهی» بۆ گۆڤارەکە نێردراوە. لە سوێد تەلەڤیزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤار بە وردی باسی حوکمی دادگای دهۆکیان کردووە و وتوووێژ لەگەڵ رەئیسی پۆلیسی دهۆکیش چەند جار لە تەلەڤیزیۆن بڵاوکراوەتەوە کە گوتوویەتی ئامادەیە کچی خۆی لە سەر کێشەی ناموسی بکوژێ. گۆڤاری *روناهی* بە بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵە و بە بێدەنگی کردن لە دەوری حکوومەتی هەرێمی پدک لە بێتاوانکردنی قاتڵەکان و بە شاردنەوەی جێگەی قەتڵەکە و درۆوەلەسەی تر، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەو جینایەتەدا بەشداری کردووە. سەیر ئەوەیە کە لە لاپەڕەی پێشوودا (ل ۱۷) بە حەرفی درشت نووسراوە: «وەڵاتێ ئافرەت تێدا ئازاد نەبێت، خراب بێت باشترە». دەکرێ بپرسین کە وڵاتێک کە دەوڵەتەکەی حوکمی بێ تاوانی بدا بە ژنکوژان باشترە چی لێ بێ؟ *روناهی* دوادێڕی هەواڵەکەی ئەوەیە: «کچە گچکەکەش [خوشکی پێلا] هەنووکە لە ژێر چاودێری پۆلیسی سوید دا ژیانی ئاسایی خۆی بە سەر دەبات...!!» واتە لە سویدیش لە ترسی کەسوکاری ناوێرێ وەک ئینسانێکی ئازاد بژی.

۲۰- ئەو وتووێژە لە فیلمێکی بەڵگەییدا کە تەلەڤیزیۆنی سوێد بڵاوی کردۆتەوە تۆمار کراوە و لە ۲٤ی سێپتامبری ۲۰۰۲دا، بەرنامەی Diskus کەناڵی چواریش بڕیاری دادگا و وتووێژەکەی دیسان پێشانی بینەران دا.

۲۱- ئەوانەی کە پاراستنی ناموسی نەتەوەییان پێ گرینگترە لە پاراستنی ئازادی ژن تووڕەن لەوەیکە ئامرازی ڕاگەیاندن لە سوێد «مەسەلەکە گەورە دەکەنەوە». لەو ڕوانگەوە، مەسەلەی کوشتنی ژنان چکۆڵەترە لە مەسەلەی «گەورەی» ناموس و ئابڕووی نەتەوە.

۲۲- **د. شەماڵ چلەکەر**، *«کێشەی ژن وەک باسێکی کۆمەڵایەتی»*. *بەربانگ*، ژ ۱۲۳، ساڵی ۲۰۰۲، ل ۱۳-۱۲.

۲۳- ئەو ئامارەم بە کەڵکوەرگرتن لەو دوو سەرچاوە ساغکردۆتەوە:

**ڕێگا رؤوف و مظفر محمدی**، *هاوارێک لە کوردستانەوە*، بڵاوکراوەی سەنتەری پارێزگاری ژنان لە کوردستان، چاپی دووەم، سلێمانی، ۱۹۹۹.

**ڕووناک فەرەج رەحیم و هانا شوان**، *زنجیرەیەک لە تراژیدیای تاوانەکانی دژ بە ژنان*، ڕۆژنامەی ژیانەوە، سلێمانی ۲۰۰۰.

بۆ زانیاری زۆرتر سەبارەت بە ۳۳ حاڵەتی قەتلی ناموسی و بڕیاری دادگاکان بڕوانە:

**یاسین قادر بەرزنجی**، *مەرگی وەنەوشە: بەسەرهاتی (۳۳) تاوان لە دۆسیەکانی دادگاوە*. سلێمانی، ۲۰۰۲.

ئەو ئامارەی سەرەوە زۆر ناتەواوە و زۆرتر ژمارەی ژنە کوژراوەکان و خۆکوشتووەکانی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ینک دەگرنەوە و تەنانەت تەواوی حاڵەتەکانی ئەو ناوچەیەشی تێدا کۆ نەبۆتەوە.

۲٤- **دکتر محمد حسین یوسفی و فایق یوسفی**، *«بررسی علل خودسوزی در شهر سنندج درسال ۷۵-۱۳۷٤»*، آبیدر، شماره هشتم ۱۰ آبانماه ۱۳۷٦، ص۵.

۲۵- **نیان محەمەد ئەمین**، *«ئامارێکی سووتانی ئافرەتان و ئاماژەیەکی ترسناک»*، هاوڵاتی، ژ ۹۳، ۷/۱۰/۲۰۰۲، ل ٦.

۲٦- *«خۆسووتاندن،ئینتحارە...»*، هاوڵاتی، ژ ۹۷، ٤/۱۱/۲۰۰۲.

۲۷- بڕوانە پەراوێزی ۲۵.

۲۸- بڕوانە پەراوێزی ۲٦.

29- **Rhonda Hammer**, *Antifeminism and Family Terrorism: A Critical Feminist Perspective*. 2002.

۳۰- بڕوانە پەراوێزی ۸.

31- **Cheris Kramarae** and **Dale Spender** (eds.), *The Knowledge Explosion: Generations of Feminist Scholarship*. New York, 1993.

32- **Amir Hassanpour**, "The (Re)production of Patriarchy in the Kurdish Language".

ئەوە فەسڵێکە لە کتێبی:

**Shahrzad Mojab**, *Women of a Non-State Nation: The Kurds*, pp. 227-263.

۳۳- بڕوانە: **سالمی جاسم**، «کارل مای و د ناڤ کوردستانا هوف را»: *ڕاستی و فانتازی*، *هاڤیبون*، ژمارە ۹، ۲۰۰۱، ل ۱٤٦-۱۳۹.

۳٤- زۆربەی ئەوانەی کە ڕەخنە لە نەتەوە دەگرن لایەنی باش و خراپی تێدا بەدیدەکەن. «لایەنی تاریکی نەتەوە» بەشێک لە سەردێڕی ئەو کتێبەیە:

**H. Bannerji**, *The Dark Side of the Nation: Essays on multiculturalism, Nationalism and Gender*. Toronto, 2000.

۳۵- ڕۆشنبیرانی کۆنسێرڤاتیو لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان لە ساڵانی ۱۹٦۰ەوە هەڵایان سازکردووە و دەڵێن فێمینیسم و مارکسیسم و چەند ئیسمی تر لەcanon (بەرهەمە هەرە گرینگەکانی کولتوور و شارستانیەت لایان داوە.

۳٦- ڕەخنە لە پیاوەمەزنێتی لە نێو ڕۆشنبیری عەرەب و فارس زۆر باوە و کولتووری پیاوەمەزنی وەک شتێکی خوازراوە و بێگانە چاو لێ ناکەن. فێمینیستە عەرەبەکان دەستیان کردووە بە دەکارهێنانی زمانی غەیری سێکسیست و بۆ وێنە بڕوانە: **زلیخە ابوریشە**، *اللغە الغائبە: نحو لغە غیر جنسویە*، عمان، اردن، ۱۹۹٦.

ڕۆشنبیرانی فارسیش دەستیان کردووە بە ڕەخنەگرتن لە سێکسیسمی زمانی فارسی. بۆ وێنە بڕوانە: نیمە* دیگر(ویژە* زبان و زنان)، شمارە۲، پاییز ۱۳۷٤.

۳۸- ئەو ژنە ئەفسەرانە لە ۱۸/۷/۲۰۰۲ لە ئاهەنگی دەرچوونی کۆلیژی پۆلیس بەشداریان کرد: «یەکەمین پۆلی ئەفسەرانی ئافرەت ئاهەنگی دەرچوونیان گێڕا»، *ڕوناهی*، ژمارە۲٤، ۱/۸/۲۰۰۲، لاپەڕەی ۱۵.

۳۹- ئەو ئیدعایە ڕاست نییە و پۆلیس و قازیی ژن پێش ۱۹۷۹ لە ئێران هەبووە.

٤۰- هەنگاوێکی گرینگی تر ئەوەیە کە سزای ئیعدام بەبێ شەرت و مەرج ناقانوونی بکرێ. ئێستە بێجگە لە حکوومەت و پیاوی «بەناموس»، دەستەو دایەرە ئیسلامییە کۆنەپەرستەکانیش بە مەیلی خۆیان خەڵک دەکوژن.

**تێبینی**: لە وتووێژەکەدا (گزینگ ژ ۳٦، لاپەڕەی ۱۳، ستوونی یەک، دێڕی ۱۳) ساڵی ۱۷۸٦ هەڵەیە و ساڵی ۱۷۷٦ دروستە.

# ڕاپەڕینی وەرزێران لە ناوچەی موکریان

عومەر عەسری

زۆر لەمێژە چاوەڕوانم خێرخوایەک، شتێکی باشی تێروتەسەلی بە بەڵگە و سەنەد لە سەر ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی موکریان لە ساڵەکانی ٣٢-١٣٣١ (٥٣-١٩٥٢) دابنووسێ.

بەداخەوە، ئەوەی هەتا ئێستا لە سەر ئەو ڕووداوە گرینگە مێژووییە نووسراوە و گوتراوە، کەمتر بە شێوەیەکی زانستییانەی خۆماڵییانەی هەمەلایەنەی بێلایەن باسی لێوەکراوە، تەنانەت بە بەڵگە و دەلیلەوە لێی نەکۆڵدراوەتەوە و هۆی پێکهاتن و سەرهەڵدانی دیاری نەکراوە و، هەروەها بارودۆخ و سەردەمی ڕووداوەکە و زەمینەی ناوچەیی و کیشوەری لەبەر چاو نەگیراوە، هۆی کپبوون و دامرکاندنەوەی بۆ کۆمەڵانی خەڵک بەگشتی و زەحمەتکێشان بەتایبەتی ڕوون نەکراوەتەوە.

هەرکەس بە پێی زەوق و سەلیقە و پێخۆشبوونی خۆی شتێکی لە سەر نووسیوە، لێی زیاد کردووە و بە دەمیەوەداوە، یان سەروگوێلاکی تێککردووەتەوە و بە بێژینگی بیروباوەڕی خۆی دایبێژاوە. هێندێک جاریش میدالی چالاکییەکەیان لە قارەمانانی ڕاستەقینەی چیرۆکەکە نەستاندووەتەوە و بە ناحەق لە بەرۆکی ئەم یان ئەو حیزبیان داوە.

ساڵی ١٩٩٠، بەڕێز کاک «ئەمیری حەسەنپوور»، بۆی نووسیبووم: خەیاڵم هەیە شتێک لە سەر شۆڕشی جووتیارانی ناوچەی موکریان بنووسم و لە گۆڤاری مێژووی **کوردستان** دا بڵاوی بکەمەوە. هەروەها نووسیبووشی، وتارێکم سەبارەت بە شۆڕشەکە، لە کۆنفرانسی ساڵانەی «جەمعیەتی بنکەی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست» لە **تۆرەنتۆ** پێشکەش کرد، بەڵام ئەو وتارەم بە پەلە سازکردبوو، زیاتر لە ١٥ دەقیقەم فرسەت نەبوو بۆ پێشکەشکردنی. ئاماژەشی بەو سەرچاوانە کردبوو کە کەڵکی لێوەرگرتبوون، وەک: «تاریک و ڕوون» (مامۆستا هێمن)، «کاروانی شەهیدان» و «لە بیرەوەرییەکانم» (کەریمی حیسامی)، ڕۆژنامەی «کوردستان» (ساڵی ١٩٧٣)، ڕۆژنامەی ئیتیلاعات (ساڵەکانی ٣٢-٣١)، نووسراوەی گۆڤارێکی چاپی ڕووسی سەبارەت بە شۆڕشی جووتیاران لە ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان و، هەروەها وتووێژێکی کاک جەعفەری حەسەنپوور دەگەڵ کاک سەلاحی موهتەدی. داواشی لە من کردبوو ئەگەر لەوبارەوە شتێک دەزانم بۆی زەبتکەم یان بۆی بنووسم. منیش وتووێژێکی دوورودرێژم لە سەر بابەتەکە، دەگەڵ کاک جەعفەری حەسەنپوور پێکهێنا. دیارە، ئەمن وەک کورە وەرزێرێک کە خۆم بەشداری ڕووداوەکەم کردبوو، چیم دیتبوو یان بیستبوو، بە وردی و بێ کەم و زیاد بۆم باس کرد، دواتریش نامەیەکم لەوبارەوە بۆ بەڕێز کاک ئەمیر نووسی.

من لام وایە، دوو هۆی ئەساسی و سەرەکی ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی موکریان و خەڵکی شاری بۆکانیش بریتی بوون لە: **یەکەم**، ئەو زوڵم و زۆرییە لە ڕادەبەدەرەی ئاغاواتی ناوچەی موکریان، ئەو هەموو خەرج و پیتاک و بێگارە ناڕەوا و تاقەتپڕووکێنەی کە بە پشتیوانی ڕێژیمی شا، بە سەر خەڵکی فەقیر و هەژاری دێهاتدا فەرزکرابوون، ئەو گشت پەیمان و بڕیارانەی لە نێوان ئاغاکاندا دژی وەرزێران بەسترابوون، ئەو هەمووسووکایەتییەی بە سەر خەڵکیان دەهێنا بەتایبەتی لە ناوچەی فەیزوڵلابەگی... ئەوکات شاری بۆکانیش وەکوو گەورەدێیەک ئیدارە دەکرا، دەسەڵاتی تەواو لە دەستی ئاغاکاندا بوو، عەزل و نەسبی مەئموورینی دەوڵەتیش هەر بە دەستووری ئەوان بوو. تەنانەت زۆر بنەماڵەی بۆکان خاوەنی زەوی و زار و مەڕوماڵات بوون و، هەموو خەرج و پیتاکێکی باوی ئەوێدەمێی موکریانیان لێدەستێندرا. بەواتەیەکی تر، نیزامی ئاغا و ڕەعیەتی بە هەموو تایبەتمەندییەکانیەوە بە سەر شارەکەدا حاکم بوو. **دووهەم**، ئینقلابی میللی دێموکراتیک و دژی سەڵتەنەتی ئیستیبدادی بە ڕێبەریی موسەدیق و جیبهەی میللی لە ئێراندا، بەتایبەتی تەسویبی قانوونی (سەدی بیست) کە پشتیوانییەکی ئاشکرا بوو لە وەرزێران و دژایەتییەکی تەواو بوو لە ئاست دەرەبەگ و خاوەملکەکان و زۆربەی دەمڕاستان و کاربەدەستانی حکوومەتی و سیستمی ئاغا و ڕەعیەتی.

بە پێی ئەو قانوونە، لە سەدا بیستی ئەو دەودوو، یان سێ یەکی دەغڵودان و حاسڵاتی پاییزی و بەهاری کە ئاغاوات لە وەرزێرانیان هەڵدەگرت، لە ئاغاکانیان دەستاندەوە و نیوەیان دەداوە بە وەرزێرەکان و نیوەکەی دیکەشی دەدرا بە شووراکان هەتا سەرفی پاکوخاوێنی و ئاوەدانی دێهاتەکانی بکەن.

ئەو پشتیوانییە ئاشکرا و بێوێنەیەی دەوڵەت لە وەرزێران و، بوونی کەشوهەوایەکی لە باری سیاسی لە سەرتاسەری ئێراندا، هاندەرێک بوون بۆ ئەوەی وەرزێران دەستبکەن بە سرتوخورت، دانیشتن، کۆبوونەوە و یەکگرتنەوە، سوێندخواردن و بڕیاری جوابنەدانەوەی ئاغاکان و نەدانی خەرج و پیتاک و بێگاری نەکردن و، دانانی شوورا لە زۆربەی دێهاتەکانی ناوچەی موکریان. ئەوکات هیچ ماڵە وەرزێر و ڕەشاییەک نەبوو کە

عەکس(وێنە)ی د. موسەدیقی تێدا هەڵنەواسرابێ. کەم عەکسی شا لە ماڵان مابوون کە چاویان هەڵنەکۆڵدرابێ. شیعاری یا مەرگ یا موسەدیق وێردی سەرزاری گشت منداڵە وەرزێرێکی موکریان بوو. ئێستاش ساڵی موسەدیق لە ناو خەڵکی موکریاندا مادە تاریخە!

هەر لە سەرەتای پاییزی ١٣٣١(١٩٥٢)ەکەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ناکۆکیی نێوان ئاغا و گوندنشینەکان لە زیادبووندابوو، پێوەندیی نێوانیان بەتەواوی پسابوو، دەسەڵاتی ئاغا بە سەر مسکێندا نەمابوو. شووڕاکان کاروباری خەڵکیان ڕادەپەڕاند. ئاغا و لایەنگرەکانیان جورئەتی خەڵک و سەفەری ئەملا و ئەولایان نەبوو، ڕێگای چوونە بازاڕ و مزگەوتیان لێگیرابوو. لە زۆربەی دێهاتەکانی ناوچەی موکریان شەوانە خەڵک کێشکیان هەبوو.

دڵنیام ئەگەر وەزعەکە هەتا هاوین و فەسڵی خەلەوخەرمان و ئەستاندنی خەرج و پیتاک و بێگار درێژەی هەبا، هیچ وەرزێر و ڕەشاییەکی موکریان خەرج و پیتاکی بە ئاغا نەدەدا و کەسیش نەبوو بتوانێ بێگاریان پێبکات.

لە شاری بۆکانیش خەڵک لە دژی ئاغاکان ڕاپەڕیبوون. «حاجی قاسم» خەڵکی هاندەدا بۆ بەربەرەکانی و جوابنەدانەوە و سووربوون لە سەر داخوازییە ڕەوا و بەرحەقەکانیان. ئەو وەک ڕێبەر و ڕێکخەری خەڵک ناسرابوو. پێوەندی بە دێهاتەکانەوە هەبوو. لایەنگری موسەدیق و جیبهەی میللی بوو. چەند جار چووبوە تاران و چاوی بە «کەریمی سەنجابی» کەوتبوو، دەستووراتی پێویستیشی لێ وەرگرتبوو.

هەتا ئەو کات هێزی سەرکوتکەر و گۆپاڵی دەستی ئاغاکان ژاندرمە بوو. بەڵام لە دەورەی دەسەڵاتی موسەدیق و جیبهەی میللی و پاشەکشەی شادا، ژاندرمەری لایەنگری د. موسەدیق و جیبهەی میللی بوو. چونکە ژاندرمەری سەر بە وەزارەتی داخلی بوو. ئەو وەزارەتەش دەربەست لە ئیختیاری جیبهەی میللی و د. موسەدیق دا بوو. هەر بەو دەلیلەش بوو لە کاتی هێرشی داروودەستەی ئاغاکانی بۆکان بۆ سەر ماڵی حاجی قاسم و حوسێنی برای و ئاگرتێبەردانی ماڵەکانیان، ژاندرمە تەقەیان لێکردن و کەسێکیان بە ناوی «عەزیزی ئاغا» لێکوژرا و دووکەسیش بە ناوەکانی «ئەحمەدی ڕەسووڵ ئاغا» و «سەید برایم» بریندار کران و ئیتر هێزی ئاغاکان شکان و هەڵاتن.

تا دەهات ناکۆکییەکە لە شارودێ پەرەی دەستاند. وەزعەکە ئاڵۆزتر و پەرەگرتووتر و، خەڵکەکە یەکگرتووتر دەبوون. لە گوندەکانی گۆلێ، مەلالەر، عەمبار، ئاجیکەند، کانیتۆمار، قاجر، شاریکەند، قاراوا، ئالبلاغ، بەردەزەرد و تیکانتەپە شکڵ و شێوەیەکی توند و تیژتری بە خۆیەوە دەگرت. لە دێی گۆلێ خەڵک و ئاغا ــ لە سەر بەزۆربردنی کچ و ژنی وەرزێران بۆ شایی و ڕەشبەڵەک کە بە ئیفتیخاری «موزەفەری» فەرماندەی لەشکری مەهاباد سازکرابوو، پێکهەڵپڕژان. خەڵک هاواریان برد بۆ «مامۆستا شێخ عەزەددین»، ئەویش داوای بەربەرەکانی و جوابنەدانەوەی کرد و گوتی: با ئاغاکان کچ و ژنەکانی خۆیان بێنن و بۆ مەزەفەری هەڵپەڕێنن!! لە چەند گوندی ناوچەی فەیزوڵڵابەگیش، خەڵک دەستیان بە سەر چاڵ و عەمباری گەنم و دەغڵودانی ئاغاکاندا گرت و، زۆربەی ئاغاکان لە دێهاتەکان دەرکران. لە گوندی ئالبلاغی نزیک بۆکان و شاری بۆکان گیرسانەوە.

خەڵک لە ترسی هێرش و تۆڵە ئەستاندنەوەی ئاغاکان، هێزی بەرگرییان پێکهێنا. ئارمی تایبەتییان هەبوو (کە بریتی بوو لە دەسرەیەکی سپی کە لە ملیان دەهاڵاند). چەکی دەستیان داس و شەنە و تێلابوو. ڕەمز و نیشانەی شەڕ و پێکهەڵپڕژان، سەرکەوتن و چوونەپێش، یان پاشەکشە و شسکستیان دانابوو. لە نێوان گوندەکانی ئالبلاغ (مەرکەزی ئاغاکان) هەتا گوندەکانی یەکشەوە، قاتانقوڕ و قوڕەبەراز تەرمەکەدڕوو دانرابوون کە ئاگر تێبەردانی هەریەک لەوانە حاڵەتێکی لە دەستپێکردنی شەڕ، شکست و پاشەکشە، یان سەرکەوتنی نیشاندەدا. لە گوندی تیکانتەپەی قوچخان، نمایشتێکی زۆر سادە و ساکاریان سازکردبوو کە ئێواران لە ناو دێ نیشاندەدرا و خەڵکیان پێ هاندەدرا!

سەرەنجام ئەرتەش، بە هانای ئاغاکانەوە هات، سەرەتا پێوەندیی نێوان بۆکان و دێهاتەکان پچڕا. خەڵک هێرشیان کردە سەر ئەو ئاغایانەی کە لە ئالبلاغ بوون و، هەموویان لە مزگەوتدا بە گرەوگان گرتن. ئەرتەش و خەڵک لە پشت ماڵی ئالبلاغ پێکهەڵپڕژان. یەکەمجار ئەرتەش پاشەکشەی کرد، بەڵام لە درێژەی شەڕەکەدا ئەرتەش بە تانکەوە هێرشی کردە سەر خەڵک و تێکی شکاندن و ٢٠ تا ٣٠ کەسی لێگرتن و ناردنی بۆ مەهاباد.

پاش دەخالەتی ئەرتەش و شکستی خەڵکەکە لە ئاخری زستانی ساڵی ١٣٣١(١٩٥٢)دا هێزێکی گەورە لە ئاغایانی دێبۆکری و فەیزوڵڵابەگی و دەوروبەر بۆ سەرکوتکردنی گوندنشینەکان پێکهات. پێشەکی هەڵیانکوتایە سەر دێهاتەکانی فەیزوڵڵابەگی، خەڵکێکی زۆریان تاڵانکرد، سەدان سەر مەڕ و ماڵاتی خەڵکیان بە تاڵان برد. دەیان ماڵیان جەریمە کرد، یا پووڵی نەغدیان لێدەستاندن یان قەبزی عیندەلموتالەبەیان لێوەردەگرتن. دەیان ماڵە مەلا، وەرزێر و ڕەشایی لە دێ دەرکران و، چیان بۆ کرا بە سەر ئەو خەڵکە هەژار و داماوەیان هێنا.

لە دێهاتەکانی تری ناوچەکەش هەر لە گەردیگلان و قاراوای سەر بە سەقزەوە هەتا گوندەکانی شاریکەند، قاجر، سەیداوا، ئاجیکەند، کانیتۆمار، عەمبار، داشبەند، مەلالەر، گۆلێی چۆمی مەجیدخان، تالاو، بەفرەوان، قزلقۆپی و دێی مەنسووری شاماتی میاندواو، هێزی ئاغاکان خەڵکیان دارکاری کرد، ئەزیەت و ئازاریان دان و دەیان ماڵە وەرزێر و مەلا و ڕەشاییان لە دێهاتەکان وەدەرنا. بەتایبەت شووڕاکان و ئەو مەلایانەی لایەنگر و هاندەری وەرزێرەکان بوون. لە گۆلێ ماڵی مامۆستا شێخ عەزەددین، مەلا حوسێن، مەلا عەولا و چەند ماڵی تر دەرکران و، کوڕێک بە ناوی حوسێن کوژرا. لە مەلالەر، ماڵە محەمەدی وەلزی، مەلا محەمەدی خاتوونباغی و چەند ماڵە وەرزێر؛ لە دێی عەمبار، ماڵە مەلا ئەحمەدی وەلزی و چەند وەرزێر دەرکران. هەروەها لە ئاجیکەند و کانیتۆمار چەند وەرزێر؛ لە قاجر و قاراوا مەلا حەمەدەمینی ئەحمەدی و مەلا عەولای محەمەدی سیپاڵیان وەدەرنرا. لە دێهاتی شاماتیش دەیان ماڵ دەرکران.

ئەو لێدان و بەهانەپێگرتنە، ئەو جەریمە و دەرکردنە کەم تا زۆر هەتا ساڵی ١٣٤١(١٩٦٢) و تەسویبی قانوونی ئیسلاحاتی ئەرزی و هەڵوەشانەوەی نیزامی ئاغا و ڕەعیەتی و، پسانی کۆت و زنجیری

کۆیلەتی، لە هەموو ناوچەی موکریاندا درێژەی هەبوو. لەوماوەیەدا سەدان ماڵەوەرزێر لە جێگا و ڕێگای خۆیان و باوباپیرانیان وەدەرنران و ڕەنخەسار و ملکەچ لە ناوچەکانی تر گیرسانەوە و، بۆ هەتاهەتایە بۆ شوێنەکانی پێشووی خۆیان نەگەڕانەوە.

لە شاری بۆکانیش دارودەستەی ئاغاکان، هەڵیانکوتایە سەر ماڵی حاجی قاسم و میرزا حوسێنی برای و ئاگریان تێبەردان و ئەوان و ماڵی «میرەبەگ» و «عەولا ئێرانی» ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکەیان لە بۆکان دەرکرد و زۆر کەسی تریشیان ئەزیەت و ئازاردا.

بۆ شیکردنەوەی زیاتری باسەکە و، بۆ نیشاندانی ڕووی ڕاستی ڕووداوەکە و ڕاستکردنەوەی هەڵەی هێندێک کەس و لایەنی سیاسی، کە ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی موکریان بە حیسابی ئەم یان ئەو حیزب دادەنێن، یان بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان ناو و ناوەڕۆکەکەی دەگۆڕن، ئاماژە بە چەند خاڵ پێویستە.

**خاڵی یەکەم**؛ بە چەند دەلیل حیزبی توودە و دێموکرات، ڕێبەر و ڕێکخەری ئەو ڕاپەڕینە نەبوون. جا با ئەندامان و لایەنگرانیشیان بەشداری ڕووداوەکەیان کردبێ: ١) حیزبی توودە لە ئەساسدا ئەوەندە لایەنگری سیاسەت و کاروکردەوەکانی د. موسەدیق و جیبهەی میللی نەبوو، هەتا لە کوردستاندا لایەنگرییان لێبکات. ٢) چۆنە حیزبی توودە زیاد لە هەموو ناوەند و شارە گەورە سەنعەتییەکانی ئێران، ناوچەیەکی دوور و دواکەوتووی هەڵبژاردووە بۆ خەباتی چینایەتی و دامەزراندنی سۆسیالیزم و کۆمەڵگای یەکسانی! ٣) کوا ئەوکات حیزبی توودە لە کوردستاندا، ئەوەندە خۆشەویست و جێگای متمانەی کوردی بوو، هەتا بیکەنە ڕێبەر و ڕێنیشاندەری خۆیان؟ تازە هەر ٥-٦ ساڵێک بوو کە یەکێتی سۆڤیەت کوردی بە گورگانخواردوو دابوو. کوردستان و کۆمارە ساواکەشی بە هیوای چەند بۆشکە نەوتی شیمال بە «قەوامولسەڵتەنە» فرۆشتبوو. ٤) چۆن دەکرێ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ناوچەی فەیزوڵلابەگی هەڵبژاردبێ بۆ شەڕی ئاغا و گوندی کە زۆربەی ئاغاکانی خزمی پێشەوای نەمر قازی محەمەد بوون و، لە کۆی ١٢ شەهید کە بە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستاندا لە شاری سەقز و بۆکان لە دار دران، ٧ تا ٩ کەسیان لە ئاغاکانی فەیزوڵلابەگی بوون؟ ٥) مامە غەنی کە خۆی ئەو کات نوێنەری حیزبی دێموکرات و دۆستی نزیکی حیزبی توودە بوو و لە کاتی ڕووداوەکەشدا سەری ناوچەکەی داوە دەڵێ: «...خەبەریان داینێ کە لە شاری بۆکان و دەوروبەری خەریکە ڕووداوێکی دڵتەزێن دەخولقێ.. من وکاک سارمەددینی سادق وەزیری لە تاران چاومان بە حاجی قاسم کەوت. لەو چاوپێکەوتنەدا بۆمان دەرکەوت حاجی قاسم پێوەندی بە جیبهەی میللییەوە گرتووە و ئەوان هانیان داوە دژی خاوەن ملکەکان خەڵک ڕاپەڕێن و ...». (ئاڵەکۆک، غەنی بلوریان، ...)

**خاڵی دووهەم**؛ ئەو ئامار و ئەژمارانەی هەتا ئێستا بۆ کوژراو و خنکاوانی ئەو ڕاپەڕینە نووسراون ڕاست نین و، هەتا ئێستا لەلایەن هیچکەس و لایەنێکەوە پشتڕاست نەکراونەتەوە و نێو و شوورەتی هیچییەک لەو دوازدە کچەی کە دەڵێن گۆیا لە ترسی ئاغاکان خۆیان خستووەتە چۆمی بۆکانەوە و خنکاون، یان ئەو جەنازە و لانک و بێشکەیەی کە دەڵێن خراونەتە چۆمی «تەتەهوو»دوە نەبیستراون.

**خاڵی سێهەم و ئاخر قسە**؛ بەڕێز کاک ئەنوەری سوڵتانی لە ژمارە ٣٦ی گزینگدا، بە بۆنەی ٥٠هەمین ساڵوەگەڕی ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی موکریانەوە کورتە باسێکی نووسیوە، کە لە هەموو ئەو شتانەی هەتا ئێستا لە سەر ئەو ڕووداوە نووسراون و گوتراون، تێکەڵپێکەڵتر و سەرنجڕاکێشتر و، بە هێندێک لێبووردنەوە و کەمێک لێکۆڵینەوە و وێکخستنەوەی سەروبەری قسەکانی، بۆت دەردەکەوێ کە چۆن کاک ئەنوەر بۆ مەبەستێکی تایبەتی و بە گوێرەی ئیدەئۆلۆژییەکەی خۆی، جارێکی تریش ڕووداوێکی گرینگی مێژوویی و جەماوەری لە کوردستاندا دەشێوێنێ و تەحریفی دەکا و ناو و ناوەڕۆکەکەشی دەگۆڕێ!!

کاک ئەنوەر چونکە خۆی جیهانوەتەنی یە و، بڕوای بەهیچ داوا و داخوازییەکی نەتەوایەتی و چینایەتی ناوچەیی و مەحەلی نەبووە و نییە، پێیوایە گشت خەبات و شۆڕش و بزووتنەوەیەکی جەماوەری لە کوردستاندا، هەر لە کۆنەوە هەتا ئێستا، دەستکردی «پالیزبان» و ئەم و ئەو و، بە فیتی ئیمپریالیزمن، یان سەرێکیان بە حیزبی چەپی سەرتاسەری و دۆستی یەکێتی سۆڤیەتی قەیەوە بەندە و، ڕەنگ و شەقڵی کوردایەتی و ناوچەییان پێوە نەبووە و نییە. بەڵکوو بەشێکن لە خەباتی سەرتاسەری چینی کرێکاری ئێران!!

بە پێی ئەو تێڕوانین و جیهانبینییەوەیە کە کاک ئەنوەر شۆڕشی جووتیارانی ناوچەی موکریانیش دەشێوێنێ و مەیدان و مەوداکەی تەنگ و بەرتەسک دەکاتەوە و، لە بزووتنەوەیەکی بەرینی جەماوەری ڕەشوڕووتی موکریانەوە دەیکاتە ڕاپەڕینی خەڵکی بۆکان و فەیزوڵلابەگی و، لەویش دەیکاتە کاری چەند خەیات و لاوی سەر بە حیزبی توودە! جا بۆ ئەوەی بە تەواویش بیکاتە ڕاپەڕینی کۆمونیستی و توودەئیستی و ئینترناسیۆنالیستی، کۆنە عەجەمێکی بە نێو ئاغای «شوقاقی» دەدۆزێتەوە!!

کاک ئەنوەر دەنووسێ: "بەبۆچوونی من، ناوبردنی ڕاپەڕینەکە بە «بزووتنەوەی جووتیارانی موکریان» هەڵەیەکی تەواوە، لەبەر ئەو هۆ ئاشکرایەی کە ئەو ڕاپەڕینە، جگە لە ناوچەی فەیزوڵلابەگی لە ڕۆژهەڵات و بەشێک لە باکووری بۆکان، هیچ شوێنێکی دیکەی نەتەنیەوە و هەرگیز لە چۆمی تەتەهووش نەپەڕیەوە." بڵێی! بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی ئەو، شۆڕشی جووتیارانی موکریان، شوێنی دیکەشی تەنیوەتەوە و لە چۆمی تەتەهووش پەڕیوەتەوە. هەر لە دێی مەنسوور، بەفرەوان و تالاوی شامات (نزیک میاندواو) و گولێ و مەلالەری چۆمی مەجیدخان، عەمبار، ئاجیکەند، کانیتۆمار، قاجر و شاریکەندی ئەوبەری چوومی تەتوهووەوە تادەگاتە قاراوا و گەردیگلانی سەر بە تورجان و سەقز، دەیان ماڵەوەرزێر، ڕەشایی و مەلا دەرکران و سیپالیان وەدەرنرا، تەنانەت لە دێی گۆلێی ئەوبەری تەتەهوو خەڵکیش کوژرا.

کاک ئەنوەر پێیوایە خەیاتەکانی بۆکان ٥٠ ساڵ بەر لە ئێستا خاوەنی هەستی چینایەتی بوون و لە پێشدا چەپ و پاشان بوونەتەوە ڕاست! هەروەها لاشی وایە کە خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی لە کوردستان، دوو شتی جودا و دژ بە یەکن. دەنووسێ: "خەیاتەکانی بۆکان خاوەنی وشیاریی چینایەتی زۆر بوون کە دواتر کەوتنە دۆخی کوردایەتی». بۆ هەستە چینایەتییەکەیان کەمێک سەیرە! بەڵام دەزانم ٥٧ ساڵ بەر لە

ئێستا و ٧ ساڵ پێش ڕاپەڕینەکەی وەرزێرانی ناوچەی موکریانیش، هەموو خەڵکی بۆکان و ناوچەکە بە خەیاتەکانیشەوە هەتا گوندی عەلیاباد، چوون بەرەوپیری ئاڵای کوردستانەوە و هێنایانە بۆکان و بردیانە سەر قەڵای سەردار و تێگرا گوێیان بەبیستنی ئەو شێعرە ڕاگرتبوو: بێ ببینێ ئەو کەسەی پێیوابوو کورد سەرناکەوێ...

کاک ئەنوەر نەک هەر ناو و ناوەرۆکی شۆڕشی جووتیارانی گۆڕیوە، بەڵکوو کات و زەمانەکەشی دەستێوەرداوە، هەتا جووت و هاوکاتی بکات دەگەڵ کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ و شکستی جیبهەی میللی و گرتنی ئازادیخوازان و ئەندامانی حیزبی توودە!! مێژووی ڕاپەڕینەکە، ئاخری زستانی ٣١ و هەوەڵی ساڵی ٣٢ بووە نەک هاوین و مانگی گەلاوێژی ٣٢(٥٣).

کاک ئەنوەر لە درێژەی باسەکەیدا و پاش کەمێک ئەمبەرونەوبەر و هەوراز و دولایی کردن و بە سەرکردنەوەی هەموو حیزبەکان، دێتە سەر باسی ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧(١٩٧٨) و، پاش ڕەخنەیەکی زۆر نەرم و خشکەیی لە خۆی و سازمانەکەی (ئەکسەریەت)، بە چاوقووچان و بازدان بە سەر ئەو شۆڕشە پان و بەرینەی گەلی کوردستاندا و، بەبێ ئەوەی کەمترین ئاماژە بکات بەو هەموو دژایەتی و دوژمنایەتییەی دەگەڵیانکرد و، ئەو هەموو ناوناتۆرەی لێیانناا بە خاتری جمهووریی ئیسلامی دژی ئیمپریالیستی، باددەداتەوە سەر خەڵکی بۆکان و فەیزوڵلابەگی و، پاش کەمێک تاریف و سپاس دەنووسێ: "... دەبێ خەڵکی ناوچەی فەیزوڵلابەگی خاوەنی سوننەتێکی کۆنی خەبات و چالاکی چینایەتی بن، دەلیلەکەشی ئەوەیە کە ئەمجارەش جیا لە هەموو کوردستان زەوی ئاغاکانی ئەوێ بەشکرا و درا بە خۆشنشینەکان." تۆ بڵێی کاک ئەنوەر نەزانێ کە ئەمجارەش لە سەرتاسەری موکریان و تەنانەت لە هەموو کوردستانی ڕۆژهەلاتدا، وەرزێران و زەحمەتکێشانی شار ودێ، خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتییان پێکەوە گرێدا. لەلایەک دژی داگیرکەرانی ئیسلامی زیددی ئیمپریالیستی ڕاوەستان و، لەو لاشەوە لە سەر داوا و داخوازییە چینایەتییەکانیشیان سووربوون. دەیان یەکێتی جووتیاران و شووڕای شار و گوندیان پێکهێنا. لە زۆربەی زۆری ناوچەکانی کوردستان، زەوی ئاغاکانیان بە سەر ڕەشاییەکاندا دابەشکرد، تەنانەت لە ناوچەی تیلەکۆ ٤-٥ ئاغاش کوژران.

کاک ئەنوەر جوغرافیای ناوچەکەشی گۆڕیوە، دەنووسێ: "ئێستاش و بۆ هەمیشەش بەڕێزەوە سەیری ئامادەیی خەباتکاران و هەموو گوندنشینانی فەیزوڵلابەگی تا سەراو و ڕەحیمخانی نزیک میاندواو دەکەم." من بزانم فەیزوڵلابەگی ناگاتە سەراو و ڕەحیمخان، بەڵکوو لەو بەینەدا یەکدوو عەشیرەت هەن. سەراو ملکی کوڕەکانی شەهید «حەمە حوسێنخانی سەیفی قازی»یە و ڕەحیمخانیش ملکی ئەردەوێلی یە.

کاک ئەنوەر لە هەموو ناوچەی موکریان و لە ماوەی ٥٠ساڵدا، تەنها سێ کەس شکدەبا بتوانن شتێک لە سەر ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی موکریان لە ساڵەکانی ٣٢-٣١دا بنووسن، میرزامحەمەد نووری، ڕەشیدی حەسەنزادە و عەلی گەلاوێژ. ئاواتەخوازە میرزامحەمەدی نووری و ڕەشیدی حەسەنزادە بیرەوەرییەکانیان بنووبن و کوردێکی ڕووسیزانیش تێزەکەی عەلی گەلاوێژ بکاتە کوردی.

ئا لێرەدایە منیش دەڵێم بریا میرزا محەمەد (کە دڵنیام دەشزانێ و دەشتوانێ) شتێکی لە سەر ئەو ڕاپەڕینە بنووسیبا، ئەگەرچی ئەوددەمی ماڵی لە گۆلێ بوو نەک لە داشبەند، وەک کاک ئەنوەر دەڵێ و لایەنگری ڕاپەڕینەکەش نەبوو. بریا ڕەشیدی حەسەنزادەش (کە گۆیا لە داخی ئاغاکان بوو بە ساواکی) بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسیبایەتەوە هەتا بمزانیبا ئەو لە ماوەی نزیک بە ٣٠ ساڵ چەند هەزار کوردی ئازادیخوازی گرت و، ئەشکەنجەی کردن و بە ئیعدامکردنی دان. بریا لە هەزارەی سێهەمدا کوردێکی ڕووسیزان پەیدا ببایا و تێزەکەی کاک عەلی گەلاوێژی وەرگێڕابایەتە سەر زمانی کوردی، بەڵکوو خێرێکی بۆ کاک ئەنوەر تێدابایا و، بیگوتبایا من بووم کاتی خۆی وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵلابەگیم فێری خەباتی چینایەتی کردبوو، هەرچەند وابزانم لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا، ئەو لە ئازەربایجانی شووڕەوی بوو. چونکە کاتێک بارزانی ئەمر پاش شکستی شۆڕشی کوردستانی باشوور و یارمەتی و پشتیوانیکردنی کۆماری کوردستان و، ئەو ڕێپێوانە مێژوویە و ئەو شەڕە قارەمانانەی دەگەڵ سێ داگیرکەری کوردستان کردی و خۆی گەیاندە یەکێتی سۆڤیەت،کاک عەلی لەوێ بوو کە جارجاریش سەری بارزانی دەدا!!

٢٠٠٢-١١-١٥

◆◆◆




**سی دی هەواری خاڵی:**

١- ئازەنینم ٢- پەرێشانم ٣- نایلۆنە ٤- لە دوور ٥- ئای لە مینا ٦- هەواری خاڵی ٧- چاوەکەم ٨- شەوە دونیا...

«ئەم بەرهەمە بە ڕەزامەندیی بنەماڵەی مامۆستا (محەمەدی مامڵێ) و بۆ ڕێزگرتن لەو هونەرمەندە بلیمەتە ئامادە کراوە.

مافی ئەم بەرهەمە بە پێی یاسا پارێزراوە و تەنها هی (کۆمپانیای لەبریز)ە. هیچکەس یاخود لایەنێک بێ ڕەزامەندیی خاوەن ماف بۆی نییە لە چاپی بداتەوە». ژمارە تەلەفۆن و فاکس بۆ داواکردن:

Tel: +46(0) 70 733 0104, Fax: +46 (0) 70 7110404

# مەنیج حەیران کێ یە؟

ئەنوەر سوڵتانی ــ هاوینی ٢٠٠٢

لە هەندێ کتێبی بیرەوەریدا ناوی «مەنیج حەیران» وەک ژنە گۆرانی بێژێکی موکریانی هاتووە[1] بەڵام نەمبیستووە کەس باسی ژیان و سەربهوردەی کردبێت. ئەم دێڕانەی خوارەوە وا هەیە ڕووناکییەکی کەم بخەنە سەر ژیانی ئەو هونەرمەندە ناودارە و بەڵام نەناسراوە.

هاوینی ساڵی ١٩٩٩، دایکم بۆ سەردانی ئێمە هاتبوە لەندەن، بۆ زانیاری خوێنەر دەبێ بڵێم دایکم ئێستا تەمەنی هەشتاودوو ساڵێکە و لە بۆکان دەژی. ئەوکات، کاک ئەمیری حەسەنپوور لە کاناداوە هاتبوە لەندەن و لەوێ چاوی بە دایکم کەوت، هەندێ بیرەوەری لەمەڕ ڕابردووی بۆکان و ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٥٣ی بۆکان و دەوروبەری لێ تۆمار کرد و نوسخەیەکی شریتەکەشی دواتر ناردەوە بۆ من. کاک ئەمیر هەروەها پرسیاری ئەوەی لێکرد ئایا کاتی خۆی هیچ ناوی «مەنیج حەیران»ی بیستووە؟ دایکم بە لێبڕاوییەوە گوتی بەڵێ و ئینجا هەندێ زانیاری لە سەر مەنیج حەیران دا بە کاک ئەمیر. درەنگتریش، کاتێ کە گەڕایەوە بۆکان، من هەندێ شتی دیکەم بە تەلەفۆن لێپرسی و ئەوەی لە خوارەوە دەینووسم لە ڕاستیدا سەرجەمی قسەکانی دایکمن لەگەڵ کاک ئەمیر و خۆم لەمەڕ مەنیج حەیران:

«منداڵێکی تەمەن ١٠-٩ساڵان بووم، ماڵمان لە سەر گۆلی مەردانبەگ بوو لە نزیک حەوزە گەورەی بۆکان و دراوسێی ماڵمان لە دوو لاوە بنەماڵەی بەڕێزی قزڵجی بوون.[2] دایکی قازی کاکە حەمە ژنێکی نوورانیی جێگەی ڕێزی خەڵک بوو لە بنەماڵەی سەیدەکانی زەمبیل و لە ناو خەڵکدا بە «سەیدزادەی گەورە» ناودەبرا. من ئەودەم لای سەیدزادەی گەورە دەرسی قورئانم دەخوێند. ژنێک لە ماڵی سەیدزادەی گەورە وەک کارەکەر ئیشی دەکرد کە لە عەینی کاتدا، دایەنی یەکێک لە کوڕەکانی قازی کاکە حەمە بوو وا ئێستا بە ناوی کاک «جەعفەری قزڵجی»یەوە دەناسرێت. ئەو ژنەش ناوی «خانم جان» بوو و بە «خات خانم جان» بانگ دەکرا. تا ئەم ساڵانەی دواییش هەرمابوو. ژنێکی ڕەزاسووک و بەڕێز و حەیابەخۆ بوو، کە هەموو کەس خۆشی دەویست، مێردیشی نەبوو. خات خانم جان دەنگی خۆش بوو، جاروبار لە مەجلیسی خانمەکاندا گۆرانی دەگوت، بەڵام هەرگیز لای پیاوان گۆرانی نەگوت. خانم جان خەڵکی گوندی «ڕەحیمخان» بوو لە نزیک میاندواو و لەوێوە هاتبوە بۆکان. بە هۆی دراوسێتییەوە من ڕۆژانە خات خانم جانم دەبینی.

ڕۆژێکیان خوشکێکی خات خانم جان لە ڕەحیمخانەوە هاتبوە بۆکان و من لە خزمەت سەیدزادەی گەورەدا بووم بۆ دەرسخوێندن، کە خوشکەکەی خات خانم جان هاتە خزمەت سەیدزادە و عەرزی کرد قوربان دەمەوێ بچم لە شاییەکاندا گۆرانی بڵێم چ دەفوورمووی؟

سەیدزادەی گەورە پێی تێکچوو و فەرمووی مەنیج! بۆکان جێگەی ئەو کارانە نییە، ئەگەر دەتەوێ گۆرانی بڵێی بچۆ بۆ سابڵاغ! ئەودەم بۆکان شارەدێیەک زیاتر نەبوو و ژیان تێیدا وەک ژیانی دێهات دەچوو، لە کاتێکدا سابڵاغ لە چاو بۆکان شارێکی گەورە بوو و واهەبوو ئەو چەشنە دیاردانە تێیدا عەیب نەبێ یاخود کەمتر عەیب بێ. ئیتر من خات مەنیجم نەدیتەوە بەڵام بیستم کە چووبێت بۆ سابڵاغ. چەند ساڵ دواتر، باوکم حاجی برایمی سەقزی، نێوانی لەگەڵ سەردار عەلیخانی سەرداری موکری[3] کە دوایین سەرداری بۆکان بوو، تێکچوو و بە تۆراوی ماڵی پێچایەوە و ڕوویکردە سابڵاغ. ئێمە بۆ ماوەیەک لەوێ دەژیاین هەتا سەردار ناردی بە شوێن باوکمدا و دڵنەوایی کرد و ئێمەش گەڕاینەوە بۆکان.

لەو ماوەیەدا کە لە سابڵاغ بووین، ڕۆژێکیان لە حەوشە مەشکەمان دەژەند، کەسێک لە دەرگای ماڵمانی دا. ئێمە لەوێ غەریب بووین و هەربۆیە دەرگای ماڵمان دادەخست. دایکم چوە پشت دەرگاکە و گوتی کێیە؟ کەسەکە گوتی من «مەنیج»م، مەنیج حەیران، دەرگاکەم لێ بکەوە حاجی ژن. دایکم گوتی خات مەنیج من دەرگا لە تۆ ناکەمەوە، دو کچی عازەبم هەن چۆن دەهێڵم یەکی وەک تۆ بێتە ماڵم! جا هەر ئەو ڕۆیشتنەبوو کە مەنیج حەیران ڕۆیشت و ئیتر نەمبینیەوە».

بیرەوەرییەکانی دایکم لەمەڕ مەنیج حەیران لێرەدا کۆتاییان دێت بەڵام واهەیە بتوانین لەو چەند دێڕە کورتەدا سەرەتایەکی باش بۆ ناسین و دیراسەکردنی ژیانی ئەو هونەرمەندە کوردە دابمەزرێنین:

**یەکەم،** مەنیج حەیران لە ئەسڵدا خەڵکی گوندی ڕەحیمخان بووە[4] و لەوێوە کۆچیکردۆتە بۆکان و پاشان مەهاباد، ناوبانگ پەیداکردنیشی هەر لە شاری مەهاباد بووە.

**دووهەم،** مەنیج حەیران خوشکی خوالێخۆشبوو «خات خانم جان»بووە، کە حوکمی ئەندامێکی بنەماڵەی قازی کاکەحەمەی پەیدا کردبوو، تا کۆتایی تەمەنیشی هەر لە ناو بنەماڵەی ئەواندا مایەوە. توێژینەوە لە بنەچەکەی خات خانم جان دەتوانێ بمانگەیێنێتە ئەنجامێکی هاوچەشن لەمەڕ مەنیج حەیرانیش.

**سێهەم**، لە کۆمەڵگای بەربەستکراو و چوارچێوەداری سوننەتی ئەودەمی بۆکاندا، کاری هونەری و گۆرانیبێژیی بۆ ژنان ناپەسند و ناشیرین بووە و مەهاباد بۆ ئەم کارە، گونجاویی زیاتری هەبووە ــ گەرچی لەوێش نابێ کارێکی ساکار بووبێت و دەرگانەکردنەوەی دایکە گەورەم لە مەنیج حەیران بێگومان بنەمایەکی «ئەخلاقی» هەبووە، واتە دەبێ ئەو هونەرمەندە هەژارە ناو و ناتۆرەی وای بە شوێنەوە بووبێت کە خێزانێکی سوننەتی بە باشی نەزانیبێ ڕێگەی ماڵی خۆیانی بدات. ئەوەش بۆ سەردەمی ژیانی ئەو لەو ناوچە تایبەتەدا شتێکی زۆر سەمەرە نییە.

**چوارەم**، گەرچی لە بیرەوەرییەکانی دایکمدا ئاماژە بە ساڵ و تەئریخ ناکرێت، بەڵام بە پێوانەی ئەو ڕاستییەی کە ماڵی باپیرم لە ئەنجامی تۆراوی و دڵئێشی لەگەڵ «عەلی خانی سەرداری موکری» حاکم و خاوەنملکی ئەودەمی بۆکاندا چوونەتە مەهاباد و هەر لە سەردەمی ژیانی ئەویشدا گەڕاونەتەوە بۆکان ــ ئەگەر ئەو ڕاستییەش لەبەرچاو بگرین کە عەلی خان لە مانگی ڕەجەبی ساڵی ١٣١١ی کۆچی بەرانبەر لەگەڵ مانگی ئۆکتۆبر و نۆڤەمبری ساڵی ١٩٣٢ی زایینیدا کۆچی دوایی کردبێت، دەبێ مەنیج حەیران لە دەوروبەری ساڵی ١٩٣٢دا لە مەهاباد ژیابێت، خۆ ئەگەر بزانین کە خات خانم جانی خوشکیشی تا حەوت هەشت ساڵ پێش ئێستا هەر مابوو، دوور نییە مەنیج حەیران لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم و تەنانەت ماوەیەک دوای ئەویشدا هەر زیندوو بووبێت، جا بەم پێیە، گونجاوە کە مەنیج حەیران لە ساڵانی ئازادی و سەربەخۆیی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) و پێش ئەویش هەوای سەربەستیی کوردی هەڵمژیبێ و منداڵ و مێرمنداڵی ئەو سەردەمەش بە چاوی خۆیان مەنیج حەیرانیان بینیبێت و بە هەواڵی ئەوەش بزانن کە ئایا شووی کردووە و وەچەی لێ کەوتووەتەوە یان نا؟

هیوادارم خەڵکانی شارەزا و بەتایبەت کەسانێ کە ئاسیاوی بنەماڵەی مەنیج حەیرانن و لە پێش هەموویاندا بنەماڵەی بەڕێزی قزڵجی ئاوڕ لەو مەسەلەیە بدەنەوە و زانیاری خۆیان بخەنە سەر ئەم مەعلووماتە سەرەتاییانەی وا لێرەدا ئاراستە کران، با لە ئەنجامدا کەسایەتی و ژیانی ئەو هونەرمەندە پێشڕەوە وەک سەدان و هەزاران کەسی هاوچەشنی نەبێتە بڵقی سەر ئاو و نەکەوێتە بەر فەرامۆشیی مێژوو.

١) بۆ نموونە بڕوانە: *ئاڵەکۆک*، **غەنی بلوریان**؛ *خاطرات دکتر هاشم شیرازی*؛ *کاروانی هونەری ماملێ*...، **سمایلی ماملێ**.

٢) مەلا عەلی و مەلا محەمەد سادق قزڵجی (قازی کاکە حەمە) کوڕانی مەلا محەمەد حەسەنی قزڵجی بوون و سەیدزادەی گەورەش خێزانی مەلا محەمەد حەسەن بوو. نووسەر و خەباتگێڕی گەورەی کورد نەمر مەلا حەسەنی قزڵجی کوڕی مەلا عەلی بوو.

٣) عەلی خانی سەردار موکری لە مانگی ڕەجەبی ساڵی ١٣١١دا لە شاری تەورێز کۆچی دوایی کردووە و جەنازەکەی براوەتە بۆکان و لەوێ نێژراوە. من ئەو زانیارییەم لە لاپەڕەی ٢٥٧ی کتێبی (*تاریخ فرهنگ و ادب مکریان*، **ابراهیم افخمی**) وەرگرتووە. خوالێخۆشبوو ئەفخەمی دیاری نەکردووە ئەو ساڵە کۆچیی مانگی یان کۆچیی هەتاوی یە؟ بە بۆچوونی من شتێکی بێگومانە کە دەبێ ساڵی ١٣١١ی هەتاوی بێت لەبەر ئەوەی محەمەد حوسێنخانی سەردار، لە ساڵی ١٣٣١ی کۆچیی مانگی لە لایەن عوسمانییەکانەوە ئیعدام کراوە و ئەویش دەکاتە ساڵی ١٩١٣ی زایینی. بەم پێیە گونجاو نییە کە عەلیخان بیست ساڵ پێش باوکی حکوومەتی بۆکانی کردبێت و مردبێت. کەوابوو عەلیخان لە مانگی ڕەجەبی ساڵی ١٣١١ ی هەتاویدا مردووە و ئەویش دەکاتە ئۆکتۆبر یا نۆڤەمبری ساڵی ١٩٣٢ی زایینی.

٤) گوندی ڕەحیم خان کوردنشینە و کەوتۆتە باشووری میاندواو و ڕۆژهەڵاتی چۆمی مەجیدخان. ئەو چۆمی مەجیداخانەش لە ڕاستیدا هەمان چۆمی «تەتەهوو»یا «سیمینەرود»ە کە لە گەورکایەتییەوە دێت، بە بۆکاندا تێپەڕ دەبێت و ئینجا دوای میاندواو دەڕژێتە گۆلی ورمێ.

◆◆◆

### ستێپێندیۆمێک بۆ (ئازادکردنی مێژوو)

سندوقی نووسەرانی سوێد، لە سۆنگەی کتێبی (ئازادکردنی مێژوو)ی ژن، ستێپێندیۆمێکی ١٦٠٠٠ کرۆنی بە «مەهاباد قەرەداغی» بەخشی.

سندوقی نووسەرانی سوێدی ساڵانە دوو جار ستێپێندیۆم دەبەخشێتە ئەو نووسەرانەی سوێدی و بیانی کە کتێبەکەیان بە شایستە بزانێ. مەرجی سەرەکی لە بەخشینی ئەو ستێپێندیۆمە ئەوەیە کە ناوەڕۆکی ئەو کتێبەی کە دوابەرهەمی نووسەرە بە شایستە هەڵبسەنگێندرێ.

لە ٤-١٢-٢٠٠٢دا، ژنە نووسەری کورد مەهاباد قەرەداغی بۆ شایستەیی کتێبی (ئازادکردنی مێژوو) کە لێکۆڵینەوەیەکی دەروونناسیی کۆمەڵناسی یە لە سەر کێشەی ژن بەگشتی و ژنی کورد بەتایبەتی، ئەو ستێپێندیۆمەی وەرگرت.

(ئازادکردنی مێژوو) کتێبێکی قەوارە گەورەی ٢٠٠ لاپەڕەیی یە، کە لە مانگی یونی ٢٠٠٢دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لە کوردستان بڵاوی کردۆتەوە.

هەڵسەنگاندنی ئەو کتێبە و قەڵەمی ژنێکی کورد بە شایستە، بۆ ستێپێندیۆمێکی لەو قەوارەیە لەلایەن دەزگایەکی سوێدییەوە، بە پلەی یەکەم جێگەی شانازییە بۆ ژن.

بە هیوای ئەوەی قەڵەمی ژنانی کورد هەمیشە لە برەودا بێت و کێشەی ژنی کورد لە ئاستێکی زانستی و باڵادا لێی بکۆڵدرێتەوە.

شنە هیدایەتی ٥-١٢-٢٠٠٢

# یادداشتی دیدارێك له مهاباد

**پابلیک ڕێکۆرد ئافیس**

**(بەڵگەی) وەزارەتی دەرەوە[ی بریتانیا] FO ٣٧١/٣١٣٩١، XCD ٣٣١**

وەرگێڕانەوە: حەسەنی قازی

ئەمن لە ١٣ مانگی ئۆکتۆبری ١٩٤٢ لە تەورێزەوە چوومە مهاباد و ١٥ی مانگ گەڕامەوە. لەمێژبوو دەبوو ئەو سەفەرە بکەم. بەڵام تا هاتنەوەی ئاغای ئۆگدن (Mr Ggden) ئەمن هەستم کرد ناتوانم لە شوێنی کارم دوور کەومەوە. وام ڕێکخستبوو کە مەیجر مەکلارن (Major Mclaren) لە سەفەرەکەی بۆ ڕەزاییە لە نێوەڕاستی سێپتامبردا بگەڕێتەوە بەڵام ئەو سەبەبی خۆی هەبوو هەر بەو ڕێیەدا کە چووبوو، واتە بە لای سەرووی دەریاچە (ی ڕەزاییە)دا بێتەوە.

لەمێژبوو دەبوو ئەو سەفەرە بکەم چونکە چەند حەوتوو دەبوو دەنگوباسی ئاڵۆز لە سەر مهاباد و لە مهابادەوە دەهاتن. بە لەبەر چاوگرتنی ترسەنۆکی و درۆ و دەلەسەی ئێرانییەکان، ئاشکرایە کە ئەو شارە کوردییە لە تەنگانەدایە و، لەوانەیە ببێ بە سەرچاوەی ئاڵۆزیی بۆ ناوچەکانی دراوسێشی. ئەزموونی لەسەرکاردانانی فەرمانداریکی کورد سەری نەگرتووە، ماوەیەکی دوورودرێژی خایاندووە تا حکوومەت بتوانێ کەسێکی دیکە بنێرێ و، ئەو فارسەی ناردبوویان لە دەستنێژ و بووکەپەڕوویەک زیاتر نییە. عەشیرەتە سەربزێو و دیسیپلینهەڵنەگرە کوردەکان خەریکی بەربەرەکانی یەکتری بوون بۆ کۆنترۆڵ و ئەو داهات و دەستکەوتانەی لەوێ کۆبووەتەوە. تاجرەکان، وەک کارگوزاری AIOC (شیرکەتی نەوتی ئێران و ئینگلیس) شارەکەیان بەرەو تەورێز بەجێهێشتووە و، هەمیشە و بێپسانەوە ڕووسەکان بە لایەنی خراپ داندراون. دیارە مەسەلەی «گەنم»یش لە گۆڕێدابووە کە بەرەو سنوور براوە و ئاوەدیوی عێراق کراوە.

لە سەر داوای سەرۆکی AIOC لە تەورێز، کارگوزارەکەیان لە مهاباد لە تەورێزڕا لەگەڵم هات و لەوێ لە ماڵی وی دابەزیم. ئەو پێشتر لە بەر دۆستایەتی لەگەل ئەمیر ئەسعەد، یەک لە سەرۆکەکانی دێبۆکری کە بۆ ماوەیەک کرابوو بە فەرمانداری مهاباد و، هەروەها لە بەر ڕووداوێکی بچووک لە مەڕ قەند کە ئەو بە ئاڵوێریەوە خەریک بوو، مهابادی بەجێهێشتبوو. بە هەڵکەوت قەندەکان کەوتبوونە دەست سەرۆکێک کە مافی بە وانەوە نەبوو و، ئەو کەسەی کە خۆی بە خاوەنی حەقداری وان دەزانی، بە بۆچوونی ساکاری کوردییەوە ویستبووی بزانێ تا قەندەکانی چی بەسەرهاتووە. ئەو داوای قەندەکانی خۆی کردبووەوە یان ئەوەی پارەی بۆ ببژێرن و ئەو کەسەی بۆی هاسان بوو پارەیەکی ئەوتۆ بدا ئاغای شاتری کارگوزاری AIOC بوو. جابۆیە ئاغای شاتری کاروبارەکانی دیکەی خۆی بە خزمەکانی ئەسپاردبوو، دارایییە بجووڵەکانی خۆی هەڵگرتبوو و بەرەو (تەورێز) تێیقووچاندبوو. ئەمن بە ڕاشکاوی داوام لێکرد پێویست ناکا خۆی بە منەوە ماندوو کا و لە گەڵم کەوێ، بەڵام ئەو (لە دیدارەکەماندا) لە گەڵم بوو، بە دەمانچەیەکی زلەوە کە لە گیرفانییەوە شۆڕببووەوە.

وەزعی ڕێگا تا دەگاتە میاندواو ئاسایی یە، جگە لەوە نەبێ کە ڕێگاکە خراپترە لەوەی کە ئەمن فکرم لێدەکردەوە و لە نیو درزەنێک کرێکار نەبێ کاری لە سەر ناکەن. لە میاندواوەوە کە یەکەم جلوبەرگی کوردی دەردەکەون و، (مرۆڤ) دەستە دەستە پیاوی پڕچەک دەبینێ کە بە شەقامە سەرەکییەکەی شارەکەدا دێن و دەچن. لەوەتی کۆنترۆڵی ڕەزاشا نەماوە، ئەو شارە شاهیدی ژمارەیەک تەقە و پێکدادان بووە و، لە سەرەتای مانگی سێپتامبر برای فەرمانداری شارەکە بۆ خۆی لە سەر شەقام کوژرا، کاتێک دەیەویست لە نێوان دوو ئەندامی دووبنەماڵەی ڕەقیبدا ناوبژی بکا کە بە مەبەستی کوشتن تەقەیان لە یەکتری دەکرد. جێبەجێکردنی ئەو دوژمنایەتییە خوێنییە ئێستا زیاتر لە هەموو شتێکی دیکە ڕێبەرانی کوردی بە خۆیەوە خەریک کردووە. پێشنیار بۆ دانی خوێنبایی بەرپەرچدراوەتەوە. بۆیە بە فەرمانی ئەستاندار لە تەورێز، هێزێکی ٤٠ سوارەیی بریتی لە مامەش، مەنگوڕ و گەورکان لە مهابادەوە ناردرا ئەوێ بۆ پاراستنی هێمنی و هێوریی. کاتێک ئەمن بەو شارەدا تێپەڕیم نە خەڵکەکەی بە بوونی ئەو سوارانە لەوێ ڕاهاتبوون و، نە ئەوانیش وێدەچوو دامەزرێن. ئەوان هەر بە نێو دوکاناندا دەگەڕان، کەلوپەلیان هەڵدەگرت و دەردەکەوتن بێ ئەوەی پارە بدەن.

هەرکە گەیشتمە مهاباد دەستبەجێ چاوم بە فەرماندار، سەریعولقەڵەم، کەوت کە نێوبانگی ئەوەی هەبوو خێراترین نووسەر بێ لە ئێران، بەڵام نیشتیای لە تریاک بوو. ئەو سەرۆکی پۆلیس(شارەبانی)یشی لەگەڵ بوو، کوردێکی سنە، کە بە تایبەتی بۆ ئەو کارە داندرابوو لە مهاباد و، عەلی خانی مەنگوڕ، لەوەتی لە چەند حەوتووی ڕابوردوودوە کاکەسوار خۆی کێشابووەوە کرابوو بە «ئەفسەری پاراستنی هێمنی»ی مهاباد. دیارە تا ئەوجێیەی چ هێز و توانای هەبێ، فەرماندار پشتی عەلی خان و ئەو سوارە مەنگوڕانە دەگرێ کە ئەو

کۆنترۆڵیان دەکا، لەبەر ئەوەی ئەمن نەمدەزانی ئەم کابرا زلە دەبێ کێ بێ و چ بێ، قسەکردنمان دوای چاکوخۆشی ئاسایی و هێندێک باسی شەڕ بە گشتی بڕێک زەحمەت بوو. بەڵام هێمایەک لەلایەن کوردەکەوە لەمەڕ تۆفبوونی زستان لە ناوچە بەرزەکانی مەنگوڕایەتی قسەی کێشایە لێدوانێکی گەرم سەبارەت بە چلۆنایەتی تێرکردنی ئاژەڵەکانیان لەو ماوە دوورودرێژەیەدا کە تفاق نییە و ئەوە بووە هۆی ئەوە چەند بزەیەکی دۆستانە لە لایەن ویرا و، پێویستی بە وەرگێڕانی دیلمانجەکە نەدەکرد. هەرچییەکی بێ (مرۆڤ) چ کرافترێکی سکاتلەندی (جووتبەندەی سکاتلەندی ـ وەرگێڕ) بێ یان کوردێکی ئێرانی، دەبێ ئەو جوورە گیروگرفتە یەکلاکاتەوە ئەگەر بیەوێ حەیوانەکانی نەبەتلێن و بژین؛ وێدەچێ کوردەکە بەختەوەر بێ چونکە ئەو گیاوگۆڵە خۆ ڕستییەی ئەو بۆ تفاقی زستانێی ئەنبار دەکا تێرەخۆرەیە و، جگە لە مانگایان نەبێ، ئەو پێویستی بە پەیداکردنی شتی زۆرگرانی وەک ڕووەکی ڕیشەیی بۆ تفاقدانیان نییە.

دیداری ڕەسمی تەواو بوو، ئەمن دەستم کرد بە گەڕان بە خەیابانی سەرەکی دا کە لەساڵی ١٩٣٦ دیواری ئاو لە کێوە ڕووتەنەکانی دەوروبەری بەسەردا باریبوو دوای بارانی بە غوورزەم و تەرزە کە بە جووتە سێلاوێکی وەهایان هەستاندبوو کە هەموو شتێکی بەردەمی ڕامالیبوو. ئێستاش زۆربەی ئەو سەدەمە و زیانەی سێلاوەکە داویەتی هەر دیارە و، هەنگاوی زۆر نیوەچڵ نراوەتەوە بۆ پاراستنی شارەکە لە ئاست کارەساتێکی دیکەی ئەوتۆ. واوێدەچێ کە فەرماندارە جۆربەجۆرەکانی کە یەک لە دوای یەک بەدوای یەکدا هاتوون هەریەکەی لە فکری ئەوەدا بووە کە بە شێوەی خۆی ئەو گیروگرفتە جێبەجێ کا بەبێ ئەوەی کاتی هەبێ پارەی بۆ تەرخان کردبێ جابۆیە (کارەکە بە نیوە چڵی ماوەتەوە). هەڵبەت، بە پرۆژەی ئەوتۆ، ئەوی کاربەدەستە پارووی دە ڕۆنی دەکەوێ و، چ فەرماندارێک چاوەڕێی ئەوەی لێناکرێ هەر جێی ئەوەی بگرێتەوە کە پێش وی کاری کردووە و نانی دە ڕۆنی نەکەوێ و چی پێنەبڕێ. بەڵام فەرماندارە ئێرانییەکان هەرنەبێ شتێکیان کردووە و ئەویش ڕاگرتنی پاکوخاوێنی شارەکەیە لە کاتێکدا ئێستا کە کوردەکان کۆنترۆڵیان بە دەستە لەو بارەیەوە هیچ ناکەن و، لە ڕاستیدا مهاباد وەک شارێکی کەمتەرخەمی لەگەڵ کراو و لەبیرکراو دێتەبەرچاو.

گشت دانیشتووان بەوە ڕاهاتوون مێش و مەگەسیان بە سەرەوە بێ ئەوکاتەی دەنوون؛ ئەمن تا و زووزوو وەخەبەر دەهاتم. یەکەم کەسی کە هاتە دیتنم نزیکەی سەعات ٧ی بەیانی، ژنێکی نۆروێژی بوو، کە دوای کۆچکردن بۆ دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە وێ خوێندبووی و ببوە نەخۆشەوان و، لە بەرایی ساڵانی ١٩٢٠دا لە وێوە هاتبوە مهاباد بۆ خزمەتکردن لە میسیۆنی پزیشکی ئەمریکایی لەوێ. ئەو دەستی لە میسیۆنەکە هەڵگرت و مێردی بە کوردێک کرد، ئەگەرچی زۆریشی بە دڵ نەبووە، بەڵام ئەو گلەیی لە بەختی خۆی ناکا و بە وەی کردوویە ڕازی یە و لە مهاباد و دەوروبەریدا بووەبە کەسێکی گرینگ و وەکوو پەرستار کاردەکا، ئەو ئەندەرروونی ماڵی زۆرێک لە سەرۆکەکوردەکانی دیوە، لە ڕەزاییەوە بگرە تا دەگاتە سەردەشت. ئەو بووەتە کەسی جێی بڕوای هێندێک لە ڕێبەرە ناوچەییەکان و کاتی هاتنی سەرلێدەری بریتانیایی یان ئەمریکایی بانگ کراوە تا قسەکانیان وەربگێڕێ. جا بۆیە ئەو ناسیاوییەکی باشی لەمەڕ کەسایەتییەکانی (ئەوێ) و هەلومەرج و پێشوەچوونەکانی تازەی مەڵبەندی مهاباد هەیە و، ئەمن لەو بڕوایە دام ئەو قسانەی ئەو دەیکا بە تەواوی بەجێ و جێی بڕوان و پوختەیان ئەمانەن:

هەر لەیەکەم ڕۆژەکانی ڕزگاربوون لە زۆرداری ڕەزاشا پیاوانی وەک قازی محەمەد حەولیان داوە کوردەکان یەکگرتوو کەن. ئەوان تێکۆشاون، (بەڵام) سەرنەکەوتوون، کێشە و دووبەرەکی لە نێو بەرن وەکوو هەنگاوی یەکەم بەرەو (سازکردنی) کوردستانێکی تەواو یەکگرتوو بە پشتیوانی هێزێکی لاوەیی، بۆغوونە، بریتانیا، یان وەکوو کارێکی لانیکەم، (سازکردنی) ڕێژیمێک بۆ کوردەکانی ئێران وەک ئەوەی کە کوردەکانی عێراق هەیانە.

بە شێوەیەکی تەبیعی، ئەوان لە پێشدا ڕوویان لە بریتانیای مەزن کرد وەکوو (هێزێکی) کە زیادتر لە هەموو لایەنێکی دی وێدەچوو و لێی دەوەشایەوە کە یارمەتییان بکا. لە ٢٥ی سێپتامبری ساڵی ١٩٤١، ئەفسەرێکی بریتانی و یەکی ئەمریکایی گەیشتنە مهاباد، قازی محەمەد، لەکاتێکدا ئەو پایە قسەکانی وەردەگێڕا و دیلمانجی بۆ دەکرد، گەلاڵەیەکی لێڵی لەمەڕ کوردستانێکی یەکگرتوو لەگەڵ ئەفسەرە بریتانیاییەکە هێناگۆڕێ و، داوای لێکرد چۆن دەتوانێ پێوەندی لەگەڵ بنکەی سەرکردایەتی عەسکەری بریتانیا بکا. بۆچوونی ئەفسەرە بریتانیاییەکە بە تەواوی دروست بوو، ئەو چ بەڵێنێکی بە قازی نەدا، بەڵام ڕووسەکان ئەوەیان بیستەوە کە قازی خان لە بیری دابوو و ترسیان لێنیشت. زانیاریدەرەکەی من لێبڕاوانە (ئەو خاڵە جەخت دەکاتەوە و) دەڵێ تا دوای ئەو کاتەی کە کوردەکان ڕوویان لە بریتانیاییەکان کرد و لەلایەن ئەوانەوە بە ساردی وەرگیران و چ بەڵێنییەکیان نەدرایە چ جۆرە لێدوانێکی سیاسی لە نێوان کوردەکانی مهاباد و ڕووسەکاندا لە گۆڕێدا نەبوو. هەڵبەت، تەواو لەوانەشە کە کوردە هیوابڕاوەکان بە زانایی کارێکی ئەوتۆیان کردبێ کە ڕووسەکان لە نێوەرۆکی قسەکانیان لەگەڵ (بریتانیاییەکان) ئاگاداربن بۆ ئەوەی هانیان دەن کە بە ڕکەبەریی (بریتانیا) بە دەنگیانەوە بێن.

ئەوە لە مانگی نۆڤامبردا بوو (ساڵی ١٩٤١ ـ وەرگێڕ) کە ڕووسەکان ٨٠ کوردی هەرێمی مهابادیان برد بۆ باکۆ و، لە گەڕانەوەدا بە باربوو و پیتاکی وەک رادیۆ، زین، دەمانچە و بەتایبەتی قەند ناردیاننەوە. ئەو قەندانەی دایانێ بە مەزەندەی قاچاغ بایی ١٠٠٠٠ ڕیاڵ دەبوو (تەنێ پیاوێک، دەستی بە سینگی سوودخۆرانەوە نا و، قەندەکەی بە خزمە نەدار و دۆستەکانی بە بایی نزمی ڕەسمی فرۆشتەوە). قازی محەمەد بە دووجار بایی ٢٠٠٠٠ ڕیاڵ قەند و هێندێک کەلوپەلی دیکەشی درایە. زانیاریدەرەکەی من دەڵێ بە پێی قسەی باو بڕیاری پێکهاتنی کۆنفرانس و دیدارێک لە نێوان ئەفسەرە بریتانیاییەکان و ڕێبەرانی کورد لە بۆکان لە ئارادابووە و، ئەوەی کە قازی محەمەد و ئەوانی دیکە لە مەهابادیان جێهێشتووە بۆ ئامادەبوون لەو دانیشتنەدا، هەر لەوکاتەدا ئەفسەرە ڕووسەکان دەگەنێ، بە دوای نوێنەرانی مهابادا دەچنە بۆکان، ئەوان دەهێننەوە و ڕۆژی دواتر بە ئوتومبیل ئەوان دەبەن بۆ

تەوریز بۆ ئەوەی بەرەو باکۆ بچن. زانیاریدەرەکەی من دەڵێ ئەو نازانێ کۆنفرانسی بۆکان چی بەرسەرهات؛ ئەو هەر لە جێدا نازانێ داخودا فکری پێکهێنانی کۆنفرانسێکی ئەوتۆ لەلایەن بریتانیاوە کرابووەوە یان نا.

(ئەوەتان لەبەرچاو بێ کە ئاغای کووک لە تێلێگرامی ژمارە ٨٩ی ٢٧ی نۆڤامبری ١٩٤١ی خۆیدا باسی ڕاپۆرتێک دەکا کە ئەفسەرانی سیاسی بریتانیایی سەرۆک عەشیرەتە کوردەکانیان بانگهێشت کردبوو بۆ ئەوەی لە بۆکان چاویان بە یەکتری بکەوێ؛ ئەمن پێی خۆشحاڵ دەبم بزانم داخودا لە ڕاستیدا بانگهێشتنێکی ئاوا لە گۆڕێدا بووە، یان بیر لە دیدارێکی ئەوتۆ کراوەتەوە یان نا) هەرچۆنێک بێ زانیاریدەرەکەی من و، هەروەها کۆمەڵانی خەڵک لە مهاباد، لەو بڕوایەدان کە دیدار و چاوپێکەوتنی نێوان ئەفسەرە بریتانیاییەکان و کوردەکان بووەتە هۆی ورووژانی هەستی ئێرەیی ڕووسەکان و، ڕووداوی باکۆ، ئاکامی ڕاستەوخۆی ئەوە بووە.

قازی محەممەد و دۆستەکانی زۆر بە شانازییەوە لە باکۆڕا هاتنەوە بەڵام لە مانگەکانی دوای ئەو سەفەرە بە ڕواڵەت بەرەبەرە دڵساردی و نائومێدی پێوەبوو.

زانیاریدەرەکەی من دەڵێ، ئێرانییەکانیش بێکار دانەنیشتوون، بەڵام سەرکەوتنێکی ئەوتۆشیان نەبووە، ئەمیر ئەسعەد (عەلی ئاغا)ی دێبۆکری لە مانگی ئاوریلدا چووە تارانێ و، وەک فەرمانداری مهاباد گەڕایەوە بە ئوتومبیل و پارەیەکی ئەوتۆ کە بتوانێ سوارە و دەستوپێوەند لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە؛ بەڵام ئەو پلەیەی لێ نەدەوەشاوە. ئەو نەیتوانی یارمەتییە حکوومەتییەکان (ڕەوایانە) دابەشێ و لە حاڵی حازردا عەشیرەتە نارازییەکان، کە مەنگوڕ لە نێویاندا ئی هەرە زۆریانن جێگەی ئەویان گرتووەتەوە. ئەو گەڕایەوە بۆکان بۆ سەر موڵک وماڵی خۆی. هەروەها کەسێکی دی حەمەڕەشیدخانی بانەیە، کە بۆ ماوەیەک دژی ئێرانییەکان شەڕی کرد بەڵام سەرنەکەوت (زانیاریدەرەکەی من دەڵێ زۆربەی پیاوەکانی حەمەڕەشیدخان لە شەڕی یەکتردا کوژران لە سەر تفەنگی ئێرانییەکان تا ئەوەی کە لە جەبهەدا بکوژرێن) و ئێستا خزمەتکارێکی چاکی مووچەوەرگری دەوڵەتە. ئامادەیی حکوومەتی ئێران بۆ ئەوەی بە دانی پارە گوێڕایەڵی و خزمەتکاری بۆ خۆی دەستەبەر بکا، بێ ئەملاوئەولا شتێکی سەرنجڕاکێشە بۆ ڕێبەرە کوردەکان. هیچ لایەکیان ڕاڕایی لە پساندنی پێوەندییەکی ئاوا ناکەن ئەگەر شتێکی سەرنجڕاکێشتر بدۆزنەوە. بەڵام لە حاڵی حازردا سباتی نیسبی یە کە حیسابی بۆ دەکرێ.

زانیاریدەرەکەم ئاماژەی بە کەیسی سەرنجڕاکێشی ئەوتۆی بنەماڵان کرد کە ئەندامی وەهایان تێدایە کە سەر بەڕووسان دادەندرێن لە کاتێکدا نی واشیان هەیە سەر وەئێران بەحیساب دێن. قازی محەممەد، ڕەنگە کەسی هەرە دەستڕۆیشتوو و بە نفووزی مهاباد، سەرۆکی شانۆکەی باکۆ بوو، بەڵام براکەی سەدر ـ ئەل ـ قازی (سەدری قازی دروستە ـ وەرگێڕ) لەگەڵ ئێرانییەکان پێوەندی هەیە. ئەمیر ئەسعەد بێ ئەملاوئەولا سەر بە ئێرانە، بەڵام وەکی باس دەکرێ براکانی لەگەڵ ئەوەدانین و، ئاوها. (ئەمن لێرەدا دەبێ بڵێم بۆم دەرکەوت کە تەفاهومێکی ڕاستی لەمەڕ گەورەبوونەوەی بەرەبەرەی دەسەڵاتی ئێران هەیە). هیچکەس وەک سەر بە بریتانیا بە من نەناسێندرا، ڕاستییەکی گرینگ بە نۆرەی خۆی و جێی ئیعتیبار بۆ ئێمە.

خاڵەکانی دیکە لە چیرۆکی ئەو یایە نۆروێژییەدا ئەوە بوو کە کوردەکان بە گشتی و بە خۆشییەوە قانوون و پەسندکراوەکانی تازەی ئێران بە هێند ناگرن و گوێشی نادەنێ. بۆنموونە ئەمساڵ ژمارەیەکی یەکجار زۆر کچی خوارەوەی ١٦ ساڵ بە مێرد دراون. چینەکانی خوارەوە(ی کۆمەڵ) بەتایبەتی دەیانەوێ هەرچییەکی ئێرانی بێ کۆتایی پێبێنن و بابدەنەوە سەر دابونەریتی کۆنی عەشیرەتی خۆیان.

زانیاریدەرەکەی من سەبارەت بە پێوەندییەکانی نێوان کوردەکان ـ ڕووسەکان ئەوەندەی نەدەزانی کە بتوانێ قسەی لێوەبکا، لە وتووێژی دواتردا، ئەوەی کە سەبارەت بە سیاسەتی ڕووس، یان نەبوونی سیاسەتی ڕووس بە منی گوت کە ئەو پێیوایە ڕووسەکان سەبارەت بە تەجرەبەی باکۆ پەلە و تاڵووکەیان بوو و، وردەوردە لەو بۆچوونەی کە ئەوەدەمی بوویانە پاشگەز بوونەتەوە و سیاسەتی ئێستایان، بە گشتی، ڕووەو ئەوە بووە کە خۆیان بپارێزن و خۆ بە دوور بگرن و ئەمە بووەتە هۆی نائومێدی کوردەکان. یایە نۆروێژییەکە دەڵێ کاتێک کە بەو زووانە، کۆڵۆنێل ئەمیر ئەسلانۆف دوای ڕووتکرانی تاجرێکی عێراقی، سەری لە مهاباددا، ئەوەدەمی کاکە سوار یەک لە سەرۆکە مەنگوڕەکان بەرپرسی پاراستنی هێمنی لە مهاباد بوو، کۆڵۆنێک دەمانچەی لە کاکەسوار هەڵکێشا و هەڕەشەی لێکرد بێتوو جارێکی دیکە شتی ئەوتۆ ڕووبدا هەر چاوی پێی بکەوێ تەقەی لێدەکا، دوایە سەبارەت بە ئەرکی ئەوانەی پاسەوانی ڕێگاوبانن قسەی بۆ کرد و پێکێشی کرد ئەو پارەیەی دزراوە بدرێتەوە.

ئاکامی (ئەو هەڕەشە و گوڕەشە)یە ئەوەبوو کە ئەگەرچی گشت پارەکەش نا، بەڵام (بەشی زۆری) دراوە بە خاوەنی و، کاکە سوار وەک ئەفسەری پاراستنی هێمنی لە سەر کار لاچوو و عەلی خان جێگەی ئەوی گرتەوە.

کەسی دووهەمی کە هات بۆ چاوپێکەوتنم سەدر ـ ئەل ـ قازی(سەدری قازی ـ وەرگێڕ) بوو. ئەمن پێشتر نەمدیبوو بەڵام تاریفی چاکیم لە بەڕێوەبەری AIOC و خەڵکی دیکە بیستبوو، ئەوم وەک ئینسانێکی بەنیسبەت بەفەرهەنگ و بەڕواڵەت بەشێوە بیرکردنەوەیەکی نەرم و بەرپرسیارانە هاتە بەرچاو. ئەمن پێمگوت کە پەشێوی سەرەکی من مەسەلەی گەنمە. ئەمن شیمکردەوە بۆچی ئێران دەبێ یارمەتی بە خۆی بکا تائەو جێگەی بردەکا بە ڕێگەی پێشگرتن لە ناردنی گەنم بۆ دەرەوە و زیادکردنی ڕەنێوهێنانی گەنم. یەکەم ڕاگەیاندنی سیاسەتی تازەی حکوومەت لەمەڕ گەنم و دەغڵودان لە رادیۆوە بڵاوکرابووەوە جابۆیە ئەمن دەمتوانی بیروڕای وی لەوبارەیەوە بپرسم. ئەو گوتی ئەوە سیاسەتێکی باشە، بەڵام دەیگوت جێی داخە ئەوە زۆر وەدرەنگی خرا دەنا دەکرا گەغێکی زۆر بۆ ئێران، شایەد ٥٠٠٠ تۆن بپارێزرێ کە تائێستا لە سنوورەوە ئاودیوی عێراق کراوە. بایی تۆنێک گەنم لە بۆکان لە ٢٩٠٠ تا ٣٠٠٠ ڕیاڵە، لە مهاباد بڕێک لە خوارترە، بەڵام لە مەڵبەندی شنۆ و لە سەر سنوور لە ڕۆژئاوای شنۆ بایی گەنم گرانترە. ئەو پێی وایە کە تۆنی گەنم بە ٣٥٠٠ ڕیاڵ خزمەت بەو مەبەستە دەکا کە هێشتاش گەغی چاک لە هەرێمدا ڕەنێوبێ، جگە لەو مەڵبەندانە نەبێ کە زۆر لە نزیک سنوور

هەڵکەوتوون. خاڵی دووهەمی قسەکەی ئەوە بوو کە هیچکەس بڕوای بە حکوومەت نییە. کۆمیسیۆنێکی ڕەسمی (دەوڵەتی) حەولی داوە لە بۆکان گەنم بکڕێ، بەڵام تا ٧ی مانگی ئۆکتۆبر ئەوان تەنیا ئەوەندەیان لە دەست هاتووە کە ٦٠ تۆنی ناچیزە بکڕن. لە کاتێکدا عێراقیبیەکان هەر بە هەمان قیمەت بە کەیفی خۆیان (گەنم) دەکڕن و وەکی کاربەدەستی حکوومەت پێشبینی دەکرد ئەوان ئامادەن پارەی چاک بدەن. (سەدری قازی گوتی)، سازکردنی کۆمیسیۆن کارێکی بێفایدەیە؛ حکوومەت دەبێ بە ڕێگەی تاجرانەوە گەنم بکڕێ. نوختەی سێهەم ئەوەیە، ئەو لێبڕاوانە دەڵێ حکوومەت دەبێ کارگوزارێکی بانکی میللی لە مهاباد لە بەرکاربنێتەوە، (تەنانەت) ئەگەر هەر بە مەبەستی دانی پارەی ئەو گەغانەش بێ کە سیاسەتی تازە هێناویەتەگۆڕێ. نوختەی چوارەم کە ئەو سەرنجی منی بۆ ڕاکێشا ئەو ڕاستییە یە کە پژدەرییەکان کە لە سەردەشت دامەزراون وەکی مەنگوڕەکان کە لە مهاباد بۆی دانیشتوون، هەموو بەرهەمی گەنمی سەردەشتیان بردووەتە عێراق، بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە دانیشتووانی ئەوێ بۆ دابینکردنی پێداویستی خۆیان دێن لە مهاباد گەنم دەکڕن. قسەکانمان بە هاتنی فەرماندار بڕا، بەڵام ئەو گەڕایەوە سەر بێباوەڕی و دڕدۆنگیی کوردان لە ئاست حکوومەتی ئێران. ئەو گوتی لە کاتێکدا ڕووسەکان لە ماوەی ساڵێکدا ٢٠٠٠ ئەسپیان لە مەڵبەندی مهاباد کڕیوە، ئێرانییەکان هەر لە هەمان ماوەی زەمانیدا نەیانتوانیوە ٥٠٠یش بکڕن. دەبێ سەبارەت بە گەنم کڕینیش هەر وابێ بێتوو ئاکار و شێوەی جووڵانەوەیان کۆنترڵێکی لاوەیی بە سەرەوە نەبێ. ئەمن ئەو دەرفەتەم بە کەڵک زانی بە یەکدوو وشەی باش باسی لەبەرکارنرانی ئاغای شێریدانMr sheridan بکەم و، بەسەدری قازیم گوت ئەگەر ئەو سەبارەت بە شێوەی ئاکار و جووڵانەوەی ئەوتۆ کە لە مەڕ سیاسەتی تازەی (گەنم و دەغڵ) بڕیاردەر بێ بەڵگەی دەستکەوت دەبێ ئەگەر ئەمن یان کۆنسولگەرییەکانی ڕووسیا یان ئەمریکا ئاگادار بکا، بۆ ئەوەی دڵنیایی هەبێ لەوەی کە ئاغای شێریدان دەبیسێتەوە و حەولدەدا لارییەکانی ڕاستکاتەوە. دەبێ لێرەدا جەخت بکرێتەوە کە ئەو دەربڕینە لە ڕیشە دەرنەهاوێژەرەی باوەڕنەبوون بە ئێرانییەکان لەلایەن کەسایەتییەکی هەڵکەوتووی کوردەوە دەکرا بەگشتی واداندرێ سەر بە ئێران بێ، یەک لەوان چەند کەسێکی کە من لە ناوچەدا کە لێی دەوەشێتەوە و پێی دەکرێ پردێک بێ لە نێو کوردەکان و فارسەکان (ئێرانییەکان)دا ڕایەڵ بکا.

فەرماندار گوتی بارودۆخ لە مهاباد زۆر تاریکە؛ حکوومەت چ دەسەڵاتێکی نییە و، عەشیرەتەکان بە بیانووی پاراستنی هێمنی بە هەموو شێوەیەک بە ڕووتاندنەوە و جاڕزکردنی خەڵکەوە خەریکن، یەک لەوانە زیندووکردنەوەی داوای کۆن و تازەکردنەوەی مامەڵە و حیسابی کۆن. مامەشەکان سڵدووز(سندووس) دەدۆشن، مەنگوڕەکان مهاباد، دێبۆکرییەکان بۆکان، پژدەرییەکان سەردەشت و، ئێستا بە پێشنیاری ئەستاندار لە تەورێز، سوارەیەکی تێکەڵاو لە مەنگوڕ، گەورک و مامەش چوونە میاندواو بۆ ئەوەی «هێمنی» ئەوێ بپارێزن. فەرماندار زۆر بە توندی لە دژی ئەو کارەیە و پێی وایە ئەوە دەبێتە هۆی کێشەسازبوون لە گەڵ دێبۆکرییەکان (ئەوە ڕاستە کە ئاغای فەهیمی، ئەستانداری ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، بە کەیفی خۆی دەست لە کاروباری ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و بەتایبەتی مەسەلەی کورد وەردەدا؛ خۆشەویستییەکی کەم لە نێوان وی و دوکتور مەرزبان، ئەستانداری ڕەزاییە لەگۆڕێدا ماوە. بۆچوونی من ئەوەیە ئەوە ئاغای فەهیمی یە کە زیادتر خەتای دێتەوەسەر). شارنشینەکان، تاجرەکان، ئەو بارودۆخە بە تەواوی پرزەی لێبڕیون و بێپسانەوە ڕووی تێدەکەن بۆ ئامۆژگاری؛ ئەو تازە لە ڕەزاییە دوای پرس و ڕا لە تەک ئەستاندار گەڕاوەتەوە و لەوێ بیریان لەوە کردووەتەوە داخودا ناکرێ گەورک و مەنگوڕان بۆ دەرپەڕاندنی پژدەرییەکان لە سەردەشت بەکاربهێنن، بەڵام ئەو لە دژی ئەو نەخشەیە بووە. لە کاتێکدا منیش بۆچوونی جیاوازی خۆم دەربڕی ئامۆژگاریم کرد کارێکی وا نەکەن کە کورد بە کورد بەشەڕ بدەن، نە لە سەردەشت و نە لە چ جێی دیکە، هیچ نەبێ لە بەر ئەوەی کە لە جەریانێکی ئەوتۆدا خەڵکی نیشتەجێ خەساریان پێدەگا و ئەگەر شەڕێک بقەومێ تۆوی شەڕی دیکە لە داهاتوودا دەچێنێ. ڕێنوێنی من ئەوەبوو تا ئەو جێیەی دەتوانێ ئاشتی بپارێزێ، (تەنانەت) ئەگەر ئەوە ڕۆژ بە ڕۆژیش بێ، چونکە هەلومەرج وردەوردە دەگەڕێنەوە سەر بارودۆخی ئاسایی. فەرماندار پێشنیاری وابوو کە نوێنەرایەتی خاوەنشکۆ (H. M. Legation) دەتوانێ ئەو جەرەیانە خێراتر بکا بە دەکارهێنانی نفووزی خۆی کارێکی وا بکا پژدەرییەکان بانگ بکرێنەوە بۆ عێراق.

پاشان فەرماندار نەخشەی خۆی بۆ باشتر پاراستنی هێمنی بە وردی هێناگۆڕێ. تەجرەبەی (ئەسپاردنی) ئەو کارە بە ئەمیر ئەسعەدی دێبۆکری سەرکەوتوو نەبووە، یەک لە هۆیەکانی ئەوە بووە کە ئەو گشت یارمەتی مانگانەی دەوڵەتی بۆ خۆی هەڵدەگرت. مەنگوڕەکان، کە خەڵکێکی نەدار بەڵام کەللەڕەق و نەحاواوەن و لە بەرزاییە تەنکەکان (دەژین) ئێرەییان بە ئەمیر ئەسعەد و دێبۆکرییە دەوڵەمەندەکان دەبرد و، لە ڕاستیدا، دەبوو ئەوان بایەن، لە پێناو پاراستنی ئاشتیدا، بەشی زیادتری پارەی حکوومەتیان پێ ببڕێ. وە گەورک، مامەش و دێبۆکریش پشکی خۆی تێخەن. ئەو چوار عەشیرەتە بە هەموویانەوە دەبێ یارمەتییەکی ئەوتۆیان پێ بکرێ کە بتوانن ٣٠٠ سوارە بەخێوکەن بۆ هەر سوارێک مانگانە ٥٠٠ ڕیاڵ (٣٥٠ ڕیاڵ مووچە، ١٠٠ ڕیاڵ بۆ خەرجی ئەسپ و ٥٠ ڕیاڵ بۆ خەرجی جلوبەرگ) کە بە شتێک بۆ سەرۆک عەشیرەتەکانەوە مانگانە دەکاتە ١٦٠٠٠٠ ڕیاڵ. فەرماندار گوتی، حکوومەت دڵەڕاوکێی هەبوو بۆ پەسندکردنی پێشنیارێکی ئەوتۆ، تاڕادەیەک لەبەر ئەوەی کە ئەزموونی ئەمیر ئەسعەد سەری نەگرت و بەشێکیش لەبەر ئەوەی کە ئەو کەسانەی کە بۆ کارێکی ئەوتۆ دەستنیشانکرابوون، خەریکی ڕاوەڕووت بوون و، ئێستاش بەو کارەوە خەریکن. فەرماندار ئێستاش هەتابڵێی لە بیری ئەوە دایە کە کارێکی ئەوتۆ بکا ئەوانە ببنە مووچەگری حکوومەت چونکە پێیوایە بەو شێوەیە کۆتایی بە بەلەسەبوونیان لە قانوون دەدرێ و داوای لێکردم تا ئەو جێیەی پێم دەکرێ لە دووی سیاسەتێکی ئەوتۆ بدەم و پشتی بگرم.

تا ئەو جێیەی کە بگەڕێتەوە سەر گەنم، فەرمانداریش، هەر لێبڕاوانە وەک سەدری قازی، گوتی؛ (ناردنی) کۆمیسیۆنی گەنم کڕین بێفایدەیە و، دەبێ تاجران هان بدرێن و بنێردرێن بۆ ئەوەی وەک واسیتە ئەو کارە ڕاپەڕێنن. ئەویش دەیویست کارگوزار(نوێنەر)ی بانکی مەرکەزی

بگەڕێتەوە مهاباد. ئەو لەو بڕوایە دایە کە تا ۲۰۰۰ تۆن گەنم لە مەڵبەندی مهاباد دەست دەکەوێ و، لە شاریدا ئەنبار بۆ (پاشەکەوتی) گەنم هەیە.

فەرماندار گوتی تا ئەو جێیەی بگەڕێتەوە سەر مهاباد مامەڵە و سەودای ڕووسەکان لەوێ هەر کڕینی ئەسپی سواریی بووە. ئەوان لەوێ ڕەشەوڵاغ و مەڕیان نەکڕیوە ـ بەڵکە پێشیان بە ناردن و فرۆشی ئاسایی مەڕ و ڕەشەوڵاغ بە عێراق گرتووە.

فەرماندار بە نابەدڵییەوە دەیسەلمێنێ کە ڕووسەکان هەموو حەولی خۆیان دەدەن بۆ قەتیس کردنی کوردەکان و دامەزراندنەوەی نەزم و هێمنی؛ لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو نەیتوانی حاشای لێبکا، کە کۆلۆنێل ئەمیر ئەسلانۆف لە مەسەلەی ڕووتکردنی عێراقییەک بە دەستی مەنگوڕەکان خۆی تێوەرداوە و پارەکەی ئەستاندووەتەوە؛ بەڵام ئەو دەڵێ لە ڕاستیدا پارەکە هەمووی نەگەیشتووەتەوە خاوەنەکەی.

ئاخرەکەی، ئاسۆگی مهابادی لەم زستانەی داهاتوودا تاریک دەدی. زۆر لە تاجر و سەوداکاران مهابادیان بەجێهێشتووە و چوونەتە تەورێز، گیروگرفت و دژواری هاتوچۆ و گواستنەوە و، هەروەها نەبوونی هێمنی، بووەتە هۆی داشکانی تەجارەت و ساتوسەودا. خەڵکێکی زۆر بێکار و بێ ئەنوان و بە نەبوونی گەنم لە سیلۆی حکوومەتیدا، ئەو پێشبینی برسییەتی و نائارامی دەکا. سیاسەتی نوێی حکوومەت لەمەڕ گەنمی گرانتر و نانی هەرزان دەبێ تارادەیەک ببێتە هۆی دڵگەرمی وی، بەڵام گومانی تێدا نییە بارودۆخی مهاباد باش نییە.

ئەو کەسەی دیکەی هاتە لام قەرەنی ئاغا، سەرۆک عەشیرەتی مامەش بوو و زیاتر وەک ڕێوییەکی پیر دەهاتە بەرچاو. ئەمن نامەیەکم بۆ هێنابوو کە ئاغای فەهیمی بۆی نووسیبوو، کە دوایە بۆم دەرکەوت، لە نامەکەدا ئەمنی پێناساندبوو و داوای کردبوو بە شێوەیەکی شارستانییانە لە گەڵم ببزوێتەوە. ئەوە گرینگە کە ئاغای فەهیمی دێ و داوایەکی ئاوا لە سەرۆک عەشیرەتێکی کورد دەکا و نەک لە فەرمانداری ئێرانی. زۆربەی قسەکانمان لەمەڕ گەنم بوو. ئەو پیاوە پیرە مەیلی زۆر بە گوڕی سەبارەت بە سیاسەتی نوێ دەربڕی و، پێی گوتم) ئەوە خەریکە چەپەر دەنێرێ بۆ سندووس، لاجان و شنۆ بۆ ئەوەی دەست ڕاگرن لە فرۆشتنی (گەنم) بە عێراق. ئەو پێیوایە قیمەتی تازە باشە، بەڵام بیری لەوە دەکردەوە داخودا ئەو قیمەتە ساڵی داهاتوو زیاد ناکرێ. ئەویش پێکێشی دەکرد و دایدەگرتەوە کەس چ باوەڕی بە حکوومەتی ئێران نییە. ئەو دەیەویست بریتانییەکان یان ڕووسەکان ببنە زامنی حکوومەتی ئێران بۆ دانی ئەو قیمەتەی بەڵێنی لە سەر داوە. دوای باسی گەنم ئێمە هاتینە سەر هەلومەرجی ئابووری بەگشتی و مەسەلەی نوێنەرایەتی کردنی کوردەکان لە تاران. قەرەنی ئاغا زۆر بە توندی پشتیوانی لەوەدەکا کە سەدری قازی ببێ بە نوێنەری کورد لە (پارلمانی ئێران).

دوای وی قازی محەمەد هاتە لام. ئەو بڕێک بە ئینگلیسی قسە دەکا بەڵام زۆر چاکی لێ حاڵی دەبێ. ئەمن بەلەبەرچاوگرتنی پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسەکان و ئەوەی سەبارەت بە ئاواتەکانی دەمزانی، دەبوو زۆرم ئاگا (لە قسەکانی خۆم) بێ. ئەمن بە باسی گەنم دەستم پێکرد و بیروڕای ویش بەگشتی هەروەک ئەوانی دی وابوو و، ئەوەی لێ زیاد کرد کە ئاسۆی شار بۆ بێکاران زۆر ناخۆش و جێی داخە و بە لێبڕاوییەوە گوتی کە ئەنباری ڕەسمی (دەوڵەتی) لە ۲۰ تا ۳۰ تۆن زیادتری (گەنم)تێدا نییە. پاشان دەستی کرد بە گلەیی و گازن لە ڕووسەکان و، قسەکانی من لەمەڕ پەسندان و پێزانینی ئەوەی ڕووسەکان بۆ بەرگری لە ستالینگراد و (جێی دی) کردوویانە شلی نەکردەوە. ئەو پەسنی بریتانیاییەکانی دا بۆ ئەو ئاکارەی لە عێراق لەگەڵ کوردەکان بوویانە و، گوتی کە کوردەکان تەنێ دەتوانن بە یارمەتی بریتانیا چاوەڕێی ئەوە بن هەلومەرجی خۆیان باشتر کەن و بە ئازادی بگەن. لێرەدا ئەمن لێم پرسی داخودا پێی خۆشە بەسەرهاتی بەرزایی نشینەکان(Highlanders)ی سکاتلەندی بۆ بگێڕمەوە، هەڵەکان و ڕەنجەکانیان بەر لەوەی کە هەڵوێستی خۆیان باشتر بکەن، هەڵبەت ئەو زۆر بە ئەدەبەوە گوتی پێی خۆشە بیبیسێ. جا بۆیە من باسی تینوویەتی بەرزایی نشینەکانی سکاتلەندم لەپێناو ئازادی بۆ گێڕاوە، باسی گێرە و کێشەی نەپساوەیان، نەبوونی یەکێتی یان دیسیپلین، پەلامارەکانیان بۆ سەر ناوچە نزمەکان(Lowlands)، ئامادەییان بۆ خزمەتکردن بە ئامانجەکانی هێزی بێگانە، واتە فەرانسە، بە دژی ئینگلستان لە ئاخر شکانەکانیان. دیارە دوایە ئاشتبوونەوە سەری گرت و ئێستا بۆ چەندین وەچ دەچێ کە بەرزایی نشینەکان کە ئەمن بۆخۆم یەک لەوانم مافی دەرفەت و دەرەتانی یەکسانیان هەیە لە تەک گشت تەبەعەکانی پادشادا. ئەمن پێمگوت، ئەوە بە پیاوی وەک ئێوە بەستراوەتەوە، کە حەول بدەن هەمان یەکسانی لە دەرفەت و ئیمتیازاندا بە ڕێگەی ئاشتییانە بۆ کوردەکان وەدەست بهێنن و خۆ لە کامبرلەند (Cumberland)ێکی خوێناویی کوردی بپارێزن. هیوادارم ئەوان ئێستا ژیرانە بجووڵێنەوە و دەستبکەن بە هەڵسوکەوت و پێوەندی لە تەک تاراندا. ئەمن پێموانییە کە ئەو مەوعیزانەی من شوێنێکی ئەوتۆی لە سەر قازی دانابێ، بەڵام بەلانیکەمەوە تەئسیری ئەوەی هەبوو کە پێش بە درێژەدانی قسە دژی ڕووسیا بە مەترسییەکانی بگرێ.

لێرەدا دەبێ باس بکەم کاتێک بۆ لای ئێوارە ئەمن مونشییەکەم نارد، کە لە رادیۆی ماڵی قازی ڕا، گوێی لە ڕاگەیاندنی حکوومەت سەبارەت بە سیاسەتی لەمەڕ گەنم ببێ، قازی و براکەی سەرسووڕمانی خۆیان لە سەر ئەوەی کە ئەمن نەمویستووە هیچ شتێک لە دژی ڕووسەکان ببیسم دەربڕیبوو و سەبەبی ناڕازیبوونی خۆیان لە سیاسەتی ڕووسەکان هێنابوەگۆڕێ. ئەوان بە شێوەیەکی سەرەکی لە بیرگۆڕینی چاوەڕواننەکراوی ڕووسەکان دڵمەند بوون و، باسی سێ ڕووداویان کردبوو:

١- کۆنفرانسی شنۆ، سەید عەبدوڵڵای خەڵکی عێراق لە مهاباد چاوی بە ئەفسەرێکی ڕووسی دەکەوێ و کابرای ئەفسەر داوای لێدەکا لە هەموو سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان بگێڕێتەوە بۆ (بەشداری) لە کۆنفرانسێک لە شنۆ بۆ ئەوەی لەوێ حەولی یەکێتی بدرێ و سەید ئەو کارە دەکا. ڕاست پێش ئەو ڕۆژەی کە بۆ (دانیشتنەکە) داندرابوو، ڕووسەکان پەیام دەنێرن بۆ سەرۆک عەشیرەتەکان و، پێیان دەڵێن گوێ نەدەنە بانگەوازەکەی سەید عەبدوڵلا، بەڵام باوەکوو ئەوەش یان لەبەر ئەوەی کە پەیامەکەیان پێنەگەیشتبوو، زۆربەی سەرۆک عەشیرەتەکان لەو (دانیشتنە)دا ئامادەبوون. لەوێ سەید عەبدوڵلا و قازی محەمەد قسەیان

بۆ دەکەن و تکایان لێدەکەن یەکبگرن و هێمنی بپارێزن، بەڵام وەڵامێکی ئەوتۆیان نادرێتەوە و تووشی نائومێدی دێن. نائومێدییەکەیان زیادتر دەکا بەوەی کە ڕووسەکان زۆر بە گەرمی پشتی ئەمەرخانی شکاک دەگرن، ئەو کەسەی کە خۆیان سەروبەندێک دڕدۆنگی ئەوەیان لێی بوو کە سەر بە ئێران بێ و، پێشنیار دەکەن ئەو ببێ بە سەرۆکی سەرۆکان. کوردەکانی مهاباد وایان چاوەڕوان دەکرد کە قەرەنی ئاغا (مامەش)لەو پلەیە دابندرێ و پشتیوانییان لەوی دەکرد. (ئێمە لێرەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە بۆچی هێندێک لەو گوزاریشتانە لەو بارەیەوە هاتوون دەڵێن سەرۆکێک، ئەمەرخان، داندرا و، ئەوانی دیکە دەڵێن هەم ئەو و هەم قەرەنی ئاغا دیاری کران. کوردەکانی مهاباد پشتیوانیان لەوی دواییان دەکرد و، ئەمن دەڵێم، ئەوان بوون کۆنفرانسەکەیان ڕێکخست. ڕووسەکان بڕیاریان دا لە دژیان ڕاوەستن و، هەڵبژاردنی ئەمەرخان لەلایەن ئەوانەوە دەبێ زۆری پەلە لێکرابێ چونکە هێندە لەمێژ نییە کە سەر کۆنسوولی سۆڤیەت بە منی گوت ئەوان لە ئەمەر بەشکن).

٢- لە بۆنەیەکی دیکەدا سەدری قازی لە ڕەزاییە دەبێ، عەلییۆف بە دوویدا دەنێرێ و پێشنیار دەکا لە ١٢ی مانگی سێپتامبر بە یەکەوە لە نەغەدە ڕا بچن و حەولبدەن بۆ ئاشتکردنەوەی ئەندامانی عەشیرەتەکانی فیران (پیران ڕاستە ـ وەرگێڕ) و دێبۆکری کە قڕەیان لە نێودا سازبووە. سەدری قازی کە لەو نێوانەدا گەڕابووەوە مهاباد بە زەحمەت ئوتومبیلێک پەیدا دەکا و بە پەلە دەچێ بۆ نەغەدە. لەوێ لە شەمۆوە تا دووشەمۆ چاوەڕێ دەبێ. بەڵام نە عەلییۆف پەیدا دەبێ و نە لەو دەمیشەوە هیچی ڕاسپاردووە کە بۆچی نەهاتووە.

٣- ڕووسەکان ئەمەرخانی شکاک و سەرتیپخانی هەرکییان هاندا، لە ڕاستیدا مەجبووریان کردن کە بە سوارەیەکی ٢٠٠ کەسییەوە لە ٨ی ئۆکتۆبردا بێنە مهاباد بە سێ مەبەستان (ئەوەش ڕەنگە نموونەیەکی دیکە بێ لە شیکردنەوەی کردەوەیەک بە خەتا خستنە سەر ڕووسەکان):

ئا) بۆ پرس و ڕاوێژ لەگەڵ ڕێبەرەکانی دیکە سەبارەت بە شێوە و بۆچوونی دەرپەڕاندن و دەرکردنی پژدەرییەکان لە سەردەشت. (فکری) بەکارهێنانی زەبروزەنگ وەلانرا ئەگەرچی مەنگوڕەکان ئامادەبوون شەڕی پژدەرییەکان بکەن و کاکەسوار پەشێوی ئەوەبوو چۆن کۆنترۆڵی سەردەشت بە دەستەوە بگرێ. لە کۆتاییدا، نامەیەکیان بۆ ناردن و داوایان لێکردن (لە سەردەشت) بکشێنەوە و، هەڵبەت ئەوە چی لێ شین نەبوو.

بێ) دەست بە پشتداهێنانی مەنگوڕەکان بۆ ئەوەی دەست لە کۆنترۆڵی مهاباد هەڵگرن،کە ئەوان لەوێ مالییات دەستێنن و بە کەیفی خۆیان خەرج و باج وەردەگرن. لەوەشدا سەرنەکەوتن.

پێ) ئەهێشتنی خوێنخوازی و کێشەی نێوان بنەماڵەکانی مەجیدخان و مستەفاخان لە ناوچەی میاندواو؛ ئەو کێشەیەی کە بوو بە هۆی تەقەلێکردنی ئەخواستە لە خانمی بوردت (Mrs. Burdett) لە ٢٤ی مانگی ئاوریل و، مردنی چەند پیاوێک لەو دەمییەوە و، هەروەها تەقەلێکردنی ئەخواستە لە قادری پیرۆتی برای فەرمانداری میاندواو لە سەرەتای سێپتامبریش، دیسان لەوەشدا سەرنەکەوتن.

ئەو سەفیرانەی لە ڕەزاییە هاتبوون لە ١٠ی مانگ بەرەو ماڵی خۆیان گەڕانەوە. ئەوان تووڕە بوون هەم لەبەر ئەوەی لە کارەکەیاندا سەرنەکەوتن و هەمیش (بە قسەی دوو قازییەکان) چونکە ڕووسەکان بە دزی لە مەنگوڕەکانیان ڕاتەسپاردبوو کە بە پێی ئامۆژگاری وان نەبزوونەوە. ئەوان هەروەها دیسان بە وەش تووڕە بوون (کە لە کاتی گەڕانەوەدا) ڕووسەکان وەریان نەگرتبوون و لێیان ڕاسپاردبوون کە بەرەو لادێکانی خۆیان بڵاوی لێبکەن بە بێ ئەوەی بێنە نێو ڕەزاییە، چونکە ئەگەر بێنە نێو ڕەزاییە ڕووسەکان دەبێ بە پێی ئەو ڕێکەوتنە تازەیەی لە گەڵ ئێرانییەکان کردوویانە چەکیان کەن.

(ئەوە گرینگە کە ئێمە نابێ ئەو چیرۆکە کوردییانە وەک ڕاستی بێ ئەملاوئەولا وەربگرین؛ بەڵام من پێموایە ئێمە دەتوانین (لەو قسانە) بەو ئاکامە بگەین کە ڕووسەکان کەوتوونەتە داوی پیلانێکی کوردی و تێیدا چەقیون و، ئەوەی کە کوردەکانی مهابادیان بە دڵ نییە).

ئاخرین کەسی کە هاتە دیتنم عەلی خان، بەردەستی عەولاغا، بابەزنی مەنگوڕان بوو. قسەکانی وی گرینگ نەبوون، ئەو دیسان باسی ئەو ڕەنج و چەرمەسەرییانەی کرد کە کوردەکان لە سەردەمی ڕەزاشادا چێشتوویانە و، هەروەها باسی گیروگرفتی ئابووری ئێستای عەشیرەتەکەی کرد (بەرهەمی سەرەکییان توتنە) و، پێشنیاری کرد ئامادەیە ١٠٠٠ پیاوی شەڕکەری خۆی لە بەر دەست بریتانیا بنێ. ئەمن بە ڕەسمی پێمگوت ڕوو لە تاران بنێ و مەنگوڕەکان نابێ پێیان وابێ نەکەونە بەر کارتێکردنی شەڕ، شەڕێکی کە گشت جیهان ڕەنجی لێکێشاوە (و زەرەری لێ دیوە). ئەمن لە دوای نیوەڕۆدا چوومەوە لای ئەوانەی هاتبوونە دیدەنیم.

لە گەڕانەوەمدا بۆ تەورێز، لە میاندواو بە ڕەسمی سەرم لە فەرماندار دا، کابرایەکی شەقاوەی چەپەڵ. دەرزنێک لە سوارەی گەورک، مامەش و مەنگوڕ کە سەر بە هێزی تێکەڵاو بوون و بەو زووانە بۆ کۆنترۆڵی میاندواو ناردرابوون هاتنە لامان. بە دەورە لە سەر ئەرزی دانیشتن و گوێیان دەدا قسەکانمان.ئەمن وەڵامی موجامەلە و پێهەڵگوتنەکانیانم کە ئامادەن لە پێناو بریتانیادا گیانیان بەخت بکەن بە پەسندانی ڕووسەکان دایەوە و هەروەها بە مەوعیزەکردنێکی زۆر سەبارەت بەو بارودۆخە ناخۆشەی ئێستای جیهان بە مەبەستی ئەوەی کە ئاسۆی تێڕوانینی ئەو پیاوانە تا ڕادەیەک بەرفرەوانتر بێ، ئەوانەی کە وێدەچێ پێیانوایە زەمان دەبێ بۆ ئاسوودەیی و هێمنی ئەوان پێکبێ. شکم نییە، (قسەکانم) چ فایدەی نابێ.

لە مەراغە، باسی گەنم، هاتوچۆ و گواستنەوە، ڕێگەوبان و بێکاریم هێناگۆڕێ. بنێشتەخۆشکەی سەر زاری وی ئەوێ ڕۆژێ ئەوەبوو: "خودا ئاغای شێریدان ڕاوەستاو کا کارێکی وای کرد حکوومەت بایی کڕینی گەنم زیاد بکا". ئەو سەرقاڵی ئەوەبوو کۆبوونەوەیەکی گەورە بۆ خاوەنمولکەکان پێکبێنێ، کە ئەو دڵنیایە (لەو کۆبوونەوەیەدا)، ئەوان دەبێ لە گەڵ عەواریز لێبەستنێکی بەرچاوبن لەو قیمەتە تازەیە بە قازانجی "فەقیران".

(ئیمزا) ئار. دەبلیو، ئورکوارت

(Sgd.) R. W. Urquhart)

تەورێز، ٢٢ی ئۆکتۆبری ١٩٤٢

## چەپکێ شیعری بە دڵ نووسراو

حەمەسەعید حەسەن

### ئەو پشکۆیەی نابێ بە خۆڵەمێش

بینایی ئەستێرەی رووخساری ئینسانە،
ئەستێرە درەختی گڕگرتووی ئاسمانە.
خوا لە رێی جریوەی ئەستێرەی گەشەوە
بەندەی خۆی دەدوێنێ،
ئەو بە هۆی تروسکەی خاڵێکی ڕەشەوە
لەگەڵ من دەپەیڤێ.

پێش ئەوەی کوشاری ئارەزوو
بۆگەنی جەستەمان بداتە دەم باوە،
وەرە با لە گۆلی ئەویندا خۆ بشۆین.
هەوێنی ئەم هەموو ئەوینەی من بۆ تۆ
هەر دەبێ هێزێک بێ خودایی.

پاشگەز نیم ڕۆژانە هەواڵم پرسیوی،
پاشگەز نیم لەو چەپکە هەڵبەستەی
بە دڵ بۆم نووسیوی،
پیاوێکی سەرکێشی وەکوو من،
هەر دەبوو هۆگری ژنێکی سەرشێتی وەک تۆ بێ.

٢٠٠٢/١١/٢١

### ئەو ژنەی بالآنسی تێکدام

دەزانی من بۆچی ئەوەندەم خۆش دەوێی؟
چونکە تۆ مەلێکی دوور لە پۆل دەخوێنی،
ژنێکی بێ پەروا لە کۆسپ و هێڵی سوور،
فەرهەنگت خاڵییە لە وشەی ملکەچی،
سەنگەرت لە داب و نەریتی بابسالار گرتووە،
گەرەکتە هەر تەنیا لە سۆنگەی ئەوەوە کە ژنی
نەبیتە جێی گومان،
چونکە تۆ وێڵی دوای ئازادیت،
تامەزرۆی تریفەی یەکسانیت
گۆرانی بۆ وشەی گەردنکێل دەبێژی
بێرێزی بە خودی خۆت ناکەی،
دڵنیای ئەو ژنەی پێی وابێ
ئازادی تەنیا هەر ئازادیی جەستەیە، کۆیلەیە،
چونکە تۆ نابیتە ژنێکی گوێڕایەڵ،
نابیتە بەندەی ماڵ،
نابیتە بەشێکی مووبەقێ،
نابیتە دیلی پیاو،
چونکە تۆ ژنێکیت بوێر و دڵناسک،
ئەو ژنەی لەمێژ بوو من خەونم پێوەیە دەبینی،
ژنێ پڕ بە مانای وشە، مێ
ژنێ کە ناوی دێ
ناو دەمم هۆنراوەی تێ دەزێ،
ژنێ کە شاسواری ئاواتی: قەڵەمی سەرکێشە
ژنێ کە بە زەبری ئەوینی هاوسەنگیم لە دەست چوو
ژنێ پێش ناسینی لە کن من دڵداری وەهم بوو.

٢٠٠٢/٨/٢٤

### گلەیی

دوو هەفتەیە
لە من وایە دوو سەدەیە،
نە زەنگێکم بۆ لێ دەدەی،
نە ئێس ئێم ئێسێ دەنێری،
نە ئیمەیلێ، نە نامەیە!
کوڵم لای من
تۆ هەر ژنەکەی جارانی
ئەوی ئەگەر شەوباشی لێ نەکردبام
خەو نەدەچووە چاوەکانی،
ئەو ژنەی خۆی بە جولێت و
منی بە ڕۆمیۆ دەزانی،
ژنێ گەرمتر لە ئاگر
ژنێ ناسکتر لە شیعر

ژنێ لە سەرکێشی و جوانی،
ژنێ بێباک
لە ڕێی دژوار،
بێباک لە شەپۆلی زەریا،
ژنێ کە نیگەران دەبوو
بەسەر شانمدا دەگریا.
دوو هەفتەیە
لە من وایە دوو سەدەیە،
نە زەنگێکم بۆ لێ دەدەی،
نە ئێس ئێم ئێسێ دەنێری،
نە ئیمەیلێ، نە نامەیە!

٢٠٠٢/٨/١٨

(sms) پۆستی تەلەفۆنی. نامە بە مۆبایل.
(e.mail) پۆستی ئەلکترۆنی.

## نالەی سوارێکی گلاو

وەک باران چۆن مۆڵەت ناخوازێ و دادەکا،
وەک شەماڵ چۆن بێ پرس هەڵدەکا،
ئەستێرەی چاوی تۆش وا خۆڕسک
لە شەوی ژیانما داگیرسا،
زریانی ئەوینت
درەختی بوونمی
لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵکێشا.

ئەوەندە متمانەم پێت هەبوو
لام وابوو ئەوینمان ئەشقێکە خودایی
قەت بیرم بۆ ئەوە نەدەچوو
چیرۆکی نێوانمان بگاتە کۆتایی.

ئەگەر تۆ وا ئاسان فریوت نەدابام،
من چۆنم زانیبا کەسێکی ئەوەندە خۆشبڕوام.

سوارێکی گلاوی ئەنگاوتەم
زەکاتی کاڵفامیی خۆم دەدەم.

٢٠٠٢/٨/١٢

## لە بەهەشتی ئامێزەوە

بە خێر هاتی
ئەی میوانی درەنگوەختی ژیانی من
دواییت هێنا
بە ساڵانی ڕەش و سەختی ژیانی من
‹تا نەتمژی
نەمدەزانی لە زارمدا زمان هەیە›*
تاکوو باسکت نەکردبوو بە سەرینم
نەمدەزانی لە جەستەمدا ڕەوان هەیە
تا لە یەکدی نەئاڵابووین
نەمدەزانی ژنی هێندە نیان هەیە
تا بەهەشتی نێو ئامێزی تۆم نەدیبوو
نەمدەزانی لە دوای مردن،
ژیان هەیە.

٢٠٠٢/٥/١٩

* ئەو ڕستەیە دارشتنەوەیەکی دیکەی کورتەشیعرێکی «محەمەد کوردۆ»یە. چرپەی دڵ، ل ٤٢ سلێمانی ١٩٩٩.

## جوانترین گوتە

دەستپێکی چیرۆکی ژیانم
لە ڕۆژی ناسینی تۆومیە،
من پێشتر تەلاری ئومێدم هەرەسی هێنابوو،
لە گۆمی لیخنی یەئسدا
چاوەڕێی مردن بووم،
تەرمێ بووم لە ڕۆخی گۆڕێکدا،
ئەفسوونی ئەوینت ژیانی بە بەردا کردمەوە.
خەفەتم کێوێ بوو،
لە زەریای بێبن و بەرینی چاوانتا نوقمبوو،
بە ژینم قەرزاری مژینی لێوی تۆم،
تۆ نەبای، من دەنگم بڕابوو،
پلوسکی هۆنراوەم گیرابوو،
هەنووکە گوتەیە شک نابەم
جوانتر بێ لەو دێڕەی دەبێژێ:
ئامێزی گەرمی ژن، بەهەشتی پیاوانە.

٢٠٠٢/٣/٢٤

## زەبری ئەوین

به زەبری ئەوینت
تەمەنم بیست ساڵ و
قورساییم بیست کیلۆ دابەزی،
باڵام دە سانتیم و
تەلاری بەختیاریم دە مەتر هەڵکشا.
به زەبری ئەوینت
باخی گوڵ بەرینتر،
جریوەی باڵندە خۆشترە،
دیمەنی خۆرنشین دڵگیرتر،
ئەستێرە گەشترە،
به زەبری ئەوینت
ڕەوانم به لاوک ئاشناتر،
ویژدانم به حەیران دۆستترە،
به زەبری ئەوینت
بەرچاوم ڕۆشنتر
دەروونم گوشادتر
قەڵەمم ئازادتر
بارانی هۆنراوەم بەخوڕتر
ژیانم جوانترە.

٢٠٠٢/٣/٥

## لەژێر بارانی غەریبیدا

«تۆ بڵێی ڕۆژێ بێ،
ژنێکی مەڵبەندی هەڵمەت و قوربانی
کەرەتێ پێم بڵێ
به ساقەی باڵات بم!»
دۆستێکم کە خەڵکی شارەکەی حاجی بوو،
وای دەگوت.
نازانم ئاواتی ئەو دۆستەم
هەنووکەش هەر خەوە یان بەدی هاتووە؟
بەڵام من لە مێژە کیژێکی بناری باواجی دەناسم
شەو نییە نەیدەمە بەر ڕێژنەی بە ساقە.

٢٠٠٢/١/١٥

## تۆ دێیتەوە

هیوا گوڵ محەمەدی

تۆ وەک هەتاو
هەموو ڕۆژێ
لە ئاسۆی حەزی منا
هەڵدێی

تۆ وەک باران
پێش لە هەستان
چەپکێ ڕووناکی
لە پەنجەرەی تاسەم ئەدەی

تۆ وەک شەماڵ
لە بەهاری ئەویندا ریما
قژی خاوی تاسەکانم
باوەشێن ئەکەی

تۆ وەک باران
هەموو وەرزی بەهارێ
گوڵی باخی تامەزرۆییم
تێرئاو ئەکەی

تۆ وەک چرۆ
هەموو ساڵێ
لە سەر بنچکی دڵم
ئەڕوێیتەوە

تۆ وەکوو مەل
بۆ کوێ بفڕی
بەرەو هێلانەی دڵم
دێیتەوە.

ستۆکهۆڵم ــ ٢٠٠٢/٥/٨

# هۆرەی لە بیرچووگی ڕووبار

ئەسعەد ڕەشیدی(زاگرۆس)

ڕووبار نووستووە لە بەستێنێکدا
ـ پڕ لە خەنەتیفە و هەزار بەردی سارد ـ
ئاسمان نزم و نزم تر دەبێتەوە..

ڕووبارە ڕەشە خەمبارەکە!
وەبیربێنەوە
جەستە دەرزیاژنەکەت
لە ژێر هەزار نەشتەری ڕووتی هەتاودا
کە زەقزەقیان دەکرد و دەسووتان و
بای مەست
سکڵە ئەرخەوانییەکانی دەگەشاندەوە..

وەبیربێنەوە، وەبیربێنەوە
تەرمە نێژراوە منداڵییەکەت
لە نێو توودرگە چرەکاندا،
ـ هێشتا
خوێنی پژاویان لە سەر لێو و دستمان
دەبێ مابێ!
وەبیربێنەوە!
ئاسمان و مەلافە تەڕە بووڵینەکەی
کە تا هەرمان ڕادەکێشرا بە سەر کوێستاندا
ـ کاتێک
باران لە کەنار کوانگەکاندا
سەهۆڵی دەبەست

وەبیربێنەوە!
یاڵە تۆزاوییەکان و
گەرووی تینووی کانییەکان
کە بە قسڵ و سمیت دەخنکان،
قاچە ماندووەکان وەبیربێنەوە
کە بە سەر هەوریشمی بەیاندا
تێدەپەڕین و
وندەبوون لە تەمێکی مەندا،
ـ پرمەپرمی بێبڕانەوەی جەنگەڵ
بە سەر شانە لەرزۆکەکانی کوێساندا.

وەبیربێنەوە!
فرمێسکە ڕژاوەکەی کێژۆڵێکی پرچ سەوز
کە دەتگوت:
لە فرمێسکەکانی من گەرمترن
ـ نا نا، سوێرترن..

وەبیربێنەوە گەمییە شکاوەکان
کە سنگتیان بریندار دەکرد و
پیاوە شەکەتەکانیان دەبرد
بە سەر شەپۆلە گرگرتووەکاندا
بەرە نادیار.

وەبیر بێنەوە، گۆرانی شەوانەی کوێستان
خرینگە خرینگی دەفە عابییەکەی مانگ و
ڕانە سپییەکانی ژنێک
کە شەپۆلەکانت دیان لستنەوە و هەڵدەستان
تا مەمکە تورتەکان و
شەرمنانە دەگەڕانەوە.

وەبیر بێنەوە، وەبیربێنەوە!
ئاهەنگی نیزیکبوونەوەی هەنگاوەکانی پیاوێک
بە سەر بەفر و بە ڕوودا
لە ژێر ئاسمانێکی کورت
کورت تر لە باڵای ڕۆژ
کاتێک
ـ دە ڕەنگی بنەوشی ئاسۆدا وندەبوو ـ
نیزیک دەبێتەوە، نیزیکتر
هەنگاوێک پاش و هەنگاوێک پێش
نیوێکی لە گیان و نیوێکی لە خوێن..
ـ کە هێشتا گەرمن ـ
لە سەر دەستی دەفڕی،
دەپڕژی بە دیمەنتا.
وەبیربێنەوە، وەبیربێنەوە
ڕووبارە ڕەشە خەمبارەکە..

٢٠٠٢/١٢/١٣

کورته چیرۆک

# یەکێ بۆی دەمرێ، یەکێ لێی دەمرێ

لاررزۆ

مرۆڤ له دوو کاتدا دەوربەر له بیر دەکات، یەک زۆر له خۆشییان، زۆر له ناخۆشییان...
له ولاتێکی تاریک و ئاسمان ڕەساسی پڕ له هەور و بەستەڵەکی سێبەرداپۆشراوم، ئاه.. هەرچۆنێ بێ دەژیم، له داینگەیەک کاردەکەم، کارەکەشم تەنیا ـــ پراکتیک ـ ە . هەموو ڕۆژەکانم بەرنامەیەکی داڕێژراوە. ت ائێستا لەو داینگەیەی که کاردەکەم کەسیان ناتوانن به ناوی خۆمەوه بانگم بکەن. بەیانیان بۆ قوتابخانه و دوای نیوەڕۆیانیش بۆ سەرکارەکەم. جار بەجار به دەم خۆمەوه خەنده دەمگرێت و بەرەو بیرکرنەوەیەکی قووڵ و درێژ و سەمەره دەمبات، له نێو بیر و بۆچوون و یادگاری، ئازار و ئەشکەنجه و شەونخوونیدا خۆمم لێ ون دەبێ! لەگەڵ خۆمدا دەدوێم و هەزارەها پرسیاری ڕەنگاوڕەنگ و پێشنیار...، وەک بڵێی له دەریایەکدا مەله بکەم. نەء، له ڕووبارێکدا ڕووبەڕووی شەپۆلەکان دەبمەوه و چەند شەپۆلی دەبڕم و مەلەباسکەی بەهێزی تێدا دەکەم، کەچی هەر ئەم زاڵتر و منی سیس و لاواز بەرگەی ئەم شەپۆلانه ناگرم، له ئەنجامدا ماندوو دەبم، چونکه نه یەکه و نه دوان و نەهەزار، به هیچ کۆتایی ئەم دیرۆکه نایەت. له ناکاو دەنگێک بانگراداشتی کردم. وەک له خەونێکدابی و له کۆتایی خەونەکەدا بکەویته ناو چاڵێکی تاریکەوه. لەم جیهانه ترسناک و خۆخۆییەدا منی هێنایەوه سەر کورسییه قاوەییەکەی داینگه.

ـــ نیاد

ـ یا.. له دڵی خۆمدا ووتم ماڵت وێران نەبێ ئەوه ماوەیەکه لێره کاردەکەم تاکوو ئێستا ناتوانی بانگم کەی «نژاد»، ئەی باشه ئێوه کەی فێری ئەم ناوەی من دەبن، خۆ ڕۆژێ سەد جار دەڵێم نیاد نیم «نژاد»م.

بەڕاستی ناوەکانی ئێوەش ئەوەنده ئاسان نییه هەر یەکەی له ئێوه که ناسیومه ناوەکەییم له بەر خۆمەوه چەندباره و دەباره کردووەتەوه تا گەیشتومەته ماڵەوه، به ماندووی وبرسێتییەوه چەند جارێ له سەر لاپەڕەکانی سەرمێزەکەم نووسیوەتەوه تاکوو فێری ببم و له بیری نەکەم.. ئایا؟ بەلای ئێوه کەی گرینگه خۆتان فێری ناوەکانی ئێمه بکەن، ئەگەر ناویشمان نەزانن هەر به (هەلۆ) بانگمان دەکەن، بەڵام گرینگ نبییه تاوانی خۆمانه و... تاوانی خۆشمان نییه.. بۆیه هەردەبێ ئێمه فێری گشت زمان و زاراوەیەکتان ببین. چونکه ئێمه هاتووینەته ولاتەکەتان، خۆ ئێوه به دوای ئێمەتان نەناردووه.. ، مافی خۆتانه ئۆباڵی ئێوەش به ئەستۆی شکاوی من، جا بۆ به ئەستۆی من! به هی ئەو کەسانەی وایان بەسەر هێناوین و دەربەدەری ولاتیان کردین نەک تەنیا من، بەڵکوو هەزارەهای وەک منی داماو و پەرێشان و بێکەس دەربەدەریولاتان بووه، ئەوەتانێ له (ئیبراهیم خەلیل) نۆبه گیراوه تا زاخۆ.. خەڵک به شالاو دانیشگاکانیان جێدەهێڵن ڕووه ولاته دراوسێکان. ئەوانەی نیازی تورکیایان هەبێ خۆ ئەگەر نەتوانن به سەر پردەکەدا بپەڕنەوه، لەگەڵ پاکەتفرۆشەکانی نێوان زاخۆ و سلوپی دا ڕێکدەکەون و هەر به پێ سنوور دەبڕن.. چی ماڵ و سامانیان هەیه له کەوچک تا خانوو هەمووی دەفرۆشن..

جارێکی تر هاوار گوێمدا هاتەوه؛

ـــ نیاد (بەڵام نازانم ئەمجارەیان ووتم بەڵێ یان یا..)، ئەوه منالەکان هەموویان له باخەکەن بۆ نایەیت چاوت لێیان بێت...

ـــ باشه واهاتم، با پێڵاوەکانم بکەمه پێم.

چوومەدەر و له سەر لێواری کانییه پڕ زیخەکەی منالان یاری تێدا دەکەن پشتم له خۆر کرد و ڕێک ڕووبەڕووی کانییه پڕ له زیخەکه دانیشتم. مندالان ئوتومبیل و لۆری و شۆفلی بچووکیان به دەستەوەیه و یاری پێدەکەن. هەندێک له منداڵەکان به ئوتومبیلەکانیان شەقامه زیخەکه دەشێوێنن و دەکونه لێخوڕینی ئوتومبیلەکانیان، پێدەکەنن و هاواردەکەن وەک خەرمانه، زیخ بۆ ئاسمان فڕێ دەدەن، ئەو ملی ئەو دەگرێ و ئەم ملی ئەم، تا یەکتر له زیخەکه هەڵدەسوون بەبێ ئەوەی هیچکامیان له یەکتر تووڕەبن، چونکه هەمیشه وادەکەن.. هەندێکی تریان لەولاوه سواری لەیلوک* دەبن و هەندێکیان پاسکیل لێدەخوڕن، هەندێک تۆپێن دەکەن، چەند ژوورێکی بچووکی لەداردروستکراوی لێیه که کچۆلان و کوڕۆلان له ناویدا خەریکی یارین، چەند خشخشۆکەیەکی لێیه و هەر مناڵه و ئەچێته سەرەوه و خۆی خلۆردەکاتەوه. جا هەندێکیان سکاوسک و هەندێکیان پشتاوپشت و ئەوانەش که فێری نەبوون هەر به دانیشتن خۆیان دەخشێنن..

کەوتمه بیرکردنەوه «کەی له ولاتی ئێمه ئەوەی هەیه منالان یاری پێ بکەن خۆ دەئەوەندەی تر شتی سەیر و جوانتر هەیه له ژوورەکانی تر..». منالان هیچ هەست به بێزاری ناکەن، هەندێ جار که دایکیان یان باوکیان دێن منالەکان ببەنەوه بۆ ماڵەوه کەچی هەندێکیان دەگرین و دەڵێن نایەینەوه. منداڵێکیان داوای لێکردم که تونێلێکی بۆ دروست بکەم به زیخ. بێلێکی بچووکی ڕەنگ.. بوو دایه دەستم، خەریک بوو بێڵەکه فڕێ بدەم هەر زەندەقم چوو له گشت ڕەنگەکان، هەموویان بڤەن. له لای ئێمه تەنیا ڕەنگی ڕەش نەبێ ئەویش وا خەریکه قەدەغه دەکرێ... سەیرم کرد و به دەم خەندەوه کەوتمه دروستکردنی تونێلەکه. خۆ زۆر جاریش حەزم دەکرد منال ببمەوه و لەگەڵ ئەواندا گەمه بکەم ئاخر خۆ لێره کەس منال ئازار نادات. من که منال بووم له کۆلان یاریم به بەرد و پارچه تەنەکەکان دەکرد،

خانووی بچووکم دروست دەکرد من تەنیا دەستم بە خۆڵ دەبوو ئەگەر باوکم یاخود برایەکم منی بدیبایە یاخود کوڕی دراوسێکەشمان خانووەکەی لێ تێکدەدام و بە هێز شەقەزللەیەکیان لەگەڵ شەقێ لێدەدام تۆزێ گوێچکەشیان ڕادەکێشام و بەگریانەوە بەرەو ماڵەوەیان دەبردمەوە، تەنیا دایکم هەبوو باوەشم بۆ بکاتەوە و ژیرم کاتەوە. بەلام ئەمانە دەست و جلوبەرگیان تا کونەگوێچکەیان پڕ لە زیخ دەبێ کس ئازاریان نادات و خۆیان لێ تووڕە ناکات. تۆزێکی مابوو تونێلەکە تەواو بێ، منداڵێک لەو لاوە هات بێ ئەوەی گوێ بداتە هیچ گیر و گرفتێ، ماوەی چارەکە کاتژمێرێ دەبوو خەریکی ئەم تونێلە بووم کەچی ڕێک و دروست قاچی خستە سەر تونێلەکە و ڕووخاندی، توند قاچم گرت و خەریک بوو زللەیەکی لە بناگوێی بدەم زۆر تووڕەبووم موچوڕک لە بەری پێم تا تۆقی سەرم دایگرتم.. ئاخ، تا منداڵ بووم گەورەکان شتیان لێ خراپ دەکردم، ئەوە ئێستاش بچووکەکان لێم خراپ دەکەن. ئاخر بۆ.. بۆ لێم تێناگەن، لێم گەڕێن با حەز و ئارەزووەکانم ئێستا جێبەجێ بکەم بە هۆی ئێوەوە، ئێستا گەورەم و ئەوەی حەزم لێی بێ ئەتوانم دروستی بکەم، تا منداڵ بووم هەموویم لێ قەدەغەکرابوو. کەی داینگەیەکم هەبوو وەک ئێوەمانان یاری تێدا بکەم؟ دە لێمگەڕێن تو ویژدانتان.. کەس لێم تێناگات.. کەس...

ـ بۆ وات کرد؟

ـ وا حەز دەکەم..

من چی بکەم ئەی حەزی من کەستان لە من تێناگەن. وەک ئێستا لە بیرمە لە بەر دەرگای ماڵەکەمان بووم باوکم هاتەوە پێموت بابە سەیر کە منداڵان هەموویان میزەڵانیان پێیە منیش دەمەوێ،، وتی کوڕەکەم باش نییە داوای شتی وا مەکە، ئێستا لە دەستیان بتەقێ و لاتێ بەرچاویان بکەوێ خۆ کوێریان دەکات. ئەوە ـ با ـ شی لێ دێ خۆ بایەک لە دەستیان بدات میزەڵانەکە لە ناو هەوادا ون دەبێ و پارەکانیشیان بە بەلاش بەبادا دەڕوات. کوڕم تۆ گەورەیت و عاقڵی، داوای شتی وا مەکەباشە، بابە ئەمان منداڵن و ئەتۆ پیاوی. لە منداڵییەوە پێیان دەووتم تۆ پیاوی و گەورەی. منیش هەر خۆم بە گەورە و پیاو دەزانی تاگشت حەز و ئارەزووەکانم نامۆ بوون. لەو ساتەوە شەرم لە خۆم دەکەم داوای میزەڵان بکەم یاخود دەستیان لێ بدەم، لە دڵی خۆمدا ووتم پەیمان بێ گەورە بم یەک ژوور میزەڵان دەکڕم ئەودەمە بە ئارەزووی خۆم یاری پێدەکەم.. ئەوا ئێستاش گەورەم و پێویستیم بە میزەڵان نییە.. چی بکەم و چی پێ بڵێم.. منداڵە و لێم تێناگات بۆ گەورەکانیش بگێڕمەوە گاڵتەم پێدەکەن.

ـ بڕۆ جارێکی تر شتی وا نەکەی...،

ئیترکاتی چوونەژوورەوە بوو کە منداڵان نان بخۆن، مناڵێ لەبەر دەرگا وەستابوو.

ـ نیاد، دیارییەکم پێیە بۆ تۆ فەرموو بیخۆ. لێم وەرگرت و سەیرم کرد پارچە پەڕێکە و تۆزێ زیخی تێکردووە و پێم دەڵێ ئەوە چوکلێتە، منیش یەکسەر فڕێم دا.. مامۆستاکەیان ئاگادار بوو...

ـ نیاد!

ـ یا

ـ وەرە ژووری کۆبوونەوە کارم پێتە!

ئەمە جاری یەکەمم نییە بانگ دەکرێمە ئەم ژوورە بەلام ئەمجاەیان بە تووڕەیی چوومە ژوورەکە و دانیشتم و قاچم خستە سەر قاچ، وەک ئەوەی زۆر لە خۆم دڵنیابم کە هیچ شتێک ڕووینەداوە. چۆن هیچم نەکردووە، من درەنگ لە مەسەلەکە تێگەیشتم.. زۆر بە هێمنی و لەسەرەخۆ ووتی:

ـ نیاد، نەمویستووە تاکوو ئێستا دڵت بیەشێنم، بەلام ناچارت کردم ئەم باسەت لەگەڵ بکەمەوە، بۆ بەم شێوەیە لەگەڵ منداڵان هەڵسوکەوت دەکەیت؟

ـ چۆنچۆنی؟! سوورهەگەڕا و بە دەنگێکی بەرز بە ڕووما تەقیەوە و ووتی:

ـ چۆنچۆنی چی؟!.. وا خەریکە منداڵەکان لە دەست دەرچن هەموویان خوو و ڕەوشتیان گۆڕاوە لەوەتەی تۆ لێرە کار دەکەیت، هەموو تووڕە و توند دەرچوون، هەر شتێکیان ووت لە قسەی خۆیان دانابەزن هیچ شتێکیش لە یەکتر قەبوڵ ناکەن،، کوڕی باش هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵدا بەم جۆرە نابێت.. بەر لە ئێستا منداڵێکت گرت خەریک بوو قاچی بشکێنی، دوو قۆڵی ئەو منداڵەت گرت بەرزت کردەوە بۆ ئاسمان خەریک بوو لە دەست بکەوێ و شوێنێکی بشکێ.. ئەوێ ڕۆژیش ئاگام لێبوو سەری منداڵێکت گرت و بەرزت کردەوە باش بوو ملی لە جێ دەرنەهات، بە هیچ ژیر نەدەبووەوە. ئێستاش هەستی ئو منداڵەت بریندار کرد و تەریقت کردەوە، ئەگەر لە وڵاتی ئێوە ڕێزی منداڵ ناگیرێ و لێیان دەدرێ و داخوازییەکانیان جێبەجێ ناکرێ، ئیشی قورسیان پێدەکەن یاخود لە سەر شەقامەکان شتیان پێدەفرۆشن و دەیانکەن بە شاگرد، لەم دوکان ولەو دوکان یان منداڵ لە ئاستی خۆتان بچووکتر دەزانن.. لێرە شتی وا نییە ئەبێ بیزانی و خوو و ڕەوشتت بگۆڕیت لەگەڵیاندا، چونکە ئەمانە ئەبنە بناغەی دوا ڕۆژ ئەبنە هۆی داهێنانی تەکنۆلۆژیای تازە، جا بە هەر شێوەیەک بێ لەم وڵاتە ئەبێ مرۆڤ بە باشی لەگەڵ منداڵاندا هەڵسوکەوت بکات و چاوی لێیان بێت. ئەگەر بە ڕەقی لەگەڵیان بجووڵێیەوە ئەوانیش کە گەورە بوون هەروا تووڕە و توند دەردەچن. چونکە هەموو شتێ ڕاهاتنە، ئیتر پێشکەوتن دورس نابێ، جا تکام وایە بە باشی خۆت بگۆڕی!...

ـ باشە، زۆر چاکە ئەمجارە دەستیان لێنادەم.

ئەگەر دەڵێم ... ئەمە ڕەوایە ئاخر چیم کردووە خۆمن بە باشی یاریم لەگەڵ کردوون، هەرچیشم کردووە خەتای خۆم نییە، ئاخر زللەم لێدراوە، ڕۆژێ نەبوو کزە لە هەناومەوە دەرنەهێنن، پەنجەکانیان یەکە یەکە لە سەر ڕوومەتم دیار دەکەوتن، گوێچکەم ڕادەکێشرا تا قرتەی لێوە نەهاتبا بەریان نەدەدا. ئێستاش گوێچکەکانم دەڵێی ژێرپیاڵەن. کەللەم لێ دراوە، سەرم شکاوە. بەر لەوە بە دار و سۆندە و تاکە پێڵاو تێم هەڵدراوە، پێم ناڵێن چی بکەم، خۆی ووتی هەموو شتێ ڕاهاتنە، من وا پەروەردە کراوم، ئێ باشە کەی من شتی وام لەگەڵ منداڵان کردووە، هەستم پێنەکردووە، خۆم زۆر بە ئاسایی دەبینم..

هاتمە دەروە و خەم دایگرتم، تەنیا ئەم

منداڵانم شک دەبرد گاڵتە و یارییان لەگەڵ بکەم شێوە و ڕووخسارێن ڕاست بێ و فڕوفێڵ نەزانن، هەموو شتێ بە سادەیی بڵێن و بیکەن.. ئەمەشیانم لێ قەدەغە کرا. ئەوە ئێستا ورچێکی تووکنی لە ئیسفەنج دروستکراوی زلم کڕیوە و ناوم ناوە: (فنۆ) و لە ژوورەکەم لە سەر یەکێ لە کورسییەکانم داناوە بۆ ئەوەی تەنیای خۆمی پێ ژیرکەمەوە، خۆ بێزاربووم لەوەی لەگەڵ دیوارەکان قسە بکەم، بێتاقەت بووم ئەوەندەی لەگەڵ وێنەکانی ماڵەوە بدوێم. بیانگرمە باوەش و ماچیان بکەم، ئەوەندە پێیان بڵێم بیرتان دەکەم.

ئەی خانەوادە خۆشەویستەکەم، شەوانە بە دیار وێنەکانتانەوە ئەوەندە دەگریم تا گێژ دەبم و خەوم لێ دەکەوێت وادەزانم ئەوان لە دەوروپشتی منن، هەمیشە هەستم خستووەتە سەر دەرگاکەم کە یەکێ زەنگە ژەنگگرتووەکەی ماڵەکەم لە بدات و تاوێ لە گەڵمدا بدوێ و بیروبۆچوون و هەستەکانم هەڵسەنگێنێ و شەویلاکە ژەنگگرتووەکانیشم بهێنێتە جووڵە لەم وڵاتە بێ کەسی و خۆخۆییە چۆڵە و ساردەدا. کاتی خۆی کە فیلمێکی ترسناکم دەدی لەلام دەبوو بە پرسیار، بەڵام ئێستا لام زۆر ئاسایی یە چونکە ئەم شارۆچکەیەی منی لێ دەژیم زۆر بە ئاسانی فیلمی ترسناکی لێ دەردەکرێ. ئەم شارە چۆڵە سارد و سڕە پڕ لە کون و قوژبنی سەیر سەیر، دارستان بێ گیانن و ڕوحی زیندووی هەتاو لێرە لە بەردەم بەیانیاندا وێڵ دەبێ! چ دڵخۆشییەکم بەم ژینە هەبێ! تەنیا کەسێک شک دەبەم گوێم لێ بگرێ ئەویش ئەوەتانێ لە بەرانبەر کەناری وڵاتەکەم حەپەساوە!

گەلێ ئاستەمە هەر یەکەمان تووشی نەخۆشییەک هاتووین، سەرقاڵی شتێکین دەڕۆین نە ئاوڕ لە دواوە دەدەینەوە، نە بەر پێی خۆمان لێ دیارە.

بەفرانباری١٩٩٦

**لەیلوکێ:** جۆرە یارییەکی منداڵانەیە لە شێوەی جۆلانە.

ئەی هێشت لە ژوور بچتە دەر؛ هەر ڕاست لە بەر دەرگای ژووری میوانانداد هەر دوو قاچەکانی گرتە هەمێز و ڕایگرت. لاڕومەتە چرچەکانی بە سەر هەر دوو قاچەکانی دا خشاند و بە بێدەنگی سەری هەڵبڕی و ڕووی پاڕانەوەی بەرەو سەر هەڵێنا. لە دەمی سەر هەڵێنانی دا سەری لەرزی، دەستەکانیشی توندتر لە جاران لەرزین. کورتە ماوەیەک ورد ورد سەیری ڕوخسارە دڵگرەکەیی کرد. بە دەم ڕوانینەوە، لە ژێر لێوانیشیدا بە ورینگەیەکی ئەسپا گوتی: «یاڕەب ئەمە چییە و چۆنە؟... هەر دەڵێی خۆیەتی... هەر دەڵێی ڕەنگ و ڕوخساری(سێوێ)ی ڕەزاسووکی خۆمە و خزیوەتە سەر ئەم فەساڵ و ڕوخسارە شیرینەوە...»

چاوەکانی خستە سەر یەک و بە هاوارێکی لە گەروو خنکاودا بانگی کرد: «سێوێ!... ئەی سێوە سوورەکەی سەر لکی درەختی ئاواتم!... لە دەوری سەرت گەڕێم لە کوێی؟ بۆچ نایەی و لە گەڵ خۆتدا نامبەیت؟... ئیتر تەنیایی بەسە بۆ من سێوێ!... خۆزگە لەم تاراوگەیەش دا هاودەمم دەبوویت و باری گرانی خەمی ئەم غوربەتەمان پێکەوە هەڵدەگرت!... لە کوێی سێوێ، بۆچ نایەیت و لەگەڵ خۆتدا نامبەیت؟...

ژێر پیلی گرت و بە میهرەبانی پێی گوت:

ـ هەستە باوکەگیان! هەستە بەس خۆت یەخسیری خەیاڵاتان بکە!... ئیتر بەسە گوزەران دەگەڵ لە دەستچووان!... هەستە بڕۆ لە سەر جێ و بانی ژوورەکەتدا پاڵ کەوە و چاوەڕوان بە؛ ئەوا هەر دوو سەعاتی ترت لێرە ماوە، دێن و دەتبەن... ئیتر لەمەو بەدوا تەنیا نامێنیتەوە. هاودەم و هاودەنگت زۆر دەبن... تێگەیشتی باوکەگیان!؟...

بە بیستنی دووبارەی هەواڵی ناخۆش، دەستەکانی شل و شلتر بوونەوە و بە دەمدا کەوتە سەر مافوورەی ژووری میوانان و بە کوڵ گریا:

ـ هیوا!... هیوا نەکەی کوڕم!... بیکە بەخاتری هەنارە جوانەمەرگەکەی خۆشکت ئەمەم لە گەڵدا مەکە... لێرە ڕۆیشتن و لە تۆ هەڵبڕان مردنی ڕۆژ دە گەڵ ڕۆژ و هەموو ڕۆژانی خەمبارییە... من بە سەد جێ پێکاوم

کورتە چیرۆک:

# لە گێژاودا

و دڵم خەمی دیکە نابا کوڕم... لێبگەڕێ با من هەر لەم ژوورە بچکۆلانەیەدا بژیم هەتا مردن. بیکە بە خاتری خۆشەویستەکانت لێرەم ڕامەگوازە هیوا!... ئەم ژوورە بچکۆلانەیە ئارامگەهی هەموو یادگار و بیرەوەرییەکانمە. بۆنی (سێوێ)ی جوانەمەرگ و(هەنار)ە کاڵ هەڵوەریوەکەمی لێوە دێت. بۆن و بەرامەی پایزەکێڵانی باران لێنیشتووی وڵاتەکەیشمی لێ هەڵدەستێت... لێ بگەڕێ با هەر بە یادی بۆنی خوناوکە بارانی وڵات و بەرامەی (سێوێ) و (هەنار)ەکەم لێرەدا بژیم هەتا مردن. من بەمە سووکناییم دێتێ کوڕم!... تۆ نازانی هیوا!... تۆ نازانی هەر شەو و نیوە شەوێکی کەوا دێیتەوە ماڵ، چەندە و چیهام بۆنی خۆشی سێوێ و هەنار بۆ دێنیتەوە ماڵ... دنیای بۆش و بەتاڵی من بەمانە پڕ دەبنەوە! من بەمە ڕاهاتووم و بەبێ ئەم بەرامەیە هەڵناکەم کوڕم... لەم ژوورە بچکۆلانەیەم هەڵ مەکەنە! ئەم ژوورە بچکۆلانەیە خەڵوتگەدەی هەموو شتێکمە و...

ـ باوکە ئارام بگرە... تۆ گوێ بگرە با من پێتی بێژم. ئەم دوو ژوورە ماڵ و مڵکی من و تۆ نییە. من و تۆ دوو کرێگرتەی ئەم دوو ژوورانەیەن و ماوەی بیست ساڵە تێیاندا دەژین... ئیتر من ناتوانم لێرەدا بژیم... من

یادێک لە «کانەبی قادری»، هاودەم و یاری بە وەفای خۆشترین ڕۆژانی سەردەمی خوێندکاریم.

پاییزی ٢٠٠٢
**کوردان کەریم مەحموود**

دەبێ بە شوێن هەوڵ و هەڵسووڕانێکی نوێدا بڕۆم و تۆیش دەبێ هاواڵ و هاودەنگت هەبن... تۆ دەبێ بکەویتەوە نێو ئاوەدانی و لە ژێر چەتری چاوەدێری و خزمەتگوزاریی خزمەتگوزارانێکدا بژیت، کە قانوونی ئەم وڵاتە بۆ شارۆمەندانی هاوتەمەنی وەکی تۆی ئامادە کردووە. تۆ دەبێ لە دنیای تەنیایی بێیتە دەرێ و تێکەڵی ئاوەدانی ببیتەوە... تێگەیشتی باوکەگیان؟... تۆ هاودەم و هاودەنگی شەو و ڕۆژانەت گەرەکە. تۆ بۆت نییە لە ژوورێکدا بە تەنیایی سەر کەیتەوە؛ هەر نەک تۆ، بەڵکە هەموو تاک کەوتووەکانی ئەم وڵاتە، بەبێ جیاوازی لەم بەشە بەشدارن. خەڵوەتگەدەی بەساڵاچووان بۆ ئەم مەبەستە داندراوە... تۆ نابێ چیتر بە تەنیایی سەرکەیتەوە... ئەمە قسەی من نییە، ئەمە بۆچوونی دوکتۆرەکەی خۆتە...

– هیوا!... کوڕم هیوا گیان!...

– باوکە چییە؟... دەڵێی چی؟... بۆچ بێدەنگ مایتەوە؟

– هیوا گیان گوێ بگرە کوڕم!... ئەم دوو ژوورە بەمن بسپێرە... تۆ و ژینی نوێ... تۆ و ماڵی نوێ... تۆ و هاوسەر و هاودەمی نوێ... تۆ و کار و پیشەی نوێ... هەمووی و هەر هەموویانت لێ پیرۆز بێ... بەس بیکە بەخاتری دایک و خوشکە جوانەمەرگەکەت ئەم دوو ژوورە لەمن مەستێنەوە کوڕم. بەمنیان بسپێرە و بڕۆ... تۆ بە شوێن ژیانی نوێتدا بڕۆ... هەفتەی جارێک... نا... نا... نەخێر، هەربەس مانگێ جارێک وەرە سەردانێکم لێ بکە و هەموو دنیای تەنیاییم بە بەرامەی یادگارە شیرینەکانم پڕ کەرەوە و بڕۆ!...

– باوکەگیان کوا ئەمە کاری کردنە؟!... من بە مانگ و دوو مانگ ئەم وڵاتە جێ دەهێڵم و بە سەدان کیلۆمەتر لێی دەوورم. من بۆخۆم نازانم کەی دەڕۆم و کەنگی دێمەوە... ئەمەش ئیش و کارەکەی منە و من دەبێ هەنگاوی دەگەڵ ببزێوم... کەنگێ دەتوانم هەم هەوای تۆم لە سەر دا هەبێت و هەمیش بە شوێن کار و پیشەی خۆمدا بچم؟... ئەمە کاری کردن نییە و ناکرێت... تێگەیشتی باوکە؟...

– بۆچ نابێ هیوا گیان؟... لە جاران کەمتر دەخۆم... جگەرەکێشانەکەیشم کەمتر دەکەمەوە... نا، نەخێر هەر بە یەکجاری وەلای دەنێم... ئەوەدەم ئیتر بۆ کرێی مانگانەی ژوورەکان ناهێڵم هیچ گرانبارییەک بکەوێتە سەر شانی تۆ... من دانامێنم کوڕم... تێگەیشتی؟... من دەتوانم لە ژێری بێمەدەر...

هیوا بە دەنگ پێکەنی. دەنگی پێکەنینی هیوا گەرمایی خستە دڵی ئەوەوە، هەر بۆیە دەمی کردەوە کە درێژەی پێ بدات، بەڵام هیوا نەی هێشت:

– باوکەگیان!... من لە باری ماڵی و دراوییەوە هیچ کەمایەسییەکم نییە. من لە بری کرێی دوو ژووران، دەتوانم و لە توانایم دایە کرێی دوو ماڵیشت بۆ وە ئەستۆ بگرم، بەڵام من ناخوازم باوکی خۆم لە تەنیایی دا وێڵ بکەم و بە شوێن ئیش و کارم دا بڕۆم... ئەمساڵ، ئەوا دەبێتە بیست ساڵ کە من و تۆ لەم دوو ژوورەدا ژیاوین؛ لەم ماوەیەشدا من لە فێرگە و زانکۆ دا سەرقاڵی خوێندن بووم و تۆیش هەمیشە تەنیا بوویت و بێ هاودەم... لەمەو بەدواش ئیتر...

– هیوا!... ئەم دوو ژوورە بە من و هەنار و سێوێ بسپێرە و بڕۆ!... ئەو دەم کە قاچەکانم هێزی هاموشۆیان لێ بڕا... کە چاوەکانم سۆمایی بینینان لێ بڕا، ئەودەم وەرە و ڕەوانەی خەڵوەتگەدەی پیرانم بکە... بەڵا ئێستا نا کوڕم!... من دەتوانم کاری دەر و ژووری خۆم بکەم. چاوەکانم بواری بینینی تۆیان لێ نەبڕاوە چەلێ... بە مانگ جارێکیش بێیتە سەردانم، بەسە... بە مانگ... تێگەیشتی کوڕم!...

– باوکە گیان نابێ... ئەی هاوار نابێ! تۆ هێستایش هەر لە ناو گێژاوی تۆفانەکەی بیست و یەکساڵ لەمەو پێشدا دەژیت... هێستایش دەتەوێ سێوێ و هەنار لە دەست تۆفانی تووڕەی ئاوەکانی کەنداوی فارسی وەربگریتەوە... بیست و یەک ساڵە بە سەر ئەو بەسەرهاتە تاڵە دا تێپەڕیوە و هێستایش تۆ ناخوازی دڵ لە سێوێ و هەنارەکەت بەر بدەیت. ئیتر سێوێ و هەنارەکەمان لە دەست چوون باوکەگیانەکەم!... ئەوان و هەموو ئەوانەی کەوا هاوسەفەری ئەو شەوە ڕەشەی ئێمە بوون، هەمووی و هەموویان خنکان و کەوتنە بن گۆم... نەماون... تێگەیشتی باوەکە گیان؟...

– هیوا !... هیوا ئەمە کفرە کوڕم!... هیوا تۆ ئەمە مەڵێ!... کێ دەخوازێ ئەمە بڵێ، لێبگەڕێ با بیڵێ، بەڵام تۆ قەت قەت ئەمە مەبێژە کوڕم!... نەخێر هەتا ئەم سەرە لە سەر ئەم شانەی من بلەقێ... هەتا ئەم دوو چاوانەم ڕوخساری دڵگری تۆ ببینن... سێوێ و هەناریشم هەر ماون و هەر هەمیشە دەیان بینم کوڕم... تۆ باسی نەمانیان قەت بە دەمدا مەهێنە!... تێگەیشتی؟!... (سێوێ)ی ڕووحەکەم و (هەنار)ی دڵەکەم هەر ماون و هەر دەمێنن کوڕم...

هیوا بۆی داهاتەوە و ژێر پیلی گرت و لە سەر پێ ڕایگرت. تاوێک لە باوەش هیوا دا کوڵی گریانی ڕشت. هەر لەو حاڵەدا، سەر لە سەر لاشانی هیوا، بە دەم هەنیسکانەوە گوتی:

– هیواگیان لێم مەگرە... لێم مەگرە کوڕم... من لەم شارەدا کەس ناناسم. من بەس ئەم دوو ژوورە و هیواکەم دەناسم. من پەروەدەی دەنگی (ماملێ) و(زیرەک)م و ڕۆژانی تەنیاییم و لە شەوانی بێخەوییمدا دەنگی دڵ بلاوێنی ئەم دووە تۆزکاڵێک ئەهوەنیم پێ دەدەنەوە. زمانی ئەوان زمانمە و لە زمانی ئەوان بەدەر،

من ڕێ بە هیچ زمانێکی دیکەدا نابەم. خەڵوەتگەدەی پیرانی ئەم شارە زمانێکی تری تێدا باوە و من نایزانم کوڕم. من لاڵ و بێ زمانم... ئەگەر ڕامگوازیتە وێندەرێ، من هیچم نامێنێت... ئەگەر ئەمانەم لە کیس بچن، هیچ دەزانی ئەقڵیشم پێ نامێنێت... ئەمە دەگەڵ باوکی خۆتدا مەکە هیوا!... ئەی هاوار هیوا ئەمەم لە گەڵدا مەکە!...

هیوا گەرمتر سەری گرتە هەمێز و هەر لەو حاڵەتە دا ڕایگرت. ئەویش هەر وەک بڵێی نیازمەندی گەرمای لەش و لاری هیوا بێت، لە باوەش هیوا دا تلایەوە. چەندێک بێدەنگ لە هەمێزی یەکدا مانەوە. هیوا بە ئارامی گوتی:

- باوکە گیان با تاوێک پێکەوە دانیشین و ڕێیەک بدۆزینەوە... وەرە لە سەر ئەم کاناپەیەدا بەرامبەری کوڕی خۆت دابنیشە... دانیشە با من چاییت بۆ بێنم و تۆیش جگەرەیەک بە با بکە... ئەودەم... ئەودەم بە ئەهوەنی لە سەری دەڕۆین... دە وەرە دانیشە!

پێکەوە دانیشتن. هیوا چایی بۆ هێنا و پاکەتە جگەرەکەیشی لە بەر دەست دانا.

- باوکەگیان تۆ یەکتەن و تەنیای. بیست ساڵە تەنیا ماویتەوە. ئەم دوو ژوورە و کورتەڵە شەقامەکەی بەر ئەم دەرگایەمان تەنیا شوێنێکن کە بیست ساڵە تێیاندا هاتوویت و چوویت. بە درێژایی ڕۆژگاری ئەم بیست ساڵە، هەر ئەوەندە بەشەت بە خۆتەوە ڕەوا بینیوە و چی تر. دیدار و هامووشۆی دەر و، خەڵکانی دەرت لە خۆت دابڕیوە. ئەم دوو ژوورەت کردۆتە زیندانێک و کلیلی بەندیخانەکەت لە گیرفانی خۆت خستووە. یادی سێوێ و هەنار، یادی بەتاڵی وڵاتی کاول کراوت کردۆتە هاودەم و هاواڵی شەوان و ڕۆژانت. نە قسەی منت بە گوێ دا چووە و نە بۆچوونی دوکتورەکانت. من ئەمانەم پێ باش نەبوون و هێستایش هەر پێم باش نین... من... من پێم باشە جێگاکەت بگۆڕیت و لەم تەنیاییە بێیتە دەرێ. تۆ خۆت دەزانی کە من وەکی جاران ناتوانم بە دیارتەوە دابنیشم. منیش ژیانێکی چالاکم پێویستە و دەبێ بە شوێنی دا بچم...

- هیوا بە دەستی خۆت بمگوژە کوڕم، بەڵام ئەمانەم لە گەڵدا باس مەکە. من دەزانم دەبێ ژیانی نوێ بگریتە بەر... من دەزانم ئیش و کارەکەت لێت دەخوازێت سەفەری هەندەران بکەیت... من باش دەزانم لەمەوپاش دیداری هەموو ڕۆژانتم بۆ مەیسەر نابێت و دەبێ بە مانگ و دوو مانگ چاو لە ڕێتدا بمێنمەوە... بەڵام... بەڵام من پێی ڕادێم... لە مانگدا جارێکیش بێیتە سەردانم، بەسمە... من بە گلەیی نابم... هەر بەس لێرەم ڕامەگوازە و بەس...

- باوکە گیان! ئەوا دیسان گەڕایتەوە سەر هەر ئەو قسەیە کە پێشتریش گوتت. من دەڵێم ئێمە دەبێ لێرە بار کەین و بڕۆین... تێگەیشتی؟... من بە پێی پڕۆژە و بەرنامەی ئیش و کارەکەم، ناچارم هەر چەند ماوەیەک دەبێ ئێرە جێ بهێڵم و بڕۆم. تۆیش تەنیا دەمێنیتەوە و بە تەنیایی ژیانت بۆ ناکرێت... تۆ بێ کەسی... سێوێ و هەنارەکەمان چوون و ئیتر ناگەڕێنەوە و ...

- ئەی هاوار ئەمە مەبێژە هیوا!... لە دڵ و دیدەی مندا هەر دەمێنن هەر وەک نەخشی سەر بەرد... ئەمەتا لە پەنای من... لێرەن... لەوێن و لە هەموو شوێنێکی ئەم دوو ژوورانە دان. من کە هاتمە ئەم وڵاتە و لەم دوو ژوورە دا گیرسامەوە، لە یەکەم شەوی تەنیاییمدا، هەگبەی مێشکم لێرە کردەوە... هەرچی پێم بوو، هەر هەموویانم وەک گوڵاو بە وڵات دا پڕژاند... ڕەنگ و دەنگیان، بۆن و بەرامەیان، بۆنی خوناوکە بارانی دێمەکارانی وڵاتەکەم، دەنگی دەنگبێژە شیرین زوبانەکانم، هەمووی و هەموویانم ئاوێتەی فرمێسکی چاوان کرد و بەم ژوورەمدا پڕژاندن... ئەم دوو ژوورە زیندانی لەشی من نین، بەڵکە خەڵوتگەدەی نۆکرانی منن...

- باوکەگیان گوێ بگرە!... تۆ ئەهوەن بەوە و هیچ خۆت مەشەمزێنە... من بە گوێتم و تۆ هەرچی بیخوازی، من دێمە سەر ئایینت... چیت لەم دوو ژوورانەدا هەیە، من هەر هەموویانت بۆ کۆ دەکەمەوە و بۆت ڕادەگوێزم. من لە خەڵوەتگەدەی پیراندا ژورێکی تایبەتت بۆ دەستێنم و هەرچی لێرە هەتە، لەوێندەرێش دەتبێت... یادی هەنار و سێوێت، دەنگی دەنگبێژەکانت و نم نمەی بارانی دێمەکارەکانی وڵاتەکەیشت، هەرچی هەیە و هەرچی نییە، هەر هەموویانت لە ژووری تایبەتی خۆتدا...

- هیوا گیان نابێ! نابێ کوڕم... من و ئەم ژوورەی خۆم... من و ژیانی خۆم... لێمی مەستێنە کوڕم...

- باوکە گیان نابێ! نابێ!... بۆچ لێم تێناگەیت باوکە؟... ئەتۆی بێ یاریکار، ئەتۆی تەنیا، تەنانەت یەک ڕۆژیشت بۆ ناچێتە سەر؛ چ بگا بەوەیکە هەموو تەمەنی دواییت لەم دوو ژوورانەدا یەخسیر دابنیشیت... نەخێر باوکە، ئەمە کاری کردن نییە و نابێ. یان دەبێ من هەتا مانمان وەک بناوان بە دیارتەوە دابنیشم، یان تۆ وەکی هەموو بە ساڵاچووەکانی ئەم وڵاتە، شوێنی ژیانت بگۆڕیت و لە ناو کۆمەڵگایەکی بچووکی هاوتەمەنانی خۆت دا سەر کەیتەوە... ئەمە هەر لەبەر پێی تۆ دا نییە باوکەگیان... قانوونێکی تایبەتی ئەم وڵاتەیە و هەموو دانیشتووانی وەکی خۆت دەگرێتەوە...

- نەخێر من ناگرێتەوە هیواگیان!... من لێقەوماوێکی تایبەتم... دەردی من وەکی دەردی هیچ دەردەدارێکی سەر ئەم جیهانە نییە کوڕم، هەر بۆیە هیچ قانوونێک من ناگرێتەوە... من لە قانوون بەدەرم هیوا گیان!... نەخێر هیوا!... من هەر لەو بەربەیانە خەمبارەوە کەوا (میهران) هات و بە پەلە خەبەری گیرانی هاوڕێ(تەها)ی پێداین و ئێمەیش لە ترسی قانوونی جەنگەڵ ڕامان کرد، زانیم ئێمە لە قانوونی بەشەر بەدەرین... ئێمە هێشتا لە تاران دەر نەکەوتبووین کە خەبەری تیرەبارانکردنی هاوڕێ(تەها)مان پێ گەیشت. ئەودەم هەر من و دایکت و هەنار بووین پێکەوە، تۆی چوارساڵانەش لە شاری سەقز، لە ماڵی خەڵەکانت بوویت. ئێمە و چەند هاوکاری

سەر بە ڕێخراوەی کوردانی شاری تاران، بەرەو باشووری ئێران، بۆ کەنارەی کەنداوی فارسی ڕامان کرد. هەفتەیەک دواتر خاڵە ئازاد تۆی پێ گەیاندینەوە. لە بیرت ماوە هیوا؟... بیرت دێت دایکت بە دیتنەوەت چی کرد کوڕم؟... هەر ئەو شەوە(سێوێ)ی دڵم ساڵەوەختینەی لە دایکبوونی بوو؛ (سێوێ)م پێی دەنایە سی ساڵ و منیش دەساڵی لەو سەرتر. هەر ئەو شەوە، نیوە شەو بەلەم هات و سواری کردین و بە دەریا دا ڕۆیشتین. جەژنی لەدایکبوونی سی ساڵەی (سێوێ) و حەوت ساڵەی(هەنار)، بە تاریکە شەوێکی ترسناک دا تێپەڕی. سەعاتێک دواتر، لەم بەلەم بۆ گەمییەکی گەورەتریان ڕاگوازتین. بە ئێمەوە، چل و حەوت کەسی هەڵاتووی تری تێدا بوون. ئێمە و هەموویان دڵخۆشی دەرچوون لە ئاوەکانی ئێرانی، چاوی ئاواتمان بەرەو کەنارەکانی ئەو بەری دەریا نیگەران بوو. گەمێ بە ڕێی قاچاخدا بەرەو بیابانەکانی ئەو بەر، خورت و خێرا دەیئاژواند. بایەکی توندیشی دەهات. من پێم وابوو بای بەریەیانانە و چی پێ ناچێ ئەهوەن دەبێتەوە، بەڵام وا نەبوو. ڕەشەبا هورووژمی توندتر کرد و گەمێ وەک قوتیلەیەکی بێ غایەت وردیلانە، لەم شەپۆل بۆ ئەویتریان حەوا درا. گەمێوان ئەمری پێ کردین ژن و منداڵان لە خەو خەبەر بکەینەوە. چارەگێک دواتر، گەمێوان تفەنگی دەرکێشا و بەرەو کەنارەکانی ئەوبەر دوو تەقەی کرد. ئەودەم تۆ لە باوشی دایکت دا خەوتبووی و بێ ئاگا لە دەور و بەر، خەمی ئێمەت نەدەناسی. تەقەی سێهەمی گەمێوان، لە کەنارەکانی ئەو بەر دا سێ چرای بۆ هەڵکرا. گەمێوان مزگێنیی هاتنی یاریکارانی پێداین و ئێمەیش دڵمان پێی کرایەوە، بەڵام چی پێ نەچوو، کێوێک ئاو هەستا و بە پڕتاوێکی شێتانە تێکی وەردایین. گەمێ وەکی قوتیلە شەمچەیەک تێک شکا و دەنکە شقارتەکان بە دریا وەربوون... ساڵەوەختینەی لە دایکبوونی (سێوێ) و (هەنار) هیچ مۆمێکی هەڵکراوی بە خۆیەوە نە دیت هیوا... لەبیرتە هیوا؟...

- باوکەگیان لەبیرمە... بەڵێ لەبیرمە، بەڵام گوێ بگرە باوکەگیان!... بۆ هاتنیان هەر نیو سەعاتێکمان ماوە... من... من هیوای کوڕت دەستەکانت ماچ دەکەم و لە دەوری سەرت دەگەڕێم، تۆ نابێ لە کاتی هاتنیاندا، بەتایبەت لە بەر چاوی دەر و جیرانانماندا بیکەیتە هاوار و زمانی سکاڵا بەرز بکەیتەوە... ئێمە بیست ساڵە لێرە، لەم گەڕەکە دا ژیاوین و لە ماوەی ئەم بیست ساڵەدا دراوسێ دەنگی لێ نەبیستووین... ئێستاکەیش کە کاتی ماڵاواییمانە، لێبگەڕێ با بە بێدەنگی بڕۆین... تێگەیشتی باوکەگیان!...

- لێرەم هەڵکەنن، بێ هاوار بڕۆم؟!... کێ بۆی دەکرێ بەبێ هەڵوەراندنی نمی ئەسرینێک لە یار هەڵببڕێت؟ کێ لە ئارایەتی بەبێ هاوار لە زێدێک دوور کەوێتەوە و بە کوڵ بۆی نەگری؟... نەخێر من دەگریم... دەبارێنم ... هاوار دەکەم ...

- باوکەگیان ئەمە کاری کردن نییە تۆ دەیکەیت!... ڕاگوازتن لەم دوو ژوورە، ئەم گشتە گریان و هاوارەی پێ ناوێ! ئەم دوو ژوورە هی من و تۆ نین، ئێمرۆکەیش جێیان نەهێڵین، سبەی، دووی، سێی،... هەر دەبێ جێیان بهێڵین... نەخێر باوکەگیان!... تۆ نابێ خۆت هێندە سەخڵەت بکەیت... منیش دەگەڵتان دێم ، تەنانەت هەتا لە وێندەرێ ڕادێیت، چەند ڕۆژێکیش بە دیارتەوە دادەنیشم... باشە باوکەگیان؟!...تێگەیشتی!...

پێکەنی؛ پێکەنینێکی تیژی وەکی نووکی خەنجەر؛ ساردی وەکی پێکەنینی مردوو. بە دەم پێکەنینەوە، گوتی:

- بەڵێ تێگەیشتم هیوا!... تێگەیشتم کوڕم... بەڵێ ئەوا هیوای کوڕم دیسان بەرەو ڕووی گێژاوێکی ترم ڕادەکێشێت... بەڵام هیوا بریا ئەو ڕۆژە ڕەشەت هاتبایەوە بیر!... ئەرێ بیرت دێ هیوا!...

- بەڵێ باوکەگیان لەبیرمە... قەتم لەبیر ناچێت... کارەساتە بە وەیشوومەکەم هەر لەبەر چاوە... قەتم لەبیر ناچێت... ئەوڕۆژە، تۆ گەورەییت کرد باوکەگیان. تۆ لە نێوان سێ خۆشەویستی بێ جیاوازی خۆت دا تەنیا یەکێکت هەڵبژارد... لەبیرمە باوکە... هەتا هاتنی یاریکاران، ئەتۆ دوو چارەگە سەعاتان دەستت بە ژێر سنگمەوە بوو. شەپۆل بۆ هەر لایەکی ڕادای، منیشت دەگەڵ خۆتدا برد. دایکم و خوشکم، هەر وەک دوو پەلکە گوڵی ڕەعنا، لەو دیوی شەپۆلی جیرانماندا بە سەر کڵاوەی ئاوی تووڕەی دەریادا سەمای بەر دەمی مەرگیان دەکرد. بەڵێ لەبیرمە باوکە گیان!... چنگەپرچەی دایکم و دەست ڕاکێشانەکەی هەنار بۆ دەست گرتنیم لەبەر چاو قەت لاناچێت... چیت لێ بشێرمەوە باوکەگیان! چنگەپرچەی دایکم و دەستی نیازمەندی هەناری خوشکم نەیانهێشت گوێ لە قسەی تۆ بدێرم و، لە زانکۆ دا بە ویستی تۆ پیشەی دڵخوازی تۆ هەڵبژێرم؛ تۆ پزیشکیت لەمن دەویست و دوو دەستی سێوێ و هەناریش دەستگرتنیان لێم دەویست. من بۆ دەستگرتنی هەموو لێقەوماوانی سەر زەوی، دەستی سێوێ و هەنارم گرت و پشتم لە ویستی دڵی تۆ کرد. بەڵێ باوکەگیان، من پیشەیەکم هەڵبژاردووە، کە هەر وەک گەڕۆکێکی نەسرەوتی بێ سنوور، فریاڕەسی لێقەوماوانی سەرزەوی بم. من باوکی خۆم جێ دەهێڵم و دەستی سێوێ و هەنارەکان دەگرم...

- هیوا!... هیوای گیانم!... بەسە!... بەسمە، تێگەیشتم کوڕم! بۆ کوێم دەبەیت و چیم لێ دەکەیت، من پێی ڕازیم... بەڵێ هیوا! بەڵام گوێ بگرە با لە دەمی ماڵاوایی ئاخرینم لەم دوو ژوورەدا شتێکت لێ بخوازم کوڕم... بیرت نەچێت هیواگیان... ئەگەر مردم، ئەگەر مردم لێرەم مەنێژە... بمبەرەوە شارەکەی شنۆیە!...

◆◆◆

- کورتە چیرۆکی (لە گێژاو دا)، کورتکراوەوەی کورتە ڕۆمانێکی خۆمە و هەر بە یادی (کاکە نەبی قادری)م نووسیوە.

- (تەها)، ئاماژە بە تێکۆشەری شۆڕشگێری کورد، شەهید کاک(تەها هەق تەڵەب)ە.

# فرێدریش ئینگڵس و ڕزگاریی ژنان ـ باسێکی ئاڵۆز

ئیڤۆن هیردمان (Yvonne Hirdman)

وەرگێڕانەوە لە سویدی: مەرزە

**فـرێدریش ئینگڵس**[1] ســالی ١٨٢٠ لەدایک بوو، کــوڕی کارخانەدارێکی دەوڵەمەندی قوماشسازیی شاری بێرمان بوو. سەردەمی ئەو سـەردەمـێکی ئاڵۆزی کـۆمـەڵایەتی و ئابووری بوو، کـە بوو بە هۆی بزوێنەری بیروباوەری تازە، زانست، تیئۆری و ئیسمەکان، کە ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان لە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتە قورسانەدا بوون کە بە دوای شۆڕشە گەورەکانی فەڕانسە و سەنعەتیکردندا وەدیهاتبوون. گـەلێک ناوی ئەم سـەردەمـە لە بیـر چوونەتەوە. ناوی خـودی ئینگڵس هەمیشە بە گەورەترین ئیسم(ism)ی سەت ساڵە واتا مارکسیسـمەوە بەستراوەتەوە.

باوک و دایکی پرۆتستان بوون، خۆی لە سەردەمی زووی گەنجێتیدا، بەر لەوەی چاوی بە بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی ڕادیکاڵی-Neue Rheinische واتە "خاخامی کۆمونیستان" مۆسێز هێس (Moses Hess) بکەوێ، هێگلیستێکی لاو بوو. ئینگڵس لە ساڵی ١٨٤٢ تا ١٨٤٤ لە مانچێستێر دەژیا، ئەو شۆێنەی کە باوکی کارخانەیەکی لێ هەبوو. هەر لەوێش بوو بناغـەی بیـری ئابووره کـۆمـونیسـتـییـەکەی داڕێژرا. ئەوە مانچێستێر بوو ئەو بۆچوونەی پێی نیشاندا کە فاکتۆرە ئابوورییەکان لە مێژوودا چەندە گرینگن و هەرئەوەش بناغەی جیهانبینیی ئەوی پێکهێنا.

ئینگڵس لە ڕێگای سەفـەری گەڕانەوە بۆ مـانچێسـتێـر، تووشی مـارکس بوو(کـە پێشـتـر لە سـەفـەردا دیتبـووی) و، هەر لەو دەمـەوە تێکۆشانی هاوبەش و دۆستایەتی درێژخایەنی ژیانیان دەستی پێکرد. سـالی ١٨٤٨ ئاڵۆزیی کـۆمـەڵایەتی و ئابووری سـەریهەڵدا و چالاکیی ڕاپەڕین ــ شــۆرشگێــری دەســتی پێکرد. ئینگڵس، هەم وەک ژورنالیستێکی ڕادیکاڵ بۆ Neue Rheinische لەگەڵ مـارکس و هەم ڕاستەوخۆ وەک ئاژاوەچییەک لە شۆڕشدا بەشداری کرد. بەڵام کە شـەپۆلی شـۆرش ئەهوەن بۆوە، ئینگڵس بە ناچار هەڵات و گـەڕاوە بۆ ئینگلسـتان و تا کۆتایی ژیانی لەوێ مایەوە. ئەو دوو دە ساڵەی هەوەڵ لە ئینگلیس ساڵی "سەگـمەرگی" ئەو بوو، ئەو دەبوایە بە ڕۆژ بچـێتە دەفتەری کاری کارخانەی باوکی لە مانچێستێر و، بۆ تێکۆشانی سیاسی ماوەیەکی کەمی بۆ دەمایەوە. ئینگڵس کە بە ناوی مارکس لە ڕۆژنامەی New York Daily Tribune دا وتاری دەنووسی و لە کــاری کۆمەڵایەتیشدا بەشداری دەکرد، بە وێڵی و "عەیاشی" دەژیا. جیاوازی ئەو لەتەک هەڤاڵەکەی واتا مارکس ئەوەبوو کە ئینگڵس هەرگیـز ژیانی بنەماڵەیی نەبوو، ئەو لەگەڵ ژنێکی کرێکاری ئیرلەندی بە ناوی ماری بورنس (Mary Burns)، کـە لە سـالی ١٨٤٢وە دەیناسی، دەژیا.

دوای مـردنی مـاری، ئینگڵس لە سـالی ١٨٦٤ دەسـتـبـەجێ بە زەماوەندکردن لە تەک خۆشکە جحێڵەکەی ماری بە ناوی لیز (Lizzie) خۆی لاواندەوە، کـە ئەویش ڕۆژێ پێش گـواستنەوە مـرد. لە ٧٠ کـاندا لە لەندەن هێلێنا دێموس (Helene Demuth)ی هاوژینی، دایکی کوڕە نامەشرووعەکەی مارکس بوو، بە دوای ئەویشدا لە گەڵ کۆنە ژنی کارل کائۆتسکی(Karl Kautsky) کە نێوی لویز(Louise)" بوو، دە ژیا و هەمیشەش لەو نامانەی کە بۆ بێبێل (Bebel)ی دەنووسی گلەیی لە لویز دەکرد و بە "جادووگەر"ی نێودەبرد.

سالی ١٨٧٠ ئینگڵس لە ژیانی "سەگـمەرگی" ڕزگاری هات، بەرەو ژیانی چالاکی سیـاسی گـەڕایەوە. لە یەکـەمین ئینتـرناسـیـونالدا دژ بە دەسەلاتی ئانارشیستەکان کـە باکونین (Bakunin) نـوێنـەریـان بـوو تێکۆشـا. بە دوای ئەوەدا ئینگڵس وەک کـەسـێکی هەڵکەوتە، بوو بە ڕێبەرێکی غەیری ڕەسمی بۆ حیزبی سۆسیال دێموکراتی ئاڵمان(SPD)، کـە سـالی ١٨٧٥ دامـەزرا بوو. لەوێدا کـاتی خـۆی بۆ پێـداچوونەوەی ئیدەکانی فێردیناند لازالس (Ferdinand Lasalles) تەرخان کرد و ئەوانەی کە بە کەڵکی نەهات لێی دەرهاویشت و بە جێگەی ئەوان ئیدەی مـارکـسـیـسـمی تێـهـاویشت. سـالی ١٨٩١ ئێـرفـورت پرۆگـرام (Erfurtprogram)بوو بە ئاکامێکی کونکرێت.

بەم جۆرە ئینگڵس ڕاستەوخۆ تەواوی تیئۆریسیەنەکانی سۆسیال دێموکراتەکانی ئاڵمانی تیفتیفەدا، لەوانە کـارل کائۆتسکی، ئێدوارد برێنشتاین و ویلهێلم لایبکنێشت. ئینگڵس لە ئاگۆستی ١٨٩٢دا مرد و سەروەت و سامانەکەی خۆی بۆ کچەکانی مارکس بە جێهێشت.

ئینگڵس وەک هاوکارێکی بەوەفا و دۆستێکی بلیمەت و بەهۆشی مارکس ناسراوە. ئەوخۆی یارمەتیمان دەدا کە ئەم وێنەیەمان لێی هەبێ: "من لە تەواوی ژیانمدا ئەوەی لە توانامـدابوو بیکەم کـردم، یەک لەوانە لێدانی وێڵۆنێکی دیکە و ـــ پێموایە تەقریبەن بە باشی لێمدا. وە خۆم بە بەخـتـەوەر زانیـوە کـە یەکـەمین وێڵـۆنی عـەنتـیکەی مـارکس بۆ من ماوەتەوە».[2]

سەبارەت بە ڕۆڵی ئینگڵس لە تیئۆری مارکسیسمدا ڕا و بۆچوونی جۆراوجۆر هەیە. بەشێک لە لێکۆڵەران ئامـاژە بەوە دەکـەن کـە ئەوە ئینگڵس بوو لە دەیەکـانی ١٨٤٠، مـارکسی بۆ ئەم ڕێگایە و بۆ ئەو ئیـدە ئابوورییـانە ڕاکـێشـا، کـەوابێ نەخشی ئەو بەرینتـر لەوە بووە وێڵۆنژەنی دووهەم بێ.

ئینگڵس سالی ٤٨-١٨٤٧ لە گەڵ مـارکس بە دوو قـۆڵی کـتێبی

*مانیفێستی کۆمونیست* یان نووسی. ئینگڵس پێشنووسەکەی نووسی، مارکسیش تەفسیرەکەی دوواییی تەواو کرد. ئینگڵس دوای مردنی مارکس سەختترین ئەرکی پێ ئەسپێردرا، کە دەبوایە یادداشتەکان و تەواوی پێشنووسە قەبەکانی بەشی ٢و٣ی کاپیتاڵ ی مارکس تەواو بکا. بەشی سێهەمی ئەو کارە هەتا تەواوبوون دەساڵی خایاند. هەروەها لە دەیەکانی ٤٠دا لەگەڵ مارکس پێکەوە کتێبی *ئیدەئۆلۆژی ئاڵمانی* یان نووسی، خۆیان لەگەڵ ئیدەکانی هێگلی لاو یەکلاکردەوە، لەوێدا ئەو ئاڵترناتیوە بەنێوبانگە واتا نەزەرییەی مێژوویی ماتریالیستییان ناساند. بەڵام بەرهەمی خودی ئینگڵس لە دارشتنی تیئۆرییەکانی مارکسیستیدا هیچ بێ مانا یان ناگرینگ نەبوو. بەرهەمی کاتی لاوێتی ئەو لە سەر بارودۆخی چینی کرێکار لە ئینگلستان و کارتێکەری ئیندوستریالیزم کارێکی سرنجڕاکێشی مێژووی هاوچەرخە.

کتێبی *سەرچاوەی دارایی شەخسی بنەماڵە و دەوڵەت*یش هەروەها گرینگ بوو کە بەر لەهەموو شتێک بۆتە بناغەی ئەو باسەی خوارەوە لەمەڕ بۆچوونی ئینگڵس سەبارەت بە ژنان. ئینگڵس لە ڕووی ئەو پشکنین و دۆزینەوەی کە مرۆڤناسی ئەمریکایی «لویس مۆرگان» سەبارەت بە کۆنترین پێوەندیی نێوان بنەماڵە کردبووی، ئەم کتێبەی نووسی. ئینگڵس پێی وابوو ئەو تێبینییانەی کە مۆرگان لە ئاست زانستیی مرۆڤناسی دەستنیشانی کردوون، وەک چۆن داروین بۆ بیۆلۆژی و مارکس بۆ سیاسەتی ئابووری کردوویانن ئاوا بەنرخن، کە ئەوە بە باشی بیروباوەڕی ئینگڵسمان سەبارەت بە پێوەندی زانستی سروشتی بە واقیعیەت نیشاندەدا.

لە ڕاستیدا نووسراوەیەکی بچووک لە سەر بەرپەرچدانەوەی سۆسیالیسم لە یوتۆپیا بۆ زانست؛ گەلێک زیاتر لە *مانیفێستی کۆمونیست* بڵاوبووەوە.

هۆی سەرکەوتنی ئەم ئەزموونانە، شیاویی و توانایی ئینگڵس وەک ڕۆژنامەنووسێک بوو: لێرەدا مارکسیسم بە شێوەیەکی ساکار، لێحاڵیبوونێکی هاسان و کارتێکەر فۆرمۆڵەکراوە. ئەو، بەگوتەی یەکێک لە ژیاننامەنووسەکانی: "بە تەواوی ماناوە خۆشەویستی خەڵک" بوو.[٣]

لە ناوەڕاستی سەدەی ١٨ دا، شۆڕشی سەنعەتی وەک تاعوون باڵی بەسەر ئینگلستاندا کێشا و ئاڵوگۆڕی بە سەر شێوەی کۆنی ژیانی ناوچەکان و دابونەریتە پێداگرتووەکانی ژیانی سنفی شاردا هێنا. بە ڕێگای تێکنیکی تازەوە، توێژی ئاماڵ پۆشتەی کرێکارانی پیشەی دەستی تووشی نەداری هاتن و لە هەمان کاتدا پۆلێکی زۆر لە دانیشتووانی دیهات بە هۆی مێتۆدی تازەی کشتوکاڵ «بێکاروبێبار» مانەوە. ئەم ڕووداوانە بوونە هۆی ئەوە کە شارەکان گەورە ببنەوە و خەڵک لە ژێرخان و کۆخەکان لەپاڵ یەکتردا ژیانێکی نەمر و نەژی دەستپێبکەن. چینی تازەی پرۆلێتاریا کە زۆرترین بەشی ژیانیان لە زیندانە گەورەکان یانی کارخانەکاندا تێدەپەڕاند هەر لە زیاد بووندا بوو. ژن و منداڵ بوون بە هێزێکی پەسندکراو بۆ کار، لەبەر ئەوەیکە ئەوان بە پێی «پێویست» مووچەیان پێدەدرا ــ دەکرێ بڵێین دستمزیان لە نیوە یان کەمتر لە نیوەی دەستمزی پیاوان بوو. کاتێک ئینگڵسی لاو لە ساڵی ١٨٤٠دا دەیویست باسی جەهەننەمی کاپیتالیسم بکا، وێنەکانی زۆرتر لە بارەی وەزعی ناڵەباری ژیانی ژنان هەڵدەبژارد:

> ئەو ژنە لە گەڵ مێرد و کوڕە ١٩ ساڵەکەی، لە ژمارە ٣ی وایت لیونکورت، خەیابانی بێرمونس لە تاقە وەتاغێکدا، کە نە تەختی نووستن نە جێگاوبانێک یان مۆبڵێکی لێبوو، دەژیا. ئەو لە پەنا کوڕەکەی لەسەر تۆپەڵێک پەڕ مردبوو، پەڕەکان بە سەر لووت و لەشە ڕووتەکەیدا بڵاو ببۆوە، نە لێفەیەکی پێوەبوو نە مەلافەیەک. پەڕەکان وەها بە لەشیەوە نووسابوون کە دوکتور نەیتوانی مەیتەکەی موعاینە بکا، تا ئەوەیکە خاوێن کراوە و دوواییی مەعلووم کرا تەواو هەڵمساوە و دەعبا بە هەموو گیانیەوە داوە. لە گۆشەیەک لە وەتاغەکەدا قوڵکەیەک هەڵقەندرابوو کە وەک ئاودەستی خێزانەکە کەڵکی لێوەردەگیرا."[٤]

ئاشکرایە کە ئینگڵس خراپترین حاڵەتی هەڵدەبژارد، بەڵام ئەم چەشنە وێنانە دەگمەن نەبوون. نیشاندانی ئاماری نەخۆشییەکان و مردن لە شارە سەنعەتییەکراوەکان، ناشتن لە لایەن چاوەدێرانی خانوو، کاری دوکتوری فەقیران و دەرمانگای بنکەکانی دەوڵەتی، بۆ دەربڕین و کامڵکردنی مەبەستەکانی ئینگڵس، بە تەواوی وێنەی رەش و پڕ بە پێستی خۆی بوون.

ئەو نەگبەتییانە کاتێک لە مێژووی مرۆڤ کۆتاییان پێدێ، کە چینی بەرهەمهێنەر، کەلوپەلە بەرهەمهاتووەکەی لە ژێر دەسەڵات دابێ، پێوەندیی بەرهەمهێنان وەک دژ بەخۆیەکی سوودخوازی کاپیتالیسم لە چارەنووسە ناسازگارەکەی رزگاربکرێ و تێکۆشانی چینایەتی ــ بە کورتی لە سەردەمی کۆمونیستیدا، ڕاوەستێ. ئەوە پەیامێکی مارکسیستی بوو کە شان بە شان لە گەڵ سەنعەتیکردن، بەسەر ئورووپادا بڵاو دەبۆوە، کارل مارکس و فرێدریش ئینگڵس مامۆستا خاوەنشکۆیەکانی ئەم پەیامە بوون. ئەو ئیدەئۆلۆژییە تەواو هەراو و بە ئیدعا بوو و هەر بۆیە جێی خۆیەتی پرسیاری ئاراستەبکرێ: بارودۆخی ژنان، لە رابردوو، لە ئێستە و لە داهاتوودا چۆن شی کراوەتەوە؟

مارکس خۆی لە کارە بەرفراوانەکانیدا باسی "مەسەلەی ژنان"ی نەکردووە، مەگەر لێرە و لەوێ لێکدانەوەیەکی لاوازی سەبارەت بە بنەماڵە و کاری ژنانە و «بەرهەمهێنانەوە» هەبێ. هێلیا هێرنز (Helga Hernes) لێکۆڵەری مەسەلەی ژنان بە کورتی تەئیدی دەکا:

> ئەگەرنێوە سەرنج بدەنە کاری مارکس دەبینن ئەوە کارێکی یەکجارکەمە.[٥]

لە شیکردنەوەی مارکسیستیدا "کێشەی ژنان" بۆتە نەزەرێکی کەم بایەخ و دەستی دوو، هەربۆیە ئینگڵس ددان بەوەدا دێنێ کە «ئوگوست بێبێل» نووسەری کتێبی *ژنان لە رابردوو، لە ئێستە و لە داهاتوودا* خزمەتێکی گەورەی کردووە. ساڵی ١٨٨٤ ئینگڵس کتێبی *سەرچاوەی دارایی شەخسی بنەماڵە و دەوڵەت*ی نووسی و لەو کتێبەدا کە بە شێوەیەکی سروشتی نێوی ژنان هاتە ناو نێوان مەبەستی سەرەکی ئینگڵس ئەوە نەبوو کە "مەسەلەی ژنان" شی بکاتەوە، بەڵکە

شیکردنەوەی بنەماڵە بوو. هەر بۆیە مۆدێلی شیکردنەوەی مارکسیستی لەسەر مێژووی پەرەسەندنی ژن، بووە بە مێژووی وەزعیەتی پیاو لە بەرانبەر ژندا. ئەوە چۆن دەهاتە بەرچاو؟

مێژووی مرۆڤایەتی ــ ئینگڵس خۆی دەڵێ کە تەواو لە سەر ئاکامەکانی مرۆڤناسی ئەمریکایی لویس مۆرگان سازکراوە[٦] ــ دەکرێ بە سێ قۆناغی پەرەسەندندا دابەشبکرێ: ١ـ وەحشێتی، ٢ ـ بەربەرێتی و ٣ ـ شارستانێتی.

لە قۆناغی وەحشێتیدا ژنان و پیاوان لە زەوجینی **گرووپی**دا دەژیان:

> جیماعی بێ سنوور لە نێو قەبیلەدا باو بوو، کە تێیدا وەک چۆن هەر ژنێک بە هەمان ئەندازە هی پیاوێک بوو هەر ئاواش پیاوەکە هی هەر ژنێک بە حیساب دەهات.[٧]

**زەوجینی گرووپی** لە هاوخوێنی بنەماڵەییەوە پەرەیسەند تا ئەوکاتە کە جیماع لە خێزانی **پونالوئایی** (Punaluafamilj)دا[٨] بوو بە «ڕەوشت» و قەدەغەی جیماع هاتەئاراوە و جیماع لە نێوان خوشک و برادا قەدەغەکرا. قۆناغی **پونالوئایی** بۆ ئینگڵس شێوەیەکی بەهەشتییانەی خێزان لە سەردەمی کۆندا بوو، سەردەمێک کە کۆمونیزمی سەرەتایی دەسەڵاتی هەبوو، سەردەمێک کە بارودۆخی خێزان هاوبەش بوو، سەردەمێک کە تێیدا سامانی بەنرخ بۆ ژنان دەستپێڕاگەیشتن بە هەموو پیاوانی خۆیان بوو، "بەبێ ئەوەی کەس لەبەرانبەریاندا ڕابوەستێ".[٩]

لە سەرەتای سەردەمی بەربەرێتیدا، بنەماڵەی **زەوجینی گرووپی** بەرەو قۆناغی بابڵێین **خێزانی جووتخوازیی** (Parningsfamilj) وەرچەرخا. لەو قۆناغەدا پیاو ڕۆڵی سەرەکی هەبوو، بە هەبوونی یەک یان چەند ژن. ژن دەبوایە بەوەفا بێ، بەڵام بە هاسانی دەیتوانی وەسڵەتەکە هەڵوەشێنێتەوە و منداڵەکان بۆ خۆی ڕابگرێ. سەرهەڵدانی **خێزانی جووتخوازیی** لە مێژوودا بۆ ئینگڵس، بەر لە هەموو شت بناغەی ئابووریی خێزان، شتێکی ناروونە. ژنان هەروەها لە سەردەمی **خێزانی جووتخوازیی**دا شوێن و جێگەیەکی باڵایان هەبوو و ئەوەش بەو مانایەیە کە بەڕێوەچوونی کۆمونیستی هەر لە ئارادابووە.

> یەکێک لەو زانیارییە ناماقووڵانەی لە ساڵەکانی ١٧٠٠وەرمانگرتووە، ئەوە بوو کە ژنان لە سەرەتای پەرەسەندنی کۆمەڵگەدا، کۆیلەی پیاو بوون. لە تەواوی دەورانی وەحشێتی و قۆناغەکانی کۆن و ناوەڕاستی بەربەرێتیدا، بگرە بەشێکی زۆر لە قۆناغی سەرتر [ی بەربەرێتیشدا، YH] ژنان نەتەنیا ئازادبوون، بەڵکە لە بارودۆخێکی بەرزدا بوون.[١٠]

لەسەر ئەو حاڵەشڕا ئینگڵس دەڵێ، لە بەر ئەوەیکە لەو سەردەمەدا ژن کەم بوونەوە، ژن کڕین و ژن ڕفاندن بەشێک لە پێوەندی و دابی ڕۆژانە بووە. وە بەپێچەوانەی بەرجەستەکردنەوی جینس ئینگڵس بە ئینکارنەکردنی خۆشیی زەوجینی **گرووپی**، سەرنجبدرێ پەرەسەندنی زەوجینی جووتخوازیی بەرەو [زەوجینی]دوولایانە کە سەرکەوتن و هەنگاوێکە بۆ ژنان، هەر لەبەر ئەوەیکە ئیدی "ژنێک بۆ هومووان" نەبوو، بەڵکە ژنی پیاوێک بوو ڕەتدەکاتەوە. لێرەدا ئینگڵس، باکۆفێن (Bachofen) دەکێشێتە مەیدان و ئاماژە بە کارە گەورەکەی وی (Die Mutterrecht) دەکا، کە بە هۆی مێتۆلۆژییەوە پێیگەیشتووە هەر وەک ئەو "نەتیجە"ی کە مۆرگان پێیگەیشتبوو. باچۆفێن زەوجینی جووتخوازیی بە "گەرای گۆلاو" و "زاوزێی قوڕاو" وەک بێ حورمەتییەک بە ژنان شوبهاندووە. لە نەتیجەدا ئەو، ئەمە وەک هەنگاوێک لە دژی هاوکاری دوولایانە دەبینێ کە هەنگاوێکی لەلایان ژنانەوە هەڵێندراوە.[١١] لێرەدا ئینگڵس هاوڕایە:

> دیارە بە زۆربوونی ئەو پێوەندییە سێکسییە سوننەتییانە وێڕای قورسایی ژیانی ئابووری، هەروا وێڕای لاوازبوونی کۆمونیزمی کۆن و زیادبوونی لە ڕادەبەدەری دانیشتووان، ژن کەسایەتی سروشتی ـ ساکاریی خۆی لەدەست دا، هەرچەند دەبوو ژنان زۆرتر هەستیان بە نیهانەت کردبا، هەروەها ئاواتی مافی بوونی دەست لێنەدراویان تێدا بەهێزتر بووبا، ماوەی درێژخایەن یان کورتخایەنی زەوجین لەگەڵ تەنیا پیاوێک، بۆیان وەک ڕزگاربوونێک بووایە."[١٢]

ئەوە ڕوون نییە کە بەراستی مەبەستی ئینگڵس چی بووە، چونکە ئەو پێشتر گوتبووی لە ماڵبەڕێوەبردنی کۆلێکتیڤی پشتیوانی دەکا ــ و ئەوە شکۆمەندی دەدا بە ژنان. ئایا ئینگڵس بەو قسەی دوایی بۆچوونەکانی پێشووی خۆی گۆڕیوە؟ یان لەوانەیە کەوتبێتە داوی سەدەی ١٨ی ڕۆمانیستکەوە: کە ژنان وەک بوونەوەرێکی بەئەخلاق باڵاتر دەبینران؟ هەرچۆنێک بێ ئەو ئاوا لە پیاوان تێگەیشتبوو کە زیاتر بێ ئەخلاقن، چونکە نەیاندەتوانی لەو ئیدەیەی هەیانبوو دوور بینەوە ــ وەلانانی زەوجینی گرووپی ــ لەبەر ئەوەیکە پیاوان قەت نەیانویستووە چاو "لەوخۆشییە ڕاستەقینەی زەوجینی گرووپی" بپۆشن.[١٣]

بەدوای سەردەمی بەربەرێتیدا سەردەمی شارستانێتی وێڕای فۆرمێکی تازەی زەوجین دەستپێیکرد: **تاکهاوسەریی** (Monogami). ئەوە وێڕای سەرهەڵدانی قۆناغی کشتوکاڵی ڕوویدا. قۆناغی کشتوکاڵی خاوەندارێتی لەگەڵ خۆی هێنا و خاوەندارێتیش ژنی کردە دارایی و، بناغەی مافی باوکێتی دامەزراند. ئەوە بە مانای شۆڕشێکە، کە "یەکێک لە پڕ ناوەڕۆکترین ڕووداوەکانی مرۆڤ" بووە. وە بە ڕمانی مافی دایکێتی "شکستی جینسیی ژنان لە مێژووی جیهانیدا" هاتەئاراوە.[١٤]

**تاکهاوسەری** بۆ مەیلی جینسی پیاوان ژنی کرد بە کۆیلە، ماشێنێک کە منداڵی بۆ بێنێتە سەر دنیا. مۆنۆگامی چەندین فۆرمی جۆراوجۆری هەبوو، هەر لە خێزانی پیاومەزنێتی ڕۆمەکان ڕا بگرە هەتا **هاوسەرێتی قەباڵەیی**[زەوجینی نیکاحی] سەدەی ١٨، بەڵام هەر بە یەک مەبەست: دامەزراندنی بنکەیەک کە تێیدا بەبێ قڕە بۆ منداڵ باوکێتی دیاری بکرێ. کەچی، ئینگڵس ئاماژەی کردبوو، **تاکهاوسەری** تەنیا ژنانی گرتۆتەوە؛ پیاوان بەبێ پەیداکردنی ماشووقە لە شێوەی ژنانی داوێنپیس و فاحیشە هەرگیز هەبوونی خۆشیی زەوجینی گرووپییان تەرک نەکردووە. ژنان ویستبایان بەپێچەوانەی تاکهاوسەری قەدەمیان هەڵێناباوە حوکمی سەخت چاوەڕوانی دەکردن:

> ئەوان ئیـهـانەتیـان پێکرا و وەلانران، بەم شـێـوەیە جارێکیتر بۆ هەمیشە دەسەڵاتی پیاو بەسەر جینسی ژندا وەک قـانوونی بنەڕەتی کـۆمـەڵایەتی حوکـمی بۆ درا. ١٥

بۆچوونی ئینگڵس سەبارەت بە **هاوسەرێتی دووقۆڵی** لە جێی خۆیدا هەروا گرینگە:

> لە مێژووی زەوجینی دووقۆڵیدا نیشاندراوە کە بە هیچ چەشنێک سازان لە نێوان ژن و پیاو دا نییە، لە فۆرمی پێشووی خۆی خراپترە. بەپێچەوانە، زەوجینی دووقۆڵی ئەوە نیـشـانـدەدا کـە یەکـێک لەم دوو جـینسـانە لە ژێرفەرمانی ئەویتردایە. ١٦

بەڵام چۆن ئەوە قەوما ؟ بۆچی قۆناخی کەشتوکاڵی ئەو کۆیلەبوونەی لەگـەڵ خـۆی هێنا ؟ دیارە، هۆیەکـەی ئەوە بوو کـە کـاری ژنان، کـاری ناومـاڵ، کـەسـایەتی رەسـمی خـۆی لە دەست دا. ئینگڵس نووسی ئەم کارانە:

> لەمـەوبەدوا پێـوەندییـان بە کـۆمـەڵگاوە نەمـا. ئەو چەشنەکارانە بوون بە خزمەتگەلی شەخسی، ژنیش بوو بە یەکـەمین خـزمـەتکار، بە زۆرەملی لە بەشـداربوونی ئەوکۆمەڵگا بەرهەمهێنەرە فڕێدرانەدەر. ١٧

بەردەکە جاڵەبۆوە. لە سەد ساڵ بۆ سەد ساڵ، تا گەیشتە سەردەمی ئینگڵس، دەسەڵاتی پیاو بەسەر ژندا هەروا دەدانی پێدادەنرا. زەوجینی دووقۆڵی هیچ گۆڕانێکی بەرەو باشبوون تێدا نەقەوما، بەپێچەوانە، ژن بوو بە "هاوژینێکی جـاڕزکـەری بەتڵـێنەر"، ژیانی خـێـزان ئاوابوو "پێکهـاتنی کـۆیلایەتیـیـەکی ئاشکرا و نهـێنی بۆ ژنان"، ئەوە فاحیشەگەرییەکی ناشیاو بوو کە ژن "یەک جار بە هەمووان" فرۆشرا، ئەوە رەنگدانەوەی کۆمەڵگایەکی چینایەتی بوو کـە "پیـاو بۆرژوا بێ و ژن بە پرۆلێتار لەقەڵەم بدا ".

ئەوە هێرشێکی یەکجار توند بوو. ئایا بەراستی ئینگڵس مەبەستی ئەوە بوو کە خەباتی جینسی دەکەوێتە پێش خەباتی چینایەتی؟ نا، بە دڵنیـاییەوە نا. بەتوندی مـەحکوومکردنی زەوجینی دوو قـۆڵی لەلایەن ئینگڵسـەوە تەنیا **هاوسەرێتی بۆرژوایی** دەگـرێتـەوە، نەک **هاوسەرێتی پرۆلێتاریایی**. بە گوێرەی ئینگڵس، کـە ئەو شێوە خێزانە پەرەسەندووی فۆرمێکی بایەخداری مۆنۆگامی بووە، قسەکانی پێشووی خۆی لەمەڕ ئەساسی مێژووی ئەگۆڕی هاوسەرێتی دەسڕێتەوە. ئەم شێـوەیە لە ناو چینی هەژاردا دوای ئەوەیکە پرۆسەی سەنعەتیکردن ژنانی بە کۆمـەڵ لە مـاڵەوە خـسـتـە ناو کـارگـەوە، پەرەیسـەند. بەم جـۆرە ئەوان لە کـاری کۆمـەڵایەتی بەرهەمـهێناندا بەشـداریان دەکرد کـە "ئەغلـەب ژنی دەکردە [کەیبانووی پرۆلێتار، YH] نانهـاوەری مـاڵ". بەم شێـوەیە، ئینگڵس بێبـاکـانە نیـشـانیـدا، "ئەو دوایین پاشـمـاوەی دەسـەڵاتی پیـاومـەزنێتی پیاوان، هەموو وزەی خۆی لە نێو ماڵی کارگەریدا لە دەستداوە". ١٨

لەو مـاڵانەدا توخـمی پێکەوەسازانێکی جینسی هەبوو کـە ئینگڵس خەونی پێوەدەدی. ئەو شـوێنەی کـە هاوسـەرێتی تێـیـدا تـەنیـا لـە سـەر ئەسـاسی ئەوین پێکدێ، چونکە ئەداری هەردووکـیـانی وەک یەک «ئازاد»کـردووە. ئینگڵس تەنیـا ئاڕەزایەتیـیـەکی کـەمی لە ئاست بابەتەدارێژراوە تیـفـتـیـفـەدراوەکەی خۆی ئەنجـام دا: "دەبوایە گـریمانەی زەبروزەنگی دژ بە ژنان کە دەگەڵ کاکڵی مۆنۆگامی بە شتێکی پیرۆز لە قەڵەم دراوە مابایەوە". ١٩ ئەو شێوە تیفتیفەدانە سەبارەت بە بارودۆخی کرێکارانی ئینگلستـان، سەرنجی زۆر کەسانی لە ئاست شەرحدانەکانی ئینگڵسی لاو لەمەڕ فەقروفەلاکەتی ژیانی پرۆلێتاریا ڕاکێشاوە. ٢٠ ئەوە خۆی دەبێتە دەلیلێک کە بگەڕێینەوە سەر ئەم ناکۆکییە.

پایەی ئەم یەکسـانییە لە ناو چینی کرێکاردا تاڕادەیەک لە وەزعیەتی کـۆمـەڵایەتی ژن، هەروەها لە مـووچەی مـانگانەی ویدا بەدیکرا. لە سەردەمی سۆسیـالیـسمدا هەرشتێکی کە لەبارەی ئازادکردن مابوویەوە دەبوایە ڕوویدابا، کـاتێک "تەواوی جـینسی ژنان گـەڕابایەوە ناو کـاری کۆمەڵایەتییەوە". وە بەکورتی:

> ڕزگـاریی ژن بەر لە هەمـوو شت کـاتێک ئیـمکانی دەبێ کە ئەو وەک توێژێکی گەورەی کـۆمەڵ بتوانێ بەشداری لە بەرهەمـهـێناندا بکا و کـاری ناو مـاڵ تەنیـا کـات و جێگەیەکی کەم لە ویسـتـەکانی ئەو پڕکـاتەوە. وە ئەو بوارەش پێش هەمـوو شت بە ڕێگای سـەنعـەتی گـەورەی مۆدێرن دەڕەخسێ، کـە نەتەنیا بە ڕادەیەکی زۆر ڕێ بە کـاری ژنانە بدرێ بەڵـکە بەڕاسـتی داوایان لێـبکرێ و هەروەها زیاتر و زۆرتر هەوڵی ئەوەش بدرێ کـە کـاری تایبەتیی ناوماڵ بەرەو کارێکی کۆمەڵایەتی سـەنعەتی بگۆردرێ. "٢١

دەگـەڵ ئەو بناغـە ئابوورییـە دەبوایە کـر و سـاخـتـومـانی سـەروو لە چوارچێوەی هاوسەرێتی مۆنۆگامی بخەملێ ـ ئەوە دەبوایە بۆ پیاوانیش ببێتە مۆنۆگامی. ژنومێردایەتی دەبوایە لەسەر ئەساسی ئەوین دامەزرابا و تەنیا لە ڕووی عیشقەوە هەقانیەتی وەرگرتبا، لەم ڕووەوە منداڵ دەبوایە ببێتە سامانێکی کۆمەڵایەتی. ئینگڵس بەئارامی خەون بە کۆمەڵگایەکی خاوەن ڕەوشتێکی خوازراو دەبینێ، کۆمەڵگایەک کە ئاکامی میوەگەلی وەسـڵـەتی ئازاد، واتە ئەو منداڵە حـەرامـزادانە (نامـەشـرووعـانە) لەبەرچاوبگرێ:

> بەم جۆرە ئەو دڵەخورپە پەیتاپەیتایانە دەخرێنەلاوە کەوا ئەمڕۆ بەشێوەی سەرەکی قـۆناغێکی کۆمەڵایەتی ـ چ ڕەوشـتی(مـۆراڵی) و هەروا ئابووریش ـ پێکدێنن کـە ناهێـڵـن ژنێکی گـەنج بەبێ دردۆنگی خـۆی بە خۆشەویستەپیاوەکەی بسپێرێ. ٢٢

بە هیواداریەوە ئەوڕۆژە دێ "سستییەک لە بۆچوونی گشتی سەبارەت بە ئەجابەتی کچێنی و شەرمی ژنانە»ڕوویدا. ئینگڵس گوتبـووی، بەڵێ ئەخـلاق(ڕەوشت) ئەوەیە: چەمکێکی بەربلاو و "خـۆڕاگـریی ئەوینی جینسیی تاکەکەسی [...] زۆر جیاواز بەگوێرەی تاکەکان، بەتایبەت لە لای پیـاوان». لە گەڵ ئەوەش، ئینگڵس لە پێشبـینیکردن چاوەپۆشێ: "کـاتێک ئەو ئینسـانانە بۆ یەکـجـار دەژین، بەبێ دەربەسـتبوون لەوەیکە خەڵک ئەوڕۆ چ فکردەکەنەوە، دەبوایە چیان پێ خۆش بێ بیکەن. "٢٣

شیکردنەوە و ـ مۆدێلی ڕزگاریی ئینگڵس لە ئاکامدا ئاوا خرایەڕوو:

١- ژن له سەرەتاوە لەگەڵ پیاو یەکسان بوو، کاتێک مرۆڤ له زەوجینی گرووپیدا ژیانی ڕادەبوارد، یان کاتێک کاری ماڵداری کۆلێکتیڤی بوو.

٢- کۆیلایەتی ژن وێڕای یەکەمین دابەشبوونی گەورەی کار، واته کاتێک مرۆڤ دەبێته وەرزێر دەستی پێکرد. زەوجینی گرووپی به ڕێگای هاوسەرێتی جووتخوازییدا بەرەو زەوجینی دووقۆڵی /مۆنۆگامی گۆڕدرا. ژن بوو به سامانی پیاو، کاری بەرهەمهێنانەوەی وی به خزمەتگەلی تایبەتی له قەڵەم درا.

٣ ـ کاتێک ژن لەگەڵ پیاو یەکسان دەبێ که ژن ببێتەوه به بوونەوەرێکی کۆمەڵگایی، ئەوەش ئەودەمە وەدیدێ که ژن کاری بەرهەمهێنان بکا. کاری ماڵ و پەروەردەکردنی منداڵ کۆمەڵایەتی بکرێ. زەوجینی دوو قۆڵی ببێته زەوجینی ئەویندارانەی تاکهەوسەری.

ئەوە مۆدێلێک بوو به چەندین خاڵی باشەوە: ئەم مۆدێله باسی سەردەمێکی ئەفسانەیی دەکرد که ئەو دەم ژنان له ژێر گوشاردا نەبوون، دەکرێ بڵێین ئەو زوڵم و زۆرییه له سەرەتای ژیاندا وەک چارەنووسێکی بێۆلۆژی لەمەڕ ژن لەئارادانەبوو. ئەوەش شیدەکاتەوه بۆچی ژنان وابوون و له ژێر فشاردابوون، دەکرێ بڵێین ئەو زەبروزەنگه پێوەندی بەو چارەڕەشییه گشتییەوه هەبوو که شارستانێتی ئازار دەدا: ئەوە مافی خاوەندارێتی و بەرژەوەندخوازی یه، که ژنی کردووەته بوونەوەرێکی ناکۆمەڵایەتی.

ئەو مۆدێله له ئاکامدا ـ دەکرێ بڵێین له کۆمەڵگای کۆمونیستیدا داهاتوویەکی بێ زەبروزەنگی کێشابۆوه. ئەوە وایکرد که ژن هاوڕێ لەگەڵ پیاو بەرەو ئەم ڕێگایه بڕوا.

ئەوە مۆدێلێک بوو که زوو له لایەن ژنه رادیکاڵه سۆسیالیستەکانەوه قۆسترایەوه. بەر له هەمووان کلارا ستکین، که بوو به جارچیی پڕ له هەستی ئیدەکانی ئینگڵس که بەتەواوی ئەوین و عەلاقەوە ئەو بۆچوونەی به ناوەڕۆکتر و مەنتیقیتر کرد.[٢٤] ستکین و پێڕەوانی وی به هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر ئەو مۆدێله لاوازەیان کردە پایەیەکی ڕزگاریخوازیی که هەرگیز بایەخێکی ئاوای نەبوو. بەدەگمەن بیرۆکەیەکی ئاوا لاپڕەسەنی بەو ڕادەیه ئاگاداری لێکراوه و بەبێ ڕەخنەکەڵکی لێوەرگیراوە، وەک بڕگەی هەڵبژێردراوی ئینگڵس له ڕووی ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی مۆرگان، ڕێسراوه و پێچراوه و پڕماناکراوە. دەلیلی تێگەیشتنەکەشی هاسانه. مارکسیسم وەک زانستێکی ڕزگاریکەر وابوو و پێویست بوو تەواوی مرۆڤایەتی بگرێتەوه. جا بۆیه ئیزن بدەن له نزیکەوه، بەبێ چاویلکەکانی ستکین بینوارین و بزانین بەڕاستی چی کردووە، سەیرکەن نووسراوەی ئینگڵس چ ڕاستییەکی دەبەرگرتووە.

لەبەر ئەوەیکه کلیلی دەروازەی ڕزگاری به قەولی ئینگڵس له **کارکردندا** بوو، دەبێ ئێمه له بیروبۆچوونی وی سەبارەت به کاری ژنان له نزیکەوه وردبینەوه. هەڵوێستی ئینگڵس بۆ مووچەی ژنان له دەورەی کاپیتالیسمدا چۆن بووە؟ له تیئۆریدا، دەکرێ بڵێین له خێزاندا، تەواو پۆزێتیڤ بوو. له پراکتیکدا ئەو به پێچەوانه ڕاڕا بوو.

ساڵی ١٨٦٦، نه مارکس و نه ئینگڵس له دژی بڕیاری کاری ژنان، پەسندکراوی ئینترناسیۆناڵی یەک، ناڕەزایەتییان دەرنەبڕی: مێژوو نووسی ئاڵمانی توێنیسێن (Thönnessen) دەنووسێ "سەلماندنی ئەوە زەحمەتە که چۆن ئەم بلاوکراوەیه له لایەن یەکێتی کرێکارانی ئینترناسیۆناڵ و له بەر چاوی مارکس و ئینگڵس نووسراوە".[٢٥]

هەروەها مرۆڤ دەتوانێ ئینگڵسی لاو له بەرانبه ئینگڵسی پیر دانێ و ئاماژه بەو وتارانەی ئەو بکا که دژ به کاری ژنان له لێکدانەوه بەناوبانگەی لەمەڕ بارودۆخی چینیی کرێکاری ئینگلستانی ساڵی ١٨٤٥ له(Die Lage) دەریبڕیوه. هەروەها گەلێک لێکۆڵەریش ئەو ئەرکەیان ئەنجام داوه، بەلام ئەویان له مەعرەکەی دەربڕین ڕزگار کردووه که گۆیا ئینگڵس ئەوەی فۆرمۆڵەنەکردووه که تێیدا گوترابێ ژنان دەبێ چ بکەن.[٢٦]

ئەوە ئاشکرایه که له(Die Lage)دا کاری ژنان له پێناو ڕزگاری نەبوو، ئەوە تەنیا دەربڕینی نیفرەتێک بوو. ئینگڵس به ڕوونی و ئاشکرایی دەنووسێ، کاری ژنان، بنەماڵه تێکدەدا، ئەخلاقی پیاو و منداڵ خراپ دەکا، "ئەوان وەحشییانه وەک گیای هەرزه زیاد دەکەن".[٢٧]

زۆر جار خێزان نەک هەر هەڵدەوەشێتەوه ـ بەڵکه لەوەش خراپتر ـ له سەر سەر ڕادەوەستێ، "سەروبن دەبێ". ئەوە لەو حاڵەتانەدا دەقەومێ که کاپیتالیسم بەر له پیاوان پێشنیاری کار به ژنان دەکا. ئاکام:

> ژن خێزان بەخێودەکا، پیاو له ماڵ دادەنیشێ، ئاگای له منداڵان دەبێ، ماڵ خاوێن دەکاتەوه و خواردن سازدەکا.[٢٨]

لێکدانەوەکانی ئینگڵس:

> ئایا مرۆڤ دەتوانێ بارودۆخێکی لەمه ناعاقڵانەتر و شێتانەتر بێنێته بەرچاو[...]؟ وه لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بارودۆخەیه، که پیاو یەختەدەکا، ژنایەتی له ژنان دەستێنێ، بێ ئەوەیکه ئەو وەزعە ژنایەتییەکی ڕاستەقینه به پیاوان و پیاوەتییەکی ڕاستەقینەش به ژنان ببەخشێ، به ناحەزترین شێوه سووکایەتی به هەر دووک جینس و هەروەها به سەرجەمی مرۆڤایەتی، دوایین بەرهەمی شارستانێتی بەرزی پیرۆزمان، به دوایین ئاکامی تەواوی ئەو هەولانەی که سەدان ئەسل کردوویانه تا بارودۆخی خۆی و بەرەی داهاتووی باشتر بکا، دەکرێ![٢٩]

ئینگڵس به پەژاره و نیگەرانی ئەو کچەجحێلانەی دەدیت که له کارخانانەدا دەچەوسێنرانەوه، بێ ئەوەیکه ئەو کچانه دەرفەتی ئەوەیان هەبێ کاری ناوماڵ، دوورمان، چێشت لێنان یان شێوەی ئاگاداری کردن له منداڵ فێربن. "ئەگەرچی تەواوی ئەوانه تەنیا لایەنی کەمەکەیەتی"، ئینگڵس لەسەری دەڕوا و له ئاخردا کاری ژنان له کارخانەدا بەهۆی ئەخلاقییەوه ڕەتدەکاتەوه: "تەئسیره ئەخلاقییەکانی کاری ژنان له کارخانەدا له هەمووی خراپتره."[٣٠]

هیچ دەلیلێک لەگۆڕێدا نییه هەڵوێستە ڕاڕاکانی ئەوسەردەمەی ئینگڵس لەمەڕ کاری ژنان ده کارخانەدا گەوره بکەینەوه. Die Lage نووسراوەیەکی بەرەنگارانه بوو دژی چەوساندنەوەی کاپیتالیسم و ئەو بارودۆخانەی له ١٨٤٥ ئیشارەی پێکرابوو که به بەراورد لەگەڵ هی

دەیەی ١٨٨٠گەلێک خراپتر بوو. شیکردنەوەی ژنان (و پیاوان) لە Die Lage دا، ئەگەر بەنیسبەت بۆچوونە ناخۆئاگاکان لەلای خودی ئینگلس سەبارەت بە ژنایەتی و پیاوەتی بە ڕوونی نیشاندەدرێ، دەلیلی خۆی هەیە کە دێینەوە سەری. بەڵام کاری ژنان ـ بابڵێین دەستمز ــ لە دەورەی سۆسیالیسمدا بەبێ دوودڵی شتێک بوو کە ئینگلس وەک ئەرکێکی پێویست و ناگوزیر بۆ کۆبوونەوەی جینسی لەپێناو بناغەی یەکسانیدا لە بەرچاوی گرتبوو. لەم خاڵەدا هیچ ڕاڕاییەک بەدی نەدەکرا. بەڵام ئینگلس ئەوەی باس نەدەکرد کە ژن دەبوایە چ کارێک بکا. بۆ ستکێن ئەوە ئاشکرا بوو کە ژنان دەبوایە کارێک وەربگرن کە خۆیان دەیانەوێ و هەروەها ستکێن هیوایەکی زۆری بە داخوازییەکانی ژنان هەبوو دوای ئەوەیکە بە باشی ئەو لەمپەرە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانە هەڵگیران. بەڵام ئینگلس؟

بۆ داهاتوو، ئینگلس گوتی، ژن کاتێک دێ ڕزگار بێ کە سەرلەنوێ بکێشرێتەوە ناو پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی. ئاخرین جار ئەو لە کام شوێن بوو؟ لە دەورانی وەحشێتیدا، کاتێک ماڵدارێتی کۆلێکتیڤی بوو. لە داهاتوودا چ ڕوودەدا؟ ماڵدارێتی دیسان شێوەی کۆلێکتیڤی دەگرێتەوە. کێ لە ناو چێشتخانە کۆلێکتیڤییەکاندا دەبێ کاربکا؟ کێ منداڵحاملانگە کۆلێکتیڤییەکان وەئەستۆبگرێ؟ کێ لە ناو جلشۆرخانە کۆلێکتیڤییەکاندا دەبێ بمێنێتەوە؟ کێدەبێ خاوێنکردنەوەی بە کۆمەڵی شوێنە کۆلێکتیڤییەکان چاودێری بکا؟ ئینگلس خۆی گوتەنی زەحمەتە بتوانێ خۆی وەک پیاوەکانی ئەو شوێنانە دابنێ، ئەوێک کە ئاوا بەتوندی لە هەلومەرجی کار ڕەخنەی گرتووە کە لە قۆناغی سەرەتایی سەنعەتیکردندا لە ئینگلستان ڕوویدا. مرۆڤ دەتوانێ لێرەوە بۆی بچێ کە ئەو وای فکرکردبۆوە ـ ئەگەر فکری لێ کردبووبێتەوە ــ ئەوە ژنان بوون کە دەبوایە ئەو کارانە ڕاپەڕێنن، تائێرە وەک"خزمەتە شەخسییەکان"، لێرەڕا وەک حاڵەتی کاری کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنان.

ئینسان کە لە «بێبێل» نزیک دەبێتەوە وەڵامێکی ڕوونتر وەردەگرێ لەبەرئەوەیکە بێبێل مارکسیستێکی یوتۆپیایی(خەیاڵاتی) بوو، کەوا بە تێروتەسەلی وێڕای شەوق و زەوقێکی دروستی یوتۆپیستییانە لە تەواوی بەشەکاندا، سۆسیالیسمی داهاتووی شیکردۆتەوە. بێبێل بە گشتی ژنی لە کۆیلایەتی ماڵ ڕزگارکرد: بیری ئەوەیکە جێگای ژن لە ماڵدا شتێکی سروشتی یە، وەک ئەو بۆچوونەی کە دەڵێ پادشایان دەبێ هەبن گەمژانەیە. بەم چەشنە ئەو ـ وەک چۆن کێک لەتلەت دەکرێ ـ ڕۆژێکی ڕووناکی بۆ داهاتووی ژنان نیشان دا:

> دروست پێش ئێستا خۆبارهێنەری پیشەیەک،
> سەعاتێک دواتر دەبێتە پەروەردەکارێک، فێرکار و
> پەرستارێک، لە ماوەی بەشی سێهەمی ڕۆژدا
> خۆڕاهێنەری هونەر یا زانست یان لە ماوەی بەشی
> چوارەمدا ڕاپەڕێنەری کارێک. ٣١

لە بڵاوکراوەیەکی دواتری ژن دا، بێبێل لە بیرکردنەوەدا تەقریبەن بەو ئاکامە دەگا: "چێشتخانە تایبەتییەکان جێگای خۆیان بەرەو یەکێتییەکانی چێشتسازکردندا، دەگەڵ چێشتخانەکانی خاوەن ئاشپەزخانەی هەڵمی و مەکینەی مەزن دەگۆڕنەوە، ژنان لە بواری خزمەتکردن دە ئۆرەدادەبن...". ٣٢ ئەو فکرە لە هەڵەنگوتن نزیکە کە بێبێل ناخۆئاگا «پێگەی چینایەتی» ئێستای بۆخۆی فەرزدەکرد، شوێنێک کە تاقمێک ژن دەیانتوانی (لەبری سیاسەتە مردووەکە)کاری هونەری، زانستی و بەڕێوەبەرایەتی تێدا بکەن لە هەمان کاتدا تاقمێک ژنی دیکە «ئەو شوێنە»یان ئاگاداری دەکرد:

> ئەو ژنە لەم ڕووەوە تەواو ئازادە، هەروەها ئەو
> منداڵانەش کە ئەو خاوەنێتی، نەک لەو ئازادییانەی کە
> هەیەتی بێبەشی دەکەن، بەڵکە دڵخۆشیشی بۆ ژیان زیاد
> دەکەن. لەوحاڵەتانەی کە پێویستی بە یارمەتی بێ،
> پەرستاران، پەروەردەکاران و ژنانی لاوی تازە
> پێگەیشتوو، بە هانایەوە دێن. ٣٣

ئێمە نازانین ئینگلس چ ڕایەکی سەبارەت بە یوتۆپیای بێبێل هەبوو. ئینگلس لە ١٨ی ژانڤییەی١٨٨٤، کتێبی بێبێل ی پێگەیشت، کە خوێندییەوە ئەوەی بۆ ڕەفیقەکەی نووسی:

> زۆر سپاس بۆ کتێبەکەت، *ژنان*. من بە شەوقێکی
> زۆرەوە خوێندمەوە، زۆر شتی باشی تێدایە. بەتایبەت
> ئەوەیکە تۆ سەبارەت بە پەرەسەندنی سەنعەت لە
> ئاڵماندا نووسیوتە، زۆر ڕوون و گرینگە. ٣٤

ئاکامی بیروبۆچوونی خودی ئینگلس دەبێتە ئەوە کە ڕزگاریی ژنان لە کۆمەڵ لە ڕێگای بەڕێوەچوونی کۆلێکتیڤی، منداڵحاملاندنی کۆلێکتیڤی، لە ڕێگەی کارە کلاسیکییەکانی ژنان = بەرهەمهێنانەوە "خزمەتگەل"، لە لایەن خۆیانەوە و لەپێناو خۆیاندا وەدیدێ. بەڵام ئینگلس لەم بوارەوە پلەیەکی باڵاتری بە ئەندامانی تری کۆمەڵ دەدا. دیارە پێشوەچوونی ژیان، پەروەردە، خواردەمەنی و بژیو ـ بە هۆی ڕوونبوونی بابەتەکە دەکرێ مرۆڤ وای بۆبچێ ــ لە سیستەمی ئیدەئۆلۆژیی مارکسیستیدا بە نیسبەت مەسەلەی بەرهەمهێنان و کاری بایەخدار، ئاستێکی نزمی بۆ لەبەرچاوگیراوە. کاری ناوماڵ کاڵای بەرهەمهاتووی خێزان بوو، شوێنێک کە تێیدا بەرهەمەکان کەڵکیان لێوەردەگیرا. ئەوان خاوەنی کاراکتێری بەهرەوەرگرتن بوون، نەک خاوەنی کاراکتێری کاڵا و بەم پێیە نەیاندەتوانی بچنە ناو ئاڵوگۆڕ، واتە ڕەوتی مێژوویییەوە. ئەوەی خۆی لە خۆیدا ڕوودەدا و ئەوەش کە ڕەعەمەلهێنانی کەرەسەی خاوی ناوماڵ، دروست وەک «دەرەوە» لە ژیانی واقیعیدا ڕوویدەدا، سەرنجی بۆ ڕانەکێشراوە. ٣٥ «ماری لویز یانسن» ئاوا بۆ هۆیەکەی دەچێ: دەبوایە مارکسیستەکان بە ناچاری پێی لێبنێن کە لە ناو خێزانیدا، واتە لە نێوان جینسیشدا، دەکرێ چەوسانەوە هەبێ. ٣٦

ئەوەش بە ڕوونی نەگوتراوە کە ژنان لە نێو ئەو چوارچێوەدا و هەروەها لە کۆمەڵگەی بێ چینی داهاتوودا چۆن دەبێ کاربکەن، هەرچەند ئەوە دەبێتە ئاکامێک ناکرێ لێی دەرباز بی ـ هەر بۆیە ئینگلس زوو مانای دابەشکردنی کار لە نێوان جینس وەک شتێکی سروشتی " فیزیۆلۆژیکی" وەرگرت و بە "پلەی ژن لە کۆمەڵ دا" نەیبەستەوە. ٣٧

ئینگلس نەتەنیا سەبارەت بە کێشەی کاری ژنان مۆدێلێکی نەگونجاو و ناتەواوی هەبوو بەڵکە بۆچوونی لەمەڕ ژنانی دایکیشدا هەر ئاوا بوو. تەواوی ژنان کە شیکردنەوەی ئەویان سەبارەت بە سازگاربوونی ژنانی

کرێکاری کارخانان لە Die Lage دا خوێندوتەوە دەزانن کە ئەو چ ڕێزێکی لەوان وەک دایک گرتبوو.

> دایکێک کە وەختی نەبێ غەمی منداڵی خۆی بخوا، نەتوانێ لە ساڵە سەرەتاییەکانی ژیانیدا خۆشەویستی و خزمەتە ئاساییەکانی خۆی نیشانبدا. دایکێک کە منداڵی خۆی بە زەحمەت دەبینێ، ناتوانێ دایکێکی باش بێ بۆ منداڵەکەی، ئەو بەپێچەوانەوە لە کاتی پێویستدا لە ڕووبەڕووبوون دەگەڵ ئەو منداڵە بێعەلاقە دەبێ، بەبێ عیشق و چاوەدێری وەک منداڵێکی بێگانە ڕەفتاری لەتەک دەکرێ؛ وە منداڵ، کە لە بارودۆخێکی ئاوادا گەورەدەبێ، لە دواییدا بۆ ژیانی خاووخێزان دەبێتە بەلایەکی گەورە، بێتوو خێزانیش پێکەوەنێن هەرگیز هەست بە ماڵی خۆیان ناکەن، چونکە ئەوانە خوویان بە ژیانێکی تەنیایی گرتووە، وە بەم جۆرە ئەوان دەبنە یارمەتیدەری ڕەوتەکانی بن کۆڵکردنی گشتی کە بنەماڵە تووشی دێ.[٣٨]

بەڵام تەواوی ئەو ژنانەی کە ناچار بوون بۆ کاری دەستمز بچنەدەر، بێهودە لە ناو نووسراوەکانی ئینگلسدا بە دوای ڕێگە چارەیەک بۆ گیروگرفتە کوتوپڕەکانیاندا گەڕاون: چۆن دەبوایە ئەوان بتوانن یەکێتی لە ژیانیاندا پێکبێنن. بە جێگەی ڕێگای چارە، خۆیان بەم خەونانەوە هەڵاوەسی کە ئەگەر کاتی خۆی هات ئەوددەمە ئینگلس ڕێگە چارەی هاسان و کاریگەری خۆی دەبێ: کۆمەڵگە دەبێ ئاگادارییی لە منداڵ بکا ئینجا هێزی کاری ژنان ڕزگار دەکرێ. ئینگلس بەو ڕێگاچارە هاسانانەی سەر قاقەز، بیروبۆچوونی پێشووی خۆی سەبارەت بە گرینگبوونی دایک بۆ منداڵ بەتەواوی لە بیرکردبوو، سەرەرای ئەمەش لە لایەن کلارا ستکین ەوە قۆسترایەوە، کە لە کۆنگرەی پاریسی ساڵی ١٨٨٩دا ئەم ئیدەیەی لەمەڕ ئەو دایکە غایبەی کە لە پیاوێکی تەواو دەچوو، پەرەپێدا: منداڵەکان نە تەنیا دەبوایە، بەڵکە دەشیاش لەلایەن پێداگۆکە دەرسخوێنەکانەوە پەروەردەکرابان.[٣٩]

بەڵام بە واتایەکی تر، لە وەزعێکدا کە یەکسانی هەر ئەو ئاماڵ مانایەی بۆ پیاوبوون بەنیسبەت ژنانی سۆسیالیستی ئاحازر هەبوو، ئەوە پەیامێک بوو بۆ پیاوانی سۆسیالیست. واقیعیەتەکانی ئەوان دەبوایە بە شێنەیی ستکینی خستبایە بوارێکی دیکەوە.[٤٠] بەڵام ئینگلس بە دڵنیاییەوە ئەوەی بە جیددی وەرگرتبوو.

نا، منداڵ بەنیسبەت هەڵسەنگاندنە باشەکانی نیکبەتی کاپیتالیسم هیچ ڕۆڵێکی گرینگی بۆ ئینگلس نەدەبینی. ئینگلس ژنی وەک بوونەوەرێکی بیۆلۆژیک چاولێدەکرد، ئەو ژنی وەک ماشووقەیەک سەیردەکرد ـ نەک وەک دایکێک. لە نامەیەکدا بۆ مارکس لە مارسی ١٨٤٧دا، زانیارییەکمان لەو عەیاشە لاوە دێتەدەست:

> ئەگەر ٥٠٠٠ فرانکم داهات هەبایە، بێجگە لە کار [لێرەدا لەوانەیە مەبەستی ئینگلس کاری ئازادی سیاسی بێ) هیچم نەدەکرد و تا هیلاک دەبووم لەگەڵ ژنانم ڕادەبوارد. ئەگەر ژنە فەرانسەیی نەبووبان، ژیان بایەخی ئەوەی نەدەبوو بۆی بژی. بەڵام تا ئەو دەمەی کە کچە بووتیکییەکان هەن ـ خۆشە! ئەوە پێش بە مرۆڤ ناگرێ کە بیهەوێ جاروبار دەمەتەقێیەکی گرینگی هەبێ یان پێش بەوە ناگرێ کە بتەوێ بە زەوقێکی زیاتر ژیان خۆشرابوێری.[٤١]

ئینگلس خۆی لە "زەوجینی بە **دڵداری**"دا ژیانی ڕابواردووە، سەرەتا لە تەک کچە ئاشەوانێکی ئیرلەندی بە ناوی "ماری بورنس"، لە ساڵی ١٨٤٠ تا ساڵی ١٨٦٣ کە ماری مرد، دەژیا. بە مردنی وی لە ساڵی ١٨٦٣دا، یادداشتێکی کورت و ئاڵۆز و لەخۆباییانەی خوارەوەی بۆ مارکس نووسی: "ناتوانم دەریببڕم چ هەستێکم هەیە. ئەو کچە بێچارەیە لە کانگای دڵەوە منی خۆشدەویست... وا هەست دەکەم کە دوایین بەشی دەورانی لاوێتیم لەگەڵ ئەوکیژە نێژراوە."[٤٢] بە دوای ئەوەدا ئینگلس عیشقەکەی گواستەوە سەر «لیز»ی خوشکی ماری، کە ئەویش ڕۆژی بەر لە زەوجین مرد، ١٨٧٨. ئەوە ئەو دڵدارییە بوو کە «ژەنەڕاڵ» لە ماوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی سۆسیالیستیدا دەبوایە بە نهێنی بیکا ــ ئینگلس هەرگیز ئیزنی پێنەدرا ژنەکەی لەگەڵ خۆی بباتە ماڵی مارکس. وشە هەڵبژاردراوە پۆزیتیفەکانی ئینگلس لە کاتی شیکردنەوەکانیدا لەمەڕ بەختەوەرییەکانی زەوجینی گرووپی، یان دڵتەنگی ئەو بۆ سەردەمی ساڵانی ١٨٠٠ کە "ئەخلاق" ئیتر لەمە زیاتر نەیدەتوانی ژیانی عاشقانەی مرۆڤ تاڵ بکا، زۆر باش باسی ئینگلس دەکا.

ئینگلس ڕاستەوخۆ لە ژێر کارتێکەری یەکێک لەو یوتۆپیاییە ڕاستەقینانە «چارلز فوریە» (Charles Fourier)دا بوو، کە تا ئەوکاتەی سەبارەت بە سەهەڵدانی سەرچاوەی خێزانی کۆنسێرڤاتیو دەستخۆشانەی لە مارکس وەرگرت بە توورەییەوە ڕەخنەی لە زەوجین دەگرت.[٤٣]

ئینگلس سەخییانە لە *بنەماڵە*دا ئیقراری کردووە کە هەرچی لە سەر ڕەخنەی شارستانێتی و فۆرمۆڵەکردنەکانی سەختی خۆی لە بواری بێزاربوون لە ئابووری زەوجینی دووقۆڵی وەریگرتووە، بەشێکی زۆری هی «فوریە» بووە. ئینگلس هەروەها لە تێڕوانینی ژن وەک **زەوجینی بە دڵداری**، کە بۆ پیاوان ئازادبکرێ لەگەل فوریەدا هاوبەشە. هەڵبەت فوریە مەبەستی ئەوە بوو کە شەرتی ئەسڵی و پێویست بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا ڕزگاری ژنە، بەڵام ئینگلس پێی وابوو مەرجی پێویست بۆ ڕزگاری ژن گۆڕینی کۆمەڵگایە.[٤٤] ئەوە وێرای تەئسیرێکی بەربڵاو جیاوازییەکی کاریگەری هەبوو. جا لەبەرئەوەی کێشەی ژن لە دەرەوەی مەسەلەی گەورەی کرێکاران داندراوە و بۆ هیچکام گۆڕانکاری بەدیناکرێ، وەڵامەکەی دەبێ بە شێوەی ئۆتۆماتیک لە کاتی سەرکەوتنی سۆسیالیسمدا بدرێتەوە.

ئەوەیکە ئینگلس کێشەی ژنانی کرێکاری بێ گرێوگۆڵ کرد ــ بە نیسبەت ڕاستییە وردەڵەکانی ئاقارگرتوو تاڕادەیەک شتێکی مەنتیقی بوو. بەڵام بە دڵسۆزییەکی تەواوەوە، لە هەموو هەوڵی ڕزگاریخوازانەی بزووتنەوەی ژنانی بۆرژوا، "ئەو بەندوباوەی مافی مەسخەرەی ژنان ــ کە تەنیا گەمەیەکی بۆرژوازی یە"، حاشای کردووە.[٤٥] لێرەدا دڵە ناسکەکەی فەرمانی پێداوە، نەک مێشکە مەنتیقییەکەی. دیارە بەپێی

گوته ئالۆزەکانی خۆی لە بنەماڵەدا ئەوە دروست بۆرژوای ژن بوو کە کۆیلەی سەردەمی وی بوو، لە دامەزراوەیەکیشدا ئەوە پرۆلێتار بوو کە لەوێ بۆرژوای پیاو بوو. ئەو ئەگەر پشتیوانیشی لێ نەدەکردن، دەبوایە تێگەیشتبایە کە چ هێزێکی بزوێنەر پاڵپشتی خەباتی "ئەوان ژنانی ماکەری مافخوازی نیوە بۆرژوای کۆنەپەرست" بووە.[٤٦] ئەو مەحکومکردنە توندە (کە لەگەڵ مارکس کردی) ئەو ئاکامەی بە دواوە بوو کە جووڵانەوەی سۆسیالیستیی ژنان ناچارکرا بە ئاشکرایی دیاری بکا کە ئەوان هیچ شتێکی هاوبەشیان لەگەڵ بزووتنەوەی ژنانی بۆرژوادا نەبووە. ژنانی کرێکار ویستیان لە تێکۆشان بۆ گەیشتن بەم کۆمەڵگا تازەیە بەشداربن، ئەوان بە تایبەتمەندییەکی کەمتر لە پیاوان یان وەک پێرەوێکی ئەمەگدار لە خەباتی ئەواندا لە پێناو ژیانێکی باشتر بەشداریان کرد و بە هاتوهاواردوە بە خۆیان سەلماند کە ئەوە تاقە رێگا بووە.

زەمانی پەردەپۆشی و سەردەمی تەفسیرگەلی خێرخوازانە بەسەر چووە. مۆدێلی رزگارکردنی ئینگلس دەکەوێ و تێکدەشکێ. ئەو روونی ناکاتەوە کە بۆچی ژنان دەبنە کۆیلە. ئەو، ئەمەش شی ناکاتەوە چۆن ژنان دەبێ ئەرکەکانیان هەم وەک ژن و هەم وەک کرێکارێک راپەرێنن. ئەو بێجگە لە دیمەنی داهاتوویەکی خۆش هەموو شتێک دەست نیشان دەکا. دەبا دادوەرەکان داوەری بکەن: "لە روانگەی کێشەی ژنانەوە مارکس و ئینگلس[...] تەقریبەن جووتێک سۆسیالیستی نە باش و نەخرابی پیاو بوون".[٤٧] ئەوان تەنانەت ئەگەر قوربانیی روحییەی زەمانەش بووبن هەر نابخشرێن: "نەک بە خاتری ئەوەیکە مارکس و ئینگلس کێشەی ژنانیان سووک و هاسان حەواڵەی داهاتوو کرد ـ بەڵکە بە خاتری روانگەی ئەوان کە بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی هاوچەرخەکانیان دواکەوتووانە بوو."[٤٨]

وەرن با هاودەنگی نامەیەکی لێبوردوویی «بێبێل» بۆ دۆستەکەی بین: "تۆ دەتوانی ببی بە سەد ساڵ، ژەنەراڵ، وە هیوادارێشم وابێ، بەڵام هەرگیز ناتوانی لە ژنان تێبگەی".[٤٩]

تیئۆرییەکە خۆی رانەگرت. بەڵام ـ لەگەڵ ئەوەشدا کە تیئۆرییەکە جێی گومانە، دەبوایە بە قازانجی ئینگلس داشکاباوە ـ کە پێشگوییکەرێک بوو ئامال دەروەشاوە: کاری ناوماڵ کارێکی تەواو کۆلێکتیڤی و کۆمەڵایەتی بووە. منداڵ بەخێوکردن دێ ببێتە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی. ژنان بۆ دڵنیابوونی زیاتر، لە کاری دەستمزیی را بەرەو بنکە دەوڵەتییەکان کە هەر درێژەی کاری ناوماڵە رادەکێشرێن. من وەبیر قسەکەی بلاندارن (Blandaren) دەکەومەوە: چ فکرێکی هەڵەت کردبۆوە ئەگەرچی وەراست گەرا!

**پەراوێزەکان:**

١- ئەو بەشە هەروەها لە ئانتۆلۆژی مروچە،مرۆڤو، هاووڵاتی دا هاتووە.
*Kvinna i tänkande från Piaton till Engels*, Liber, Stockholm 1983, red. M. Eduards m. fl.
2- McLella, D. Engels, The Harvester Press 1977, s. 65.
٣-سەرچاوەی پێشوو.
4- Engels F., *Die Lage Der Arbeitende Klasse in England*, Stuttgart 1913, s. 30.
٥- کاری ستانداردی لێکدانەوەی مارکسیسم و "مەسەلەی ژنان":
Drude Dahlerup, *Socialisme og Kvindefrigørelse i det 19 århundrede*, Århus 1973.
بەڵام بە شێوەیەکی پوخت لە ئانالیزێکی تەواوماهیرانەدا، «ماری ـ لویس یانسن ـ یووریت» مارکسیسم و ژنانی لە کتێبەکەی خۆیدا سێکسیسم(Sexism) مەتڕەح کرد.
*Mansssamhällets ideologi och historia*, Sthlm 1979.
6- Lewis H. Morgan, *Ancient Socity of Researches in the Lines of Human Progress*, etc. 1877.
تەواوی ئاکامەکەی وی لە ئەسڵدا وردکراوەتەوە، بڕوانە:
Sara Delamont, fallen Engels, *New Edinborough Review* nr 18/ 1972.
7- Engels F., *Familjens, privategendomens och statens ursprumg*, Sthlm 1939.
٨- Punaluafamiljen چەمکێکە لە لایەن مۆرگانەوە بەکارهاتووە، بڕوانە سەرچاوەی پێشوو: Engels(1939), s. 48-49.
9- Engels F. (1939), s. 57.
10- Engels F. (1939), s. 61.
11- Bachofen J. J., *Dass mutterrecht*, Basel 1948.
12- Engels F. (1939), s. 66.
١٣- سەرچاوەی پێشوو.
١٤- سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠.
١٥- سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٤.
١٦- سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٤.
١٧- سەرچاوەی پێشو، ل ٩٣.
١٨- سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١.
١٩- سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١.
20- Janssen-Jurreit M. L., Sexism. *Mansssamhällets ideologi och historia*, Norstedts sthlm 1979, s. 138.
21- Engels F. (1939), s. 94, 206.
٢٢- سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٦.
٢٣- سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٦، ١٠٥.
٢٤- ئینگلس، دەربارەی کلارا ستکین ئاوا دەڵێ: «ستکین وەک هاوکارێک بانگهێشت کرا؛ ئەو هەر ئەو خەتایەی هەیە کە زۆربەی ژنان هەیانە؛ ئەوێک کە فاکتەکان لە بیردەکا و هەروا چەمکی بەرتەسک و بێمانا دەنووسێ»؛ بڕوانە:
Bebel A., Briefwechsel mit Friedrich Engels,... 1965, s. 595.
25- Janssen- Jurreit, s. 141. Dahlerup, s. 175.
26- Dahlerup, s. 157.
27- Engels F. (1913), s. 147.
٢٨ و ٢٩- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٩.
٣٠- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٢.
31- Bebel A., *Kvinna i framtiden, nutiden och framtiden*, Sthlm 1885, s. 249.
32- Bebel A., *Kvinna och Socialismen*, Sthlm 1913, s. 160.
٣٣- بێبێل (١٩١٣)، ل ٥٠٨.
٣٤- بێبێل (١٩٦٥)، ل ١٧٢.
٣٥- لە ماوەی ئەوکارەدا لێکۆڵینەوی سەرنجراکێشی ژنان لە ژێر ئێوی مەسەلەی کاری ناوماڵ هاتەئاراوە. بڕوانە:
Feminist Review2 (1980) "Wiping the floor with theory - a survey of writings on houswork" av Eva Kaluzynska.
36- Janssen- Jurreit, s. 169.
٣٧- سەبارەت بە بەشەکانی کار، بڕوانە: (Familjen)، ل ٦٢ و (Janssen- Jurreit,)، ل ١٤٨.
39- Engels F. (1913), s. 147.
٣٩- بەرهەمەکانی ستکین بە سوێدی لە *Morgonbris* ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٠٤ و ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٠٥دا هاتووە...
40- Dahlerup, s. 289.
41- Marx k., Engels F., Werke, br 28, Briefe jan. 1852 bis Dezember 1855, berlin 1963, s. 80.
42- McLellan, s. 21.
43- Hansson S. O., Kvinnosynen hos Marx och engels i Arbetarnas kulturhistoriska sällskaps årsbok 1979, s. 17.
44- Dahlerup, s. 92.
45- Hansson, s. 33.
٤٦- سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣.
٤٧- سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥.
48- Janssen- Jurreit, s. 127.
49- Bebel (1965), s. 661.

سەرچاوە:

**Yvonne Hirdman**, *Den Socialistiska Hemmafrun och andra kvinnohistorier*. Carlsson bokförlag, 1992, s. 14-35.

# کەرکووکی جاران و ئێستا



د. نووری تاڵەبانی

وەرگێڕانەوە: ساڵح محەمەد ئەمین

قسەی زۆر لە بارەی پێناسەی کەرکووک کراوە و، لە بەرپەرسانی تورک و کەسانی دیشەوە گوتاری جیاجیای لە بارەوە دراوە. بەراوردێکی بارودۆخی کۆن، واتە تا سەرەتای پەنجاکان، لەگەڵ ئێستایدا، کە لە ئەنجامی ڕەفتاری ڕژێمە دژ بە سەرجەم ڕێسا قانوونییەکان و پابەندێتییە دەوڵەتییەکانەوە هاتووە، بەربڵاوێتی ئەم کارەساتە مرۆڤایەتییانەمان لا ئاشکرا دەکات کە خەڵکی کەرکووک و ناوچەکانی تری سەر بەوشارە تێیدا دەژین. ئێمە لێرەدا زیاتر باس لە کەرکووک دەکەین و دەیکەینە نموونەیەکی ئەم بەراوردکارییە، چونکە ئەوسا و ئێستاش، کەرکووک تەوەرەی ئەم سیاسەتە ڕەگەزپەرستانەیە بووە، کە بە چاودێری و ڕێنماییکردنی باڵاترین دەسەڵاتی وڵاتەکە بەڕێوەدەچێ.

لێکۆڵینەوەی باری کۆمەڵایەتی هەر شارێک پێویستی بە لێکدانەوەی بارودۆخەکە و، ئاشکراکردنی پێوەندی شارەکە، بە تاک و کۆمەڵگایەکەیەوە هەیە، ئەویش بە دیاریکردنی هۆکار و ئەو کاریگەرییانەی پێکەوە ئەم ژیانە پێکدێنن و، شێوەیەکی تایبەتی دەدەنێ. چونکە مرۆڤ بەو دەوروبەرەوە بەندە کە تێیدا دەژی و کار لە یەکدی دەکەن، مرۆڤیش بەپێی پێویستییەکان هۆگری دەبێ، تا خۆی تێیدا بگونجێنێ.

پێشتر، پیشەی زۆربەی دانیشتووانی کەرکووک ئەو کارە دەستی و میلییانە بووە کە بۆ پێویستییەکانی کشتوکاڵ بەکار دێنران، چونکە کشتوکاڵ کۆڵەکەی ژیانی ناوچە دەشتاییە بە پیتەکانی کەرکووک بوو. خەڵکی ناوچەکە، لەو گوندە زۆر و دەشتاییە بەپیتانەیدا، بە شێوازێکی کۆن کشتوکاڵی زستانە و هاوینانەیان دەکردو و، بە شێوەیەکی بەربڵاویش خەریکی ئاژەڵداری بوون. بە شێوەیەکی ئاسایی خەڵکەکەی، بە زۆری لەو گوند و ناوچانە خڕدەبوونەوە کە ڕووبار و ڕووبارۆچکە و کانی و سەرچاوەی ئاوی زۆری تێدا بووە، ئەوانیش کەوتبوونە لای سەروو و خۆرهەڵاتییەوە، خەڵکەکە کەمتر لە شوێنە کەمئاوەکاندا کۆدەبوونەوە، بەڵام دانیشتووانی کەرکووک خۆی، لەپاڵ پیشە و کارەدەستییە جۆربەجۆرەکانی پێویستی کشتوکاڵدا، بازرگانیشیان دەکرد، هەندێکیشیان فەرمانبەرێتی میریی یان پیشەی خزمەتگوزاریی تریان دەکرد. مرۆڤ گەر سەرنجێکی جلوبەرگی دانیشتووانەکەی بدایە، ئەوا لە باری کۆمەڵایەتی خەڵکەکە دەگەیشت. بەڵام دوای دامەزراندنی دەزگا نەوتییەکان و هەڵکەندنی چەندین بیر و ڕاکێشانی بۆری نەوت لە ناوچەکەدا، بارەکەی گۆڕا. ئیتر «بە هەزاران کرێکار و خاوەنپیشە و کەسانی کارامە و دەسڕەنگین بە سەر شاری کەرکووکدا داباریـن. بە دوای ئەوانیشدا هەزارانی دی لە خاوەنپیشەی جۆربەجۆر و بازرگانانی بچووک و فرۆشیاران و ئەوانەی دوای پارووە نانێک کەوتبوون، هاتن، شارە نەوتییەکە ـ پڕبوو لەو خەڵکە و، گیانی بە بەردا هات و باری ئابووری و ئاوەدانی و کۆمەڵایەتی تێیدا پەرەیسەند».[1] بەوجۆرە پیشەسازیی نەوت بوو بە هۆی داباریـنی هەزاران خێزانی عەرەب و ناعەرەب، لە ئاشووری و ئەرمەن و هیتریش، بە سەر خودی کەرکووکدا و تێیدا جێگیربوون. لە گەڕەکە کۆنەکانیدا، بەتایبەتی لەو گەڕەکانەی لە دەزگاکانی کۆمپانیای نەوتەوە نزیک بوون، گەڕەکی نوێ بۆ خەڵکە نوێیەکە دامەزرا.

لە سەردەمی عوسمانییەوە، کورد و تورکمان زۆرینەی دانیشتووانی کەرکووک پێکدێنن، عەرەبیش دوای ئەوان دێ و ئەمجا جوولەکە و کلدان. لە *قاموس الاعلام* دا کە «شەمس الدین سامی»گەڕیدە و مێژوونووسی ناوداری عوسمانییەکان، ساڵی ١٨٩٦لە «ئەستانە» دایناوە ـ کە باسی باری کۆمەڵایەتی و ناوشاری کەرکووک دەکات ـ دەڵێ: «سێ بەشی خەڵکەکەی کوردە و چوار یەکەکەی دیشی لە تورک و عەرەب و ئەوانی دی پێکهاتووە. ٧٦٠ جوولەکە و ٤٦٠ کلدانییش لە شارەکەدا دەژین». ئەمجا ئەو «مەوسووعە»یە شوێنی کەرکووکمان بۆ دیاری دەکات و ئاماژە بۆ باری بەڕێوەبەرێتی و ئاوەدانی دەکات و دەڵێ: «دەکەوێتە ویلایەتی موسڵی سەر بە کوردستان و ١٦٠ کیلومەتریش لە خوارووی خۆرهەڵاتی شاری موسڵەوەیە، کەوتۆتە ناو چەند گردێکی پاڵ یەک و بە تەنیشت دۆڵێکی فراوانەوەیە، کە دۆڵی «ئەدەهەم»ی پێدەگوترێ، مەڵبەندی ئەیالە سنجاق «شارەزوور»ە و دانیشتووانەکەشی ٣٠٠٠٠ کەسە، قەڵایەک و ٣٦ مزگەوت و ٧ قوتابخانە و ١٥ تەکیە و گۆشە و ١٢ خان و ١٢٨٢ دوکان و ٨ گەرماو و... تێدایە».[2]

کورد، ئەوسا و ئێستاش، بەتایبەتی لە گەڕەکەکانی خۆرهەڵات و سەرووی شارەکەوە دەژین، بەڵام لە گەڕەکەکانی تری کەرکووکیشدا، شانبەشانی تورکمان و ئەوانی دی هەن. کورد کۆنترین نەتەوەیە کە لە شارەکە و ناوچەکەدا نیشتەجێ بووبێ، دوای ئەو تورکمان و ئەمجا نەتەوەکانی دی، کە دواتر تێیدا جێگیربوون، دێن. لە کتێبی ڕابەری مێژووی ناودارانی شارەکانی عێراق (بەشی دووەمی تایبەت بە لیوای کەرکووک)، کە ساڵی ١٩٤٧ دەرچووە، هاتووە «تورک ـ یان تورکمان وەک ناو دەبرێن ــ نوێترین نەتەوەی نیشتەجێی کەرکووکن، باووباپیرانیان ـ وەک مێژوونووسان دەگێڕنەوە ــ لە ناوەڕاستی سەدەی

حەڤدەی زایینییەوە، لەگەڵ ئەو هەڵمەتە گەورەیەی سوڵتان مورادی چوارەمی عوسمانی کە دژ بە فارسەکان (سەفەوییەکان) بۆ سەر عێراق ڕێکیخست و بەغدای لێسەندنەوە و هەر خۆشی سەرکردایەتی کرد، هاتوون». لە هەمان کتێبدا هاتووە «ئەم سوڵتانە دوای ئەوەی لە عێراقدا بە سەر سەفەوییەکاندا سەرکەوت و بەغدای لێسەندنەوە و ـ پێش گەڕانەوەی بۆ ئاستانە ـ لە نێوان خۆی و بەغدادا، بۆ بەرگریکردن لە کاتی پێویستدا، سەربازگەی بەهێزی لەم وڵاتەدا هێشتەوە و، ئەم سەربازگایانەی لە سەر هێڵێکی خەیاڵی کە لە عێراقدا بە ناوچەی کوردی و عەرەبییەکاندا دەڕۆیشت، لە بەدرەوە بەرەو سەرووی خۆرئاوا دەستپێدەکات و، بە مەندەلی و قزلرەبات و خانەقین و قەرەتەپە و کفری و دووزخورماتوو و داقوق و کەرکووک و ئاڵتوونکۆپری و هەولێر و موسڵ و، تا شارۆچکەی تەلەعفەری خۆرئاوای موسڵ دەڕوات ، ئاشکراشە ئەم هێڵە ئەو ڕێگا (ستراتیژی)یەیە کە ئەنادۆڵ بە عێراقەوە دەبەستێتەوە». دانەرانی ئەم کتێبە کە کۆمەڵێک لێکۆڵەرەوەی عەرەبن، ئەوە یەکلادەکەنەوە کە «ئەو تورکانەی لە عێراقدا نیشتەجێن ـ بە تورکمانی لیوای کەرکووکیشەوە ـ نەوەی پیاوانی ئەو سەربازگە عوسمانییانەن کە بۆ پاسەوانی وڵات و مسۆگەرکردنی پێوەندیی سەربازانەی نێوان خۆیان و پایتەختی عوسمانییەکان دانرابوون. لەو شاروگوندانەی سەربازگەیان تێدابووە یان نزیکیان بووە، نیشتەجێ بوون. ئەمجا بە تێپەڕبوونی کات، پیاوانی سەربازگاکان تێکەڵ بە خەڵکەکەی بوون و ئەوەیان خستۆتەوە، ئەو نەوەیە ئەمڕۆ هاووڵاتییانی دڵسۆزن». سەرۆکی بنەماڵە تورکە ڕەسەنەکانیش، کە لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە لە شارەکەدا نیشتەجێن وەک سەرۆکانی هەردوو بنەماڵەی نەوتچی و ئاوچی و هی دیش ئەوە یەکلادەکەنەوە.

لەو کتێبەی لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کرا، لە زاری نازم بەگی کوڕی ساڵح پاشای نەوتچی سەرۆکی بنەماڵەی نەوتچیزادە کە لە ساڵی ١٩٤٧ لە کەرکووکدا بووە، هاتووە: «بنەچەی خێزانەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ تیرەیەکی تورکی نیشتەجێی ئاسیای بچووک (ئەنادۆڵ) ئەمجا هەندێکیان بەرەو عێراق کۆچیان کردووە. قارەمان ئاغای باپیرەی ئەم بنەماڵەیە، کانە نەوتەکانی کەرکووکی دیوەتەوە و دەستی بە سەر ئەوان و زەوییەکانی دەوروبەریشیاندا گرتووە» ، بەردەوام دەبێ و دەڵێ: «چەند وەچەیەک پلەی ـ متسلم ـ تەنیا بە دەست خێزانەکەیەوە بووە و، تا دەوڵەتی عوسمانی بڕیاری لابردنی دا، پشتاوپشت بۆ وەچەکانی دییان ماوەتەوە. عەبدوڵابەگی ئال نەوتچی، باپیری نازم بەگ، دوا (متسلم) بووە».[٣]

هەمان یەکلاکردنەوەش بە زاری سەرۆکی بنەماڵەی ئاوچی، کە بە نووسەری کتێبەکەی گوتووە، بنەماڵەی ئەوانیش بنەماڵەیەکی تورکی ڕەسەنە و «بنەچەکەیان دەچێتەوە سەر خێزانێکی تورک، کە هەندێکیان هێشتا لە شاری (قۆنیە)ن، باپیرە گەورەی (ئەمیرخان) بە یاوەری سوڵتان مورادی چوارەمی عوسمانی، لە هەڵمەتە بە ناوبانگەکەی کە عێراقی لە سەفەوییەکان سەندەوە، هاتۆتە عێراقەوە».[٤]

نووسەریێ کتێبەکە باسی باری ئەو ئەتەن [ئیتنیک]انەی تریش دەکات کە لە شارەکەدان و، دەڵێ: «ئەو کەمایەتییانەی ئێستا لە لیوای کەرکووکدا نیشتەجێن، گرینگەکەیان (ئەرمەن) و (نساطرە)یە بەر لە جەنگی جیهانی یەکەم و کاتی جەنگ، کە عوسمانییەکان ناچاریان کردن شوێنەکانی خۆیان جێبهێڵن هاتوونەتە عێراقەوە و لە شارە گەورەکاندا و لەوانە لە شاری کەرکووک جێگیربوون».[٥]

ئەمجا ئەو مەوسووعە عێراقییە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئایینی بەربڵاو لە کەرکووکدا ئیسلامە و زۆربەی دانیشتووانەکەشی موسوڵمانن و بە ئایینەکەیانەوە پابەندن، ئەویش بە زۆریی مزگەوت و تەکیە و شوێنی ئیمانداری و قوتابخانە ئایینییەکانیدا دیارە. زۆربەی پیاوە ئایینییەکانی شارەکە و ناوچەکەش، مەلا و شێخی تەریقەتە سۆفییەکان لەو کوردانەن کە لە نێو خەڵکیدا ناویان هەیە. لە شارەکەدا چەندین تیرەی (مەسیحی) و (صابئە) و (جوولەکە) ـ بەر لە ڕەوانەکردنیان بۆ فەلەستین کە لە سەرەتای پەنجاکاندا کرا ـ هەبوون. جوولەکە بازرگانێتی و گۆڕینەوەی پارە و زێڕنگەرییان دەکرد، بەڵام صابئەکان زێوگەرییان دەکرد، مەسیحییەکانیش وەک دانیشتووانی دی شارەکە بە پیشەی هەمەجۆر و کارکردنەوە خەریکبوون، هەمووشیان پێکەوە بە ڕێکوپێکی و خۆشحاڵییەوە دەژیان.[٦]

بەڵام زۆربەی دانیشتووانی قەزا و ناحیە و گوندەکانی دەری شار عەشایەرن. زۆربەی ئەم عەشایەرانەش کوردن و لە ناو شاریشدا بوونی بەرچاویان هەیە، کە زۆریان لە کەرکووکدا نیشتەجێن، بەتایبەتی خەڵکانی سەر بە عەشیرەتەکانی زەنگەنە، تاڵەبانی، هەمەوەند، جەباری، داودە، بەرزنجە، کاکەیی و شوان. سەرۆکی شارەوانیی کەرکووک، کە دیارە بە کەسانێک دەسپێردرێن سەر بە زۆرینەی خەڵکی شارەکە بن، دەدرانە چەند ناسراوێکی دیاری بنەماڵەی تاڵەبانیی نیشتەجێی کەرکووک. لە کۆتایی سەردەمی عوسمانییەکاندا شێخ ڕەئووفی تاڵەبانی سەرۆکی شارەوانی بوو، دیسان شێخ حەبیبی تاڵەبانی ـ براشی ـ لە ساڵی ١٩٣٤ەوە تا کۆتایی ١٩٤٨ و، پارێزەر فازیل تاڵەبانیش لە ١٩٥٣ەوە تا ١٩٥٨دا هەمان پلەیان پێسپێردرا. لە بنەماڵەی نیشتەجێی کەرکووکیش، لە نیوەی یەکەمی ١٩٥٩دا ئەم پلەیە، بە پارێزەر مارف بەرزنجی درابوو. لە سەردەمی عوسمانییەکاندا چەند کەسێکی بنەماڵە ناسراوەکانی تورکمانی کەرکووکیش بەتایبەتی لە هەردوو بنەماڵەی قیردار و پیریادی هەمان پلەیان پێسپێردرا، سەردەمی شایانەی عێراقیش، لە بنەماڵەی یەعقووبی، عەبدولمەجید یەعقووبی لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، شامیل یەعقووبی برازاشی لە ١٩٤٩ەوە تا ١٩٥٣ ئەم پلەیەیان درایە. تا ساڵی ١٩٦٨ کە بەعسییەکان هاتن و دەستیان بە سەر دەسەڵاتدا گرت، هیچ عەرەبێک ئەم پلەیەی بە خۆوە نەبینی، بەڵام لە دوای ئەوەوە ئیتر هەر بە عەرەب دەسپێردرا. یەکەمین عەرەبیش کە ڕژێمی بەعس ئەم پلەیەی دایە مظهر تکریتی خەڵکی کەرکووک بوو. بەڵام ئەوانەی دوای ئەم دانران خەڵکی کەرکووک نەبوون و پەڕیبوونە کەرکووکەوە.

دەوڵەتی عوسمانی پلەی (متسلم)ەی بە هەندێ بنەماڵەی تورکی دەسترۆیشتووی شارەکە دەبەخشی، بەتایبەتی بە سەرۆکەکانی بنەماڵەی نەوتچیزادە.[٧] ئەم پلەیە تا ڕادەیەک لە ڕێسای دەرەبەگایەتی دەچوو، چونکە ئەو (متسلم)ە بە فەرمانی سوڵتانی عوسمانی دادەمەزرا، دەبوا

بەرامبەر بەو باجە جۆربەجۆرانەی لە خەڵکەکەی دەسەند، باجێکی دیاریکراو بە والی بدا. دوای ئەوەی لە ساڵی ١٨٤٠دا ئەم ڕێسایە لابرا، بەڕێوەبردنی کەرکووک درا بە ویلایەتی شارەزوور و، تا ١٨٧٩ش شاری کەرکووک مەڵبەندەکەی بووە، ئیتر لەو کاتەوە کەرکووک بۆتە (سنجق) واتە پارێزگایەکی سەر بە ویلایەتی موسڵ. شێخ ڕەزای تاڵەبانی شاعیری ناسراوی کەرکووک ئەم ڕووداوەی لە دێڕە شێعرێکدا بە زمانی تورکی تۆمارکردووە.[8]

ئەم پارێزگایەش تا کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم، قەزاکانی کەرکووک، هەولێر، ڕانیە، ڕواندوز، کۆیسنجق و کفری دەگرتەوە. دوای پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق، کەرکووک بوو بە لیوا(پارێزگا) و چوار قەزای مەڵبەندی کەرکووک و کفری و چەمچەماڵ و گوڵی دەگرتەوە. ئەمجا قەزای گوڵ لە گوندی (کۆشک)ەوە گوێزرایەوە بۆ شارۆچکەی (داقوق)، دواتریش بۆ شارۆچکەی دووزخورماتوو. دوای ئەوەی ڕژێمی بەعسی، ناحیەی داقوقی لێدابڕی، ساڵی ١٩٧٦ ئەم قەزایەی خستە سەر پارێزگای سەلاحەدین، قەزای کفریشی دا بە پارێزگای دیالە و قەزای چەمچەماڵیش بە پارێزگای سلێمانی.

سەبارەت بە ژمارەی دانیشتووانی کەرکووکیش، ساڵی ١٩٢١ بەڕێوەبەرایەتییەکانی بریتانیایی (کە لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩١٨ەوە تا ١٩٢٥، ڕاستەوخۆ حوکمی کوردستانیان دەکرد) بە ١٤٠,٠٠٠ کەسیان خەمڵاندووە و بەم جۆرە بەشکراون: ٧٥,٠٠٠ کورد، ٣٥,٠٠٠ تورکمان، ١٠,٠٠٠ عەرەب لەگەڵ ١٤٠٠ جوولەکە و ٦٠٠ کلدانی.[9]

سەرژمێری لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکانیش، کە ساڵی ١٩٢٥، بۆ دیاریکردنی کێشەی موسڵ سەردانی ناوچەکەی کردبوو، وای خەمڵاندبوو کە کورد ٦٣٪ی دانیشتووانی کەرکووک، تورکمان ١٩٪ و عەرەبیش ١٨٪ پێکدێنێ. لە هەمان ساڵیشدا حکوومەتی عێراق کوردی بە ڕێژەی ٥٩,٥٪، تورکمان ٢١٪ و عەرەبیشی بە ١٩,٥٪ خەمڵاندووە. چونکە لە پێش سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧ەوە سەرژمێرێکی ڕەسمی دانیشتووانی عێراق نەبووە، بۆیە زۆربەی سەرچاوە ڕەسمییەکان دانیشتووانی لیواکەیان خەمڵاندووە.

هەندێ سەرچاوەی ڕەسمی کە لە ساڵی ١٩٦٣ دەرچووە، ژمارەی دانیشتووانی لیوای کەرکووکیان بە (١٨٠,٠٠٠) کەس داناوە. دانەری کتێبی دلیل تاریخ مشاهیر الالویه‌العراقیه کە ساڵی ١٩٤٧ دەرچووە، لە بەشی دووەمیدا کە تایبەتە بە لیوای کەرکووک، ژمارەی دانیشتووانی لیواکەی بە «نزیکەی نیو میلیۆن کەس داناوە، ئەمە جگە لە خەڵکی سەر بە ڕەوەندەکان». دیسان تێیدا هاتووە کە «بە زۆری عەرەب لە لای خوارووی خۆرئاوایەوە بە ڕێکی ناوچە دەشتاییەکاندا نیشتەجێن، خانووەکانیشیان بۆ لای خۆرهەڵات و باکوور، بۆ ناوەڕاستی لیواکە چووە و تێکەڵ بە کورد بوون»، کوردیش، بە زۆری لەلای باکووری خۆرهەڵاتەوە کە بە ناوچە شاخاوییەکانەوە لکاوە، ماڵەکانیشیان بەرەو باشوور و خۆرئاوا بوونەتەوە تا دەگەنە ناوەندی لیواکە و تێکەڵ بە عەرەب دەبن. بەڵام تورکەکان (یان تورکمانەکان وەک باوە) زۆربەیان لە ناوەندی لیواکە جێگیرن و تێکەڵ بە کورد و عەرەب دەبن، پێکەوە تێکەڵەیەکی سێ لایەنە پێکدێنن کە بە سێ زمانی تێکهەڵکێش قسەدەکەن، هەر یەک لەو سێ زمانە کاریگەریێتی دوانەکەی تری پێوەیە و شێوە زمانێکی تایبەتی لێدەرچووە».[10] نووسەر ناوی ژمارەیەکی زۆر لە پیاوماقووڵانی کورد و تورکمان و عەرەب وکلکدان و هتد... کەرکووک دەبات.

وەک تێبینی دەکرێ، زۆربەی نوێنەرانی لیوای کەرکووکی ئەنجومەنی نیابی عێراق کورد بوون، تورکمان دوای ئەوان دێت، ئەمجا عەرەب، کە ئەویش هەر لە چەند خولێکدا، لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا، دوای جێنشینکردنی عەشیرەتەکانی عوبەید و جبوور لە دەشتی حەویجە، ڕوویداوە. سەرژمێری ڕەسمی ساڵی ١٩٤٧یش دانیشتووانی لیواکەی بەپێی نەتەوەکانیان پۆلێن نەکردووە، بەڵام دوکتۆر شاکر خەسباک، لە ناوەندی پەنجاکاندا، ڕێژەی کوردی لیواکەی لە نێوان ٥١٪ و ٥٣٪ داناوە. تاکە سەرژمێری ڕەسمی کە خەڵکی لیواکەی بەپێی نەتەوەکانیان پۆلێن کردبێ، سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ە، خشتەی شەشەم کە تایبەتە بە پۆلێنی ڕەگەز و زمانی دایکیی دانیشتووانی لیوای کەرکووک، بەم جۆرەیە:

عەرەب (١٠٩,٦٢٠) کەس، بەو عەشایەرانەشەوە کە لە دەشتی حەویجەدا جێنشینکراون، ڕێژەی عەرەب لە لیواکەدا بە ٢٨,٢٪ دەخەمڵێنێ؛ بەڵام ژمارەی کورد گەیشتە (١٨٧,٩٣٥) کەس و ڕێژەشیان بە ٤٨,٣ دەخەمڵێنێ؛ تورکمانیش (٨٣,٣٧١) کەس و ڕێژەیان بە ٢١,٤٪ و، دانیشتووانی کلدان و سریانییش لە لیواکەدا بە (١٦٠٥) کەس خەمڵاوە. بۆیە دەکرێ سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ بە تاکە سەرژمێرێک دابنرێ کە، بۆ دیاریکردنی باری دانیشتووانی کەرکووک پشتی پێببەسترێ. لەبەر ئەوەی سەرژمێرەکانی دی کە دواتر کران، نە لە شاری کەرکووک و نە لە سەرتاسەری پارێزگاکەدا، ڕاستی باری دانیشتووان نانوێنن، چونکە کاتێک دەکران کە ڕژێمی عێراق کەوتە جێنەجێکردنی پاکتاوکردنی بنەچەیی تێیاندا و بوو بە هۆی ڕاگوێزانی دەیان هەزار خێزانی کورد و تورکمان و ئاشووری بۆ دەرەوەی پارێزگاکە، لەگەڵ نیشتەجێکردنی دەیان خێزانی عەرەب لە کەرکووک و پارێزگاکەدا، کە لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە هێنرابوون. ڕژێم بەوەشەوە نەوەستا و، دوای خۆماڵیکردنی ئەو کۆمپانیا نەوتییە بیانییانەی تا ساڵی ١٩٧٢ لە عێراقدا کاریان دەکرد، ناوی پارێزگاکەی گۆڕی بە پارێزگای (التامیم). ئامانجی سەرەکیش لەوەدا گۆڕینی ناوە مێژووییەکەی پارێزگاکە بوو بە ناوێکی دی. ناوچەی کەرکووک، تەنیا بۆ ماوەیەکی زۆرکەم نەبێ، کە کورد لە ٢١ ئازاری ١٩٩١ەوە تا سەرەتای نیسانی هەمان ساڵ دەستی بە سەر شارەکەدا گرت، بەردەوام لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمدا ماوەتەوە.

چەند خێزانێکی عەرەب لە (ئال تکریت) و هیدی وەک (حەدیدیین) کە زۆربەیان بە پەروەردەکردنی مانگا و گامێشەوە خەریک بوون، لە کەرکوکدا دەژیان و، زۆر لە بینا کۆنەکەی دواناوەندنی کەرکووکیشەوە دوور نەبوون خێزانی تری عەرەب لە شارەکەدا هەبوون کە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی میریدا، بە مەدەنی و سەربازییانەوە فەرمانبەر بوون، یان وەک کرێکار و بەردەست لە کۆمپانیای نەوتی بریتانیادا کاریان دەکرد، یان هەندێ پیشەی تریان دەکرد. تا ساڵی ١٩٥٥، دواناوەندی کەرکووک تاکە دواناوەندی بوو لە سەرتاسەری لیواکەدا، زۆربەی قوتابییەکانیشی کورد و تورکمان بوون، بە دوای ئەواندا ئەمجا

عـەرەب و ئاشـوری و کلدانی و ئەرمـەن دەهاتن. زۆربەی قـوتابییـانی عەرەبیش کوڕی فەرمانبەر و کەسە سەربازییەکانی تیپی ۲ی سوپا بوون، کە بارەگاکەی لە شاری کەرکووکدا بوو، یان کوڕی هەندێک لەو کەسانە بوون کە لە کۆمپانیای نەوتدا کاریان دەکرد. لە کۆنەوە کورد لە کەرکووکدا بە شێوەیەکی ئاسایی مردووەکانی خۆیان لە گۆڕستانی تایبەت بە خۆیان و، تورکمانەکانیش لە گۆڕستانی دی دەناشت، گۆڕستانی تایبەتیش بە کلدان و هەروەها جـوولەکـەش هەبوو. عـەرەب، بە هۆی کـەمـییـان لەشارەکەدا، گۆڕسـتانی تایبـەتیـان نەبووە، عـەرەبە تکریتییـەکان مردووەکانی خۆیان لە گۆڕستانی تایبەت بە تورکمانەکان دەناشت. هەر لەبەر ئەم هۆیەشـە دەسـەڵاتداران لە سـەرەتای نەوەدەکـانەوە کـەوتنە دروستکردنی گۆڕستانی تایبەت بۆ ئەو عەرەبانەی هاتبوونە کەرکووک، ڕێی گواستنەوەی تەرمی ئەو عەرەبە شیعانەشیان نەدەدا، کە هاتبوونە کەرکووک، تەرمەکانیان بۆ نەجەفی پیرۆز بگوێزنەوە، گۆڕستانی کورد و تورکمانیشیان دەڕووخاند و تێکدەدا و، تابلۆیان بە ناوی عەرەبییەوە لە سەر گۆڕەکان دادەنا، هەمووشی لە پێناوی خەڵەتاندنی خەڵکدا، بەوەی کە لە دێرزەمانەوە گۆڕی کۆنی عەرەب لە شارەکەدا هەبووە!

لە هەمـان کـتـێـبـدا باس لەوەش کـراوە کـە بنەمـاڵەی تکریتی لە کەرکووکدا بنەماڵەیەکی عەرەبی سەرەکی یە. نووسەرەکە بە وردی باس لە مـێژووی ئەو بنەمـاڵەیە و مـاوەی جێگیـربوونی لە کـەرکـووکدا کـردووە، ئەوەش وەبیردێنێتەوە کە لە دوو لقی گەورە پێکهاتووە، یەکەمیان سەر بە یوسف بەگە و زۆربەی ڕۆڵەکانیشی لە لیوای کەرکووک نیشتـەجێ بوون، دووەمـیشـیـان سەر بە عـومـەر بەگ و زۆربەی ڕۆڵەکـانیـشی لە تکریتـدا دەژین. باوکـیشـیـان، شەبیب کوڕی عـەلی کوڕی حوسێن کوڕی نـاسری سـەرۆک عـەشـیـرەتەکـانی (عـوبادە)ی عـەرەبی بووە کـە لە ناوچەی (حـەران)ی سـووریایە. نووسـەری ئەم کـتـێـبـە، لە زاری بەڕێز مظهـر التـکریتی سـەرۆکی ئەم بنەمـاڵـەیەوە دەڵێ «شـەبیب سـاڵی ١٠٤٨ی کۆچی، بە یاوەری سوڵتان مورادی چوارەمی عوسمـانی، کە پەنای بۆبرد و، بۆ هەڵمەتی گێڕانەوەی فـارسـەکـان (سـەفـەوییەکـان)، لەگەڵ خۆی هێنای».[١١] دیسـان بەردەوام دەبێ «باپیـرە گـەورەی کـۆمـەڵەکـەی، بەشدارییـەکی گەورەیان لەو شەڕەدا هەبووە و سـوڵتانیش، بە بەخشینی چەندین گوند و زەوی و زاری کشـتوکاڵی ناوچەی کەرکـووک و تکریت، پاداشی ئەم بنەماڵەیەی داوەتەوە».[١٢] ژمارەی خانووەکانی ئەم بنەماڵەیە لە لیوای کەرکووکی ئەمڕۆدا نزیکەی (١٥٠) خانووە و لە ناوچەی نێوان ناحیەی ملحە و شاری کـەرکـووک دان. دوای مـردنی عـەلی بەگی کوڕی صادق بەگ، مظهری کوڕی قـادر تکریتی، کە یەکەمین عـەرەبە لە سـاڵی ١٩٦٩دا، واتە دوای دەسـتـبـەسـەراگـرتنی بەعس بە سـەر دەسـەڵاتی عـێـراقـدا، بە سـەرۆکی شـارەوانی کـەرکـووک دانرا، بوو بە سـەرۆکی بنەمـاڵەکە. سەرەتای پەنجاکـانی سەدەی ڕابردوو، خۆی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجـومـەنی نائیـبـان پاڵاوت تا کـورسـیـیـەکی تایبـەت بە یەکـێک لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی هەڵبژاردن بە دەستبێنێ، بەڵام سەرکەوتنی وەدەست نەهێنا.

ئەو عـەشـایەرە عـەرەبییـانەی کـە لە کـەرکـووک دان، گـرینگەکـانیـان عەشیرەتی العبیدە کە لە دەشتی حەویجەدا نیشتەجێ یە و، «پێشتر لە ناوچەی بەرینی جزیرەی باکووری موسڵ نیشتەجێ ببوو، خانووەکانیشیان کە بە سەر فوراتی ڕاستی جزیرە ناوبراوەکەدا بووە. مـاوەیەکی زۆر لەوێدا خـاوەنی هەمـوو شـتـێک بوو، تا تیـرەکـانی (شـمـر) بە سـەریاندا زاڵ بوون».[١٣] ماوەیەکی زۆر پەلاماردانی یەکتر لە نێوانیاندا بەردەوامبوو، بۆ مـاوەی دە ساڵ یان زیاتر، بەرلەوەی تیرەکـانی شمر زەوییەکانی العبـید داگیربکات، ئەمەی دواییان ناچار بوو دەشتی حەویجە جێبهێڵێ، ئەویش دوای زاڵبوونی بە سەر بەیات و عەزەدا زەوییەکانی داگیرکردن».[١٤] بۆیە دەکرێ بگوترێ ئەوان لە ناوچەی کەرکووکدا دوای کورد و تورکمان دێن، بەتایبەتی کە ئەوان ژیانێکی ڕەوەند و کۆچەرییان بەسەردەبرد، چونکە تا زەمـانی مـیـریی عـێـراق کـە لە نـاوەڕاسـتی سـییـەکـانی سەدەی ڕابردوو نیشـتـەجێکران، بۆ لەوەڕگای ئاژەڵەکـانیـان دەگەڕان. میریی عێراق، لە سـەردەمی وەزارەتی یاسین الهـاشـمی سـاڵی ١٩٥٣دا، دەسـتـیـکردە جێبەجێکردنی پرۆژەی ئاودێری بۆ نیشتەجێکردنی عەشیرە عەرەبەکان لە دەشتی حەویجە. میریی پرۆژەی ڕاکێشانی ئاوی لە شوێنێکی خۆرئاوای ئاڵتوونکۆپرییەوە، لە ڕێی هەڵگرتنی جۆگەوە لە ڕووباری (زێ)ی گەورە، بۆ ژیانەوەی ئەم دەشتە بەرینەی باکووری خۆرئاوای لیواکە کۆڵییەوە.[١٥]

مەبەستی دیاری دروستکردنی ئەم پرۆژەیەش ئاوەدانکردنی دەشتەکە و دابەشکردنی بوو، لە شێوەی (یەکەی بەگەڕخستن)ی کشتوکاڵانە بە سەر جووتیـارەکانی لیواکەدا، بەڵام لە سەرەتاوە مەبەستە سەرەکییـەکەی نیشـتـەجێکردنی عەشیرەتەکانی عوبەید و جبووری ڕەوەند بوو تێیدا. ئەوەش لە تەواوبوونی پرۆژەکەدا بە ئاشکرا دەرکەوت، چونکە میریی ڕێی نیشتەجێبوونی هەندێک لە عەشیرەتەکانی جافی نەدا، کە لە کفری و کەلاردا دەژیان و، بۆ لەوەڕ گەرمێن و کوێستـانیـان دەکرد. هەر ئەوەش وایکرد کە، خوالێخۆشبوو حامد جافی قایمقامی چەمچەماڵ «نیدارییانە» بگوزرێتـەوە، چونکە داوای لە وەزارەتی ناوخـۆ کـرد، تا هەندێک لە عەشیرەتەکانی جافیش، وەک عەشیرەتە عەرەبە ڕەوەندەکانی عوبەید و جبوور لە دەشتی حەویجەدا نیشتەجێکات، بۆیە داوای دەستکێشانەوەی خۆی لە کارەکەی ڕاگەیاند. لەو مشتومڕەی کە لە ئەنجومەنی نائیبباندا کرا، مەبەستی دروستکردنی ئەم پرۆژەیە ئاشکرا بوو. چونکە بەرپەرسان بێ پەردە ڕایاندەگـەیاند کـە مـەبەست لە تەواوبوونی پرۆژەکـە نیـشـتـەجـێکردنی عـەشـیـرەتەکـانی عـوبەیدە، ئەویش بە هۆی ئەو شـەڕوکـوشـتـارە نیـمـچـە بەردەوامـەی عـەشـیـرەتەکـانی «عـەزە»ی تەنیشتیانەوە. جا چونکە خەڵکی سەر بەم عەشیرەتە ڕەوەندانە، بەر لە جێگیربوونیان لە دەشتی حەویجە، کشتوکاڵیان نەدەزانی، میریی عێراق چەند ڕێنمـاییکەرێکی کـشـتـوکـاڵی بۆ دانان تا فـێـری کـشـتـوکـاڵە جۆربەجۆرەکـانیان بکەن. بەمجـۆرە، لە بری دابەشکردنی ئەو زەوییانە بە سـەر گـشت عـەشـیـرەتە ڕەوەندەکـانی کورد و عـەرەب، تەنیـا بە سـەر عەشیرەتە عەرەبەکاندا دابەشکرا. ئەوەش بە یەکەمین نیشتەجێکردنی عـەرەب لە ناوچەی کـەرکـووک دادەنرێ. واش پێـویسـتـە بڵـێین دروسـتـکردنی ئەم پرۆژەیە نەبوو بە هۆی دەرکـردنی کـەس لە دەشـتـی حەویجەدا، چونکە بە هۆی کەمئاوییەوە، نیمچەچۆڵ بوو، خاوەن مـاڵاتی گوندە گەورەکانی نزیکیشی، لە گەڵ خاوەن مـاڵاتە ڕەوەندەکانی عەرەب، بەتایبـەت لە بەهاراندا، پێکەوە بۆ لەوەڕاندنی مـاڵاتەکـانیـان ڕوویان

تێدەکرد.

پێوەندیی نێوان ئەو نەتەوانەی لە شاری کەرکووک و لیواکەدا دەژیان، بەگشتی، پێش هەردوو دەسەڵاتدارگرتنەکەی بەعس (یەکەمیان ساڵی ١٩٦١)، باشبوو. بەڵام مێژوو سەبارەت بە هاریکاری کورد و تورکمان، لە بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژیکەران بۆ سەر خەڵکی شارەکە، وەک لە هێرشی ئەندامانی تیپی لیڤی سەر بە سوپای بریتانی، کە ساڵی ١٩٢٧ کردیانە سەر گەرماوەکانی تایبەت بە ژنانی شارەکە، ئەویش بە هۆی شەڕێکی نێوانیان و چەند کەسێکی شارەکەوە، کورد و تورکمان ئازایانە بە گژیاندا چوونەوە. ئەم هاریکارییە لە ساڵی ١٩٤٦یشدا، کە کرێکارانی کۆمپانیای بیانییەکانی نەوت، چەند داواییەکی پیشەییان هەبوو، لە نەتەوە جۆربەجۆرەکانی شارەکە بوون کە مانگرتنیان ڕاگەیاند؛ هێزەکانی پۆلیس، بە فەرمانی میریی بەرەو ڕوویان بوونەوە و زۆریان لێکوشتن. ئەم کارەساتەش بە کوشتاری گاورباخی کرێکاران ناسراوە. تەنانەت لە دەری شاریش، پێوەندیی نێوان عەشیرەتە کورد و عەشیرەتە عەرەبەکان باشبووە. زۆرجار هاوینان کە ماڵاتەکانیان بۆ ناوچە کوردییەکان دەبرد زۆر بە گەرمی پێشوازییان لێدەکرا و، هەندێجار، کە ماوەیەکی زۆر بۆ لەوەڕاندنی ماڵاتەکەیان دەمانەوە، پارەیان بە خاوەنمولکی گوندە کوردییەکان دەدا. سەرۆک عەشیرەتەکانی عوبەید پێوەندییەکی دیاریان لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکانی کوردی ناوچەکەدا هەبوو، بەتایبەتی لەگەڵ عەشیرەتەکانی تاڵەبانی و داودە و کاکەیی و، تەنانەت لەگەڵ چەند پیاوماقووڵێکی کورد و تورکمانی ناو شارەکەشدا، بەتایبەتی لەگەڵ بەڕێز ئەحمەد خانەقا و ئال نەوتچی دا.

وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، لە سەرەتای ١٩٦٣وە، بە هاتنی بەعس، بارەکە گۆڕا، چەکدارەکانی «حەرەس قەومی» کە لاوانێکی زۆری تورکمان چووبوونە ڕیزیانەوە، گەڕەکە کوردییەکانیان وێرانکرد کە تایبەت بوون بە هەژارانی کورد و زۆربەشیان گرتن و لە بەندیخانە و زیندانیان توند کردن. کودەتاچییەکان، دانیشتووانی ١٣ گوندی کوردی نزیک کەرکووک و دەزگاکانی نەوت و، ٣٤ گوندی نزیکیشی کە دەکەوتنە سنووری ناحیەی دوبز (کە ناوە بەعەرەبکراوەکەی «الدبس»ە) کۆچی پێکرد و، عەشایەری عەرەبیان لە ناوەندی عێراقەوە هێنا و تێیاندا نیشتەجێ کردن و، زەوی و کەرەسە و شتومەکی کوردەکانیشیان بە سەریاندا بەخشییەوە. لە ماوەی نێوان ١٩٦٣وە تا ١٩٨٨، لە پارێزگای کەرکووکدا، ڕژێم ٧٧٩ گوندی کوردی بە گۆڕستانەکەشیانەوە کاولکرد. ئەو گوندە ئاوەدانانە ٤٩٣ قوتابخانەی سەرەتایی و ٥٩٨ مزگەوت و ٤٠ مەڵبەندی تەندروستییان تێدابوو. ڕژێم بە ئامانجی ڕیشەکێشکردن، هەر بە دەستی ئەنقەست باخ و کێڵگەکانیشی ئاگر تێبەردا و، کانیاوەکانیشی تەقاندەوە. خێزانە دەربەدەرکراوەکانی ئەو گوندانە ٣٧،٧٢٦ خێزانی جووتیاران بوون، کە لایەنی کەم هەر یەکەیان پێنج سەر خێزان بووە.[١٦] دواتر وێرانکارییەکە گوندی تورکمانەکان و شیعەشی گرتەوە، بەتایبەتی لە ناحیەی تازە خورماتووی نزیک بە کەرکووک.

بەڵام لە ناو کەرکووک خۆیدا، ڕژێم چەند کارێکی تری کرد، کە هەر هەمووی بە دەرکردنی کورد لە شارەکە شکایەوە، لەوانە گواستنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمییەکانی دەوڵەت، بە مامۆستای سەرەتایی و ناوەندیشەوە، بۆ ناوەند و باشووری عێراق و، فەرمانبەری عەرەبی لە پارێزگاکانی ترەوە دێنا بۆ جێگرتنەوەیان. ڕژێم ژمارەیەکی زۆریشی لەو کرێکارە کوردانە دەرکرد کە لە دەزگاکانی نەوت کاریان دەکرد، یان خانەنشینی دەکردن، لە جێی ئەوانیش ئەو عەرەبانەی دادەنا کە هێنابوونی، ئەگەرچی بۆ ئەو کارانە کارامەش نەبوون. چونکە زۆربەیان عەشایەر بوون. دەسەڵاتدارانی سەربازی و ئاسایش، کەوتنە دانانی ڕەبایەی سەربازی لە سەر بەرزایی و گردەکانی دەوری کەرکووک و دەزگا نەوتییەکان و، دەورەشیانی مینڕێژ دەکرد، بە (ناوچەی ئەمنی)یشی دادەنا و نەدەهێشت کەس لێیان نزیک بێتەوە. ئەو عەشایەرە عەرەبانەشی چەکدار کرد کە هێنابوونیە شوێنی کوردە دەرکراوەکان و، بۆ پشتگیریی سوپا لە هێرشی سەر گوندە کوردەکانی پارێزگاکەش، یەکەی نیزامی لەوان و لەو عەرەبانە پێکهێنا کە لە قەزای حەویجەدا نیشتەجێ بوون. لەو کارە ڕەگەزپەرستییانەی تر کە ڕژێم دەیکرد، گۆڕینی ناوی قوتابخانە و شەقام و تەنانەت ناوی دوکان و جێگە بازرگانییەکانی ناو کەرکووک بوو، بەو ناوە عەرەبییانەی کە هیچ پێوەندییەکیان بە مێژووی ناوچەکەوە نەبوو.

ئەوسا و ئێستاش، بە ڕاکێشان و هێنانی خێزانی زیاتری عەشایەرە عەرەبەکان و نیشتەجێکردنیان، هەوڵێکی بەردەوامی بۆ بەعەرەبکردنی شاری کەرکووک و شارۆچکە و قەزا و ناحیە و گوندەکانی داوە. لە ناو شارەکەدا بە هەزاران خانووی بۆ ڕاکێشراوە نوێکان دروستکۆرد، یان پارچە زەوی بە سەردا دابەشدەکردن ــ بۆ دروستکردنی خانووش پارە و قەرزی بانکی عەقاریی بۆ دابین دەکردن لە دەزگا و کارگە میرییەکان ــ و یان لە دەزگای ئاسایش و هەواڵگرییە سەربازی و حیزبییەکانیشدا کاری بۆ مەیسەر دەکردن و، چەکیشی دەدانێ. بۆ عەشایەر و خێزانە عەرەبەکانی تریش، کە لە سەر ماڵ و حاڵی کوردەکان دایانابوون، بە هەمان شێوەی لەگەڵ دەکردن و چەکیشی بە هەموویان دەدا. بەم دواییانە ڕژێم فەرمانی هەڵکەندنی (١٥٠٠) بیری ئیرتوازی نوێی بۆ ڕاکێشراوە نوێکان داوە، ئەمە جگە لە بیرەکانی دی کە بەو پارەیەی بە پێی بڕیاری ٨٨٦ ناسراو بە «فرۆشتنی نەوت لە پێناو خۆراک» هەڵکەندراون.[١٧]

لە ساڵی ١٩٩٦یشەوە ڕژێم کاری ڕەگەزپەرستیی دیکەی وای کردووە کە تەنانەت دەسەڵاتدارە ڕەگەزپەرستەکانی «بریتوریا»ش لە ماوەی دەسەڵاتیاندا دژ بە ڕەشپێستەکانیان نەکردووە. بڕیاری وایان دەرکردووە تەنانەت لەگەڵ حوکمی دەستوورەکانیشیاندا ناگونجێ، کە هاوولاتییانی ـ جیا لە عەرەب ـ ناچارکردووە لە تۆمارگەی «ئەحواڵی مەدەنی»دا نەتەوەی خۆیان بکەن بە عەرەب. ئەم کارە، بەر لە ڕێکخستنی سەرژمێریی ساڵی ١٩٩٧ جێبەجێکرا. لەو ساکەشەوە بە هەزاران خێزانی کورد، کە قایل نەبوون نەتەوەی خۆیان بگۆڕن، لە کەرکووک و پارێزگەکەدا دوورخراونەتەوە. ئەوانە لە خێوەتگای بێفەڕ و، زستان و هاوینیش لە سایەی ئاوهەوایەکی ناهەمواردا دەژین.

لە ساڵی ١٩٩١ەوە، دوای دانانی ئەو ناوچەیەی لە سەرو پانە هێڵی ٣٦ەوە دانرا و، «ناوچەی ئارام»ی پێدەگوترێ، هەڵمەتی دەرکردن و ڕاگواستن لە ناوچەکەدا توندوتیژتر بووە. پێشتر ڕژێم لە ترسی بەرەنگاربوونەوەی پێشمەرگەی کورد، عەشایەری عەرەبی لە باکوور و

باکووری خۆرهەڵاتی پارێزگاکە نیشتەجێ نەدەکرد. بەڵام بێدەنگی دەسەڵاتە کوردییەکە، بە بیانووی «ئیستفزاز» نەکردنی هێزەکانی میریی لە ناوچەکانی کەناری هێڵی نێوانیاندا، ئەویش لە سەر ئامۆژگاری ئەمریکا، ڕژێمی هاندا بۆ کێشکردن و ڕاکێشانی خێزانی عەرەبەکان و نیشتەجێکردنیان لەو ناوچانەدا. بەو پێیە، سنووری ناوچەی نیشتەجێکردن گەیشتە ئەو شوێنانەی لە خۆرهەڵاتی پارێزگاکەوە بە سەر گوندی (خاڵە بازیانی)دا دەڕوانێ و (یاروەلی)یش لە باکوورییەوە. پێشتر ڕژێم نەیدەتوانی کەس بێنێتە ئەو ناوچانەوە. پێویستە لێرەدا ئاماژە بە هەڵوێستی لایەنە بەرهەڵستکارەکان(ئۆپۆزیسیۆنی)ی عێراقیش بکرێ، کە بێدەنگی و ئاماژە نەکردنە بە ڕەفتارەکانی ڕژێم لە کەرکووک و ناوچەکەدا، بگرە هەندێکیان دروشمی وا هەڵدەگرن کە لە ناوەرۆکدا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ قسەکانی ڕژێم و هەندێک لە دەوڵەتە ناوچەییەکاندا نییە.

ئەوە کورتەیەکی باری ژیانی خەڵکی کەرکووک و ناوچەکانی تری کوردستانە، کە هێشتا لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی عێراقدایە. ڕژێم، ئەم سیاسەتەی کە لەگەڵ بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ٦٨٨دا ناگونجێ، پێڕەودەکات، بێئەوەی ئەمەی دوایییان نارەزایی دەربڕێ، یان تەنانەت داوای ڕاگرتنی بکات. بەڵام یەکبین دەنگ لە ڕێکخراوانی بایەخدەر بە مافی مرۆڤ و چەند پەرلەمانتارێکی خۆرئاواییەوە دژ بەم سیاسەتە کە پێشێلی چەمکی ئاساییترین مافی مرۆڤن، بەرز بۆتەوە. لە ناوەڕاستی ٢٠٠٢دا، دەنگی پەرلەمانی ئەورووپاش، بۆ نارەزایی دەربڕین دژ بەو سیاسەتەی ڕژێم، کە لەگەڵ بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشدا ناگونجێ، هاتە ڕیزی ئەو دەنگانەوە.

لەندەن: ١١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٢

**پەراوێزەکان**

١) **عبدالمجيد فهمی حسن**، *دليل تاريخ مشاهير الالويه العراقيه*، الجزء الثانی الخاص بلواء كركوك، مطبعه دجله، بغداد، ١٩٤٧، ص ٥٥.

٢) فەرهەنگی ئەعلام (بە زمانی تورکی عوسمانی) دانانی **شمس الدين سامی**، چاپخانەی مهران، ئەستەنبوڵ ١٣١٥ی کۆچی١٨٩٨ی زایینی.

٣)**عبدالمجيد فهمی حسن**، ...، ص ٢٨٤.

٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠١.

٥) سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨.

٦) سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩.

٧) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٤.

٨) شێخ ڕەزای تاڵەبانی(١٨٣٥ ـ ١٩١٠) شاعیری ناوداری کوردی کەرکووک ئەم ڕووداوەی تۆمار کردووە.

٩) ئەم خەملاندنە لە ئەرشیفی تۆمارگە پارێزراوەکانی کتێبخانەی ستۆکهۆڵمەوە وەرگیراون، چونکە سوێد یەێک بووە لەو دەوڵەتانەی سەرپەرشتی ڕێکخستنی ڕیفراندۆمی دوا ڕۆژی موسڵیان کردووە، بەر لە وەی ساڵی ١٩٢٥ بە دەوڵەتی عێراقەوە بلکێندرێ.

١٠)**عبدالمجيد فهمی حسن**، ...، ص ٥٧. لە وتارێکدا بە ناونیشانی (كركوك فی مطبوعات الرسميه للمعهد الملكی) هاتووە، کە گرینگترین عەشیرەتی لیواکە ئەمانەن:

ـ عەشیرەتی جاف، کوردە و سەرۆکەکەشی کەریمی فەتاح بەگە.

ـ عەشیرەتی تاڵەبانی، کوردە و لە ناحیەکانی سەر بە مەڵبەندی قەزای گوڵ و ناحیەکانای داقوق و قادرکەرەم نیشتەجێ یە و سەرکەکەشی شێخ حەبیب تاڵەبانی یە.

ـ عەشیرەتی زەنگەنە، کوردە و لە ناحیەی قادرکەرەم نیشتەجێ یە و سەرۆکەکەی هادی ئاغایە.

ـ عەشیرەتی جەباری، کوردە و لە ناحیەی قادرکەرەم نیشتەجێ یە و سەرۆکەکەی سەید محەمەدی جەباری یە.

ـ عەشیرەتی شوان، کوردە و لە هەردوو ناحیەی شوان و ئاغجەلەر نیشتەجێ یە.

ـ عەشیرەتی هەمەوەند، کوردە و لە قەزای چەمچەماڵ نیشتەجێ یە و سەرکەکەی ئەمین ئاغایە.

ـ عەشیرەتی داودی، کوردە و لە هەردوو ناحیەی داقوق و توزخورماتوو نیشتەجێ یە و سەرۆکەکەی داودبەگ و ڕەفعەت بەگە.

ـ عەشیرەتی کاکەیی، کوردە و لە ناحیەی داقوق نیشتەجێ یە و سەرۆکەکەشیان سەید چەلی و سەید فەتاحە.

ـ عەشیرەتی بەرزنجی، کوردە و لە سەنگاو نیشتەجێ یە و سەرۆکەکەشی شێخ قادرە.

ـ عەشیرەتی العبيد، عەرەبە و لە ناوچەی الشبيجە سەر بە ناحیەی داقوق نیشتەجێ یە و سەرۆکەکەشی شێخ حوسێن عاسی یە.

ـ عەشیرەتی جبور، عەرەبە و لە گوندەکانی ناحیەی الملحەی سەر بە مەڵبەندی لیوا نیشتەجێ یە.

ـ عەشیرەتی الکوروی، عەرەبە و لە گوندەکانی ناحیەی قەرەتەپەی سەر بە قەزای کفری نیشتەجێ یە و سەرەکەکەشیان سالح الخلفە.

ـ عەشیرەتی بەیات، عەرەبە و لە ناحیەی دووز نیشتەجێ یە. سەیری وتارەکەی **خەسرەو گۆران** (کرکوک فی...) لە لاپەڕەی ٦ی هەفتەنامەی *خەبات* (١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢) بکە.

١١) **عبدالمجيد فهمی حسن**، ...، ص ٢٨٩.

١٢) هەمان سەرچاوە، ل ١٨٩.

١٣) هەمان سەرچاوە، ل ٣٣٨.

١٤) هەمان سەرچاوە، ل ٣٣٩.

١٥) مؤلفنا: *منطقه كركوك و محاولات تغيير الواقع القومی فيها*، االطبعه التانيه ١٩٩٩ لندن، ص ٥٢و٥٣.

١٦) بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە سەیری سەرچاوەی پێشوومان بکە، ل ١٠٣ و دواتری.

١٧) ئەوە لە ڕاگەیاندنێکی وەزیری ئاودێری عێراقییەوە هاتووە کە لە بەردەم ئەوەیکە ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی پێدەگوترێ، گوتوویەتی، وەک لە ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) ژمارەی ٢٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢دا بڵاوکراوەتەوە. سەیرەکە لەوەدایە ئەو پارەیەی بۆ هەڵکەندنی ئەم بیرانە خەرجدەکرێ، لەو پارەیەیە کە نەتەوە یەکگرتووەکان، لەو پرۆژەیەی کە نەوت بەرامبەر خۆراکی پێدەگوترێ، دابینی کردووە، بەو پێیە ئەو پارانە بەمەبەستی بەعەرەبکردنی کەرکووک و ناوچەکە بەکاردەهێنرێ.

OOO



# مۆسیقای خۆجێیی خۆراسان


## سیما بینا

وەرگێڕانەوە: ئەرژەنگ


**،ئەو نووسراوەیە، کورتەباسێکی پوختە سەبارەت بە مۆسیقای خۆجێیی خۆراسان بە قەڵەمی هونەرمەند و گۆرانیبێژی ناوداری ئێرانی ڕێزدار خانمی ،سیما بینا، خەڵکی بیرجەندی خۆراسان، کە لە مانگنامەی فەرهەنگی و هونەریی کلک (ژمارە ٣٧، فەروەردینی ١٣٧٢، لاپەڕەی ١٢٥)دا چاپ کراوە و، لەبەر گرینگیی باسەکە و بەتایبەت ئاماژەکردن بە مۆسیقای کوردەکانی خۆراسان، ئەوا تەواوی دەقەکە دەکرێتە کوردی و لێرەدا پێشکێش دەکرێ.**

دەبێ بزاندرێ کە مۆسیقای خۆجێیی بەشێکی سەرەکی لە دابەشکردنی مۆسیقای هەر وڵات و فەرهەنگێک پێکدێنێ. باسکردن سەبارەت بە مۆسیقی فۆلکلۆر کارێکی تایبەتی و گەلێک زانیاریی پێویستی گەرەکە. ئەمن ڕەنگە ئەو زانیاری و موتاڵاکردنەم لە ڕادەی تەواودا نەبێ... بەڵام بەر لەوەیکە بە شێوەی زانستی لەگەڵ ئەو مۆسیقایە ئاشنابم خۆم لە ناخی ویدا و، لە ناو خەڵکی ئەو مەڵبەندانەدا لەدایک بووم و لەڕاستیدا دەگەڵ ویدا ژیاوم ــ هەڵبەت هەمیشە هەوڵم داوە کە بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لەو بوارەدا، ئەزموونەکانم حاڵەتی بەڵگەیی و زانستییانەیان هەبێ.

نزیکەی ١٥ساڵ پێش کاتێک دەمەویست ئاخرین ئاهەنگی خۆماڵیی بیرجەند کە بۆ جێژنی نەورۆز ئامادەم کردبوو، لە ئیستگەی رادیۆ ئێراندا تۆماری بکەم، ئاغای «محەمەد ڕەزای لوطفی»، هونەرمەند و مامۆستای تار و سێتار لەوێ بوون و لە دەرفەتێکدا باسێکی لەگەڵ من دەستپێکرد. جەنابیان ڕایان وابوو: بێڵە باخودی خەڵکی خۆجێیی ئاهەنگە خۆماڵییەکان بچڕن و تۆ خۆت بە مۆسیقای جیددی و سوننەتیی خۆمانەوە خەریک بکە. ئەوان ئاهەنگەکانیان لە تۆ باشتر دەخوێنن. وەڵامی من بۆ جەنابیان، هەر ئەو قسەیە بوو: هەوەڵینی من کە خۆم ئەو ئاوازانە دەڵێمەوە هەر لەو خۆماڵییانەم و کەسێک نیم جگە لە خۆیان و، تازە مۆسیقای خۆماڵییش مۆسیقایەکی بەهێندنەگیراو نییە. بێ لەوە منیش ئەو مۆسیقا سوننەتییە و هەروەها ڕەدیفی ئاوازەکانی ئێرانی دەناسم و ماوەی سێ یا چوار ساڵان لەلای گەورەترین و کۆنترین مامۆستای ئاواز ئاغای «عەبدوڵڵا قەوامی» ڕەدیف فێربووم و کارم کردووە، دەزانم هەروەک ئێوە دەڵێن ئاوازگەلی سوننەتی بنەمای مۆسیقای کلاسیکی ئێمەیە، ئەگەرچی مۆسیقای خۆجێیی ڕیشەی کۆنتری لە ناو خەڵکدا هەیە، چونکە ئەو مۆسیقایە تەنانەت لە هەستان و کەوتنە مێژوویەکانی وڵاتیشدا دیسان سینگ بە سینگ و بەرە بە بەرە پارێزراون و ڕاگوێزراون و ئێمە دەبینین کە زۆربەی گۆشە و نەغمەی ڕەدیفەکان هەر ئەو مەقام و بەستە خۆماڵییانەیان پێکهێناوە.

زۆربەی مامۆستاکانی مۆسیقای جیهان و ئێران خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەکانیان بۆ مۆسیقای فۆلکلۆر تەرخان دەکەن و لەو ئاهەنگانەی دایاندەنێن لە مێلۆدی و ڕیتم و حاڵەتەکانی مۆسیقای خۆجێیی ئیلهام وەردەگرن بۆ ئەوەی ئاهەنگەکانیان خۆمانە و دڵگرتر بێ.

مامۆستا «ئەبولحەسەنی صەبا» کە هەمیشە نێوی لە مێژووی مۆسیقای ئێراندا درەوشاوەدەمێنێتەوە، گرینگیی مۆسیقای فۆلکلۆری هەستپێکردبوو.

مامۆستا صەبا لە سەفەر و توێژینەوە هونەرییەکانیدا، لە ساڵی ١٣٠٦[١٩٢٧) بۆ باکووری ئێران چەند دانە ئاهەنەگی جوانی خۆجێیی نووسی و خستییە سەر ڕەدیفی مۆسیقای سوننەتیی ئێران.

ئەگەر گەرەکتانە بزانن... ئەو بڕگە جوانانە: چوپانی[شوانی]ــ کوێستانی ــ گوسفەندی دوخان [مەڕی دوخان]ــ ئەمیری ــ لە قەفەس دا ــ شەڕەفشاهی ــ هەڵپەڕکێی چۆپی قاسم ئابادی ــ گیلەکیی ڕەشتی ــ زەردی مەلیجە... و دەیلەمان کە لە جوانترین بڕگەکانی مۆسیقای ئێمەن لە دەشتی و دەشتستانیدا ئیجرادەکرێن، وە هەموو ئێرانییە ئەهلی زەوقەکان و لایەنگرەکانی مۆسیقا ئەگەر لەگەڵ ڕەدیفیش ئاشناییان نەبێ لە تەک ئەو ئاهەنگە کە شادڕەوان مامۆستا «بەنان»، بە جوانترین شێوە ئیجرای کردووە، ئاشنان.

چنان در قید مهرت پایبندم
که گویی آهوی سر در کمندم
گهی بر درد بی درمان بگریم
گهی بر حال بی سامان بخندم
نه مجنونم که دل بەردارم از دوست
مده گر عاقلی بیهوده پندم.

(لە داوی مێهری تۆ وا پایبەندم
دەڵێی ئەو ئاسکەی بەستەی کەمەندم
دەمێ بۆ دەردی بێ دەرمان دەناڵم
دەمێکیش پێکەنین بۆ حاڵی کەندم
نە مەجنوونم کە دەست بەردەم لە یارم
مەدە گەر عاقڵی بێهودە پەندم)

لێم ببوورن که قسه سه‌ره‌تاییه‌کانی من سه‌باره‌ت به گرینگیی مۆسیقای خۆجێیی که‌مێکی درێژه‌پێدرا...

## کورته‌باسێک سه‌باره‌ت به ناسینی مۆسیقای خۆماڵی

نزیک به هه‌موو فه‌رهه‌نگه پێشکه‌وتووه‌کانی دنیا، بێجگه له مۆسیقای سوننه‌تی خاوه‌نی مۆسیقایه‌کی تریشن که له شوێنه جۆراوجۆره قه‌له‌مڕه‌وه‌کانی خۆیدا بره‌وی هه‌یه. له ئێراندا ئاسایی مۆسیقای خۆجێیی پێده‌گوترێ.

شاعیر و لێکۆڵه‌ره‌وه‌ی ئاڵمانی «یوهان گونز فریدهێرده‌ر» بۆ یه‌که‌مین جار چه‌مکی (فۆلکس لید) یانی به‌سته‌ی جه‌ماوه‌ر(فۆلکلۆر)ی بۆ به‌کارهێنا.

جه‌ماوه‌ر واته توێژی بونیادی و ژێربناغه‌یی کۆمه‌ڵ و، مۆسیقای جه‌ماوه‌ر به‌سته‌گه‌لی توێژه‌کانی خواره‌وه‌ی کۆمه‌ڵه. یا به زمانێکی تر... به‌سته ڕه‌نگده‌ره‌وه‌ی ده‌نگی جه‌ماوه‌ره.

ئه‌و به‌سته‌یه به گوێره‌ی شه‌رتومه‌رجێک که بۆ گه‌شه و پشکووتن به‌دیدێ له ناو جه‌ماوه‌ری خه‌ڵکدا هه‌ڵده‌قوڵێ و هه‌ر که ئه‌و شه‌رتومه‌رجه و ئه‌و هۆیانه له‌ناوچوون، به‌سته‌که‌ش ده‌مرێ و فه‌رامۆش ده‌کرێ.

جه‌ماوه‌ری گه‌ل زۆرجار ناخۆئاگایانه ئه‌وه‌ی له ناخیاندایه و، ئه‌وه‌ی هه‌ن و ئه‌وه‌ی گه‌ره‌کیانه، له قاڵبی به‌سته‌دا ده‌ری ده‌بڕن. جاریوایه به‌سته‌کان توێکڵدار (کینایه/ته‌وریه) ــ یا ته‌نزاوی و، جاریواشه به شێوه‌ی دادخوازیی گه‌ل له به‌رانبه‌ر زۆڵمی چینی خاوه‌نده‌سه‌ڵاتدا خۆ ده‌نوێنن.

به‌کورتی ئه‌و به‌سته ساکار و جوانانه له‌و په‌ڕی زوڵاڵیدا، بێ هیچ ڕازانه‌وه‌یه‌ک خوڵق و خووی چینه‌کانی خواره‌وه‌ی کۆمه‌ڵ له زه‌ماندا نیشان ده‌ده‌ن و له ئاکامدا به‌سته‌ی فۆلکلۆری خۆی ده‌به‌رگری چه‌مکی کۆمه‌ڵناسی و جوانیناسی یه.

به عه‌قیده‌ی«هێرده‌ر» لێکۆڵه‌ره‌وه‌ی ئاڵمانی: به‌سته‌گه‌لی فۆلکلۆری کاکڵ و سه‌رچاوه‌ی هونه‌رێکی به‌رز پێکدێنن.

مۆسیقای خۆجێیی به گوێره‌ی سێ هۆکار دیاری ده‌کرێ:

١) داهێنانی به‌سته به هۆی جه‌ماوه‌ری خه‌ڵکه‌وه.

٢) خاوه‌ندێتی به‌سته به هۆی جه‌ماوه‌ره‌وه.

٣) ڕه‌نگدانه‌وه و نواندنی تایبه‌تمه‌ندییه‌کانی چینه‌کانی خواره‌وه‌ی کۆمه‌ڵ له به‌سته‌دا.

هه‌رسێ هۆکاری ناوبراو له هه‌موو به‌سته و گۆرانییه‌کانی فۆلکلۆریدا هه‌یه. ئه‌و به‌سته‌گه‌له له سوننه‌تی تایبه‌ت به خه‌ڵکدا هه‌ڵده‌قوڵێن و گه‌شه‌ده‌که‌ن و به شێوه‌ی زاروێژه‌یی نه‌سل به نه‌سل له ناو خه‌ڵکدا درێژه‌ی هه‌یه.

ئه‌گه‌ر بمانه‌وێ شیکردنه‌وه‌یه‌کی سه‌رپێییمان له مۆسیقای خۆجێیی هه‌بێ، ده‌بێ بزانین که تاقمێک له تاکه‌کانی کۆمه‌ڵ به‌سته وه‌ک جۆرێک له ئامرازی کار له کاتی کارکردن... یا ڕێوڕه‌سمه‌کانی مه‌زهه‌بی... یان جێژنه‌کان... یان وه‌ختی حه‌سانه‌وه و سه‌فه‌رکردنی شه‌وتاڕۆژ به ئه‌سپ و وشتر و ... پیاده و هتد... ده‌کاردێنن. شێعر و ئاهه‌نگ له به‌سته‌ی خۆماڵیدا یه‌کێتییه‌کی لێکدانه‌بڕاویان هه‌یه.

له تایبه‌تمه‌ندییه‌کانی مۆسیقای خۆجێیی گۆڕانکاری و تێهه‌ڵچوونیه‌تی و ئه‌و تایبه‌تمه‌ندییه‌ش به هۆی ڕاگوێزرانی سینگ به سینگی ئه‌و ئاهه‌نگانه‌یه له به‌ره‌یه‌ک بۆ به‌ره‌یه‌کی دی و یا ته‌نانه‌ت له که‌سێکه‌وه بۆ که‌سێکی دی و له ناوچه‌یه‌ک بۆ ناوچه‌یه‌کی دیکه که له سه‌ر ئه‌ساسی وان فۆلکلۆر درێژه‌ی ده‌بێ.

گوندییه‌کان نه‌ک هه‌ر ده‌توانن به‌ڵکه زۆریشیان پێخۆشه که ئه‌و مۆسیقایه‌ی هه‌یانه بیگۆڕن. جاریوایه گۆرانیبێژ(به‌سته بێژ/قامبێژ) ئه‌و گۆرانییه‌ی که ده‌یخوێنێ ناتوانێ جارێکی دیکه وه‌ک خۆی دووپاتی بکاته‌وه، چونکه هه‌رده‌م داهێنانێکی تازه‌ی تێدا ده‌کاردێنێ. زۆرجار له وه‌دۆزینی خۆمدا ئه‌و نوکته‌یه‌م به‌رچاوکه‌وتووه که ئاهه‌نگێک یا گۆرانییه‌کم له شوێنه جۆراجۆره‌کانی مه‌ڵبه‌ندێک به شێوه و جیاوازییه‌کی که‌متره‌وه گوێ لێبووه.

## مۆسیقای سازی خۆماڵی

مۆسیقای سازی خۆماڵیش به جه‌ماوه‌ری خه‌ڵکه‌وه پێوه‌ندی هه‌یه و، هه‌ر ئه‌و تاریفه‌ی مۆسیقای ئاواز بۆ ئه‌ویش ڕاسته. یانی له ناخی جه‌ماوه‌ری خه‌ڵکه‌وه هه‌ڵده‌قوڵێ و مێلۆدییه‌کانی خاوه‌نێکی تایبه‌تی نییه، هه‌موو خه‌ڵک ده‌گرێته‌وه و تایبه‌تمه‌ندی و خوڵق وخووی ئه‌وان ده‌رده‌بڕێ. مۆسیقای ساز ته‌نیا له چه‌ند بواره‌وه له‌گه‌ڵ مۆسیقای ئاواز جیاوازی هه‌یه:

**یه‌که‌م نه‌بوونی ده‌ق و شێعر**

هێندێک جار مۆسیقای ساز بۆ هه‌ڵپه‌ڕکێ و حه‌ره‌که‌ته، وه‌ک هه‌ڵپه‌رکێی شمشێر. له ڕاستیدا مۆسیقای ساز و به‌گشتی مۆسیقای خۆجێیی له زۆربه‌ی بواره‌کاندا ته‌نیا لایه‌نی هونه‌ری شازی نییه، به‌ڵکه جاریوایه به مه‌به‌ستگه‌لی دوور له مۆسیقا، به ژیانی ڕۆژانه‌ی خه‌ڵکه‌وه پێوه‌ندی هه‌یه. بۆنموونه سازه پڕ له ده‌نگ و هه‌راکان وه‌ک زه‌نگ(قۆڕ)ه جۆراوجۆره‌کان زۆربه‌یان به مه‌به‌ستی له‌خۆدورکردنه‌وه‌ی شه‌یاتین و خێروبه‌ره‌که‌تی داهات که‌ڵکیان لێوه‌رده‌گیرێ. یان گه‌لێک سازی کوته‌کی یا زوڕنا و ئیدیکه بۆ بانگه‌واز و بانگهێشنی خه‌ڵک و ئاگاداریی ده‌کارده‌کرێن.

## مۆسیقای خۆجێیی خۆراسان

زانینی من زیاتر له سه‌ر مۆسیقای خۆماڵیی خۆراسانه. زیاتر له سی ساڵه که گۆرانییه خۆماڵییه‌کانی ئه‌و مه‌ڵبه‌نده‌م چڕیوه و ئه‌زموونێکی ته‌واوم سه‌باره‌ت به مۆسیقای ئه‌وێ وه‌سه‌رێک ناوه. مۆسیقای خۆراسان یه‌کێک له ڕه‌سه‌نترین ده‌نگه‌کانه که ڕیشه‌ی ده فه‌رهه‌نگی کۆنی ئه‌و سه‌رزه‌وییه‌دا هه‌یه.

خۆراسان ئوستانێکی گه‌وره‌یه، نزیک به سه‌رانسه‌ری ڕۆژهه‌ڵاتی ئێران له سیستان و به‌لووچستانه‌وه ده‌به‌رده‌گرێ. که‌وابوو مۆسیقاخۆماڵییه‌که‌شی له هه‌ر ناوچه‌یه‌کدا له هێندێک لایه‌نه‌وه لێک جیاوازه، چونکه سروشت و ئاووهه‌وا، زمان و فه‌رهه‌نگ و مێژووی ژیانی هه‌ر مه‌ڵبه‌ندێک له گه‌ڵ ناوچه و مه‌ڵبه‌ندی دیکه جیاوازی هه‌یه و ئێمه ده‌زانین که فه‌رهه‌نگی خۆماڵیی و فۆلکلۆریک له‌گه‌ڵ جوغرافیای ئێمه، تێکه‌ڵاوییه‌کی پته‌وی هه‌یه. سروشتی یه خه‌ڵکێک که له مه‌ڵبه‌نده جۆراوجۆره‌کاندا ده‌ژین زۆر ده‌که‌ونه ژێر کارتێکه‌ری بارودۆخی ناوچه‌یی خۆیان. خه‌ڵکی ناوچه به‌رزاییه‌کان له‌گه‌ل

دەشتاییەکان یان خەڵکێک کە لە سروشتی سەرسەوز و ڕەنگین وێڕای ئاووهەوای فێنک ژیان ڕادەبوێرن جیاوازن... شێوەی ژیان و جۆری بیرکردنەوە و خوڵق و خوو، سەلیقە و تێکەڵاویی و هاوسایی هاوسنوور، هەمووی ئەوانە کاردەکەنە سەر کر و ئاکاری فەرهەنگی و هونەریی هەر مەڵبەندێک. لە ڕاستیدا ڕیتمی ژیانی هەر مەڵبەندێک ڕیتمی مۆسیقای ئەوان دەسازێنێ، هەروەک دەزانن کە مۆسیقا لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک جودا نییە. وە بە هەرحاڵ مۆسیقای خۆماڵیی خۆراسان بە هۆی گەورەیی و هەراویی ئەو هەرێمە لە هەر مەڵبەندێک، لە هێندێک لایەنەوە جیاوازی هەیە. بەگشتی دەکرێ مۆسیقای خۆماڵیی خۆراسان بەو ڕێچکەیە، دابەش بکرێ:

١) مۆسیقای کوردیی باکووری خۆراسان کە شارەکانی دەرەگەز، قوچان، شیروان، مەشهەد و ئەسفەراین دەگرێتەخۆ.

٢) مۆسیقای تورک[تورکمەن]ەکانی خۆراسان (بەگشتی ئازەربایجانییەکانی دانیشتووی خۆراسان).

٣) مۆسیقای شارەکانی باشووری خۆراسان (بیرجەند، قایین، طەبەس، فیردەوس، کاشمەر، گوناباد).

٤) مۆسیقای تایفەکانی بەلووچیی دانیشتووی خۆراسان(سەرەخس).

٥) مۆسیقای شارەکانی ناوەندیی خۆراسان (خۆراسانی ڕۆژهەڵات) کە شارەکانی فەریمان، تورپەتی جام، تورپەتی حەیدەرییە، تایباد و، خاف دەگرێتەخۆ.

لە ناو شارە ئیشارەکراوەکاندا، مۆسیقای باکووری خۆراسان یانی قوچان و باشووری خۆراسان وەکوو تورپەتی جام و بیرجەند لە هەمووان ناودارترن کە هەڵبەت با نەگوتراو نەمێنێتەوە چونکە بیرجەند زێدی باوانی منە، شەخسەن بوویە پێگە و دەستپێکی لێکۆڵینەوەکان یا توێژینەوەکانی من سەبارەت بە بەستە و ئاهەنگە خۆماڵییەکان و لە ڕاستیدا ئەو بەستە خۆماڵییانەی ئیجرامکردوون لە لای بیرجەندەوە بوون. لەم ڕووەوە ئێستا لە ناساندنی مۆسیقای باشووری خۆراسانەوە دەست پێدەکەم و پاشان مەتڵەبگەلێکی عەنتیکەم کە لە سەر مۆسیقای باکووری خۆراسان ئامادە کردووە بۆتانی دەخوێنمەوە، مۆسیقای بیرجەندیش وەک مۆسیقاکانی دیکەی خۆجێیی بە دوو بەشی سەرەکی دابەش دەبێ:

١) مۆسیقای ڕیتمدار (کێشدار)

٢) مۆسیقای کێشراو و بە میتری ئازاد

لێرەدا دەبێ دەستنیشان بکرێ کە مۆسیقای سوننەتی و کلاسیکی ئێران بەریتی لە ٧ دەزگایە کە هەر دەزگایەک مەودا و هەنگاوی تایبەتی خۆی هەیە و لە ناو ئەو حەوت دەزگایەی مۆسیقای ئێرانیدا، دەزگای شوور ڕەسەنترینیانە کە بەشی هەرە زۆری مۆسیقا خۆماڵییەکانی ئێران بەتایبەت خۆراسان لەو دەزگایە واتە شوور و دەشتی دایە.

شێعرەکانی بەستەگەلی ئەو مەڵبەندە خۆئاسایی لە دووبەیتییەکان پێکدێن کە لە ناو جەماوەری خەڵکدا سینە بە سینە گوتراون و لەو مۆسیقایەدا شێعر و ئاهەنگ نزیکی و تێکەڵاوییەکی دێرینی هەیە کە بەڕاستی دەرخەری ناخ و هەناوی خەڵکی ئەو سەرزەمینەیە، جاریوایە لە مۆسیقای ئەو خەڵکەدا لاواندنەوەی کێو و دەشت و کانیاو و باڵندەگەل و جاریواشە سروشتی گەرم و تینووی کەویر [دەشتی قاقڕ] بەتەواوی هەست پێدەکرێ.

لە مۆسیقای ڕیتمداری ئەو مەڵبەندەدا، کێشگەلی ٨/٥ یانی ڕیتمی **لینگ** زیاتر دەبینین و ئەو کێشە کە بۆ خەڵکی ئەوێ تەواو هەستپێکراو و ئاشنایە، لە مۆسیقای سیستان و ئەفغانیشدا باوە، لەبەر ئەوەی ئەو ناوچانە لێک نزیک و هاوسنوورن کەوابوو مۆسیقاکەشیان لە یەکتر تەئسیر وەردەگرێ. فۆرمی بەستەگەلی باشووری خۆراسان بەو چەشنەیە کە بە شێعرگەلی دووبەیتی، ئاهەنگێک بە میلۆدییەکی ساکار زیاتر لە مایەی شوور و بە ڕیتمگەلی ٨/٦ و ٨/٥ دەگوترێ و بە هەمان میلۆدی و بە کەمێک جیاوازی، سەربەندەکەی کە شێعرێکی قەدیمی یە، هەموو پێکەوە بە شێوەی کۆڕ دەیڵێنەوە و بە قەولی خۆیان لەبەر یەکتری دەگێڕنەوە و بەگشتی دە ئیجراکردنی مۆسیقای خۆماڵیدا، هەموو ئەو کەسانەی لە دەوری یەک کۆبوونەوە بەشدارن و ئەوەش یەکێک لە تایبەتییەکانی ئیجرای مۆسیقای خۆجێیی یە کە بە چەپڵەلێدان یان سەربەندگوتنەوە گوڕ و تینی مۆسیقاکە زیاتر دەکەن، بۆ وێنە... کەس بە کەس ناڵێ بیڵێ... یان هەڵپەڕە.

لەو نێوانەدا هەواگەلێک کە بە ڕیتمی بابڵێین **لینگ** ئیجرا دەبن حاڵەتی عیرفانی و سەنگینتریان هەیە. تەنانەت هەوای هەڵپەڕینی ڕەسەنی بیرجەند یا تورپەتی جام هەر بەو ڕیتمی لینگە واتە ٨/٥ی سەنگینە کە پاشان لە ئاخریدا دەبێتە ڕیتمی ٨/٦ و شادتر.

هەڵبەت جۆرێکی دیکەی هەڵپەرکێ و سەمایان هەیە کە پێی دەگوترێ ئوسوڵ و ئەویش سەمایەکی شادترە کە خۆئاسایی بە دەهۆڵ و زوڕنا هەواکەی ئیجرا دەکەن. وە لە زەماوەند و بەزمە خۆشەکان [پێی]هەڵدەپەڕن. وەک «ئاهەنگی کەیبانوو».

بەتێکڕایی خەڵکی بیرجەند نەفسیەت و هەناوێکی ئاماڵ شاد و ڕازی و قانعیان هەیە و تەنانەت جاریوایە لە شێعرەکانیاندا مەتڵەبگەلی جەفەنگ و گاڵتە دەبیندرێ کە بێبەش لە خۆشی نییە، بەڵام هەواگەلی ڕیتمی **لینگ** دەربڕی حاڵەتی عیرفانی و مێژوویی سەرزەمینەکەیانە، وە زۆربەشی سکاڵا لە یار... قسەوباسی عیشق و دۆستایەتی و دەردی دڵکردن لە ژیان و وەزعی داهات و غەیرە لە شێعرەکانیاندا دەگوترێ:

بزن نی را کە غم دارە دل مو
(بلوێر لێدە کە غەمبارە دڵی من)

جۆری دووهەمی مۆسیقای خۆماڵیی خۆراسان هەمان ئاوازی بێ ڕیتمە کە غەریبی یا فیراقی پێدەڵێن و بە دەنگێکی کێشراو و سۆزدار و غەمناک، شێعرگەلێک لە دڵتەنگییەکانی زەمانە و ڕۆژگار دەخوێننەوە:

خداوندا دلم غم دارە امشو
کە یارم رفتە ناپیدایە امشو
کنار چشم مو حاصل بکارید
کە آب چشم مو دریایە امشو
(دڵم خاوەن غەمە ئەیخوایە ئەمشۆ
کە یارم ڕۆیوە ناپەیدایە ئەمشۆ

لــە کـن چــاوم زەوی و زار دابـچـــــــــــــێـــن
کـــــە ئـاوی چـاوی مـن دەریـایە ئـەمــــــشـــــۆ)

ئەو مۆسیقایە زیاتر لە کەنارەکانی باشووری خۆراسان و بیرجەند بە بانی حوت بەند بەناویانگە.

## مۆسیقای خۆجێیی باکووری خۆراسان

هەڵکەوتەی جۆغرافیـایی باکووری خـۆراسـان، بـەم چەشنەیە، ئەو ناوچەیە لـە ڕۆژهـەڵات بە سـەرەخس، لە ڕۆژئـاوا بە دەرەی گوڵسـتـان واتە لە ڕۆژئاوای بێـجنورد سنووردار دەبێ. لە باکوور کەلاتی نادری و باجگیران، لـە باشـووریش دەگاتە شـاری سـەبزەوار و شـارەکانی: دەرەگەز، قوچان، شیروان، ئەسفـەراین و بێـجنورد دەگرێتـەخۆ. لە پێشدا ئەوەش دەستنیشان بکەم کە مـەردمگەلی باکووری خـۆراسان لە سێ قەومی کرمانج (لە قەومگەلی کورد)، تورک[تورکمان] و فارس پێکهـاتوون. خەڵکی کوردی باکووری خـۆراسـان بە درێژایی مێژووی چەند سـەد سـاڵێک کە هـاتوونەتە ئەو مـەڵبەندانە، ژیانیـان تێکەڵاوی گەلێک بەرزی و نزمی بووگە کە لە سـەر گۆرانییەکانیـان تەئسیری داناوە. ئەوانـە دەبوو شــەڕیان کـردبایە تا زیندوو مـابانەوە، دروست هـەر بـەم هۆیەشـــە کـــە ڕووداوە مـــێـژوویـیـەکـــان بە وردی لە ســـەر مـۆسـیـقـای وان تەئسـیـری داناوە و زۆربەی هـەوا و ئاهـەنـگەکانیـان تێکەڵاوی غەم و پەژارەیە.

لە جۆری مۆسیقـای حیمـاسیدا زۆرتر لە ئاوازگەلێکی نێودێر بە **هەرا** واتە هـاوار کـەڵک وەردەگـیـرێ و تێم و ڕوحـیـیـەی ئەو ئاواز و ئاهـەنگانـە بە هۆی شـەڕوشـوڕی سـاڵگەلێکی درێژخـایەن دەگـەڵ دوژمنانی ئەو ئاووخـاکە(تورکمـەنەکان، ئۆزبەکەکانی عـوسمـانی و مەغوولەکان) حاڵەتی حیمـاسی و ڕەزمی پەیداکردووە، وەک ئاهـەنگی خان جان، یا ئاهەنگی ئەسپی ڕەشی سەرکێش، قەرەدەلی...

ئاهـەنگگەلی «لۆ» (Loo) یەکێک لە ئاوازە ڕەسەنەکانی کرمـانجی یە کە پێشـان لە ناوچەی کێوەکانی هـەزار مـەسجید، شاهـجەهان و ئالاداغ ئەو ئاهەنگانەیان دەخوێند و پاشان لە سـەرانسەری باکووری خۆراسان دەبیسترایەوە. ئەو ئاهـەنگانە بـە هۆی سروشت و تەشقی جوانی کـوێستـانی و ڕەسـەنایەتی فـەرهـەنگی، دەرخـەری پـیـامگەلی عـاشـقـانە و حـاڵەتگەلی تاسـەبار و خـەمـاوی ئەو مـەرزو بوومـەیە. شێعری ئاهەنگەکانی «لۆ» پێبەندی قافیەیە بەڵام وەها گرینگییەکی نیـیـە و هـەربۆیەشـە مـیـسـراع (نیـوەبەیت)ەکـان بڵـیند وکـورت دەکرێنەوە.

سـەبارەت بە مـۆسـیقـای عیـرفـانی ئەو مـەڵبـەندە زیاتر دەتوانرێ لە شێعرەکانی جەعفەرقوڵی و ئاهەنگەکانی وی یاد بکرێ.

شێعرگەلی عیرفانی قاڵبگەلی تایبەتیان هەیە کە میسراعەکانیان لە بەسـتەگەلی ئاسـایی درێژترن، بەسـتە ئاسـاییەکان ٨ بڕگەیین و شـێعـرە عیـرفـانییـەکان لە ١٤ بڕگە زیاترن کە نموونەیەک لە وان دەتوانرێ لە ئاهەنگی مەشوور بە جەعفەرقوڵی بدۆزرێتەوە.

ئەو ناوچەیە گۆرانیگەلی عـاشـقانە و شـادتریشی هەیە کـە پڕە لە هەستی خـاوێن و چوست و چالاکی گـەنج و لاوە جـحێڵـەکان. وە بە ئیلهام وەرگرتن لە جوانییەکانی سروشت دەهۆندرێنەوە و جاریوایە لە پێکگەیشـتی دڵدار و گـراودا تەنگ و چەڵەمـە و کـۆسـپـێک دێتـە سەررێ تێکەڵاوی سۆز و ناڵە و ئاه و فوغانی عاشقانە دەبن.

## گرووپە هونەرییەکانی باکووری خۆراسان

١) «عـاشـقـەکـان»، عـاشـق بە گـرووپێـک لە خـەڵکی ئـەو کـۆمـەڵگایە دەگوترێ کـە بە ساز و ئامـرازی مـۆسـیـقـای خـۆیان، ئاهـەنگگـەلی شـاد یان لاواندنەوە دەڵێنەوە و خەڵک بەهرەمەند دەکەن. سـازی عاشقەکان بریتـین لە: دەهۆڵ، زوڕنا، قـەدیشـمـە، کـەمـانچـە ـ عـاشـقـەکـان پشکگەلی شاز و جێگەی تایبەتیان لە ئەدەبیاتی ئیتنیکی کوردەکانی خـۆراسـانـدا هـەیە. لە دانی مـاڵیـات دەروەستن و هـەر شـوێنێک وەک مـاڵی خـۆیان بە حـیـسـاب دێ، هەقـیـان هـەیە لـە سـەرانی عـێل یان مەلایانی عێل کە لەڕاستیدا فـەرمانڕەوای عێلن، ڕەخنە بگرن و هیچ کاربەدەستێک ناتوانێ عاشـقەکان بـە خاتری ڕەخنەی ڕاستـەوخۆیان کە لە عەینی کاتدا گەپجاڕانەیە موجازات یا سزابدا.

عاشـقـەکان بەهیـچجۆر جگە لە خـولقـاندنی گۆرانی ئاهـەنگەکانی مـۆسـیـقـا، بە کـاری دیکەی بەرهـەمـهـێنانەوە خـەریک نابن و کـاریان مۆسیقایە و ئەو عاشقانەی کە وەدوای کاری بەرهـەمهێنان کەوتوون مـافی گـەڕانەوەیان بۆ ناو گرووپە هونەرییە عـاشـقـەکان نییـە، چەکی ڕەخنە گرتنی عـاشـقـەکان زیاتر بە شـێوەی شانۆگەلێکە کـە بە کوردی (تورە)ی پێدەڵێن، ئەو گـرووپە زۆرتر چینی دەسـتـڕۆیشـتـوو دەدەنە بەر بای ڕەخنە. پێویسـتـە بگوترێ کە لە گـرووپی عاشـقـەکاندا ژنانیش لە شانۆکاندا بەشدارن.

٢) «بەخـشـیـیەکـان»، «بەخـشـی» بە کـەسـێک دەگـوترێ کـە وزەی هۆنینەوەی شـێعـر و خولقـاندنی ئاهـەنگی داهێنەرانەی هـەبێ. سـازی ئـەو گـرووپە تـەنیـا «دووتار»ە، ئـەو گـرووپە بـۆ کـۆڕوکـۆمـەڵی شـایی و زەماوەند بـانگدەکرێن و ڕێزیان لێدەگیرێ و شـاباشـی شـایانـی شـانی خـۆیـان پێـدەدرێ. ئـەوانەیان بۆیە بە «بەخـشی» نێـودێرکـردووە کـە کارەکانیـان هونەری و سەروکاریان لەگەڵ شێعر و شاعیری یە و ئەو هونەرە بە بەخـشـیـشـێک لە لایەن خـوداوە دەزانـن «بەو مـانایە کـە بەشێک لە بەخشیشـی ئیلاهییـان پێ عەتا کراوە». بەناویانگترین و قـەدیمی ترین بەخـشیی کوردی باکووری خـۆراسـان خوالێخـۆشبوو «ڕەحیـمی بەخشی»یە. بەخشییەکان مافی ڕەخنەیان نییە و ئاسـایی لە پاڵ مـۆسـیـقـادا بە کارێکی دیکە وەک کشـتـوکاڵ و غـەیرە خـەریک دەبن.

٣) «لۆتییـەکـان»[چاوەشـەکان]، سـازی چاوەشـەکان تەنیا دەفـەیە، ئەوانە گوند بە گوند، کێو بە کێو و عێل بە عێل دەگەڕێن و لە واقیعدا وەک ئامـرازەکانی ڕاگـەیاندن هـەواڵەکـان لە قـاڵبی شـێـعـر بە گـوێی خـەڵک دەگـەیەنن. ئەوانە ئەرکیان هـۆنینەوەی بەستە و گۆرانی شـاد و تەنزاوی یە. ئەو گرووپەش لە چینی دەسـتڕۆیشـتوو و خـەڵکی بەخیل و چاوچنۆک ڕەخنە دەگرن.

ئیتر شوانەکان و مرۆڤە هەوارچییەکانن کە سازی مۆسیقای ئەوان تەنیا «شمشاڵی حەوت بەند»ە.

مــەردمگەلی باکـووری خـۆراسـان زیاتر لە نـانی ڕۆژانە بایەخ بە مــۆســیــقـــادەدەن و هـەر بەو هـۆیەشـــە کـــە گـــرووپە هونـەرییـــە جۆراوجۆرەکان لە ناویاندا گەشەی کردووە.

□□□

# ستێپێندیۆمی مەهاباد قەرەداغی پیرۆز بێ!

مەرزە

ڕۆژی چواری مانگی دوازدەی ساڵی دووهەزارودوو مەهاباد قەرەداغی بە بۆنەی نووسینی کتێبی "ئازادکردنی مێژوو" لە لایەن سندووقی نووسەرانی سوێد ستیپێندیۆمێکی ١٦٠هەزار کرۆنی پێشکێشکرا. نووسەرانی سوێدیی و بیانی کە نیشتەجێی وڵاتی سوێدن، دەتوانن بەرهەمی خۆیان(هەروەها وەرگێڕان بۆ سەر زمانی سوێدی) بۆ داوای یارمەتیکردن ڕەوانەی سندووقی نووسەرانی سوێد بکەن. ئەوانیش بە پێی هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکە لە لایەن باوەڕپێکراوەکانی خۆیان بەو بەرهەمانەی کە شیاو بن یارمەتی دەدەن. ئەم هەڵبژاردنانە و دانی یارمەتی، ساڵانە دووجار، لە مانگی دوو و مانگی چوار بەڕێوەدەچێ، هەموو جارێ نزیکەی دووهەزار نووسەر داوای یارمەتی دەکەن، کە بیست لە سەدی ئەوان بۆ وەرگرتنی ئەم یارمەتییە هەڵدەبژێردرێن. بەختەوەرانە تا ئێستێ چەند لە شاعیر و نووسەرانمان وەک شێرکۆ بێکەس، ڕەفیق سابیر، حەمە سەعید حەسەن و فەرهاد شاکەلی بە بڕی جۆراوجۆرەوە ئەم یارمەتییەیان پێدراوە.

کتێبی *ئازادکردنی مێژوو* سەرجەم لە دە بەش پێکدێ و بە مەقالەیەک بە ناوی ئازادکردنی مێژوو دەستپێدەکا. هەر بەشەی ڕاستەوخۆ پێوەندییەکی تەواوی بە کێشە و گرفتی ژن و کۆمەڵگاوە هەیە. نووسەر هەتا ئەو جێگایەی بۆی گونجاوە لە سەرچاوەی جۆراوجۆر کەڵکی وەرگرتووە. هەروەها نووسەر هەوڵی داوە لە باری زانستییەوە ئەم زانیارییە بە خوێنەر بدا کە سروشت هیچ ستەمێکی لە ژن نەکردووە و زانست هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەم دوو ڕەگەزەدا نابینێ. ئەوە تەنیا دین و کولتوور و کۆمەڵگای چەوتی باوکسالاری یە کە بە درێژایی مێژوو ستەمی لە ژن کردووە و دەکا. مەهاباد بۆ ڕەماندنی باوەڕە چەوتەکان لە ڕاستی زانست کەڵک وەردەگرێ تا باوەڕ



● ئازادکردنی مێژوو (٢٠٤ لاپەڕەی وەزیری)
● لێکۆڵینەوەی سۆسیۆ ـ سایکۆلۆژی لەسەر کێشەی ژنان
● مەهاباد قەرەداغی
● دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
● چاپی یەکەم: ٢٠٠٢ سلێمانی
● تیراژ: ٥٠٠ دانە

بەخۆبوون لە ژندا پێکبێنێ و بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، ئاگایی و وشیاری و بزووتنەوەیەکی یەکسانیخواز بە پێویست دەزانێ.

نووسەر شارەزایانە توانیوێتی وێڕای ئەوەیکە کێشەی ژنی کورد لە کولتووری کوردەواریدا بخاتە نێو کێشەی تەواوی ژنانی جیهانەوە، لەهەمان ساتیشدا بە هۆی دیلایەتی کەسایەتی گەلی کورد، بۆ بزووتنەوەیەکی یەکسانیخوازی ژنی کورد فەلسەفەیەکی تایبەت بە ژنی کورد بە پێویست دەزانێ و دەڵێ دەبێ عەقڵی ژنی کورد خۆی ئەم فەلسەفەیە دابهێنێ.

بەشێکی زۆر لە نووسراوەکانی ئەم کتێبە بۆ خوێنەر ئاشنایە و دووپاتی مەقالەکانی نووسەرە کە پێشتر لە گۆڤاران(بەتایبەت لە «گزینگ»)دا بە چاپ گەیشتوون. دیارە باشتر دەبوو نووسەر سەرچاوە و پەراوێزەکانی وردتر بە خوێنەر ناساندبا. بە ڕای من یەکێک لە بۆچوونە جوانەکانی نووسەر کە مڵکی تەواوی نووسەری پێوەیە، "ئایین و ئەفسانەی ئادەم و حەوا"یە کە بابەتێک لە بەشی پێنجەمی ئەم کتێبەیە و، پێموایە ئەم بەشە خۆی بە تەنیایی کتێبێک دێنێ. دیارە، سەرەڕای ئەوە کە بەشێکی زۆر لە بابەتی کتێبەکە سێکسۆلۆژی یە، بەڵام لە بەشی "بابەت"دا ناوێکی لێ نەبردراوە. بەشی دەیەمی کتێبەکە دەربارەی "باوکسالاری لە پەندی پێشینیان و وتەی گەورە پیاوان"ە، کە ئەگەر بێین و لە بەشی وتەی گەورە پیاوان سەبارەت بە شکسپێر و مەسەلەی ژن بدوێین، بەر لە هەموو شتێک نابێ ئەوە لە بیربکەین کە دەڵێن شکسپێر هاوڕەگەزباز بووە، کە ئەمەش ناتوانێ لە بۆچوونەکانیدا سەبارەت بە ژن بێ تەئسیر نەبێ. "کاترین نویەری" لە زانکوی لولویۆی سوێد لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر بیری زمانەوانی شکسپێر سەبارەت بە ژن کردووە. کاترین لە وتووێژێکی ڕادیۆییدا ڕۆژی ٢٠٠٢/١٢/١٧، گوتی:

«لە تەواوی بەرهەمەکانی شکسپێردا تەنیا بیست لە سەدی ژن قسە دەکا، لە کاتێکدا ژن بە کانگای قسەوباس دادەنێ. لە بەرهەمەکانی شکسپێردا، کاتێک پیاو، باسی ژن دەکا بە ئەسپ، کەر، باڵندەی وەحشی (کە بۆ ڕامکردن دەبێ)، شێتۆکە، نەزان، زەعیفە، پاسیڤ، چاولەدەست ... ناویان دەبا. ئەو پێی وایە تەنیا ژنی ناشیرین عاقڵن! کاتێک لە بەرهەمەکانیدا باسی پیاوان دەکا، بە عاقڵ، ئاکتیڤ، خاوەن کەسایەتی، شتزان، باش، نەترس، دەسەڵاتدار و ... ناویان دەبا.» ■

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine

**Adminstrator & Editor**

Solaiman Chireh (Herish)

**Address**

**GZING / S. Chireh**
**Valstavägen 62 2tr**
**195 50 Märsta- Sweden**

**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50
**Mobile:** 070742 4326 / 070-2359687


**Postgironr:** 443 5022-1

No. 37 Winter 2003 Published in Sweden ISSN 1104-3473

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine

**NO 37 Winter 2003**




**له بڵاوکراوەکانی ،کتێبفرۆشی هەرزان،**

**Adminstrator & Editor**

Solaiman Chireh (Herish)

**Address**

GZING / S. Chireh

Valstavägen 62 2tr

195 50 Märsta- Sweden

**Tel/Fax** +46 - 08 59 11 36 50

**Mobile**: 070 742 43 26